# باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـ عێراق

کانوونی دووەمی 2000

# كورتەيەك سەبارەت بە
# باس و بەڵگەنامەكانی كۆنفرانسی دووەمی كادرانی
# بزووتنەوەی بنیات نانیحزبی كرێكارانی كۆمۆنیست ــ عێراق!

ئەم باسەنەی كەلێرەدا دەیخوێننەوە(هەروەكو هاوڕێ ئەحمەد معین لە پێشەكی ئەو باسانەدا پێش كۆنفرانسی دووەم روونی كردۆتەوە) باسی كۆمسیۆنی ئامادەكاری پێویستی‌یە سیاسی و عەمەلیەكانی كۆنفرانسی دووەم بوون.

ئەو كۆمیسیۆنە لەلایەن ((ناوەند ))ەوە هەڵبژێردرا وئەركی ئەوەی پێ سپێردرا كە لەماوەیەكی دیاریكراودا ـ بەپێی دەستووری پێشنیاریی ناوەند بۆ دانیشتنەكانی كۆنفرانس ـ سەرەكیترین و پایەیی‌ترین باسەكانی كۆنفرانسی دوو ئامادە بكات و بیخاتە بەردەم هاوڕێیانی رێكخراو و بەشێكی بەرین لە هەڵسوڕاوان وڕابەرانی كرێكاریو كۆمۆنیست .

كۆمیسیۆن لە ماوەیەكی دیاریكراودا بەپێی بڕگەكانی دانیشتنەكانی كۆنفرانس كۆبوونەوەكانی خۆی دەست پێكردو لە سەركاسێت قسەوباسی هاوڕێیانی لەو بارەوە تۆمار كرد. دوای تۆماركردنی قسەوباس و لێكدانەوەكان و خستنەرووی باسەكان لەكاسێتەوە خرانە سەر كاغەز ولە شكڵی نووسین دا ئامادەكرا (جگە لە زنجیرەی دووەمی باسەكان كە پێشتر هاوڕێ ئەحمەد معین وەكو ووتارێك ئامادەی كردبوو) و دواتر بەناو هاوڕێیانی رێكخراو و ژمارەیەكی زۆری هەڵسوڕاوان و رابەرانی كرێكاریو كۆمۆنیستدا بەماوەیەك پێش بەستنی كۆنفرانس لە شكڵی چوار زنجیرە باسی یەك لەدوای یەكدا بڵاوكرانەوە .

باسی (( هەڵسەنگاندنێكی رەخنەگرانەی كۆمۆنیزمی كرێكاریو بنەماكانی تەحەزووبی كۆمۆنیستی )) زنجیرەی یەكەم و باسی ((تەحەزووبی كۆمۆنیستی لە عێراقدا )) زنجیرەی دووەم باسی ((دوا گۆڕانكاریەكانی هەلومەرجی سیاسی عێراق وكوردستان )) زنجیرەی سێیەم وچوارەم بوو.

بەم پێیە دەستووری دانیشتنەكانی كۆنفرانس كە پێشنیاری ناوەند بوو پەسەند كراو ئەو باس و لێكدانەوانەش بوون بەتەوەرەی دانیشتنەكان .لەسەر رۆشنایی ئەو باسانە كۆنفرانس چووە سەر زنجیرەی یەكەم و دووەمی باسەكان و بەشێوەیەكی هەمەلایەنە هێڵە سەرەكیەكانی ئەو لێكدانەوەیەی سەبارەت بە ((كۆمۆنیزمی كرێكاری)) ومیتۆد ولێكدانەوە وتەجروبەی حزب ورێكخراوەكانی هەڵسەنگاندو دوای تاووتوێكردن و قسەوباسی هاوڕێیان لەم بارەیەوە كۆنفرانسی دووەم ئەو هێڵە سەرەكیانەی قبووڵ كرد وكردی بەبنەمایەك بۆ خۆ جیاكردنەوە لە ((كۆمۆنیزمی كرێكاری )) و گۆڕینی ناوی ((بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری ــ عێراق)).لەدرێژەی ئەم هەڵسەنگاندنە رەخنەگرانەیەدا و لەسەر رۆشنایی زنجیرەی دووەم چووە سەر پایەكۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەكانی تەحەزووبی كۆمۆنیستی لە عێراق و پێویستی‌یەكانی بنیات نان و دامەزراندنی حزبی كرێكارانی كۆمۆنیست . وەلەم بارەوە كۆنفرانس سەرخەتی و ئیقدامات وئەركی تایبەتی بەرابەرایەتی سپارد بەمەبەستی فەراهەم كردنی هەرچی خێراتری پێویستی و زەمینەكانی گەشە پێدانی تەحەزووبی كۆمۆنیستی و دامەزراندنی حزب.

زنجیرەی سێیەم و چوارەمی باسەكانیش بە هەمان شێوە تەوەرەی قسەوباس و لێكدانەوەكان و بڕگەی سێیەمی دانیشتنەكانیان پێك هێنا .

هێڵە سەرەكیەكانی ئەم لێكدانەوەو باسانەش تاووتۆێ كران و ئەنجام گیریەكانی پەسەند كران . لەسەر رۆشنایی ئەم باسانە دروشمی ((نان ، كار ،ئازادی ،حكومەتی شورایی))وەكو دروشمی مەركەزیو سەرتاسەری بزووتنەوەكە خرایەوە بەر باس و لە بڕگەی بڕیارو پێشنیارەكاندا بوو بە بڕیاری كۆنفرانسی دووەمی كادران .

دوای ئەوەی كۆنفرانسی دووەم هەمەلایەنە باس و لێكدانەوەكانی تاووتۆێ كرد ئەركی رابەرایەتی ئایندەی بەوە دیاری كرد كە پووختەی ئەو باسانە لە شكڵی پلاتفۆرمێكی سیاسی ـ عەمەلی دا دەربارەی هەلومەرجی سیاسی عێراق و كوردستان دابڕێژێ .

بەمەبەستی ئاگاداربوونی گشت بزووتنەوەی كرێكاریو كۆمۆنیستی لە سەرەكی‌ترین وگرنگترین لێكدانەوە وبۆچوون و ئاڕاستە سیاسی و رێكخراوەیەكانی كۆنفرانس ، بڕیاردرا كە ئەو باسانە وەكو بەڵگەنامەكانی كۆنفرانسی دووەم بڵاوبكرێتەوە .

لەكۆتایشدا ئەوەش بڵێم كە بەو هۆیەوە زنجیرەی باسەكان وەكو ووتم لە سەر كاسێت تۆماركرا بوون ، شكلْ وشێوەی قسەوباسێكی دوورودرێژیان بە خۆیەوەگرت .ئێمە بەو مەبەستەی رۆشنتر ناوەڕۆكی باسەكان و تەوەرەكانی بخەینە ڕوو لە نۆرەی قسەی هاوڕێیاندا هەندێك ناونیشانی فەرعیمان هەڵبژاردووە .ئەم ناونیشانانە بۆ رۆشن كردنەوەی زیاترن و هیواداریین كۆمەك بە مەبەستی دانانەكەی بكات.

**نزار عبدالله**

1999/12/ 20

## پێشەكی

ئۆكتۆبەری 1999 ، دوای یەك مانگ لەدامەزراندنی لەلایەن كۆمەڵێك كەوادرەوە ، بزووتنەوەی بنیاتنانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری ـ عێراق ، یەكەمین كۆنفرانسی خۆی بەست .

ئەوە سەرەتای مەرحەلەیەكی نوێ بوو لەژیانی بزووتنەوەی سۆسیالیزمی كرێكاری لەكوردستانی عێراقدا. ناوەڕۆك و حەلەقەی مەركەزی لەخەبات و هەڵسوڕانی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لەدابینكردنی پێویستییە سیاسی و ڕێكخراوەیی و عەمەلییەكانی بەرپاكردنی حزبی چینی كرێكار ، حزبی كۆمۆنیست لە عێراقدا .لەو كاتەوە كۆمەڵێك پێشڕەوی و هەنگاوی زۆر نراوە لەوبارەوە . پێكهێنانی هاوفكرییەكی پتەو لەناو ڕیزێكی بەرین لەهەڵسوڕاوانی كۆمۆنیستی عێراقی ، لەناوەوەو دەرەوە، تەرح كردنی خەتە گشتیەكانی سیاسەتی كۆمۆنیستی لەبەرانبەر بارودۆخی سیاسی عێراقدا، نیشاندانی سیماو بنەماكانی تەحەزوبی كۆمۆنیستی بەگشتی و تایبە تمەندیەكانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری لە عێراقدا ، بەتایبەتی ، لێكدانەوەیەكی ڕەخنەگرانەی ماركسیستی سەبارەت بەتەجروبەی هەڵسوڕانی كۆمۆنیستی لە 10 ساڵی ڕابوردوواو هۆیەكانی بنبەستی حككع ،.....تاد بەشێكن لەو هەنگاوو پێشڕەویانەی یەك ساڵی ڕابوردوو لەلایەن بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری ـ عێراقەوە .

دیارە نوقتە زوعفەكان، كەموكوڕیەكان ، پاشماوەی سونەت و بۆچوونەكانی رابوردوو، كەمی ئیمكانات، وەهەروەها كۆمەڵێك زروفی مەوزوعی ، هەنگاوەكانی ئێمەی بۆ بەرپاكردنی فیعلی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری جێمەبەستی ئێمەو جووت لەگەڵ پێویستیەكانی بزووتنەوەی كرێكاری و سۆسیالیستی و ڕاوەستاو لەسەر پایەی نارەزایەتی و خەباتی ئەو بزووتنەوەیە لەم دەورانە تایبەتە لە عێراقدا، وەپشت بەستوو بەماركسیزم ......، دواخست هەروەها ئەو بنەما فكری و سیاسیەی كەئێمە خۆمان بە پێی ئەو ناساندووە ( جەرەیانی كۆمۆنیزمی كرێكاری ) كەناوەندە ئەسڵیەكەی و مەرجەعە فیكری و ڕابەریەكەی لەڕیزی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێراندا، خۆی دەبینێتەوە ، تووشی ئەزمەو وەرچەرخان و سەرەنجام جیاییەكی گەورە بووەوە لەریزەكانیدا كە ئاكامە راستەوخۆكەی بریتی بوو لەچونەدەرەوەی نزیكی( 100 ) كەس لە كەوادری رابەری و ئەندامانی ئەو حزبەو ئیعلانی جیایی خۆیان لێی لەئەنجامی شكستی پرۆژەی حزب و جەرەیانی ناوبراو بۆ تەبدیل بوونی بەحزبی سۆسیالیزم و كۆمۆنیزمی كرێكاری .

گشت ئەوانە كۆمەڵێك ئەركی تازە و پرسیاری نوێی خستە دەستوری كاری ئێمەوە، و هەربەو پێیەش ئاڵوگۆڕێكی هێنا بەسەر پرۆسەو ڕەوت و هەنگاوەكانی ئێمە بۆ بنیاتنانی حزب.

بۆیە( ناوەند ) چەند مانگ لەمەوپێش بریاری بەرپاكردنی كۆنفرانسی دووەمیدا وەكوو مەرجەعێكی ڕێكخراوەیی هەم بۆ تاووتوێ كردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەو هەم بۆ متابەعە كردنی ئاخرین ئاڵوگۆڕە سیاسیەكانی عێراق و هەم بۆ بەسەر كردنەوەی ئاخرین هەنگاوەكان بۆ بینای حزب . ناوەند بۆ ئەو مەبەستە لە كۆبوونەوەی خۆی لە 9/15دا بریاری دا كۆمسیۆنێك پێك بهێنێ بۆ ئامادەكردنی پێداویستیە سیاسی و تەنزیمی و عەمەلی و فەنی یەكانی بەستنی كۆنفرانس .

ئەو كۆمیسیۆنە لەماوەی نزیك بەمانگێكدا و بە پێی دەستوور جەلەسەیەكی پێشنیاركراو بۆ كۆنفرانس، هەموو باسەكانی خۆی ئامادەكرد، جگە لە نەقشەی عەمەلی كۆنفرانس. هەر خودی ناوەندیش بڕیاریدا ئەوباسانە پێش بەستنی كۆنفرانس ، بەنووسراو، بخرێتە بەردەست گشت ئەندامانی ڕێكخراومان ، هەروەها هەمویان ( جگەلە تەقریری ناوەند بۆ كۆنفرانس ) بشخرێنە بەردەستی سەرجەم لایەنگرانی ڕێكخراو و تەیفێكی بەرین لەهەڵسوڕاوانی كرێكاری و كۆمۆنیستی لەكوردستاندا. ئەوەی لەبەر دەستتاندایە دەقی ئەو باسانەیە . چاوەڕوانی نەزەرو هاوبەشی هەڵسوڕاوانەی هەموانین لەسەرخستنی كۆنفرانسدا . ئومێدەواریشین ئەم باسانە ببنە هۆی فەعال كردنەوەو سەرەنجام بەهێزكردنی ئینسجامی سیاسی و ڕێكخراوەیی هەڵسوڕاوانی كۆمۆنیزم لەكوردستان و گشت عێراقدا . تا هەرچی زووتر هەنگاوی نیهائی هەڵگرین بۆ بنیاتنانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری ـ عێراق.

احمد معین
لێپرسراوی كۆمیسیۆن
كۆتایی ئۆكتۆبەری 1999

# هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەی

# کـــۆمـۆنیزمی کـرێکـاری و بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی

**یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی ئامادەکردنی پێویستییە سیاسیوعەمەلییەکانی کۆنفرانسی دووەم ، کەبە پێی بڕیارێکی ناوەند لەڕۆژی 1999/9/15 پێکهاتووە، ئەمڕۆ دەست پێ ئەکا.**

**دوای لێکۆڵینەوە لەدەستووری پێشنیارکراوی کۆنفرانسی دووەمو دوای کاردابەش کردنێك کۆبوونەوەکان چووە سەر یەکەمین باسی خۆی کە بریتییە لە( هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی ).**

**لەم بارەوە هاوڕێ احمد معین سەرەتا قسەکانی بەم شێوەیە دەست پێکرد:**

**أحمد معین:** هاوڕێیان ئێمە سەرەتا نیازمان وابوو کە باسێك بکەین لەسەر(ئاڵوگۆڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریو جیاییەکانی ناوحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران). جگە لەوەش باسێکی تری پێشنیارکراوی کۆنفرانسی دووەم بریتییە لە(بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی)، بەڵام دواتر ولەبەر پەیوەندی نزیکی ئەو دوو بابەتە پێکەوە، دواتر بڕیارمان دا لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەو لەیەك باسدا تقدیمیان بکەین.

## کۆمۆنیزمی کرێکاری چییە؟

بۆ دەست پێکردن بەم باسە، پێویستمان بەمرورێك هەیە بەسەر مێژووی سیاسی ئەو جەرەیانەی کە ئەمڕۆ بەکۆمۆنیزمی کرێکاری ناسراوە. هەرلێرەشدا بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە، لە دوو لایەنەوە باسی عیبارەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەکەم.

یەکەمیان تەعریفی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بەو مەعنایەی لەتیوری ومێژووی کۆمۆنیزمدا باس کراوە. واتە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار کە لەزەمانی(1840)ەکانەوە بە کۆمۆنیزم ناسراوەو تەنانەت پێش(1840)یش وەکوو بزووتنەوەیەك دێتەمەیدانی کۆمەڵو کێشمەکێشە سیاسیو بەتایبەتی کۆمەڵایەتیەکانەوە، وەکوو بزووتنەوەیەك کە سەرتاپای نیزامی سەرمایەداری دەخاتە ژێر پرسیارەوەو خوازیاری ئەوەیە نیزامێکی ئابووری و سیاسیتر بخاتە جێی. ئەم بزووتنەوەیە تەنانەت پێش مارکسیش، واتە پێش ئەوەی مارکس تیوری کۆمۆنیزم داڕێژێتو بەیانی ئامانجەکانی بکات مەوجود بووە. لەچەندین حەرەکەتی وەکوو چارتیەکانو (عصبەی عادلین)دا بەشکلی جۆراوجۆر سیماکانی دەرکەوتووە. ڕابەرانی وەکوو بابوفی بەوجود هێناوەو ئەوە دواتر بەسەرهەڵدانی (مارکسیزم) تەکاملی یەکجاری کرد وەکوو بزووتنەوەیەك بەسیمای کۆمەڵایەتی وفکریو سیاسیو تیوری سەربەخۆی خۆیەوە. بەو پێیە مارکس شتێکی نەکردووە بەغەیری بیان کردنو داڕشتنی مەعالمی ئیسپاتی ئەم حەرەکەتەو فۆرمۆلە کردنی ئامانجەکانی لەقالبێکی تیوریو فکری ڕۆشنو هەمەلایەنەدا. مارکس ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیەی جارێکیتر داڕشتەوەو ئاسۆی سیاسی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی بەیان کردو تیوری ئەم حەرەکەتەی داڕشت. بەو پێیە بەسەرهەڵدانی مارکسیزم و قەوارەگرتنی لەکۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوودا، ئیتر کۆمۆنیزم دەبێ بەخاوەنی مەعالمی متەکاملی تایبەت بەخۆی. واتە هەم خاوەنی پایگاو سیمای کۆمەڵایەتی تایبەت، یانی(بزووتنەوە)یەکی هەمەلایەنەی مەوجودو ڕوو لەگەشەی دژی سەرمایەداری، و لەهەمان کاتیشدا خاوەنی سیمای فکریو نەزەری جیاوازی خۆی.

ئیتر لەوە بەدواوە، مێژووی نیوەی دووەمی قەرنی نۆزدە دەبێ بە مێژووی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم وجێکەوتنی یەکجاری لەناو چینی کرێکاری ئەوسای ئەورووپا، وەکو یەکێ لەئەصلیترین ڕەوتو مەیلەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری ئەوکات. ئەم پروسەیە بەتایبەتی لە حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا دوای دەورەیەك لەخەباتی فکری هەمەلایەنە توانی پاشەکشە بکات بەمیولی تری ناوچینی کرێکار بەتایبەتی ئەنارشیزمو ئاخرین شوێنەواری نفوزی باکۆنین ولاسال لەناو ئەنتەرناسیونالی یەکەم و بزووتنەوەی سوسیالیستیو کرێکاری ئەوکاتەدا پاشەکشە پێبکات.

گەربگەڕێمەوە سەر ئەصلی باسەکە ئەڵێم کە کۆمۆنیزم جەرەیانێکە لەڕووی مێژوویشەوە لەناو چینی کرێکارەوە، وەکوو مەیلو حەرەکەتێك هەبووەو کۆمۆنیزمی کرێکاری فۆرمۆلێکە، پێش گشت شتێك، بۆ وەسفو تەعریف کردنی ئەو حەرەکەتە چ بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی چ بە مشەخەصاتە سیاسیو فکریو تیوریو بەرنامەییەکەیەوە.

دواتر لە چوارچێوەی هەمان ئاسۆدا، لەچوارچێوەی هەمان ستراتیژیدایە کە کۆمۆنەی پاریس بەرپا دەبێ، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕوسیا هەڵدەگیرسێ، شۆڕشەکانی ئەڵمان....، بەرپا دەبنو تاچەند دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو مێژووە درێژەی دەبێ. بەڵام مەعلومە ئەوەندەی بگەڕێتەوەسەر عیبارەتو جەرەیان، ئەوە لایەنێکی مقولەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە.

لایەنێکیتری کەلە (10—15) ساڵی ڕابووردوودا، لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپی ئێرانو عێراقدا بەکارهاتووە، بریتییە لەناسنامەو تایبەتمەندیەکانی ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراو کە لەشۆڕشی ئێرانەوە تاریخچەکەی دەست پێدەکاو لێرەدا پێویست ناکات سەردێکی مێژووی ئەم ڕەوتە بکەینەوە. بەڵام ئەوەی مەعلومەو کەس حاشای لێ نیە یەك واقعیەتە: ئەم ڕەوتەیان لەدرێژەی تەفاعولات وقولّ بوونەوەو گەشەو فعل وئینفیعالاتی ناوبزووتنەوەی کرێکاریەوە سەریهەڵنەداوەو ڕیشەی مێژوویی ئەم ڕەوتە ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵو تێکۆشانی هەڵسوڕاوانێکی مارکسیست بەهەدەفی دەست گەیشتن بە ئاسۆیەکی فکریوسیاسی و تەنانەت هەویەتی لەبارودۆخێکی تایبەت دا کە شۆڕشی ئێرانو دەورو نەقشی ((بزووتنەوەی کۆمۆنیستی)) ئەوسای ئێران بەوجودی هێنابوو. واتە بارودۆخی باڵادەستی سۆسیالیزمی ئۆردووگایی و جیهان سێیەمی ئەو کاتی ئێران وزۆر شوێنی دنیا. دیارە ڕەوتی زاڵی ئەوسای ناو ئەو بەناو((بزووتنەوە کۆمۆنیستی))یە بریتیبوو لەپۆپۆلیزم.

بەو پێیە ئەوەی لە10—15 ساڵی ڕابووردووا لای ئێمە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری ناسراوە لەڕووی مێژووییەوە فاقدی پایەی مادی خۆی بووە کە(بزووتنەوەی کرێکاری)یەو شاخص ومعیارێکی گرنگو هەویەتییە بۆ جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی مارکسو ئەنواعیتری جەرەیاناتی ناسراو بە (کۆمۆنیست). ئەوە بەڕای من فاکتەرێکی زۆر گرنگەو بەدرێژایی باسەکانمان دێینەوە سەری. جگە لەوەش ئەم ڕەوتە لە بەستەری حەرەکەیەکیتری کۆمەڵایەتیدا سەری هەڵدا، ئەویش نوێنەرایەتی کردنی باڵی چەپی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بوو، بەپێداگرتن لەسەر جیاوازیو سنوربەندیەکی سیاسیو فکریو بەرنامەیی لەگەڵ ئەو پۆپۆلیزمەدا.

هەر بۆیەش باس ومەسەلە فکریو سیاسییەکانی ئەوکاتەی ئەم جەرەیانە هەوڵێك نەبوون بۆ جواب دانەوە بەشكلێکی ڕاستەوخۆ بەکێشەو ئیشکالاتو گرفتی بزووتنەوەی کرێکاری. بەڵکوو جەوهەرەکەی تێکۆشانی ئەو ڕەوتە مارکسیـیە ڕادیکاڵە بوو بۆ دەست گەیشتن بەئاسۆیەکی فکری سیاسی لەبەرامبەر رەوتە سوسیالیستییە غەیرە کرێکاریەکانی تری زەمانی خۆیدا.

ئەو خۆ تەعریف کردنەو سەرهەڵدانە لەبەرانبەر پۆپۆلیزمدا و لەچوارچێوەی هەمان بەستەری کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، کە بەستەری ((بزووتنەوەی کۆمۆنیستی)) بوو، واتە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەدیکتاتۆریەت و وابەستەییو (بێحقوق)ی کرێکاران و خەڵك، خاڵی لاوازی ئەم ڕەوتە مێژووییە بوو.

ئەم واقعیەتە، واتە ئەم پرۆسەی نەفی نەفیە، تەئسیری بوو لەسەر خصوصیاتو سیما ئیسپاتییەکانی ئەم ڕەوتە. بۆ نموونە گەر بهاتایە تەنانەت لەبەرانبەر سۆسیالیزمی ئۆردووگایی، لە ئاستێکی جیهانیدا، شكڵی بگرتایە، ئەوا ئەو جەرەیانەی ئەخستە بەرانبەر وەزایفێکی جیهانی و زووتر سەرنجی ڕائەکێشا بۆ ئەوەی بکەوێتە مواجەهەی سەرمایەداری زەمانی خۆی وەکوو نیزامێکی نەوعیو گشتیترو سەرتاسەری، نەك بەرانبەرکێ لەگەڵ ڕەخنەگرانێکی وردە بورژوازیی جیهان سێیەمی سەرمایەداری. ئەو بەستەرەو ئەو مێژووە کاریگەری بوو لەسەر ڕەوەندی دواتری ژیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بەکورتی ئەم جەرەیانە(کۆمۆنیزمی کرێکاری) هەم لەباری کۆمەڵایەتیەوەو هەم لەباری مێژووییەوە ئاخرین ئەڵقەی ڕادیکالیزاسیۆنی بزووتنەوەی زەمانی خۆی بوو. وەختێکیش ئەڵێین ((بزووتنەوەی کۆمۆنیستی)) چ ئەو کات و چ ئێستا، بزووتنەوەی چینەکانو توێژەکانیتر وجێی بەیەك گەیشتنی تەیفێك لە میولیفکریو سیاسی جۆراو جۆر بوون.

کاتێکیش ئەڵێین جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەڕووی ئاسۆی سیاسیو بنەمای فکرییەوە ڕادیکالترین بەشی ئەو ((بزووتنەوە کۆمۆنیستی))یەیە.. ئیتر ئەوە لەخۆشیدا بەشێکی بنەڕەتی لە سیماو تایبەتمەندیەکانی ئەویش دەردەخات.

بەو پێیە ژیانی یەك قۆناغی گرنگی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناوەڕۆکدا بریتییە لەهەوڵ و تێکۆشان بۆ بەدەستەوەگرتنی ئاسۆیەکی جیاواز لەڕەوتەکانی تری ناو ((بزووتنەوەی کۆمۆنیستی))و مارکسیستی زەمانی خۆی نەك ئاسۆیەك بۆ تەحویل دانی چینی کرێکارو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکەی بۆ بزووتنەوەیەکی خاوەن ئاسۆو بەرنامەو زەرفی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆی.

ئەوە بەڕای من عنصرێکی گرنگە لە دراسەکردنو لێکۆڵینەوە لەجەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.

هەرئێستا گەر بۆنموونە چاوێك بگێڕینەوە بە ئەو دەورانە لە ژیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، جۆری مەشغەلەکانی، پەیوەندی بەچینی کرێکارو خەبات وئیعتیرازی ئەوان، حوزوری لە مەیدانی جیدالە فکریەکان...، تا قۆناغی باسەکانی کۆنگرەی دووەمی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانو باسەکانی سەبارەت بە سۆڤیەت، ئەبینین کە قۆناغێکی زۆر حەیاتی بوو و ئەو تایبەتمەندیانە، یانی مانەوە

لەچوارچێوەی  ئەو نەوعە مەشغەلە و فیعل و ئینفیعالانەی ئەوەی کـە پـێی دەووتـرێ((بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی)) زۆربـە بەرۆشـنی هەست پێ ئەکرێ.

دواتر ولە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تردا و سەرباری هەر پێشرەویەکی فکریو سیاسی نەیان توانـی ئـەو بەسـتەرە تێك بشـکێنن کـە ئەم جەرەیانە لەسەرەتاوە لە چوارچێوەیدا سـەری هـەڵداو هـەر لـە ئیدامـەی ئەویشدا واتـە لـەچوارچێوەی هـەمان بەسـتەری فکریو سیاسیو لەسەر بناغەی دەرکێکی تایبەت، هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانو عێراق پێکهاتن.

بەکورتیەکەی ئەو دوو حیزبە لەچوارچێوەی  دەرکێکـی تایبـەت لەسـەر خـەباتی چینایـەتی، لەسـەر کۆمۆنـیزم، لەسـەر پـەیوەندی حیزبو چینی کرێکار،... پێکهاتن. هەربۆیە رەخنەی  میتۆدۆلۆجی ئـەصلی ئێمـە بەودەرکەیـە لەسـەر بینـای ئـەحزابی کۆمۆنیسـتی. کورتەی ئەو دەرکەش ئەوەبوو کـە لـەچوارچێوەو درێـژەی رادیکـال بوونـەوەو سـنوور بـەندی کـردنو خۆجیاکردنـەوە لەگـەڵ ئـاخرین پاشماوەکانی سوسیالیزمی غەیرە کرێکاری و لەرێگەی بەدەستەوە گرتنی ئاسۆیەکی سیاسـی کرێکـاریو کۆمۆنیسـتیەوە، ئەیانـەوێ حزبی کۆمۆنیست( کەشتێك نیە بەغەیری حزبی چینی کرێکار) بۆ چینی کرێکار پێك بهێنن.

ئەوەی پێشوو بەتایبەتی شێوەی پێکهاتنی (حککا)بوو. ئەوەندەش کە بگەرێتەوە سەر حزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری عـێراق ئـەوە برێك لەویش واوەتر چوو و بەفیعلی لـەچوار چێـوەی وەحدەتـی کۆمـەڵێك رێکخـراوە ومحـافلی سیاسـی کۆمۆنیسـتیدا پێکـهات، بـەبێ لەبەرچاوگرتنی پایەی ماددی کۆمۆنیزمو پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیست لەسەر پایەی مەیلی سوسیالیستی ناو چینی کرێکار. جا ئـەم مەیلو بزووتنەوەیە لەعێراقدا لەچ هەلومەرجێکدایە، ئاستی خەباتی لەچیدایە، رادەی ئینسیجامی چەندە؟ و... تاد  ئـەوە هـەر جـێی باسو پشت پێ بەستن نەبوو.

## جیاوازیەکانمان

ئەمرۆ بەبرِوای من دەست گەیشـتن بەفۆرمۆلبەندیـەکی گشـتی و هاوبـەشو مونسـەجیم بـۆ بـەیان کردنـی جیاوازیەکانمان لەگـەڵ کۆمۆنـیزمی کرێکـاری ئـێرانو (حککـم)، مەسـەلەیەکی حـەیاتیو گرنگـە. ئێمـە سـەرەتا بـەجۆرێکی تـر دەسـتمان کـرد بەرەخنـە لـەو تاقیکردنەوەیە. لەو قۆناغەدا رەخنەی ئێمە(سەرەتای وازهێنانمان لەحککم) لەکۆمۆنیزمی کرێکاری وەکوو جـەرەیانێك، رەخنـە نـەبوو لەبنەما هەویەتی‌یەکانیو بنەما بەرنامەیی‌یەکانی. رەخنە نەبوو لە پایەفکریەکانی، بـەڵکو لەتەجروبـەی تەشـکیلی حـیزبو هەڵسـوڕانی دواتری لەعێراقدا. تەنانەت سەبارەت بەعێراقیش ئێمە تەنها ئەوزاعی سیاسی عێراقمان کردبوو بەپێوانەو مەبنای  ئـەصلی بـۆ رەخنـەو جیاوازیەکانمان. بۆیە سەرباری دروستی ئەو رەخنەو سنوور بەندیە هێشتا بەتەواوی جوابدەرەوە نەبوو و هاوتای کۆمەڵایەتی  نەئەبوو و بۆ کۆمەڵ و بزووتنەوەی کرێکاریو کرێکارانی سوسیالیست بەتەواوی قابیلی دەرك نەبوو.

دیارە ئەو وەزعیەتەی ئێمە ریشەی خۆی هەبوو. تابع بوو بۆ بارودۆخو جێگەو شوێنی  حەرەکـەی کۆمۆنیسـتی نـاو چینـی کرێکـارو توانایی‌یەکانی بەگشتیو بۆ بەستەرو سـابیقەی سیاسـیو فکـری ئێمـەش  بەتایبـەتی. چونکـە بەقـەولی کـابرای رۆمـان نووسـی روسـی هەمووماں لەپاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتەدەر و ئێمەش بەشێك بووین لەهەمان حەرەکەت.

ئەوە تایبەتمەندی زۆرێك لە جیاوازی نێوان بزووتنەوەو ئەحزابی سیاسـیـیە. سـەرەتاو دەسـت پێکردنـی هـەر ئیختیلافێـك جیـاوازە لەگەڵ دواقۆناغی  وئەوە پرۆسەیەکە بۆ ساغبوونەوەی ئەو جەرەیانەو هەڵسوڕاوانیشی.

بەڵام هەروەکو پاریش رامان گەیاند بەناچار ئەو جیاوازیانە ئـەمان گەیـەنێ بـە شـوێنێکی جیـاوازو ئـەوە پرۆسـەیەکی حـەتمی‌بوو و نەیئەتوانی لەو چوارچێوە سیاسی– رێکخراوەیی‌یـەدا بمێنێتـەوە. بـەکورتی پـەیوەندی ئێمـە بـەکۆمۆنیزمی کرێکاریـەوە، دوو رێگـەی لەبەر دەمدا بوو. یا ئەبوایە سەرەنجام ولەخاڵێکدا لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریداو لەگەڵ حککع بگەینەیەکو هەر لەساڵی پارەوە  حککـع هەوڵی داوە بەنەوعێك ئەو بۆشاییانە پربکاتەوە کە ئێمەو وتومانە شکستی تیاهێناوە بەتایبەتی لەبواری باسی سیاسیو هەڵوێستگیری سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی عێراق. بەڵام دیارە ئەو هەولانەی چونکە بێ پایە بووە، ئاکامەکەی سفر بووە.

رێگەی دووەمیش رێگەی وەرچەرخان بەرەو راستو بەرانبەرکێ لەگەڵ حککع بـوو وەکـوو هـەندێ مـەحافلی چـەپی هـەڵیان بـژاردو لەوێوە خۆیـان تـەعریف  ئەکەنـەوەو سـیماکانی خۆیـان لـە هەڵوێسـتو سیاسـەتێکی راسـترەوانەدا نیشـان ئەدەنـەوە کـە راسـتەوخۆ خزمەتی بە ئەحزابی قەومی کردوە.

ئێمە هیچ یەك لەو دوو ڕێگەیەمان هەڵ نەبژاردو خاڵی لێوەهەستانمانو پێوانەمان بریتی بوو لە بەرژەوەندیو ئامانجەكانی چینی كرێكارو داخوازیەكانو سیاسەتێكی فەعالی كرێكاری لەسەر بنەمای ناسینی كۆمۆنیزم بەحەرەكەتێكی كۆمەڵایەتی خاوەن بنەمای نەزەری خۆی كە ماركسیزمە. بۆیە ڕێگەی سی یەم واتە ڕێگەی بەیان كردنی جیاوازیەكانمان لەسەر بناغەیەكی چینایەتیو میتودۆلوجی هەڵبژارد.

ئێمە پێمان وایە كۆمۆنیزمی كرێكاری حەرەكەتێكی لەحاڵی ئینتیقال دابوو. كۆمۆنیزمی كرێكاری لەدەورەیەكیتر ولەپرۆسەی مێژووی خۆیدا بەو سەرەنجامە نەگەیشت كە بۆ خۆی دانابوو(یانی زەرفی ڕێكخستنی گرایش وحەرەكەی كۆمۆنیزمی كرێكاری) بەڵكو نیهایەتی ئەو پرۆسەیە ئاڵوگۆڕ بوو بە لایەكیتردا. لەیەكەمین هەنگاوەكاندا كە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێران كەوتە بەرانبەر تەحەدیاتی گرنگی زەمانی خۆی لەپەیوەند بە كۆمەڵگای ئێران و ئاڵوگۆڕە سیاسییەكانی ئەم قۆناغەی و كاتێ ویستی لەقیافەی حزبێكی سیاسی دەخاڵەتگەر لە ئەوزاعی سیاسی ئێراندا دەركەوێ وپلاتفۆرمی سیاسی خۆی بخاتە گەڕ، وەختێ كەوتە بەردەم یەكەمین مەسئولیەتی سیاسی– عەمەلی گەورە لە بەرانبەر كۆمەڵگای ئێرانو چینی كرێكاری ئەو وولاتە، واتە لەجەرگەی بارودۆخێكی وادا ولەپرۆسەیەكی دوورو درێژدا، بەشتێكیتر تەبدیل بوو و لەجێیەكیتر گیرسایەوە. بەكورتی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئێراندا، لەم قۆناغەدا لەساڵی (97)ەوە دەست پێدەكاو ئەبێ بەهۆی هەڵبژاردنی خاتەمی. دیارە بورژوازی ئێران پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەیە هەم لە بنیەی دەسەڵاتی سیاسیداو هەم بۆ ئیحتیواكردنی نارەزایەتی خەڵكو هەم بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەكانی سەرمایە، چ مەربوت بەناو ئێران یا ناوچەكەو دنیا. هەر لەونێوەدا دووباڵ لەناو دەسەلاتدارانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا شكڵ دەگرێ.دیارە جەناحی خاتەمی خوازیاری بەناو(ڕیفۆرم)ێكی بورژوازیانەیە وەكوو بەشێكی حەرەكەتی كۆنەپەرستی ئیسلامیو دەیەوێ ئەم ئاڵوگۆڕە حەتمی یانە لەرەیلی خۆی دەرنەچێو ئیمتیصاصی ئەم نارەزایەتیو نەفرەتەی خەڵكی ئێران بكات لەكولی دەسەلاتدارەتی ئیسلامیو ئەو ئاواتە لەقالب بدات.

بەو پێیەو لەبەرانبەر وەها وەزعیەتێكدا، بەجێگەو شوێنێك كە حككا لەناو كرێكارانو كۆمۆنیستەكانی ئێرانو ئاڵوگۆڕەكانی ئەوێدا هەیەتی(كەدیارە زۆر مەحدودە) ئەوحیزبە تووشی ئەو ئاڵوگۆڕە ڕیشەییەو ئەو جێگرتنە بووەوە.

دیارە ڕیشەی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە كۆنگرەی دووەمی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێرانەوە دەست پێناكات بەڵكوو بەشێكی، یا بەشی ئەصلی، دەگەڕێتەوە بۆ دەركێك كە ئەو حیزبە لەسەریو بەپێی ئەو پێكهات. دیارە ئەو ئاڵوگۆڕەو ڕیشەكانی بەتەنها لەلاپەڕەكانی باسە سیاسیەكانو نووسراوەكاندا تەعقیب ناكرێو ناكرێ شەفاف دەست بخرێتە سەر ناوەرۆكە غەیرە كرێكاریەكەی بەڵام لەكۆنگرەی 2 بەدواوە باشتر ئەو ناوەرۆكە ئەناسرێتەوە.

## دەرك و میتۆدۆلۆژی "كۆمۆنیزمی كرێكاری"

بۆیە مەسەلەی گرنگ لەپەیوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی كۆمۆنیزمی كرێكارییەوە بۆ ئێمە یا بۆ ئەو هاورێیانەی كەریزەكانی حككایان جێهێشت بریتییە لەدەست گەیشتن بە فۆرمۆڵبەندییەكی چوون یەكو لێكدانەوەیەكی كۆنكریت لەسەر ریشەو هۆو ئاكامەكانی ئەو ئاڵوگۆرانە.

پرسیاری ئەصلی ئەوەیە بۆچی حككا كەفەلسەفەو حیكمەتی هەڵسوڕانی بریتی بوو لەچینی كرێكارو رێكخستنی ئەو چینە(وەكو هەدەفی ڕاگەیەنراو)، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵەو دوای هەڵكەوتنی فرسەتی مناسب بۆی شكستی هێنا لەوەی كەببێ بەحزبی چینی كرێكار وەیانەك ببێ بەحزبی چینی كرێكار بەڵكوو چینی كرێكار ببێ بەپایەو مەیدانی ئەصلی فەعالیەتی؟ ئەوە پرسیارەو حوكمی ئێمە نیە بەتەنیا، بەتەنها قسەی ریزێك لەباشترین رابەرانو كەوادری دوێنێی ئەو حیزبەش نییە كەبەهەمان دەلیل ریزەكانیان بەجێ هێشت، بەڵكوو پرسیارێكە مەوزوعیەتی هەیەو هەدەفی راگەیەنراوی ئەصلی ئەو حیزبەو پێوەری پێشرەویشی بوو. دیارە من لایەنگری ئەومیتۆدە نیم كە(كارگری بوون)بكرێ بەجەوهەری لێكدانەوەی تەجروبەی رەوتی كۆمۆنیزمی كرێكاری. (كریكاری بوون) بەو مەعنایەی كەچەندە نفوزی لەناو كرێكاراندا هەیە، ئەوە میتۆدی ئێمە نیە. شێوەو میتۆدی ماركسی نیە بۆ لێكۆڵینەوە لەئەحزابی كۆمۆنیست یا معیاری ئەصلی نیە بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی چینایەتیو كۆمەڵایەتیو رادەی تەعەلوقیان

بەكۆمۆنیزمەوە. چونكە زۆر ئەحزابی غەیرە كۆمۆنیستو دژی كۆمۆنیستیش هەن لەناو تەیفی راستو چەپی بورژوازیدا، نفوزی زۆریان لەناو كرێكاراندا هەیە. سۆسیال دیموكراتەكان نموونەیەكی زەقی ئەوانەن.
تا ئەو جێیەش كەبە حككا دەگەڕێتەوە ناكرێ تەجروبەكەی بەپێی لێكدانەوەی تاقیكردنەوەی ئەحزابی كۆمۆنیستی غەیرە كرێكاری پێش خۆی، ئەنجام بدرێ. بۆ نموونە ناكرێ بەهەمان میتۆدی ناسینو رەخنە لەتاقیكردنەوەی ئەحزابی پرۆ موسكۆی جاران ئەو كارە ئەنجام بدرێت. تاقیكردنەوەكەی ئەم فەریدترو تایبەت ترە.
بەنەزەری من تاقیكردنەوەی (ح.ك.ك.ا)رەنگ بێ ئاخرین تاقیكردنەوە بێت بۆ پێكهێنانی ئەحزابی كۆمۆنیست لەدەرەوەی چینی كرێكارو خەباتی چینایەتیو دواتر هەوڵو تێكۆشان بۆ گۆڕینی بەحزبی چینی كرێكار. شكستی (حككا)لەگۆران بەو حزبە، پێش هەر شتێك شكستی ئەو دەركەیە، شكستی ئەو تیۆریەیە، یانی تیوری دابڕان لەچەپی زەمانی خۆی لەچوارچێوەی هەوڵو خەباتێكی فكریو سیاسیدا بۆ تەبدیل بوون بەزەرفی تەحەزوبی چینی كرێكارو حەرەكەتی سۆسیالیستی ناو ئەو چینە لەچوارچێوەی رادیكالیزاسیۆنێكی نەزەریو فكریدا.
حككا لەسەر بناغەی ئەو دەركە دروست بوو وئەوە ناوەرۆكی ئەو تەجروبەیە بوو. ئەو حیزبو تەجروبەیە فاقدی پایەی ماددی كۆمۆنیزمو فاقدی پایەی مادی تەبەلووری ئەحزابی كۆمۆنیستە كەچینی كرێكارو گرایشی سۆسیالیستی یە. هەروەكوو ووتم رەنگ بێ ئەمە ئاخرین تەجروبەی پێكهێنانی ئەحزابی كۆمۆنیست بێ بەوشكڵەو جارێكی تر زەحمەتە كۆمەڵگای ئێرانو عێراق رێگەی دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تەجروبانە بداتو كۆمۆنیستەكانو كرێكارانی پێشرەو بەجدی وەری گرن.
دیارە جەرەیانێك كەحزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێرانی پێكهێنا، رەنگ بێ سەركەوتووترین، گرنگترین، قوولْ ترینو درەخشان ترین تەجروبە بێ كەشانسو فرسەتی بۆ هەڵكەوت بۆ ئەنجامدانی ئەم جێگۆڕكێ چینایەتیيە. بەڵام چونكە فاقدی ئەو پایە مادیەو ئەو مەحمەلە مادیە بوو ولەبەستەری حەرەكاتی تری غەیرە كرێكاریدا سەری هەڵداو سەرباری كۆمەڵێك هەلومەرجی گونجاو، سەرەنجام بەقەولی بەشێكی گرنگ لەرابەرانو كادرەكانی ئاكامی شكست بوو.
شكست لەتەحقیقی ئەركی تاریخی زەمانی خۆی كەبریتیيە لەتەحەزوبدان بەگرایشی سۆسیالیستی مەوجود. لەمێژووی دوای شكستی شۆرشی ئۆكتۆبەرەوە، ئەم تەجروبەیە یەكێك لەرادیكال ترینو نزیكترین جەرەیان بوو لەچینی كرێكارەوە. جەرەیانێكی ماركسی بوو. زۆریش تاكیدی لەسەر بوونو فەعالیەتی گرایشی سۆسیالیستی دەكردەوەو فەلسەفەو ناوەرۆكی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەباری نەزەرییەوە بریتی بوو لەبەرەسمیەت ناسینی كۆمۆنیزم وەكوو جەرەیانێكی ناو چینی كرێكار ووەكوو رەوتێكی كرێكاری. هێزی مادی كۆمۆنیزم بەتەفسیری(ك.ك)چینی كرێكارو گرایشی كۆمۆنیستی ناو ئەو چینەیەو هەدەفی راستەوخۆی خۆشیو معیاری سەركەوتنو پێشرەوی بنەڕەتی خۆشی بەئەندازەی نزیك بوونەوەو سەرەنجام تەحقیقی ئەو ئەركە دادەنا . ئەم شكستەی ئێستا شكستە لەتەحقیقی هەمان هەدەفی رەسمی ئەو حیزبە. ئەو تەجروبەیە نیشانیدا كەمەحاڵە ماتریالێكی كۆمەڵایەتی تەبدیل ببێ بەیەكێكی تر ئەویش لەچوارچێوەی رادیكال بوونەوەی فكریو نەزەریدا.
حككاو حككع یش رێك لەچوارچێوەی ئەو دیدگایەو لەوبەستەرە كۆمەڵایەتیەدا پێكهاتن.
تأكیدی حككا لەسەر ئەوە بوو كەلەرێگەی دەست راگەیشتن بەئاسۆیەكی سیاسیو فكری سۆسیالیستی كرێكاریەوە لەچوارچێوەی بەرنامەیەكدا ئیلتحام ئەكا بەبزووتنەوەی كرێكاریو سۆسیالیزمەكەی ناو ئەوەوە وبەم پێیە ئەو بۆشاییە مێژووییەش پڕئەكاتەوە كە(70)ساڵە كۆمۆنیزم پێوەی ئەناڵێنێ .ئەوە عەقڵیەتی یەكسان كردنی ئاسۆی سۆسیالیستیيە لەبواری نەزەریو بەرنامەیدا بەحەرەكەتی سۆسیالیستی ناو چینی كرێكار. گشت ئەو پرۆسەیەش لەچوارچێوەیەكی ماددی خارج لەبزووتنەوەی كرێكاریو فیعلو ئینفیعالاتی گرایشو حەرەكەتی سۆسیالیستی ناو چینی كرێكار لەزەمانی خۆیدا ئەنجام دراوە. بەدەست هێنانی بەرنامەو ئاسۆی سیاسی سۆسیالیستی(سەرباری بایەخیان) پەیوەندیيەكی راستەوخۆیان نییە بەفیعلو وئینفیعالاتو تەفاعولاتو كاردانەوەی دەروونی بزووتنەوەی كرێكاریو گرایشەكانی ناویەوە.
ئێمە برِوامان بەوە هەیە كەكۆمۆنیزم مەیلێكو حەرەكەتێكی ناو چینی كرێكارە كەبەكۆمەڵێك سیفاتو تایبەتمەندی خۆیەوە ئەناسرێتەوە كەهەم لەباری مێژووییەوەو هەم لەباری سیاسیشەوە پێشینەو وجودێكی مەوزووعی بەهێزی هەیە جا رەنگ بێ گۆڕان بەسەر ئەم حەرەكەتەدا هاتبێ بەڵام هەروا مەیلو حەرەكەتێكی موعتەبەری ناو چینی كرێكارو كۆمەڵی سەرمایەداری هاوچەرخە

جارەنگ بیّ لەشویّنیّکی وەکوو ئەفغانستاندا، بۆ نموونــە، ئـەم مەیلـە سۆسیالیستـی‌یە ئـەمڕۆ لەهاوکیّشـە سیاسـی‌و کۆمەڵایەتیـەکاندا حەزف کرابیّ‌و زەربەی گەورەی خواردبیّ یان لەسۆڤیەتدا دەورانێك زەربەی کاریگەری خواردبیّ‌و رەنگ بیّ لەهەندیّ قۆناغی مێژوویـدا، هەندیّ کۆمەڵگا، رووبەڕووی بارودۆخی وا هاتبنەوە، بەڵام ئەمە ئەو ئەسڵە ناباتە ژێر پرسیارەوە .

بەو پیّیە ئەحزابی کۆمۆنیستی، پێش هەر تەعریفێکی تر، یانی ئەحزابی چینی کرێکارو مەیلێکی دیاریکراوی نـاو چینـی کرێکـار. بۆیـە دەست گەیشتن بەحزبی کۆمۆنیست یانی تەحەزوبدان بەحەرەکەتێکی قائم بەزاتو مەوجود. ئەوکارە پرۆسەیەکی  تەنـها فکـری نی‌یـە، عەمەلیەیەکی بەرنامەیی نی‌یە، بەڵکوو پێش گشت ئەوانە عەمەلیەیەکی کۆمەڵایەتی‌و مادیە. بەو مانایـە وەختـیّ ئێمـە بەتایبـەت بـاس لەتەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەکەین، مەبەستمان بەرێكو رەوانی ئەوەیە کـە بچـین راستـەوخۆ ئـەو حەرەکەتـە مـەوجودە لەکۆمـەڵدا رێك بخەین‌و بەو پیّیەش بەرنامەو رێکخستن وەکوو بەشێك لەپێویستی‌یەکانی ئـەو کـارە خۆیـان دەسـەپێنن .ئەوانـە پێویسـتی‌و فاکتـەری سانەوین بۆ رێکخستنی ئەو حەرەکەتە.

منصـور حکمـت سـەرەتا کەباسـەکانی سـەبارەت بەمەسـەلەی دامـەزراندنی حـزب لـەعێراقدا مـەترەح کـردو بەتایبـەتی لەنووسـراوەی (کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراقدا پێویستی بەحزبە) سەرەتا ئەوەندەی پەیوەندی بەئاستی سەراسەری عێراقەوە بوو، سەرەداوێکی ئەم باسەی هێنایە ئاراوەو مەسەلەکەی ئاوا خستە ڕوو کەئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراقدا سوونەتێکەو لەئاستی جنوبو  ناوەڕاسـتی عێراقدا وجودی هەیە، ئەوە ئەکریّ حزبێکی عێراقی دابمەزریّ. هەر خۆشی ئەیووت تا ئـەو جیّیـەی بەکوردسـتانی عـێراق بگەڕێتـەوە، ئاگادارم کەئەو سوونەت و حەرەکەتە وجودی هەیەو پێویستی بەسەلماندن نی‌یەو لانی کەم لەشووراکانی کوردستانی عێراقـەوە ئـەوە بەرۆشنی دەرکەوت، کەواتە ئەکریّ حزبی بۆ پێك بهێنریّ.

بەڵام هەر ئەو جارە بوو وهیچی ترو جارێکی‌تر بەو میتودو تێروانینەوە کەس نەچووە پای مەسەلەی تەحەزوب لەعێراقداو لـەوێوە ئـەو سەرەداوەش بەرەڵا کرا. ئەوە بوو حککع لەسەر بناغەی ئەو دەرکە پێك نەهات کەحەرەکـەتێکی کۆمەڵایـەتی، بـەو تایبەتمەندیانـەوە، بەو ئاستە لەخەباتو جێگەو شوێنەوە، بەو زوعفو قوەتانەوە،و .. تاد، لەکۆمەڵدا هەیەو مێژووەکەی ئەوەیەو ئەو مێژووە ئـەم جـۆرە لەئەمبەرو ئەوبەرکردنی بەخۆوەدیوە، ئەم حەرەکەتە رەنگ بیّ لەرووی نەزەری‌یەوە زۆر پوختەو پاراونەبیّ، تەجروبـەی رێکخراوبوونـی لاوازبیّ و.. ، کەئەوانە دەکریّ بەرنامەو نەقشەیان بۆ دابنریّ بۆ  پڕکردنـەوەیان، بـەڵام نـەبوونی ئـەو سـوونەتو حەرەکەتـە باسـەکەو نەقشەو شێوەی حەرەکەتمان ئەگۆڕیّ . بۆ نموونە لەئەفغانستان بەم وەزعیەتەوە ناکریّ حزبێکی کۆمۆنیست لەسەر ئەو ئەلگۆیە پێـك بێت، رەنگ بیّ بکریّ کەرێکخراوێك بۆ کۆمۆنیستەکان پێك بهێنریّ بۆ یەکخستنی ریزەکانیانو ئەوە بتوانیّ سەمەر بەخشیش بیّ وئەوە منتفی نی‌یە. بەڵام سەرەنجامو گەر لەدواتردا بتەویّ بیگۆڕی بەحزبی گرایشی کۆمۆنیستی ناوچینی کرێکار  لەسـەر ئـەو ئەلگویـەو بـەو مەعنایە، ناچار ئەبیّ سۆراغی پایە کۆمەڵایەتیەکەی بکەوی‌و بزانی ئەیکەی بەحزبی کیّ، ئەیکـەی بـەحزب بـۆ کـام حەرەکـەتو لەگـەڵ کام هاوتای کۆمەڵایەتیدا لێکی ئـەدەی. دیـارە بـەپیّی لێکدانـەوەی کۆنکریـتو لەحاڵـەتی نائامـادەیی تـەواوی ئـەو حەرەکەتـە لـەناو کۆمەڵو چینی کرێکاردا، رەنگ بیّ لەفلانە وولات و فلانە قۆناغ سەرەنجام رێگەی دروست تر، وبۆیەك مەرحەلە مناسب ترو عەمـەلی‌ترو ممکن تر ئەوەبیّ کەڕیزی (کۆمۆنیستەکان)و چەپەکانو مارکسی‌یەکان سازمان بدریّو چوارچێوەیەکی رێکخراو بۆ هەڵسـورانی سیاسـی ئەوان پێك بهێنریّ. بەڵام ئەوە زۆر جیاوازە لـەوەی کـەپیّی بڵـیّی حزبـی کۆمۆنیسـت، یـا کۆمۆنیسـتی کرێکـاری کەئەیـەویّ بـەفیعلی (چینی کرێکار)سازمان بداو شۆرشی کرێکاری بەرپا بکات .

وەختی ئێمە ئەڵێین رێکخستنی چینی کرێکار وەسیلەو ئەرکمانە، لەبناغـەدا ئـەو ئەرکـە لەرێگـەی رێکخسـتنی گرایشـێکی کۆمەڵایـەتی دیاریکراوەوە واتە سۆسیالیزمی کرێکاری‌یەوە لـەناو چینـی کرێکـار، ئـەو ئەرکـە جیّبـەجیّ ئەکـەین. نـاکریّ سـەرەتاو بـیّ موقەدیمـەو یەکسەر سەرجەم چینی کرێکار سازمان بدریّ، تەرکیبی چینی کرێکار وانی‌یەومیکانیزمی ریکخستنی جیـاوازە. سـوونەتی رێکخسـتنی کۆمۆنیستیش شتێکی ترمان پیّ‌ئەڵیّ.

کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆی لەچوارچێوەی دەرکی‌دوو قوتبیدا لەسەر کۆمۆنیزمو چینی کرێکار شکڵی گرت. بەو واتایەی  کـەکۆمۆنیزمێك هەیە لەناو چینی کرێکارداو کۆمۆنیزمێکیش هەیە  لەوبـەرەوەو لـە(کۆمـەڵ)داو لـەدەرەوەی چینـی کرێکـار ئـەو دووانـەش فاصیلەیـەك لەنێوانیاندایە. دیوارێك لەیـەك جیایـان دەکاتـەوە وەکـوو خـودی جـەرەیانی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری دەیـووت .قسـە لـەوە دەکـرا ئـەو بۆشاییە چۆن پڕدەکرێتەوە. چۆن دەستمان دەگا بەوبەری دیوارەکە. ئەوانە مـەقولاتو نموونەیـەك بـوون رۆژانـە لـەدەزگای فکـری‌و

سیاسیو میتۆدۆلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دووباره دەکرانەوە. بەڵام دیاره سەرنجی قووڵی نەئەدرایە. حاسڵی ساڵەکانی ئەخیری ئەم تەجروبەیە ئەوە بوو کەئیتر پراگماتیزمی حزبی بوو بەئەصل بۆ هەردوو حزبی عێراقی و ئێرانی.

* * *

پێشتر لەباسەکەدا ووتم کەکۆمۆنیزم لە1840ەوە بووە بەحەرەکەتێکی کۆمەڵایەتی جیاوازو بەسەر هەڵدانی تیۆری مارکسیزم ئیتر تەکامولی یەکجاری کرد.

لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریشدا کۆمۆنیزم بووە بەخاوەنی پایەگای بەرینترو قووڵ تر. ئەگەریش ئەم حەرەکەتە لەسەدەی نۆزدەدا زیاتر حەرەکەتێکی ئەوروپیو ئەمریکی بوو ئەوا لەسەدەی 20و بەتایبەتی (1945)بەدواوە بووە بەبزووتنەوەیەکی جیهانی گەورەتر، وبەتایبەتی هەموو (جیهانی سێیەم)ی گرتەوەو نەك هەر ئەوە بەڵکو لەزۆر شوێنی جیهاندا بوو بەبزووتنەوەیەك کەهاتە مەیدانی شەڕی دەسەڵات، گەرچی سۆسیالیزمی بۆرژوازی توانی سواری ملی بێت وبیخاتە خزمەت ئامانجێکی دژ بەخۆی .

گەر بشگەڕێینەوە سەر عێراق ئەوە لە(1930)ەوە مێژووی ئەم حەرەکەتە دەست پێدەکاتو سەرەتا لەشکڵی شەبەکەی ڕەوابیتی کرێکاری خۆی نیشان داوەو لەشوێنی تردا شەخصیاتو رابەرانی کرێکاری نموونەو رەمزی وجودی ئەو حەرەکەتە بوون.

بەڵام لە70ساڵی رابووردوودا مەسەلەی تەحەزوب لەپاڵ نەبوونی ئاسۆی سیاسی سەربەخۆی کۆمۆنیستیدا کێشەی ئەسڵی بوون. ئەو کەمو کوریە زۆر توانای لەو بزووتنەوەیە زەوت کردۆتەوە، بۆیە کەمتر رێگەی داوە کاریگەری هەبێ لەسەر کۆمەڵو ئاڵوگۆرە سیاسییەکاندا. ئەوە واقعیەتێکەو ئەبێ بووترێ، بەڵام لەپاڵ ئەوەشداو ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر ئاستی جیهانی ئەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەوەو بەتایبەتی بەئاڵوگۆرێکی ریشەیی کەشۆرشی ئۆکتۆبەر هێنایە ئاراوە، ئیتر کۆمۆنیزم ئەگۆڕێ بەحەرەکەیەك لەگشت کۆمەڵ داو تەنها بازنەی کاریگەریەکەی لەناو چینی کرێکاردا نامێنێتەوە. بۆیە بەش وتوێژی جۆراوجۆری کۆمەڵ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان، ناوو سیاسەتەکانی خۆیان لەژێر پەردەی کۆمۆنیزمدا رادەگەیەنن، (بزووتنەوە رزگاری نیشتمانی)یەکان لەچینو هندستانو.. ، ناوی سۆسیالیست لەخۆیان دەنێن، حەرەکاتی لاوانو ژنانیش لەغەرب دا هەروا.

## کۆمۆنیزمی کرێکاریو تەحەزوبی کۆمۆنیستی!

کاتێك دەگەرێینەوە سەر تەحەزوب لەتەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاریداو گەر بەراوردی بکەینو بزانین چەندی جیاواز بووە لەو حەرەکەتە کۆمەڵایەتیە کۆمۆنیستییە یاچەند لەگەڵ ئەودا (لەعێراقو ئێراندا) لێکی دایەوە، یا هاوتەریبی بووە، بەڕۆشنی دەبینین کەپایەی دەمەزراندنو حەرەکەتی هەردوو (حککاو حککع) و هەویەتی ئەصلییان، ئەم حەرەکەتە کۆمەڵایەتیە نەبووە جا بەهەر ئەندازەیەك نزیکایەتی لێی پەیدا کردبێ لەم دەورە یا ئەو دەورەی تر. حاسڵی هەوڵو تێکۆشانی 10–15ساڵ لەبزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەئێرانو عێراق نەبووە هۆی خەملاندنو سەرو ساماندان بەحەرەکەتێکی کۆمۆنیستی کۆمەڵایەتی. نەیتوانی ئەو بزووتنەوە مەوجودو(قائم بەزاتە)ش لەعێراقوئێراندا، تەبدیل بکات بەماتریالی ئەحزابی کۆمۆنیستو لەوێوە ئاسۆ سیاسییەکەی خۆیو شیعارو تاکتیك و داخوازیەکانی خۆی بکات بەئاسۆو شیعارو تاکتیكو داخوازی باوو زاڵ لەکۆمەڵدا یا لەناو بەشێکی بچووکیش لەبزووتنەوەی کرێکاریو کۆمەڵ دا. جاگەر لەئێران بووترێ کەدیکتاتۆریەت رێگەی ئەوەی نەدا(کەئەوە تەبریرێکی دروست نییە)، لەجوابدا دەڵێم من لەپێشدا مەبەستم رادەی نفوزەکەی نییە. ئەڵێم خۆ لەکوردستانی عێراقدا (دیکتاتۆریەت) فاکتەرێکی ئەوتۆ نەبوو لە8ساڵی رابووردوودا یالانی کەم لەو تاریخەوەکە حککع پێکهاتووەو ئەو حزبە لەهەلومەرجێکی عەلەنیدا کارو هەلسورانی کردوە، فەزایەکی ئاوەڵەی سیاسی زاڵ بووە، ئەوەی لێکی هەڵنەپێکاوە لەگەڵ پایەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمو ئەو حەرەکەتەدا ئیشکالاتی زاتیو درخودی خۆی بووە. مشکلەکە هەویەتییە یانی بەمەوزوعیو بەدەلیلی ماددی سەلماندی کەناتوانێ ببێ بەحزبی ئەو حەرەکەت و گرایشو سوونەتەو نەشی توانیوە تەنانەت بەپێی پێویستییەکانی ئەو هەڵسورێ و بەپێچەوانەوە هاوتەریب و بەجیا لەو حەرەکەتی کردووە. دیفاعی لەکۆمۆنیزم کردووە، دیفاعی لەچینی کرێکار کردووە. بەڵام ئەوانە هەر دیفاع بوونە لەچوارچێوەی نووسراوەو بەیاناتدا. ئەوانە حیزبێك ناکا بەحزبی کۆمۆنیستو چینی کرێکارو لەمێژوودا زۆر کەسو لایەن دیفاعی وایان کرد لەچینی کرێکارو کۆمۆنیزم بێئەوەی رەبتیان بەسەریەوە هەبێ. هەروەها پێداگرتن لەسەر بەرنامەیەکی (کۆمۆنیستی)و رادیکال نایکا بە حزبی

کۆمۆنیستو کرێکاری .ئەحزابی کۆمۆنیستو کرێکاری یانی ئەوەی کەخودی ئەو حەرەکەتە تەبدیل کرێ بەحزبی سیاسی، لەحەرەکەتێکی کۆمەڵایەتیەوە جا با بەشێکی کەمیشی لەرووی ئەفرادو ژمارەوە ئەندامی رەسمی ئەو حیزبەبن . ئەبێ ئەو حیزبە هێزی ئەصڵیو ریشەو پایەی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا دانابێ . ئەوەش ئەسڵ نیە چەند نەفەر پێکیان هێناو هەویەتی چ ینایەتی ئەو چەند نەفەرەش چیە .

یەکێکیتر لەتایبەتمەندیەکانی ئەم رەوتە ،(ك.ك) ،ناکۆکیە داخلیەکەیەتی واتە ناکۆکی لەنێوان تایبەتمەندی ئەم حیزبە لەبواری پێداگرتنی لەسەر مارکسو مارکسیزم لەبەرانبەر رەوتە جۆراوجۆرەکانی سوسیالیزمی بورژوازیدا لەگەڵ خەسڵەتی کۆمەڵایەتیو سیاسی غەیرە کرێکاریی لەلایەکی ترەوە.

دیارە مەسەلەی رەخنە لەسوسیالیزمی بورژوازی لای کۆمۆنیزمی کرێکاری محدود بوو. هەرگیز رەخنەکانی لەپەیوەند بەمەسەلەکانی بزووتنەوەی کرێکاری وولاتانی سەرمایەداری غەربو(میترۆپۆل) نەبووە بەڵکو زیاتر لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەی جیهانی سێیەمو مشکیلاتەکانی(کۆمۆنیزم)بوو لەوێ(جگە لەباسەکان سەبارەت بەشوورەوی)هەر بۆیە باسێکی هەمەلایەنەی ، بۆ نموونە، نەبووە لەچوارچێوەی رەخنە لەترۆتسکیزم.

بەڵام بەمەجموعو بەتایبەتی لەدەورەی پێشوودا لەبواری نەزەریو فکریدا رەخنەی شەفافو تیژی گرتووە لەجەرەیاناتی غەیرە مارکسی

بەگشتی و بەشی زۆری مێژووی ئەم جەرەیانە ململانێ بووە لەگەڵ مەکاتبی تری غەیرە مارکسی زەمانی خۆیو پێوانەکەشی چینی کرێکار بووەبەگشتی و ئەوە ناکۆکیەکە بۆ حیزبێکی غەیرە کارگەری.

بەڵام ئەو مێژووە درێژە لەململانێ فکری لەگەڵ جەرەیاناتی غەیرە مارکسی نزیکی نەکردۆتەوە لەچینی کرێکارو گرایشی سوسیالیزمی کرێکاریو ئەوە هیچ کەتەبدیلی نەکردووە بەحزبی ئەو و بەپێچەوانەوە سەرەنجام بەولادا وەرچەرخاوەو زیاتر لەچینی کرێکار دوور کەوتۆتەوەو دابڕاوە لەوەی کەببێ بەحیزبێکی لەو جۆرە. ئەو ناکۆکیە سەرەنجام بەبارە سلبیەکەیدا یەکلا بووەوە، بەو مانایە تایبەتمەندیە مارکسیەکەی کەم رەنگ بۆتەوە بۆ ئەوەی جووت بێتەوە لەگەڵ پایە غەیرە کرێکاریەکەیدا.

ئەوە شێوەی تەبدیلی ئەم حیزبە بوو لەپرۆسەیەکی ماددیدا، لەتاریخێکی واقعیدا کەخۆمان تیا ژیاین. ئەو حیزبە (حککا)لەشوێنێکەوە دەستی پێکرد بەڵام لەو پرۆسەیەدا تەبدیل بوو بەحزبی مودێرنیزم، حزبی گرایشاتی مۆدێرنیستی دژی ئیسلامی، دژی ئیستیبدادی شەرقی، ئاڵا هەڵگری یەکسانی ژنو پیاو، سەرەنجام ئەبێ بەحزبی ئاڵا هەڵگری ئەو جۆرە بزووتنەوانە.حککا بۆنموونە لەدوو ساڵی رابووردوودا نەیتوانی لەمەیدانی خەباتی کرێکارانی نەوتدا دەوری خۆی بگێرێ وەکوو حزبی چینی کرێکاری ئێرانو تەنها دەورێك کەبووشێتی هەڵسووڕانی پشتی جەبهەیی بوو لەدەرەوە.بەڵام نەیتوانی تەبدیل بێ بەزەرفی ناڕەزایەتی ئەوانو لەخەباتی ئەواندا دەوری چارەنووس ساز ببینێ بەهەموو معاییرەکان.

بەڵام کاتێ تەمایلاتی سکولاری لەجەرگەی خەبات لەدژی حکوومەتی ئیسلامیو کۆنەپەرستی رژێم دەبێ بەڕەوتی باو، وەهەریەك لەئەحزابی سیاسی دەکەونە خۆ بۆ ئەوەی رەنگی بکەن بەقاڵبی خۆیان ئەوکات (حککا)ش ئەوپەری حساسیەتی نیشان دا و لەپەیوەند بەئاڵوگۆرە سیاسیەکانی دوو ساڵی رابووردووەوە ئەو پرۆسەی ئاڵوگۆرە سەریع تر ئەبێتەوە لەژیانی ئەو حیزبەدا. ئەوە لەعەینی کاتدا پرۆسەی شکستی تیوریو ئامانجی تەبدیل بوون بوو بەحزبی نارەزایەتی کرێکاریو زەرفی خەباتو رێکخراوبوونی سوسیالیزمی کرێکاری.

دیارە مەقولەی (غەیرە کارگەری)بوون ناتوانێ لەخۆیداو بەتەنها تەعریفی ئەو ئالوگۆرەی حککا بکات. ئەوە مەقولەیەکی گشتیە کەزۆرجار بەشێك لەچەپی ئێرانو عێراق بۆخۆ دوورخستنەوە لەهەلسەنگاندنێکی کونکریت تر لەسەر تەجروبەی 10–15ساڵی رابووردووی کۆمۆنیزمو جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێرانو عێراق پەنایان بردۆتەبەر. مەنهەجو فۆرمۆلبەندی ئێمە بۆ رەخنە لەتەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەقیق ترە لەوە. ئەوە کەس بەجێیەك ناگەیەنێو بەتەجروبەش زۆرجار مەحافلو کەسانێك لەناو چەپی عێراقدا کردوویانە بەپەردەیەك بۆ بادانەوە بەرەو لای راستو شاردنەوەی ئەو وەرچەرخانە.

بەو پێیە ئاڵوگۆرەکانی ناو حککاش لەو چوارچێوەیەدا مانا پەیدا دەکەن. ئەو ئالوگۆرانەی کەبەپەیوەند بەباسەکانی کۆنگرەی دوو بەدواوە روویان دا و سەرەنجام بوون بەهۆی ئیستیقالەدانی ریزێکی بەرین لەرابەرانو کەوادرو ئەندامانی ئەو حیزبە ئالوگۆرێکی کتوپرو ئیشی شەوو رۆژێك نەبوو، ئالوگۆرێك بوو ریشەی هەبوو.

لەعێراقدا ئەو سوونەتومشکلاتانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریو (حککع) زۆر زەقترنو پێشتریش دەرکەوتن، چونکە عێراق بوو بەمەیدانێك بۆ تاقیکردنەوەی نەزەریاتو سیاسەتەکانی (ك.ك)و بەعەمەلی بوو بەبۆتەی ئازمایش وەکوو ئەڵێن.

لەعێراقدا دیاردەیەکی سەیر لەژیانی ئەم رەوتە سەرنج رائەکێشێ. تا ئێستاو دوای زیاتر لە10ساڵ لەئیدیعای کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون دوای 6ساڵ لەدامەزراندنی حیزبێك لەسەر ئەساسی ئەو بنەما فکریو سیاسیانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هێشتا نووسراوەیەك، باسێك، لێکدانەوەیەك، گوزارشو نامیلکەیەك، تەقریرێکی دوورودرێژی (علمی).. تاد، نابینین لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری عێراق، گرایشی سوسیالیستی لەناویدا، نوقتە قوەتو زوعفەکانی، ئاستی خەباتی، جێگەوشوێنی، گرێ فکریوسیاسیو زهنیەکانی، رابەرانی، ئەشکالی خامی رێکخراوبوونی، سوونەتی عەمەلیو خەباتی.. تاد. دیارە تەوەقوعو چاوەروانیەکەی من لەهەلسورانی کۆمۆنیستی لەووڵاتێکی وەکوو عێراقدا، لەدڵی دنیای ئەمرۆدا، زۆر زیاترە لەوەو ئەوەم تەنها وەکوو نموونەیەك باس کرد. هەلبەتە تەصویرێکی ئایدیالو کیتابیم لەسەر کرێکارانو سوسیالیزمی کرێکاری لەعێراقدا نیەو ئەزانم چەندە زەعیفەو رێگرەکانی چینو .. .بەڵام مەبەستم باس کردنی فاکتەرێکی زۆر مەوزوعیو مادیە بۆ نیشاندانی بێ رەبتی ئەو حەرەکەتو حیزبانە بەژیانو خەباتو ئامانجو حەرەکەتی چینی کرێکارەوە.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم کەیەکێك لەپێوانەو مەبانیە هەویەتیەکانو جەوهەری مارکسیزم تأکید لەسەر هەمان شتە. واتە کار لەناو چینی کرێکار وهەولی سەروسامان دان بەبزووتنەوەکەی وەکوو بزووتنەوەو ماتریالێکی مەوزوعی ورەبتی لەگەڵ سوسیالیزمی کرێکاری لەریزەکانیو رابەری کردنیو.. ، بەئاقاری ئامانجی نهائی خۆی کەسوسیالیزمو کۆمۆنیزمە.

ناکرێ بۆ ئێمە لەعێراقێکدا کارو هەلسورانی کۆمۆنیستی ئەکەین کە60٪ یکرێکاران بێکارن، هەموو کرێکاران لەژێر خەتی سفرەوە ئەژین، 9ساڵە لەجیهانی خارجی دابراوە، .. تاد، ئەوانە لەشکلو شێوەکانی هەڵسورانمان لەسیاسەتو تاکتیکمان، لەشیعارماندا جێیەك دانەنێن لەو جۆرە هەلومەرجەدا کەئیتر ژێرخانی کۆمەڵ ئیفلیج دەبێ(بۆ نموونە)خەباتی کارگەو کارخانە بایەخیانو دەوریان مەحدودتر دەبێتەوە لەچاو خەبات لەئاستی گشتی مجتمعو خەبات لەئاستی جەماوەریداو بەپێچەوانەوە بزووتنەوەی خالصی کارخانەییو کارگەیی، وەکوو ووڵاتانی ئەورووپیو ئەمریکاو کنداو ئوستراليا، ئەو جێگەو شوێنە یەکەمەی نابێت.

کەواتە ئاستێکی تری باسەکەی من تایبەتمەندیەکانی حیزبێکی کۆمۆنیستیە ئەوەندەی بگەرێتەوە سەر عێراق واتە وەکوو حیزبێك کەلەووڵاتێکی دیاریکراودا خەریکی بەرەو پێش بردنی ستراتیژو بەرنامەی کۆمۆنیستیە.

هەروەها ئەمەوێ سەرنج بۆ دەردێکی کوشندە رابکێشم کەکۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق نزیکەی 15ساڵە دەرگیریبوون، مەبەستم ئەلگۆ بەرداریو عەقلیەتی ئیستنساخیە. ئێمە هەمیشە بینیوومانە چۆن هەموو شتێك لەئێرانەوە، بەکاڵو کولاویەوە نقلو فوتوکۆپی ئەکریو هەموو شتێك، تا ئاستی ئیستینتاجی سیاسیش، بەپێی هەمان تەجروبەو دەرك هەلئەهێنجرا. وەختێ شانەو کۆمیتەیەکی تنظیمی پێك ئەهێنرێ، رێك هەمان نموونەی تاران یا سنە دوو بارە ئەکرێتەوە و هیچ بایەخێك بۆ واقعیاتی دیاریکراوی عێراق و کوردستانی عێراق نادرێ. دیارە ئەوە بە هیچ مانایەك کەڵك وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی پێشرەوی و هەڵسورانی بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالیستی نەفی ناکاتەوەنە لە ئێران ونە لە هیچ شوێنێکی تر.

بە هەرحاڵ ئەبێ حزبی کۆمونیزمی کرێکاری ئێمە بە پێی ئەرکەکانی لە عێراقدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبێ کە رەنگدانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالیستی عێراقن.

ناکرێ بۆ ئەم ئاستە وبۆ ئەم مەیدانە پەیرەوی لە نموونەیەکی لەوەو پێش و حازربکەین. لە سوونەتی تا ئێستای کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراقدا مەسەلەکە پێچەوانە بوو. وەختێ بارودۆخە تایبەتەکە وەك ئەلگۆ زهنیە لەوەو پێشەکەی ئەو دەرنەدەچوو ئەوی یەکەمی دەبردە ژێر پرسیارەوە و دەلائیلی مەوزوعی بۆ دائەتاشی. ئەیووت چینی کرێکار کەم ئامادەیە نەك شیعارەکەی ئەم ،ئەلگۆ رێکخراوییەکەی... تاد زهنیە.

له مەیدانی کار لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری ، لەناوبزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقدا کەمترین کارکراوەو بۆشاییەکی مێژوویی گەورە بەرەو ڕوومانە کە نموونەی کەمە .رەنگ بێ جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا نموونەیەکی دەگمەن بێت بۆ دەست خاڵی بوونی جەرەیانێك کە ئیدیعای لە چینی کریکار کردووە و بە بەرنامە ئاڵای رزگاری ئەوی هەڵکردووە، کەچی کەمترین پەیوەندی و مەعریفەی لەسەر ژیان وخەباتی ئەو چینە هەیە لە عێراقدا.

هەر لە سەرەتای ئەم مەرحەلەیەشدا ولە(راپەرین) وبزووتنەوەی شوورایی لەکوردستانی عێراق بەدواوە، تەیفێك لەرابەرانی کرێکاری روویان کردە ئەم جەرەیانە، بەڵام ئەم جەرەیانە هیچ ئاسۆ و بەرنامە و نەخشەیەکی نەبوو بۆ کار لە سەریان(بەپێی ئەو خەسڵەتانەی پێشووی) و تەحویل دانیان بۆ عەمود فەقەری رێکخراوە حزبی وجەماوەریەکان. بۆ ئێمە چینی کرێکار و رابەرانی کرێکاری مەقولەیەکی جەوهەرییە لە فکرو لە پراتیکماندا.

مەسەلە کە رۆشنە. چینی کرێکاری بەپێی مەوقعیەتی لە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و سیستمی ئابوری بۆرژوازیدا، ئەنتی تێزی سەرمایەداریە، بۆیە تەنها چینێ کەقازانجی تەواو ئەبا لە روخاندنی ئەم نیزامە و سوسیالیزم ئامانجێتی چینی کرێکارە، چینێکە خاوەنی قازانجی بنەڕەتییە لە گۆڕینی ئەم نیزامە، چینێکە رۆژانە بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ و کەس تێی بگەیەنێ خۆی دەرگیرە لە گەڵ دەوڵەت وخاوەن کار و دام و دەزگاکانیان.

بۆ ئەم خەبات لە دژی سەرمایە وەکوو کابرای رۆشنبیری چەپ نییە کەلە درێژەی پرۆسەیەك چەند ساڵ(مارکسیزم)ی خوێندۆتەوەو زەختی لە زهنی خۆی کردووە تا بزانێ کام رەوتی فکری بەدەرد ئەخوا و لە وێوە بووە بە کۆمۆنیست و ئەبێ دەورە بە دەورە مێشکی خۆی تیژ بکاتەوە تاکو کۆمونیزمەکەی کاڵ نەبێتەوە.

بۆ چینی کرێکار کۆمۆنیزم مانایەکی تری هەیە. پێویستیو ناچارییەکە بۆی. کۆمۆنیزمی کرێکاری چەند ئەم تایبەتمەندیەی لەخۆیدا بەیان کردووە چ لە بواری رێکخستن، چ لە هەڵسورانی سیاسی، چ لە بەرنامە، پراکتیك و پەیوەندی بەجیهانی دەرەوەی خۆی ،بە نەزەری من زۆر کەم. وەختێ ئەم رەوتە رووی کردۆتە مەسائیلی کرێکاری ئەوە زۆر زەق تر خەسڵەتی غەیرەکرێکاری خۆی نیشانداوە. هەربۆ نموونە سەیری تاقیکردنەوەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان و سەرجەم رێکخراوە جەماوەریەکان ساڵانی 93–96 بە تایبەتی و سەرجەم تەجروبەی رێکخستنی کرێکاری و جەماوەری قۆناغی 9 ساڵی رابووردوو و دیدگاو سوونەت وسیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حککع بکەن تا قووڵی دابڕان وبێگانەیی ئەم جەرەیانە بکەن لە سوونەتی کۆمۆنیستی وکارگەری ولە هەمان کاتدا قووڵی ورەگی ریشەداری سوونەتی تەشکیلاتچێتی وفیرقەیی و سکتاریستی ومەحفەلی بکەن.

دیارە پێداگری لەسەر سوسیالیزم وکۆمۆنیزم بەقسە ودابران لێی لە عەمەلدا ، خەسڵەتێکی دێرینی گشت رەوتە سۆسیالیستە غەیرە کرێکاریەکان بووە و (حککع) یش لەو بوارەدا کورتی نەهێناوە. جاگەر کۆمۆنیست بوون پەسەند کردنی (بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی) بێ ئەوە مەسەلەکە شتێکی ترە و زۆر ئاسانە هەرکەس بەخۆی بڵێ کۆمۆنیست، لە چاو ئەوەی کە بچی لەناو چینی کرێکاردا کارو هەڵسوران بکەی و ئامادەی بکەی و قۆناغ بە قۆناغ شوێنی بکەوی وکۆسپەکانی بەردەم پێشرەویلابەیت وپوخت وپاراوی کەیت و گشت ئەوانە لە سایەی ئاسۆیەکی سۆسیالیستیدا جا با بەرنامەکەت دوو کەم وکوری یا هەڵەی نەزەریشی تیا بێ ، ئەوە زۆر جەوهەری نییە و ئەکرێ دواتر چاك بکرێت.

بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە چ دەورێکمان دەبێ لە سەر ژیان و خەباتی بزووتنەوەی سوسیالیستی لە عێراقدا. وەختێ لاپەرەی کومۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا لەو بارەوە هەڵدەدەینەوە رووبەڕووی بۆشایی کامل و نمرەی سفر دەبینەوە .

لەسەر چینی کرێکاری کوردستان و کۆمۆنیزمی ناو چینی کرێکار کەلە پەنا دەستیدا بووەولەناویدا ژیاوە وڕۆژانە دەیتوانی بچێتە ناویان چ کارێکی کردووە ؟

خۆمان لە بیرمانە شکلی دامەزراندنی حککع لە چوار چێوەی گفتوگۆو جەدەل و باس لە نێوان سازمانو مەحفەلە کۆمۆنیستەکانو چەپەکان پێك هات. ئەصلەن یەك باس نەکرا لەسەر جێگەوشوێنی مەیلی سۆسیالیستی لە ناوچینی کرێکاردا تا لەوێوەش باس لە جێگەوشوێن و نفوزی کۆمۆنیزم بکرێ وحیزب بۆ ئەم مەیل وحەرەکەتە لەوچوارچێوەیەدا بنیات بنرێو ئەو خەسڵەتانە بىن بە ئەسڵێك. گەر بمان ووتایە حیزب بۆ ئەو حەرەکەتە بنیات دەنێیین دیارە هەم ئەلگوی حیزبەکە و هەم ئیستنتاجاتی سیاسی و عەمەلیمان زۆر جیاواز ئەبوو و ئەچووین شەبەکەی رێکخستنەکانمان دەبردە ناو ئەوەوە. ئاسۆی ئەوحەرەکەتەمان دەست پێوە

دەگرت و لەوێوە دەستمان پی دەکرد. ئەومان سەرو سامان پێ دەدا بۆ پێکهێنانی ئالوگۆر لە کۆمەڵدا و دەبوو بە بنەمای بەرانبەرکێ لەگەڵ رەوتە سیاسی و بەدیلە بورژوازیەکاندا و ئیتر رزگاریشمان دەبوو لە نەزەریاتی وەکوو حزبی خۆشەویست و خاوەنی کۆمەڵو هێزی یەکەمو چیوچی.

شیعارە سیاسیەکانی وەکوو رێگەچارەی مەسەلەی کوردو... تاد یشو سەرجەم تاکتیکە سیاسی‌یەکانیش شوێنی واقعی خۆیان ئەگرتو هاوتای سیاسیو کۆمەلایەتی خۆیان لەکۆمەڵدا بۆ پەیدا دەبوو و ئیتر ئیحتیاجێك بەوە نەدەما رۆژانە دەست بۆ بورژوا ناسیونالیستی کورد درێژبکەیو بپارێیتەوەو بلێی دەستت بێنە با پێکەوە حەلی کێشەی کورد بکەین! وەرە با نیشانت دەم کەجیابوونەوە باشترو ئینسانی‌ترەو بەو پێیە ببی بەمشاورو وەسیەت کەری بورژوازیو بلێی ئەوەندە ساڵە تۆ فرسەتت لەدەست داوە.

ئەوە پرۆسەیەکی کۆنکریت‌ومادی بوو بۆ گۆرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ئیلتزاماتی رۆژی یەکەمی دامەزراندنی‌یەوە کە قەرار بوو ببێ بە حزبی چینی کرێکارو لەپاشماوەی سونەتو ئیدراکاتو ئاسۆ چەپی‌یەکەی جارانی خۆی دابرێو لای بزووتنەوەی سرسیالیستی بگیرسێتەوەو لەوێدا بنەو بارگەی یەکجاری بخات،بەلام سەرەنجام بەو بارەدا نەرۆیشت (فاکتەری مەوزوعیش دەوریان بووە لەو ئالوگۆرەدا)و تەبدیل بوو بەشتێکی تر.

جالێرەدا قسەکە لەناوەرۆکدا لەسەر رەخنە لەبەرنامەی حککع نی‌یەو هەتا جیاوازیمان لەرووی بەرنامەو لەبواری سیاسەتمان لەسەر ئەوزاعی ئەمرۆی عێراق، جارێکی تر ئەچێتە ژێر تیشکی ئەم لێکدانەوەیەی ئەمرۆمانو لەچوارچێوەی ئەم جیاوازیە هەویەتی‌یەدا مەعنا پەیدا دەکاتو تەعریف دەکرێتەوە.

بەو پێیە ئاسۆیەکی جیاواز تەنانەت لەئاسۆی کۆنفراسی یەکەمی خۆشمان کەوتۆتە بەردەممان بۆ بنیات نانی حیزبێکی کۆمۆنیستیو کرێکاری لەعێراقدا.

دیارە لەکۆمەڵگای عێراقدا زۆر بزووتنەوەو داخوازی عادلانە لەریزەکانی توێژەکانی تری خەڵکیدا مەوجودن کە ئەبێ سوسیالیزمی کرێکاری لەراستای سەرو سامان دان بەحەرەکەتێکی کۆمەلایەتی–سیاسی هەمەلایەنەدا، سەرپۆشێك پێك بهێنێ بۆ ئەوانیش .ئەوە ئەرکی راستەخۆی ئێمەیە کەئەو کارە بکەین لەو مەیدانانەدا و لەسەر سادەترین مەسائیلو کێشمەکێشی کۆمەلایەتیو سیاسی لەو جۆرانە رێگە چارەو شیعاری رادیکالی خۆمان مەترەح بکەین وەکوو بەشێك لەئاسۆی رزگاری بەخشی سوسیالیستی– کرێکاری.

بەلام سەرەنجام ئەوە بلێین کەمەقولەی چینی کرێکارو بزووتنەوەی سوسیالیستی لەدیدگای ئێمەدا ئەوە نیە بیخەینە پال مەجموعی حەرەکاتو داخوازیو میولی عادلانەی تری ناو کۆمەڵو بلێین ئێمە مودافعی ئەمیشیانین هەروەك چۆن دیفاع لەداخوازی یەکسانی خوازانەی ژنان ئەکەین، دیفاع لەمافەکانو داخوازیەکانی لاوانو منالان ئەکەین، ئاواش دیفاع لەحەقی کرێکارانو مافو داخوازیەکانیان ئەکەین. بلێین حزبی کۆمۆنیست لەکۆمەڵ دا رێنمایی سەرجەم حەرەکاتی عادیلانە ئەکات بۆ رزگاریو بەدەست هێنانی ئامانجەکانیانو کرێکارانیش لەهەمان خشتەدا جێ پەیدا ئەکەن. ئەوە دەرکو سوونەتێکە حککع لەعەمەل دا دەرگیری بووە. ئێمە بەپێچەوانەوە ئەلێین حزبی کۆمۆنیست دەقاودەقو پێش هەر تەعریفێکی تر یانی حزبی چینی کرێکارو بەتایبەتی حزب ورێکخراوی مەیلێکی ناو چینی کرێکار کەواتە بابچین لەوە بکۆلینەوە بزانین ئەو مەیلە لەناو چینی کرێکاری عێراقدا هەیە جاگەر هەیە بابچین لەهەستان لەوەوە حزبی بۆ پێك بهێنینو رابەرانی بدۆزینەوەو گەر نیشە بابرۆین حیزب بۆ کۆمۆنیستەکان پێك بهێنین، بۆ پێك هێنانی چوارچێوەیەکی رێکخراو بۆ فەعالیەتی ئەوانو ئەویش حیکمەتو تەبریری خۆی هەیە، بەلام ئەلگویەکی ترە لەحزبی سیاسی .

بەو پێیە ئەرکی ئێمەیە لەو مەسەلەیە بکۆلینەوە، لەکۆمەڵگای عێراقو جێو شوێنی چینی کرێکار ، لەمێژووی هاوچەرخیو لەئاستی خەباتیو لەوجودو موشکیلاتی سوسیالیزمەکەی، لەبزووتنەوە کۆمەلایەتیو سیاسیەکان.... تاد، ئەو کات رەنگ بێ یەکێك بلێ ناتوانین حیزبێکی سەرتاسەری عێراقی پێك بهێنین( بۆ نموونە)و بلێ ئەو حەرەکەتە ئەو وجودە واقعیومەوزوعی‌یەی نی‌یە، یا ئەو ئەندازەیە لەئامادەیی نی‌یەو ئاستی وجودی زۆر کاڵو کرچو تەسکە.

بەهەرحال گەر ئەو حەرەکەتە هەیە بابزانین تایبەتمەندیەکانی، خەسلەتەکانی، سیماکانی، ئاستی، خاڵەلاوازو بەهێزەکانی، رێگرەکانی، مشکلەکانیو ....تاد چینو بچین بەپەیوەند بەکلی ئەوانەوە ئەرك بۆ خۆمان دیاری بکەین نەك تەصویرە زهنی‌یەکەی کەخۆمان هەمانە بنێینە جێی واقعو ماتریاڵە مادیەکان.

دیاره من مەبەستم ئەوە نی‌یە کەلەناو ئەودا بتوێینەوەو لەگەڵ ئەودا بکەوینو سەربەخۆیی خۆمان لەدەست بدەین یاملی خۆمان بدەینە دەست کرێکارانێکی تاك کەوتوو وئۆتۆمیزەو یا هەر کەووتیان رابەرێکی کرێکاری رووی تێمان کردووە بیکەین بەمەسئول لەتشکیلاتەکەمانو ئەو باسە بەو شکلە بشێوێنین. نەخێر قسەکەی من لەسەر هەڵسانە لەسەر پایەی ماددی ئەو حەرەکەتەو بەپێی پێویستی‌یەکانی، بەپێی کارو کاردانەوە دەروونی‌یەکانی، بەپێی وجودو گەشەو حەرەکەتی کۆمەڵایەتی ئەو و هەروەها ئەو کاتە وبەوپێیە تێئەگەی ئایا ئەم حەرەکەتە ئەتوانێ یەکسەر لەمەرحەلەی ئێستادا شۆرشی سوسیالیستی راستەوخۆ بەرپا بکات، یا تاکتیکەکەی ئەبێ چۆنو چی بێت. ئیتر ئەو مەسەلانە لەزهنی ئەمو ئەو دەردەچێو هەر ئەو ئەم وئەوەش دەبن بەهەڵسووراوانی ئەو حەرەکەتە .هەر ئەو کاتەش دەتوانین باس لەدیاریکردنی تاکتیکە سیاسیەکانمان بکەین بەپێی توانـاو ئاستی هێزو جێگەو شوێنی ئەوو ئیتر لەتاکتیکی ئاسمانیو هەڵواسراو دووردەبین.

لەسەر مەسەلەی رێکخستنی کرێکارانیش هەروا هێشتا کرێکارانی عێراق بەناویش شوورایان نەبیستووە (جنوبو ناوەراستی عێراق).
دیارە ئێمە خوازیارو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوورایین بەڵام گرنگ ئەوەیە کەئەبێ بەناچاری لەشوێنێکی سادەترەوەو لەحەلەقەیەکی خوارترەوە دەست پێ بکەین بۆ گەیشتن بەرێکخستنی شوورایی.

یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق زوعفی مێژوویی–سیاسی سوونتەتی رێکخراوبوونە لەریزەکانیدا جازۆر دەلیلو هۆ هەن بۆ ئەوەو هەر 30ساڵ دیکتاتۆریەتی رژێم تەنانەت مونەزەماتی وەرزشیشی قەدەغە کردووە یا لەقاڵبی داوە، جاچ جای رێکخراوی سیاسیو جەماوەری کرێکاری مەبەستم ئەوەیە لەمەترەح کردنی سیاسەتو شیعارەکانمان لەم مەیدانەشدا ئەو واقعیەتە دیاریکراوە لەبەر چاو بگرین.

دیارە من پێشرەویە جیهانی‌یەکانی چینی کرێکارو سوسیالیزم لەبەر چاو دەگرمو دەزانم 35 سەعات کار دەمێکە بووە بەشیعاری رادیکالی کرێکاری لەو بارەوەو ئەوە سەر مەشقی ئێمەشە، بەڵام لەوەزعی ئێستاداو وەختێ ئاوڕ لەئاستی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق دەدەینەوە لەم مەیدانەدا ئەوە لەگەڵ واقعیەتێکی زۆر ئاڵۆزترو جیاوازتر بەرەو روو دەبین .

مشکلەی حککع ئەوەبوو لەعەمەلدا دەیووت یاشوورا یاهیچ، ئەوە نەوعێك لە پاسیفیزمو نەفی گەراییو نهلیستی بوو. لەبەرچاو نەگرتنی تواناییو ئامادەیی فیعلی کرێکارانی عێراق بوو ناکری شکلی رێکخراوبوونی فیعلی یا تاکتیکی هەر ئەمرۆت لەسەر بناغەی باشتر بوونی دیاری بکەیت یا لەسەر بناغەی ئەوەی کەکرێکارانی ئەلمانیا هەمان شیعار بەرز ئەکەنەوە. ئەوە معیار نی‌یەو ئێمە واناکەین جا بەرانبەرەکانمان چی ئەڵێن بابڵێنو لەکاتی خۆیدا جوابی ئەو جۆرە قسانە ئاسانە.

کاتێ ووتمان (نان، کار، ئازادی، حکوومەتی شوورایی) فەزایەکمان تێکشکانو لەوە سڵمان نەکردەوە پێمان بڵێن پۆپۆلیست یاچی (بەفەرز).

دیارە رێنمای ئێمە کرێکارێکی لێرەوەو لەوێ نی‌یە رێنمامان واقعیەتی مەوجودی بزووتنەوەی کرێکاری عێراقو بزووتنەوەی سوسیالیستی ئەوە جگە لەمارکسیزم وەکوو رێ نیشاندەرو تیۆری بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی، بەلەبەرچاو گرتنی شەرایتی ناوچەییو جیهانی هەمان بزووتنەوە.

ئێمە ناچین خەسڵەتی دژی سەرمایەداری بوونو دەست نیشان کردنی سۆسیالیزم وەکوو ئامانج لەلێکدانەوەی موزوعی وەیا تایبەتی ئەم ووڵات و ئەو شوێنەوە هەڵهێنجێنین تا گەر ئەو بارودۆخە گۆڕا ئێمەش ئەو ئامانجو ئاسۆیە بگۆرین. مێژوو یەك جار بۆ هەتا هەتا ئەوەی کردوە بەئاسۆو ئامانجی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمو ئەو حوکمەی داوە بەسەر سەرمایەداریدا . بەڵام بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی کارو هەڵسوڕانی سیاسیو دیاریکردنی چۆنیەتی تەحقیقی ئاسۆو ستراتیژەکەمان....تاد، ئەبێ ئەو بارودۆخە لەچوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراودا لەبەرچاو بگرین.

ناکرێ خەریکی هاتو هاواری ئەوە بینو بڵێین کۆمۆنیستینو بۆ شۆرشی کرێکاری تێدەکۆشینو نەچینە سۆراغی بارودۆخی تایبەتو چوارچێوە مادی‌یە فیعلی‌یەکانی هەنگاو هەلگرتن بۆ ئەو شۆرشە .

* * *

ئەو ئالوگۆرانەش کە حککا ی گرتەوە تەنها مــەربووت نـین بەئـەوزاعی ئـەمرۆی ئێرانـەوە بـەڵکو ئـەوە سـەکۆیەك بـوو بـۆ دەرکـەوتنی خەسلەتی هەویەتی ی ئەم جەرەیانە.
کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراقیش لە15—20ساڵی رابووردوودا بەتووندی کەوتنە ژێر کاریگەری ك.ك وتەنانەت ئەوە ژیـانی سیاسـی وشەخسی تاك تاکیشمانی لــە قـاڵبی خـۆی دا. ئـەو پەیوەندیـە رێبـازی حەرەکـەتی قۆنـاغێکی گرنگـی ئێمـەی دیاریکرد. بەوصەلـەی حەرەکەتمان بوو. بزووتنەوەکەی خۆشمان چ تەرکیبێکی بوو ئەوەش گرنگ بـوو، چونکـە کۆمۆنـیزمی کرێکـاری تینۆێتـی دڵـی ئێمـەی ئەشکان بە عینوانی رەوت و جەرەیانێك کە تاقیبی پەرچەمێکمان ئەکرد کە تەواصلی مێژوویــی کۆمۆنیزمەکـەمان، دەورە بـەدەورە، و بەتایبەتی لە دەورەی شکستی یەکجاری گشت شکلەکانی تری سوسـیالیزمدا لـەکاتی شکسـتی بلۆکـی شـەرق دا ، دابـین بکـات. ئـەو پرۆسەی رووتێکردنە بۆ رابەرانی کرێکاریو سۆسیالیستی ، بەرەو کۆمۆنیزم و تەیاراتی فکری وسیاسی بەو جۆرە نییـە ومعیارەکـانی جیاوازن.
ئێمە وەکو هەڵسوراوانی بزووتنــەوەی مارکسیسـتی کوردسـتانی عـێراق لـە چوارچێـوەی سـۆراغی هەویـەتی خۆمـانداو بازتـەولیدو بـاز تەعریفی هەویەتی کۆمۆنیستی خۆمان لەهەر قۆناغەدا، بەتایبەتی لەوەرچەرخانەکاندا، رووممان کردە کۆمۆنیزمی کریکاری .
لەپۆپۆلیزمەوە هـاتین بـەرەو مارکسـیزمی شۆرشـگێرو ئـەوە رەوتێکـی حـازرو لەبەردەسـتدا بـوو وهیـچ یـەك لـەمعیارەکانمان بـۆ ئـەو هەڵبژاردنە شۆرشو سەروساماندان بە بزووتنەوەی کرێکاریو سوسیالیستیو تحدیـدی چـارەنووس کۆمـەڵی عـێراق لـەو دەورانـەو..... هتد نەبوو دواتریش بەهەمان شێوەو میتود لەمارکسیزمی شۆرشگێرەوە رووممان کردە کۆمۆنیزمی کرێکاری، چونکـە ئـەمیان چرایـەکی رۆشنکەرەوە بوو بۆ ئێمەی کۆمۆنیست وهەویەت و ئاسۆو پەرچەم بۆ ئــەو حەرەکەتـەو هەڵسـوراوەکانی ببـوو بـەخۆ تـەعریف کـردنو تواصلو درێژەی مێژوویی‌و مەعریفی خۆی. بەو پیێیە مێژووی 20ساڵی رابووردووی ئەوەی پیێی ئـەووترا(( بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی ))و دواتر لەقالبی رەسمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا گیرسایەوەو ئەو جەرەیانــەی کەئـەمرۆ لەقـەوارەی رێکخراوەیـی حککـع دا ماوەتـەوە، نوێنەرایەتی رەوتێك و حەرەکەتێکی مادیو بەرژەوەندیەکی واقعیو تفاعلێکی ناو چینی کرێکاری عێراقو هیچ بەشێکی ناکات و جـیێی پرسیاری جدیێە بۆ چوار رابەری کرێکاری لەم حیزبـەدا نامێنێتـەوە وبۆچـی ترکیبەکـەی هـەر رۆشـنفکرانەیە. لـەدەورانی شـووراکانی کوردستانی عێراق بەدواوە بەفیعلی هەلسوراوانو رابەرانێکی کرێکاری بەرچاو روویان کردە ئەم حەرەکەتە بەڵام لەپرۆسەیەکی سـریعی 4—5ساڵیداو لەدڵی تەبدیل بوونی حککع بەم حیزبەی ئێستا، ئیتر حیزب خۆیو سوونەتو میکانیزمو گرایشە زاڵەکەی ناوی خۆی پاڵی بەو تەیفەوە دەنا کەریزەکانی جیێبهێڵن.
با لەبەرانبەردا بەراوودری حزبی بەلشەفی روسیا بکـەینو ببینـین چـۆن شـکڵیدا بەحەرەکـەتی هاوچـەرخی کارگـەری و سوسیالیسـتی زەمانی خۆیو کاریگەری قووڵی دانا لەسەر چارەنووســی ئـەو حەرەکەتـە تەنانـەت لەئـەورپاو ئـەمریکاو ئوسـترالیاش . حەرەکـەتێکی ئەوتۆ بوو کەشکڵی دا بەتاریخی زەمانی خۆیو سیماکانی حەرەکـەتی سوسیالیسـتیو کارگـەری زەمـانی خـۆی بەتـەواوی خسـتە ژێـر تەئسیری خۆیەوە بەجۆرێك بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆرش لەمەجەرو ئەلمانیاو تەنانەت بەلشەفیزم کاریگەری دانـا لەسـەر بـارودۆخی ئەوکاتو دواتری وولاتانی جیهانی سیێیەمی وەکو چینو ئەفغانستان.
کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەورانی حزبی کۆمۆنیسـتی ئـێراندا مـەیلێکی زینـدووی هـەبوو بـەرەو چینـی کرێکـارو گرایشـاتو تـەفاعولاتی دەروونی ئەو چینەو باسەکانی ئەو کات سەبارەت بە ئاژیتاسیۆنو ئلژیتـاتۆرو ئەندامـەتی کرێکـاری و سیاسـەتی رێکخسـتنو مـەحافلی کرێکاری ...هتد بەڵام ئەو رەوەندە لەدوای جەنگی خەلیجەوە رووی لەخوار بوو.

هاوریێیان:
لـەکۆتایی ئـەم بەشـەی قسـەکانمدا پێـم خۆشـە بڵێـم . تـاو ئـەو جیێـەی بـە نـاوەرۆکی پلاتفورمـی سیاسـی ئێمـە دەگەرێتـەوە ئێمـە تیێدەکۆشین بۆ تەبدیلی چینی کرێکاری عێراق و بزووتنەوەی سۆسیالیستی لـە عـێراقدا بـە هـێزێکی کۆمەڵایـەتی وسیاسـی کاریگـەر و خاوەن سەربەخۆیی سیاسی وریێکخراوەیی وئەوەش لە دڵی کێشمە کێشمەکانی ئەم قۆناغەدا ئەکەین.
بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئێمە بە چ میتۆد و بە چ رێگایەك ، بەچ لێکدانەوەو تەفسیرێك لە سەر جیگەو شوێنی چینی کرێکارو گرایشی سوسیالیستی ئەو هەڵسوران و ئەرکە ئەنجام دەدەین؟ ئایا لە درێژەی وەزعی مـەوجودی جـەرەیانی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری دا وبـیێهیچ

رەخنەو تعدیل ریلێك؟ من پێم وایە نـــا، وخۆشمان لــە بەرامبــەر زەرووڕەتــی ئـاڵوگۆڕێکی ریشـەیی‌داین ، ئـاڵوگۆڕێك کەئـەو تویكـڵ وبەرگانە لە کۆمۆنیزمەکەمان بکاتەوە ودەستی ئێمە بۆ تەحقیقی ئەو ئاسۆ سیاسی و کۆمەڵایەتیە بکاتەوە کە بە درێژی باسـم کـرد. کۆنفرانسی دووەم بە نەزەری من ئەو جێگەیەیە کە ئەو ئاڵوگۆرە بە رەسمی رویدات و جیاوازی ئێمە لە گەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، بــە و شێوەیەی لێرەدا باسمان کرد، رابگەیەنێ وئەوەش بە راشکاوانە لەناو کۆمەڵ و بزووتنەوەی کرێکـاری و سوسیالیسـتی دا رابگەیـەنێ و گەر ناوەکەشمان پێویستی بە گۆران کرد، ئەوە کۆنفرانس لەسەر ئەوە بریار بدات.

* * *

## * دەرك و متدۆلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاری( ئنتقالی چینایەتی )

### نزار عبدالله:

هاوڕێیان: من لە هەڵسەنگاندنی کوللی تەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بە پێویستی دەزانم لە جەوهەری ئەو لێکدانەوەیەوە دەسـت پێ بکەم کە هـاوڕێ ئەحمـەد باسـی کـرد. جەوهـەری ئـەو لێکدانەوەیـە ئـەوە بـوو کـە تەجروبـەی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری‌و تەجروبـەی حیزبـەکانی لـە بناغـەدا بەرهـەمی یـەك متدۆلــۆژی‌و یـەك دەرکـی پایــەیی بـوو، کـە ئـەویش بـە رێکخســتنی جوڵانەوەیەکـە بـۆ خۆڕادیکاڵکردنەوەوخۆ ساغکردنەوەی هەویـەتی‌و پێك هێنانی‌حزبـە کۆمۆنیسـتەکان وەکـو ئـاخرین پرۆسـەی خـۆ رادیکـاڵ کردنـەوەو درێژەپێدانی‌و سەرەنجام ئنتقالو خۆهەڵپێکانە بە مەیلی کۆمۆنیستی‌و بزووتنەوەی کرێکاری‌یەوە لە رێگەی ئەم حزبانەوە.

کاتێك لە هەمو تەجروبەکەو ئاڵوگۆرەکانی‌و شکستی هەردوو حزبەکەی لەم دواییانەدا وورد ئەبیتەوە شکسـتو نادروسـتی ئـەو دەرك‌و متدۆلۆژی‌یە بەدی ئەکەیت. بۆ روون کردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە من لەو دەرکەوە دەست پێ دەکەم کە هاوڕێ ((رەزا مقـدم)) لـە راگەیاندنی وازهێنانی خۆیدا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بەیانی کرد. ئەو ووتی ئێمە کە ئەو حزبەمان پێـك هێنـا ویسـتمان لـە جەرگەی سۆشیالزمی کرێکاریدا قەرار بگرین، ویستمان ئەو حزبە ئاڵوگۆر بکاو ببێت بە حزبێکی چینایەتی‌و کرێکاری، ئیتر سـنوربەندی ئایدۆلۆژی‌و فکری بە بێ گۆڕینی پایەی چینایەتی تەنها وەکو جەرەیان‌و حزبێکی غەیرە کرێکاری لەپاڵ حزبو هێزەکـانی تـردا دەمـان هێڵێتەوە. ئەو کاتێك رەخنە لەوە دەگرێ نەیتوانیوە ئەو ئاڵوگۆرە چینایەتی‌یە لە خۆیدا پێك بهێنێ‌و شکستەکەی بەوە لێك دەداتــەوە دیارە بە هەمان دەرك‌و متدۆلۆژی‌یەوە لێکی دەداتەوە. هەڵبەتە لە کاتی جیابوونەوەکاندا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئـێران یـەکێك لەو پرسیارە واقعیانەی کە بەدروست تەرح دەکرا ئەوەبوو کەئایا ئەم حزبە بۆ نەیتوانی ئەم ئنتقال‌وئاڵوگۆرە بکات؟ بۆ نـەیتوانێ ببـێ بەحزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری،بۆ نەیتوانی ببێ بە بە مەیدانێك بۆ دەربرینی ناڕەزایەتی سۆشیالیسـتی کرێکـاران؟ ئەمـە پرسـیارێکی واقعی بوو زۆر جار تەرح دەکراو تا رادەیەکی زۆر بێ وەڵام دەمایەوە. هەتاکو دەوتـرا ئایا کـاتێك حزبمـان پێـك هێنـا ئایا هـەموومان هۆشیار بووین بەوەی کە دەبێ ئـەو ئـاڵوگۆرە لـە پایـەی چینایـەتی‌دا بکـەین ، یـاخود نەخشـەیەکی رۆشـنمان نـەبوو لـەو بارەیـەوە؟ ڕاستیەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌و دواتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران هەمیشـە ئـەوەیان دووپـات دەکـردەوە کـە دەبـێ حزبێکـی کۆمۆنیستی کرێکاری واقعی پێك بهێنرێ، ئەبێت حزبی مەوجود ئاڵوگۆر لە خۆیدا پێك بهێنێ‌و ببێت بە مـەیدانی دەربڕینـی ناڕەزایـەتی سۆشیالستی چینی کرێکار. ئەم حزبە سـەرەڕای ئـەم تەئکیدانـە لـەم کـارەدا شکسـتی خـواردو ئاکامـەکانی دەبینین‌وبەبەرچاوەوەیـە .بەڵام هێشتا ریشەکەی،هۆیە سەرەکیەکەی کە سەرەتا منیش دووپاتم کردەوە بە دروستی دیاری نەکراوە. بۆ ئـەوەی ئـەم مەسـەلەیە رۆشنتر دەربکەوێ باشترە کەمێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە

کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو رەوتێکی سیاسی دیاریکراو لە دڵی هەڵومەرجێکی سیاسی‌و تایبـەتدا سـەری هـەڵداو لـە دڵـی هەڵومـەرج‌و دەورەیەکی تردا بە بن بەستی خۆی گەیشتو هەردوو حزبەکەی بە شکست خواردوویی هاتنە دەر.

ئەم جەرەیانە سەرەتای سەرهەڵدان‌و شکڵ گرتنەکەی لە شۆڕشی جەماوەری ساڵی (1979)ەوە بوو. جەرەیانێکی چـەپی محـەلی بـوو، خۆی بە رادیکاڵ تر لە جەرەیانە چەپەکانی تر دەزانی‌و بۆساغکردنەوەی خۆی وەکو رەوتو جـەرەیانێکی مارکسیسـتی تـێ دەکۆشـا. بە تایبەتی بەو ئامانجە دەیویست کـە رەوتێکـی مارکسیسـتی بـێ، تـاکو شۆرشـگێڕبێ‌و لـە شۆرشـی سـاڵی 1979دا دەوری سـەرەکی بگێڕێ‌و ئەو شۆڕشە درێژە پێ بداتو بەسەرکەوتنی بگەیەنێ. ئەم جەرەیانە لێرەداو لە ژێر کاریگەری ئەم شۆڕشەدا شکڵی گرتو پێك

هات. بۆیە تایبەتمەندیەکی سەرەکی ئەو شۆرشگێڕێتی (ئنقلابی گەری)بوو. دیفاع لە شۆڕش، جا بە هەر فۆرمو قالبێکەوە کەئەو کات مەبەستیان بوو، هەوڵ بۆ درێژە پێدانی ، جیاکردنەوەی بەرەی دژی شۆرشو وەستانەوە لە دژیو رێگاگرتن لە دەسەلات پەیداکردنی کۆنەپەرستی سیاسی ئیسلامیو .........تاد ئەمانە باسەکانو تایبەتمەندی ئەم هێزە بوو. دیارە لەم هەلۆیستو باسانەداو بۆ عەمەلی کردنەوەیان دەیویست رادیکالترین ومارکسیترین باڵی چەپ بێوقوتبێکی رادیکاڵوچەپو یەکگرتوو پێك بهێنێ کە ئالای شۆڕشی بێ ووچان بەرز بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم جەرەیانە گەڕایەوە سەر مارکسیزمو تێزو ئیدەی مارکسیستی بە تایبەت دەربارەی شۆڕشو شۆرشگێڕێتی زیندووکردەوە. لەم گەڕانەوەیەدا مەسەلەی شۆڕش، حزبی شۆڕشگێر، ناوەرۆكو تایبەتمەندیەکانی شۆڕشی دیموکراتیكو......... تاد زۆر مەفاهیمو لێکدانەوەی تری مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی بە دەستەوە گرتو بۆ زاڵ کردنی لە دەروونی چەپدا تێکۆشا. ئەم جەرەیانە تا دەهات چەپتر، رادیکاڵ ترو شۆرشگێڕتر دەبوو، بەڵام لە ناوەڕۆكو کولیەتی خۆیدا شۆرشگێڕێتییەکەی لە چوارچێوەی شۆڕشگێریتی ووردە بۆرژوازی دەرنەدەچوو.

بە هەرحاڵ ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییە لە کاتی خۆیداو لە ناو بزووتنەوەی چەپی ئێراندا دەیخواردو سەرنج راکێش بوو. هەتاکو بۆ هێزێکی وەکو (کۆمەڵە)ش لە کوردستانی ئێراندا جالبو گرنگ بوو. لە هەلومەرجێکدا کە شۆڕشی ئێران خەریك بوو لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە خامۆش دەکرایەوە و سەرکوت دەکرا، کوردستانی ئێرانو دەسکەوتەکانی کۆمەڵە هێرشیان لەسەربوو، لەم هەلومەرجەدا (کۆمەڵە) رووی کردە ئەو هێزانەی دیفاع لە شۆرشو ئەم دەسکەوتانە دەکەن،هەرچەندبچوكوکەم هێزیش بووبن. کۆمەڵە خۆی هێزێکی کۆمەلایەتی بوو،خۆی بەهێزێکی چەپ دەزانیو بەهۆی ئەم تایبەتمەندیو بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە لەگەڵ خەتی سێی بزووتنەوەی چەپی ئێراندا بەیەك گەیشتن. لە بناغەدا تایبەتمەندی شۆڕشگێرێتی، کۆمەڵەو ئەو جەرەیانەی پێکەوە بە یەك گەیاندو هێزەکانی بە یەکەوە گرێ دانەوە. لە بناغەدا پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە درێژەی ئەم پێکگەیشتنو هاوکاریەدا، لە درێژەی خۆڕادیکاڵ کردنەوەو خۆساغکردنەوە بوو وەکو هێزوجەرەیانێکی مارکسیستی شۆڕشگێر. ئومێد وابوو کە ئەم یەکگرتنو پێکگەیشتنە ئەم جەرەیانە بکا بە تاکە قوتبی چەپی کۆمەڵگا، بە تایبەتی کاتێك پۆپۆلیزمی بزووتنەوەی چەپ تێك شکاو بە هۆی کاریگەریەکانی شۆڕشی ئێرانەوە لە مەیدان دەرچوو. ئەو کات دەیانووت تەنها قوتبێکی شۆڕشگێرو رادیکاڵ مابێ ئیمەینوهەر ئێمە وەکو هێزێکی شۆرشگێڕو رادیکاڵومارکسیست دەمێنینەوە. هەڵبەتە ئەم رەوتە خۆیشی هوشیار بوو بەوەی کە هێزێکی کۆمەلایەتی بە هێز نییە، ناتوانێت کاریگەری لەسەر رووداو ئاڵوگۆرەکان بە جددی دابنێو جلەویان بکات. بەڵام ئەمە بەلایەوە لاوەکیتر بوو. ئەصل ئەوە بوو هێزی چەپ یەکخات و وەکو سەنتەرێك کۆی بکاتەوەو رابەرایەتی بکاتو دواتر حزبێکی بۆ دروست بکات. لە هەنگاوی دواتردا بە تایبەتی کاتێك باوەڕی وابوو کە هێشتا شۆڕش درێژەی هەیەو سەرهەڵدەداتەوە، بە کۆمەڵگاو ئاڵوگۆڕەکانیو بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە گرێی بداتەوە. حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر بنەمای ئەم متدۆلۆژییەو لەسەر بنەمای ئەم باوەڕانە پێك هاتو ڕاگەیەنرا.

بەڵام ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووریەکانی ئێران بە بارێکی تردا رۆیشت.

جمهوری ئیسلامی شۆڕشی ئێرانی سەرکوتکرد، بزووتنەوەی کرێکاری پاشەکشەی پێکراو لە خوێن هەڵکێشرا، 30 خورداداو ئەمانە هاتنە پێشو فەزایەکی کۆنەپەرستانە زاڵ بوو.

ئەم جەرەیانە لەم هەلومەرجەدا دەستی لە ئالای شۆڕشگێرێتی ووردە بۆرژوازی خۆی بەرنەداو بە هەر قیمەتێك بووبێ، ـ کەدیارە زۆر قوربانیان داو زۆر کادرو هەڵسوڕاویان ئیعدام کراـ درێژە بە شۆڕش بدات. سەرکوتی شۆڕش، شەڕی ئێرانو عێراقو ئاڵوگۆڕەکانی، ئەم هێزەی لەو پەیوەندیانەیشی کە هەیبوو بە کۆمەڵگاوە دابڕیو کەنارەگیری کرد، تەنها پەیوەندیەکی بە کۆمەڵگاو ئاڵوگۆڕەکانیەوە کۆمەڵە بوو کە ئەویش تا دەهات لاوازو سست دەبوو.ئیتر شۆڕشو درێژەدان بە شۆڕش بێ ناوەڕۆكو بێمەسرەف بوو. لەم بڕگەیەدا ئەم جەرەیانە کەمێك بە خۆیدا چووەوەو بە خێرایی خۆی کۆکردەوە تاکو رادیکاڵ ببێتەوەو هەنگاوەکانی بۆ پێك هێنانی حزبی کۆمۆنیست خێراتر بکاتەوە، وە لە رێگەی ئەم حزبەوە ئەو دەستکەوتانەی بە دەستی هێناوە بیپارێزێ، تا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەورێکی شۆڕشگێرانە بگێرێ.

حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر بنەمای ئەو متدۆلۆژیەو ئەو باوەڕانە پێك هاتو ڕاگەیەنرا. هەر لە پێش پێکهاتنییەوەو دوای ئەوەش رۆشن بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێك ناکۆکیو گێروگرفتی گەورە رووبەڕووە، بەڵام بەو پلەیەی ئومێد وابوو کە شۆڕش سەرهەڵدەداتەوە،

جمهوری ئیسلامی روو له شکستو ڕووخانەو هەلومەرجی شۆرشگێرانە پێك دێ، ئەو ناکۆکیو گرفتانە هێور دەبوونەوەو بە بن بەست نەدەگە یشت.

کاتێك ئەم بزووتنەوەیە ئەو ئاسۆ سیاسیەی لەپێش خۆی داینابوو داخراو هەر چەشنە ئیدعایەکی رادیکالّوشۆڕشگێرانە بێ ناوەرۆکوبێ مەسرەف دەبوو،بەواقعی لەگەڵ بنبەستێکی واقعیو جددی بەرەو روو بوو. ناکۆکیە دەرونیەکان هەرچەندە بچوك بووبنو هیچ هاوتایەکی کۆمەڵایەتیان نەبووبێ، گەورەتر دەبوونو قوتبی دەبوونەوە. شکڵوشێوەی بەرەو پێش بردنی ئەو ناکۆکیانەش (کە لێرەدا باس لە ماهیەتیان ناکەم) توندو تیژو داخراو لە دەروونی ئەو حزبەدا بەرەو پێش دەچوو. ئەو حزبەو ئەو بزووتنەوەیە لە دەروونی خۆیدا دەربارەی رابردوو ، ئێستاو ئایندەی خۆی، لە رووی سیاسییەوە دابەش بوو.رەوتێکی سیاسی کە دواتر ناوی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە خۆیەوە گرت ، سەرلەنوێو بەشیوەیەکی تر ئەو جەرەیانەو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پێناسە کردەوە. دووبارە گەڕایەوە سەر مارکسیزمو پەنای بۆ بردەوە تاکو رێگا چارەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئەم رەوتە سیاسیە سەرکوتی یەکجارەکی شۆرش لە ئێران سەلماند. ئاماژەی کرد بە ئاڵوگۆڕە پایەییەکانەی بەسەر کۆمۆنیزمو چەپی دنیادا هاتووە، لەم برگەیەدا لە چوارچێوەی محلی دەرچوو، چووە سەر دنیای دەرەوەو دەربارەی ئاڵوگۆرەکانی قسەی کرد. لەسەر کۆمۆنیزم، چەپ، شۆرش، رادیکالیزمو حزبی کۆمۆنیستو.........تاد، بە پێناسەو تەعریفێکی ترەوە هاتە مەیدان. من لێرەدا ناچم ناو تەفصیلاتێکەوە کە ئەم جەرەیانە هێنای، کە حەتمەن زۆر دەسکەوتی نەزەریو مارکسیستی تێدابوو، بەڵام لە کولیەتی خۆیدا بۆ سەردەمی خۆی پیاچوونەوەیەکی رادیکالّو بەکەڵك بوو.

هاوکات لەگەڵ شکڵگرتنی ئەم رەوتە سیاسیەدا لە دەروونی حزبی کۆمۆنیستدا، کۆمەڵگای ئێران تا دەهات سست ترو پاسیفتر دەبوو. شەڕی ئێرانوعێراق کوردستانی گرتەوەو بە ناچاری پالی نا بەو حزبەوە تاکو لە ئۆردووگایەکدا جێنشین بێ. ژیانی ئۆردووگایی لە دەرەوەی ئێران هەرچی زیاتر ئەم حزبەی لە کۆمەڵگاو ئاڵوگۆرو ململانێ چینایەتی‌یەکان دوور خستەوە. زۆر شتی لەو حزبەدا گۆڕی ،هەتاکو ژیانی حزبی ئەو جەرەیانەی لە قاڵبدا. چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسكو ئایدۆلۆجی بۆ پێك دەهێنا. ئۆردووگا نشینیو ژیانی ئۆردووگایی بوو بە تایبەتمەندیەكو زۆر دەركو تێروانینو کێشمەکێشی خستە ژێر سێبەری خۆیەوە. بە تایبەتی دوای بێ ئاسۆیی لە خەباتی چەکدارانەدا لە کوردستانی ئێران کە بە هۆی شەڕی ئێران– عێراقەوە مەحدودیاتی جددی بۆ پێش هاتبوو، وەدوای ئەوەی ئەم شکڵە لە خەبات هۆیەكو رێگایەك نەبوو بۆ پەیدا کردنی شوێن پێیەكو گۆڕینی کۆمەڵگاو پاشەکشە کردن بە جمهوری ئیسلامی، ئیتر زۆربەی ریگاکان بۆ خۆ رادیکالّکردنەوە بەرووی ئەم حزبو جەرەیانەدا داخران. ئەوانەی کە تا دوێنێ پێویستیان بە پێناسە نەدەبوو، ئەوانەیش دەبوو پێناسە بکرێنەوە. کۆمەڵەش یەکێك لەو دیاردانە بوو. لەم پێناسە کردنەوانەدا ئەم رەوتە سیاسیە بە دروستی کۆمۆنیزمی پێناسە کردەوە، نیشانیدا کە کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکی ماددیو مەوزوعیە،بزووتنەوەو مەیلێکی کۆمەڵایەتی کرێکارانە، بە دروست لە کۆمۆنیزمو سۆشیالیزمی بۆرژوایی جیاکردەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەدا کاتێك دەهاتە سەر خۆیو پێناسەی داهاتووی دەیووت کە ئێمە(مەبەستی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو) دەبێت ببین بە بەشێك لەم بزووتنەوەیەو خۆمان لەگەڵیدا هەڵپێکین، لەبەرئەوەی لە دەروونیەوە نەهاتووین، دەبێت ئاڵوگۆر لە خۆماندا پێك بهێننو ئینتقالی چینایەتی بکەین، ئەمە تێزی سەرەکی بوو. هەڵبەتە زۆر باسو تێزی تر هەبوون، بەڵام ئەمە جەوهەرەکەی بوو، ئەم رەوتە کاتێك دەچووە سەر کۆمۆنیزمی واقعیو کرێکاری بە دروستی پێناسەی دەکرد، بەڵام کاتێك دەهاتە سەرخۆی دەچووەوە سەر هەمان تێزی رابووردوو کە لە سالی (1979)ەوە هێنا بووی، کە ئەویش ئاڵوگۆر لە خۆیداو خۆرادیکالّ کردنەوەی خۆی بوو. ئەمجارەیان لە شکلێکی تازەداو لەپەیوەند بە بزووتنەوەیەکەوە کە بە دروستی دیاری کردبوو. ئەم رەوتە سیاسیە لە بری ئەوەی راستەوخۆ بێتە پای وەڵامدانەوە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزووتنەوەیەکی ماددی و کۆمەڵایەتیو جێگاو رێگاکەی دیاری بکات، تایبەتمەندیەکانی نیشان بداتو دەورو ڕۆڵی لە بزوتنەوەی کرێکاریدا هەڵبسەنگێنێو.........تاد راستەوخۆ چووە سەر مەسائلی لاوەکی ترو کردی بە ئەصلی خۆییو ئەوانەی تر لاوەکی دەرچوون. کاتێك لە منصور حکمت دەپرسن تەیفی رادیکالّ– سۆشیالیست کە لە سیاسەتی رێکخستندا باس کراوە لە کوێدا وجودی هەیەو جێگاو رێگاکەی چیە؟ لە وەڵامدا بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی دایەوە ووتی لە کوردستاندا وجودو قوەتی ئەو تەیفە حاشا هەڵنەگرە. ئەگەر تەیفی رادیکالّ– سۆشیالیست بنەمایەکە بۆ سیاسەتی رێکخستنو پێك هێنانی حزب، ئیتر وجودی ئەو تەیفەو تایبەتمەندیەکانی، دەورونەخشو جێگاو رێگای رابووردووی، ئێستای، داهاتووی، لە

بزووتنەوەی کرێکاریدا، کەموکوریەکانی، ئنسجامی سیاسیو خەسڵەتە مارکسیستیەکەی ........تاد ئەمانە دەبن بە مەسائلی سەرەکیو دەبێ وەڵامی پێ بدرێتەوە. ئەمانە بێ وەڵام مانەوە، خودی ئەو قسە ئسپاتیانەی لەم بارەیەشەوە کراون لەچوارچێوەی ناکۆکیەکی دەروونی وتیژدا وون بوونو ئەسڵی قسە هاتە سەر ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران چۆن ئەگۆڕێ، کۆنگرەی چوارەم دەبێ چۆن ئاڵوگۆڕەکان یەکلایی بکاتەوەو.. تاد. بۆ وەڵامدانەوەی حزبیەتی سۆسیالیزمی کرێکاری ئەصل گۆڕینی ئەم حزبەو ئنتقالی چینایەتی بوو، بەم دەلیلەش ئەم رەوتە سیاسیە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە خۆی ناوو وەکو رەوتێکی دەروونی ئەو حزبە دەرکەوت.

کۆمۆنیزمی کرێکاریش لەبری ئەوەی بزووتنەوەیەکی ماددیو مەوزوعی بێ، سەرەنجام بوو بە رەوتێکی سیاسی دەروونی. ئیرەجی ئازەرین ئەو نمونەیە لەقسەکانی منصور حیکمەت– لەنامەیەکدا کە بۆ اصغرو نادر نووسیبووی– ئەهێنێتەوەو دەڵێت کاتێك لە مەنصوریان پرسیوە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کامانەیە؟ ئەو ووتویەتی بچن کاپیتال و ئایدۆلۆژی ئەڵمانی بخوێننەوەو ئەوانە قسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەمە وابوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەم وەڵامە تەعبیر بێت لەماهیەتو ناوەرۆکی ئەو رەوتە سیاسیەیە، بەڵگە هێنانەوەیەك بوو دژی نەیارێکی سیاسی، ئەمە هیچ کات تایبەتمەندی سەرەکیو پایەیی ئەو جەرەیانە نەبوو کەبەفعلیو بەواقعی بگەرێتەوە سەر ئەو باسە مارکسیستیانەو بیەوێت لەپراکتیکدا بیکات بە خۆهۆشیاریەکی سوسیالیستی کرێکاران. دیارە من ناڵێم نەگەراوەتەوە سەر مارکسیزمو بەئەصل وەری نەگرتووە، بەڵام ئەصل لای ئەو باسەکانی خۆی بوو. ئەو باسانەی بریاربوو هەمەلایەنە ئەو حزبە بگۆڕێ. مارکسیزم هیچ نەبوو جگە لە ئامرازێك بۆ ئەم ئاڵوگۆڕەو لە چوارچێوەی ئەو باسانەدا.

بەهەر حال من ئەڵێم کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو کۆمەڵێك باسو لێکدانەوەو تێروانینی دیاریکراو شکڵی گرتو لەبەرامبەر نەیارەکانیدا خۆی پێناسە کردو خۆی جیاکردەوە. کاتێك ناکۆکیە سیاسیە دەروونیەکان لە چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستدا قوڵ بوونەوەو جیابوونەوە روویدا، دەوترا کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حزبی کۆمۆنیست جیابووەتەوە!. دوای جیا بوونەوەش دووبارە ئەصل ئەوە نەبوو بەشی جیابووەوە راستەوخۆ لە جەرگەو لە بەستەری سۆشیالیزمی کرێکاریدا قەراربگرێو حزبیەتی کۆمۆنیستی حاصلو بەرهەمی پرۆسەیەکی ماددی ئەم مەیلوگرایشە بێ. بەڵکو ئەصل ئەوە بوو کە ئەو بەشەی جیابۆتەوە بچێت حزبی خۆی پێك بهێنێ. دوای یەك دوو کۆنفرانسو کۆمەڵێك باسی تازە! بە تایبەت باسی بنەماکانو ئاسۆکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چوون حزبێکیان پێك هێناو سەر لە نوێ پێناسەیەکی تریان کردەوە. کە دیارە لە درێژەی هەمان دەرك و متدۆلۆژی پێشوو بوو بەڵام لەهەلومەرجێکی جیاوازو لە شکڵو شێوەی تازەدا. هەتاکو درێژەی هەمان دەركو متدۆلۆژی بوو کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەری پێك هاتبوو. ئەو حزبە تازەیەش درێژەی هەمان پرۆسەو تەجروبە بوو. لە کاتی پێك هاتنی ئەم حزبەدا منصور حکمت بە رۆشنی ئەمەی دەربری کاتێك ووتی من خۆم بە گۆڕینی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە لە ماوەی دوو ساڵدا خەریك ناکەمو دەچم هەر راستەوخۆ ئینرژی خۆم بۆ پێك هێنانی حزبێکی تر تەرخان دەکەم. مەسەلەکە زۆر رۆشن بوو. ئەو رەوتە سیاسیە دەیویست ئینسجام بە خۆی بدا، رابەرایەتیەکی هەبێ، رێکخراوێکی سەربەخۆی هەبێ، بێ هیچ رێگرو کۆسپێك کارەکانی خۆی بەرەو پێش بەرێ. جەوهەرو کرۆکی حەرەکەتەکە ئەمە بوو تاکو ئەوەی وەڵام بە حزبیەتی سۆشیالیزمی کرێکاری بە تایبەتی لە ئێراندا بدرێتەوە. هەر خودی شکڵی جیا بوونەوەکەو رەوکردنی هێزەکە لە ئۆردووگاکانەوە بەرەو ئەوروپا ئەم پرۆسەیە بوو. بە بروای من هەتاکو جۆرێك بوو لە خۆ رزگارکردن لە بنبەستی ژیانی ئۆردووگایی.

ئەو هەوڵە بۆ خۆ دەربازکردن وای لێکرد بێ گوێدانە ئایندەو پاشەرۆژ رووبکاتە دنیای دەرەوەو لەو دنیا فراوانەدا هێزەکانی بڵاوبکاتەوە. بەڵام دیارە ئەمەش بە دەردی نەخواردو گرفتی زیاتری هێنا. هەتاکو خودی ئەو ئاڵوگۆڕو ئنتقالە چینایەتیەش هێندەی تر ناڕۆشنو نادیارتر بوو. کاتێك هاوڕێ رەزا مقدم دەڵێ بریار بوو ئەو ئینتقالە چینایەتیە بکاتو نەیکرد، راستیەکەی من لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەو حزبەدا سەرەداوێك بۆ ئەو ئاڵوگۆڕو ئینتیقالە بە رۆشنی شك نابەم.

ئەوەی هەبووە شتی گشتیو عام بووە. ئەو تایبەتمەندیو خصوصیاتانەی کە منصور حکمەتیش لە باسە تازەکەیدا (بنەماکانو ئاسۆکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری) هێناویەتی هەموو گشتینو ئیلتیقاتین..

ئەوە کە حزبی چینی کرێکاری ئێران چۆن دروست دەبێ، ئەم چینە چۆن دەستی دەگات بە حزبی خۆی، سۆشیالیزمی کرێکاری وەکو مەیلێكو بزووتنەوەیەکی دەروونی ئەم چینەو کۆمەڵگا چ جێگاو رێگایەکی هەیەو چۆن حزبی خۆی دروست دەکاو.. تاد ئەوانە هەروا

بێ وەلام مانەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کۆنگرەی یەکەم ئەمە بە ڕۆشنی بەدی دەکەین. ئەو بەڵگەنامانەی ئەم کۆنگرەیە پەسەندی کرد هەمووی باسە سەرەکیەکانی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو، سیاسەتی رێکخستنمان، ئاژیتاتۆرو ئاژیتاسیۆنو.. تاد.

هەموو ئەمانە باسەکانی منصور حكمەت بوونو بوون بە بنەمای سیاسیو هەویەتی ئەو حزبە. حزب لەسەر بنەمای ئەو باسانە دروست کرا، نەك لەسەر بنەمایەکی چینایەتی، نەك حاصلی تەفاعولو پێگەیشتنی گرایشێکی کۆمۆنیستی بێ کە وجودێکی واقعی هەیە.

## کۆمۆنیزمی کرێکاریو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

ئێستا ئەگەر بێینە سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە ڕۆشنی دەبینین کە هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئەم حزبە لە عێراق لەسەر بنەمای هەمان دەرکو تێڕوانین بوو، دیارە لە شکڵە خراپو فۆتۆکۆپیەکەیدا.

بێ ئەوەی دەربارەی مەیلی سۆشیالیزمی کرێکاری قسەیەکی ڕۆشن بکرێ، دەربارەی جێگاو ڕێگاکەی، تایبەتمەندیەکانی، دەورو نەخشی، رابەرانو هەڵسوڕاوانو شکڵی دەرکەوتنو ئاستی ئنسجامو رێکخراوبوونیو.. تاد، چوونە سەر پرۆسەی پێکهاتنی حزب لە پەیوەند بە رێکخراوە چەپەکانەوە. دیارە سەرەتا باس کرا لە پەیوەندی ئەم رێکخراوە چەپانەو مەیلی سۆشیالیستی کرێکارانو لە شکڵی کۆمەڵێك پرسیاردا هاتووچوو. بەلام زۆر زوو ئەمە پێچرایەوەو قسە هاتە سەر ئەوەی ئەم رێکخراوە چەپانە ناکۆکیەکان بخەنە لاوەو یەکبگرن. بە هەر قیمەتێك بێت روو بکەنە پێکهێنانی حزبو بە ئایندەیەکی نادیاری نەسپێرنو بە خێرایی اتحاد بکەن. دەوترا ئێوە (مەبەست لە رێکخراوە چەپەکان بوو) کۆمۆنیزمی کرێکاریتان قبووڵە، رابەرایەتیەکەی بە مەرجەعی خۆتان دەزانن و اختلافتان لەسەری نیە کەواتە هیچ گیروگرفتێکتان نیە بۆ پێکهێنانی حزب. ئەوەی کە بزووتنەوەی سۆشیالیزمی کرێکاری چ واقعیەتێکی هەیە، هێزی چەندە، بە چ ئەندازەیەك دەتوانێت حزبێکی بەهێزی هەبێ، لە درێژەی چ ئاڵوگۆڕێکی ماددیو عەمەلیدا بە حزب دەگات......تاد ئەمانە لەفەرهەنگی پێکهێنانی حزبو پرۆسەکەیدا مەسەلە نەبوون.

ئەمە یەکێك لە رەخنە پایەییەکانە. هەرکەسێك سۆراغی پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیست بکات، دەبێت وەکو بەشێك لە چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری واقعیەتی بزووتنەوەو چینەکەی دیاری بکات. ئەو رووبەڕووبوونەوەو ململانێیانەی پێشی پێ دەگرن هەڵبسەنگێنێو.. تاد.ئەمانە بە فەرامۆشی سپێردرانو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەسەر بنەمای باسەکان پێکهاتو ئەو باسانە بوو بە هەویەتو ناسنامەی!.

خاڵێکی گرنگی تر لە پەیوەند بە پێکهێنانی ئەم حزبەوە ئەو تێڕوانینو لێکدانەوەیە بوو بۆ هەلومەرجی سیاسی خرایە روو. ئەو تێڕوانینو لێکدانەوەیە زۆر کێشەو پرسیاری لەبیر بردەوەو سەرنجی کۆمۆنیستەکانی بە لاڕێدا برد.

قسەکە ئەوە بوو کە هەلومەرجی سیاسی بە خێرایی دەگۆڕێو بۆرژوازی بە قازانجی سەرکوتو استبداد ناجێگیری سیاسی یەکلادەکاتەوە، هەرچی زووە کۆمۆنیستەکان پەلە بکەن لە دامەزراندنی حزبێکدا تاکو توانای دیفاع لە خۆیان هەبێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تیا نەچێت، هەرچەند دواتر ئەم تێڕوانینە پێچەوانە بۆوە، بەلام ئەو کات ئەو نەتیجەیەی لێ گیرا کە ئەگەر ئەو حزبە بەپەلە دروست نەبێ هەرچی هەیە لەدەست دەچێ، هەتاکو بەشێکی زۆر پێی وابوو کە نەك هەر وجودی سیاسی، بەڵکو وجودی فیزیکیشی لەژێر پرسیاردایە. لەبەرئەوە دواتر کە ئەندامانو هەڵسوڕاوانی حزب بێ ئومێد بوون لەوەی کە پێکهاتووە، بەپەلە کەوتنە خۆکۆکردنەوەو چوون بۆ دەرەوەی عێراق.

ئەو دەرکە بۆ هەلومەرجی سیاسی، بۆ پەیوەندی پێکهێنانی حزب بەم هەلومەرجەوە من خۆم لە نووسینێکدا بە جۆرێك ئەو دەرکەم دووبارە کردەوە، بەلام ئێستا بە نادروستی دەزانمو دەبێ خۆمانی لێ لابدەین.. دیارە ئێمە دەبێ پەیوەندی حزب بە هەلومەرجی سیاسیو گۆڕینیەوە دروست دیاری بکەین، بەلام دەبێ ڕۆشن بێت ئەم پەیوەندیە ماددیە. هەروەك لینین دەڵێ ئەحزاب حاصڵو بەرهەمی پێگەیشتنو تەکامولی ماددیە. هەتاکو ئەوەی لینین باسی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی موحتەریف دەکات کە ئەرکی شەوو ڕۆژی رابەرایەتی کردنو خەت دان بێ بە چینی کرێکار مەسەلەیەکی ماددیەو زاتی نیە. دەبێ بزانین رێکخراوێکی لەم بابەتە چەند زەمینەی هەیە، چەند توانایی هەیەو پێویستیەکانی چەندەو.. تاد.

بەهەرحاڵ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەسەر ئەم دەرکو تێڕوانینەو لەم هەلومەرجەدا پێکهات، گرفتو کێشەکانیشی هەر لە خودی ئەم پایەیەوە سەرچاوەی گرت بوو. وەختێك بچینەوە سەر برگەی پلینۆمی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی لە ژیانی ئەم حزبەدا کە خەریك بوو هەڵدەوەشایەوە دەبینین کە ئەو کاتە منصور حکمت رەخنە لە رێکخراوە چەپەکان دەگرێ، رەخنە لە کەسەکانو رابەرو هەڵسووڕاوەکان دەگرێ. رووی رەخنەکەی ناکاتە مەحفەلیزم وەکو سونەتێکی چینایەتی غەیرە کرێکاری، وەکو تەقلیدێکی بێگانە بە وجودو ژیانو کاروکردەوەی سۆشیالیزمی کرێکاری، ئەو بە توندی هەڵدەکوتێتە سەر ئەشخاصو دەوری ئەوانو رێگاچارەش بە ئەشخاصو کەسانێکەوە گرێ دەداتەوە کە دیفاع بە هەر قیمەتێك بووە لە حزب بکەن! دیارە ئەو حزبی لە هەڵوەشانەوە رزگار کرد. بەڵام لە دوا شیکردنەوەدا بەجیا لە بەستەرو مەیدانی چینایەتی خۆی. حزبی یەکخستو توانی یەکێتیی رابەرایەتییەکەی بپارێزێو انسجامی پێ بداو سەرەوەو خوارەوەی پێکەوە گرێ بداتەوە، بەڵام پەیوەندی ئەم حزبەی بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە بە دەست لێ نەدراویو بگرە لەوەش خراپتر هێشتەوە. بۆ نموونە دەورو نەخشی تێکدەرانەی ئەم حزبە لە یەکێتیی بێکارانداو سەرەنجام دووکەرت بوونی، دەوری ئەو لە پەرتەوازەکردنی پایەو ماتەریاڵی ئەصڵی خۆیدا ئەمانە زۆر مەسەلە نەبوو. گرنگ حزبو بینای حزب بوو. دیارە ئەویش بەجیا لەو بزووتنەوەیەو تەنها بەمانا تەشکیلاتییە بەرتەسکەکەی.

ئێمە زۆرجار کە دەکەوتینە ناکۆکی جددی لەگەڵ رابەرایەتی رەسمی حزبدا یەك تێزێکی سەرەکیمان هەبوو ئەویش ئەوە بوو ئەمانوت هەمیشە رەخنەکان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق تەقلیدو سونەتی لە رەخنە بەدوور گرتووە یان لێی دەرکردووە. لەبری ئەمە رواڵەتەکانی، دیاردە لاوەکییەکانو لایەنەکانیتر کەوتونەتەوە بەر رەخنە. بۆیە بە ئەرکی خۆمان دەزانی رووی رەخنەکەمان بکەینە سونەت وتەقالیدەکان ئەویش بەمانای سونەتو تەقالیدی بزووتنەوەی چەپی غەیرە کرێکاری.

به هەرحاڵ بگەڕێمەوە سەر ئەصلی باسەکە. من سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیست لە عێراق هیچ کات برپارێکی وا یاخود هەتاکو دەرکێکی رۆشن بۆ ئەوەی حزبی پێکهاتوو لە پرۆسەیەکداو بەبێ نەخشەیەك ئاڵوگۆڕو ئنتقالێکی چینایەتی بکات نەبینیوە. هەڵبەتە زۆر دەربارەی رێکخستنەکانی شوێن کارو ژیان قسە کراوەو بڕیار نامەش بووە بەڵام ئەمانە دەربارەی ئەوە بووە ئەو حزبە هێزەکانی لە شوێنی کارو ژیاندا بێ، نەك تەبدیل بێت بە حزبی چینی کرێکار. بەڵام هەتاکو ئەگەر بڕیار ونەخشەش هەبووبێ، کاتێك دەهاتینە سەر مەیدانی عەمەلی کە پەیوەندی بوو بە کرێکارو بزوتنەوەی کرێکارییەوە لەگەڵ رێگری زۆر جددی رووبەروو دەبووینەوە. لە بناغەدا ئەو دەرکو تێروانینە سەبارەت بە حزبیەت رێگری هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی ئەم حزبە بوو. هەوڵ زۆر بوو چ لەناوەوەی ئەم حزبەو چ لە دەرەوەی بەڵام چونکە ئەو چوارچێوەیەی نەبڕی بێ ئەنجامو بێ سەمەر مایەوە.

لە ئاکامی ئەم شکستو بێ ئاکامییەداو لەسەر بنەمای ئەوە بوو کە باسەکانی کورشو رەحمان (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق: مەیدانەکانو ئاسۆکان) هاتە ناوەو زۆر مەکتەبیو عەقیدەتیانە لێکدانەوەی دەربارەی حزب خستە روو. قسەکە لەسەر هیچ ئاڵوگۆڕێکی ماددی نەبوو، بەڵکو لەسەر جیاوازی تێروانینو لێکدانەوەکان بوو دەربارەی کۆمۆنیزمی کرێکاری. گوایە هەموو وەکو یەك لێی حاڵی نەبووین، لێکدانەوەمان جیاوازە، سونەتمان جیاوازە. هەتاکو کە باس دەکرا لە لێکدانەوەو سونەتی جیواز لە پەیوەند بە بزووتنەوەو مەیلی کۆمەڵایەتییەوە نەبوو، بەڵکو هەر تەنها لە دەروونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا بوو.

به هەرحاڵ وەکو رۆشنە حزبی کۆمۆنیست لە عێراق، وەکو هاورێ ئەحمەد باسی کرد، نمونەیەکی زۆر موشەخەس ترو بەرجەستە ترە لە شکستی ئەو دەرکو تێروانینە بۆ حزبەکانو پەیوەندیان بە جەرەیانو مەیلە کۆمەڵایەتیەکانەوە. شکستەکانی حزبی ناوبراو، بەو هۆیەوە لە کۆمەڵگایەکی کراوەو پڕ ئاڵوگۆڕدا بووە، زۆر لە پێش حزبی ئێرانەوە دەرکەوتو خۆی نواند. بە رۆشنی دیار بوو هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە کە ئەم حزبە بەرەو شکست مل دەنێو بە تەواوی خەریکە لێی نزیك دەبێتەوە. بەم دەلیلە هەوڵو تەقەلاکان بۆ پێش پێگرتنی گورو تینی پەیدا کرد. اختلافاتو ناکۆکی بە قووڵی سەری هەڵداو قوتبی بوونەوە. ئالێرەدا بوو وە بۆ یەکەم جار باس هاتە سەر ئنتقالی ئەم حزبە بۆ حزبێکی کرێکاری، بۆ حزبی گرایشی کۆمۆنیزمی کرێکاری. موخالفینی حزب ئەم باسەیان هێنایە ناوەوە. باسیان کرد لە جۆری ئەم ئنتقالو ئاڵوگۆڕەو بنەماکانی، بەڵام زۆر جار ئەم ناکۆکیانە لە چاچێوەی تەشکیلاتیدا بووە، لاوەکی تر بۆتەوەو مەسائلی تر بووە بە ئەصل. ئەو ناکۆکیو ئختلافاتە دەروونیانەش بە پێی هەمان سونەتو تەقلید کە رەوتی کرمۆنیزمی کرێکاری هێنابووی بەرەو پێش چووە، چ سەرهەڵدانیو چ قووتبی بوونەوەیوشکڵی بردنە پێشو تەنانەت یەکلایکردنەوەو

چارەسەرکردنی هەمووی بە گشتی هەر لە چوارچێوەی هەمان دەرکو تێروانیندا بـووە کـە کۆمۆنـیزمی کرێکـاری بـۆ حـزبو ئـاڵوگۆڕی حزبی هەیبووە. دیارە جیابوونەوەش لە حزبی عێراق هەر دیسانەوە ئەم کاریگەریانە بە سەریدا زاڵ بووە. کاتێك لە جیـا بوونـەوەکانو ناکۆکیو کێشمەکێشـەکانی نـاو حزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری ئـێرانیش وورد دەبینـەوە، دەبینـین هێشـتا لـە چوارچێـوەی باسـەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریو لێکدانەوەو تیۆرو دەرکـەکانی دایـەو بـە جـددی تـیّ نەپـەڕاندووە. هـەموو ئـەو بەڵگـە نامانـەی لـەم بارەیـەوە بڵاوبوونەتەوەو بەرچاوی ئێمە کەوتووە نەچۆتە سەر ڕیشەی ئەصلیو پایەیی شکستی تەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاری. هەڵبەتە ئـەو هاوڕێیانەش هەر دەبێ بچنە سەر گرێ ئەصلییەکە. پێویستە ئەو لێکدانەوەو میتۆدو دەرکە بۆ حزبیەتی کۆمۆنیستیو بۆ پێك هێنـانی ئەو مۆدیلە لە حزبی کۆمۆنیستی بگۆڕنو ڕەخنەی لیّ بگرن.

وەختێك هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین کەم ڕەنگ بوونەوەی مارکسیزم دەکات بە بنەماو هۆیەکی سەرەکی شکست، ڕۆشنە کـە لـە سـنورو چوارچێوەی متدۆلۆژی رابووردوو دەرنەچووە. ناکرێ ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکیو پایەییانە بۆ ئەو مەسەلە مەعریفەتیـیە بگێردرێتـەوە. هەڵبەتە یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی تەجروبەی ئەم جەرەیانە مارکسیزمەکەی بووە، جائیتر تۆخ یان کـەم ڕەنـگ بووبـێ. ئـەم ڕەوتـە مارکسیستە کاتێك باوەشی کردبێ بە مەسائلی نەزەریدا چ بەرامبەر بە نەیارانی خۆی چ بەرامبـەر بـە دنیـای دەرەوەی، دەسـکەوتی هەبووە. زۆر تێروانینومەفاهیمی مارکسیستی ڕۆشن کردۆتەوەو کردوویەتی بە هێڵی بەرنامـەیی. ئـەو هێڵـە سـەرەکیانە بـە بـڕوای مـن دروستنو (کما کان) دەست دەدات تاکو هێڵی بەرنامەیی هەر هێزێکی کۆمۆنیستیو کرێکاری بێت.

بە هەر حاڵ ئەم تێروانینە شتێکی غەریبو چاوەڕوان نـەکراو نییـە، کـاتێك ئێمـەش لـە حزبـی عـێراق جیابووینـەوە، هەرچـەندە زۆر باسو تێزی دروستمان هێنا سەبارەت بەو حزبە، سەبارەت بە پەیوەندی ئەم حزبە بە هەلو مـەرجی سیاسـیو ئاسـۆی سیاسـییەوە، دەربارەی تەقالیدو شێوەکارەکانیو مەحفەلیزمو...... تاد بەلام بە پیّی پێویست نەچووبووینە سەر تێکـرای دیاردەکـەو تەجروبەکـە. دیارە ئەوان ئێستا نەچوونەتە سـەر کـولی ئـەو دیاردەیـەو داری دارسـتانەکان خەریکـە هـەموو دارسـتانەکەیان لیّ وون دەکـاو لـەبیریان دەباتەوە.

لە کۆتاییدا من جگە لە هەڵسەنگاندنی ئەم تەجروبە عەمەلییە، لەباری نەزەریەوە بە پێویستی دەزانم خاڵێك دەربارەی تیـۆرو پراکتیـك باس بکەم. دیارە لەم جەرەیانەدا پـەیوەندی تیـۆرو پراکتیـك ئشـکالی واقعـی تێدایـە. کـاتێك منصـور حکمـت لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا پێناسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات لە نوسراوی (جیاوازیەکانمان)دا دەڵێت کە کۆمۆنیزمی کرێکاری، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، مەکتەبێکی فکرییەو بە چەند شتێکی تریش پێناسەی دەکات. لێرەدا تیۆرو پراکتیك لـە یـەك جیـا ناکاتـەوە وبـە یـەك شـت تـەعریفی دەکات. دروستە کە مارکسیزم لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا وەکو بزووتنەوەیەکی ماددی ئاوێزان بـووەو مورشـیدە عەمەلیەکەیـەتی، بەڵام ئەمە هۆیەك نییە بۆ جیانەکردنەوەی تیۆر لە پراکتیك. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا مەسەلەکە بە جۆرێکـی تـر بـوو. کۆمۆنـیزمو مارکسـیزم بـە ڕۆشـنی دیـاری دەکـرانو جیـاش دەکرانـەوە لەیـەك. بـەڵام لـە تەجروبـەی کۆمۆنـیزمی کرێکـاریدا ئـەم جیاکردنـــەوەو پەیوەندییـە دیالکتێکییـە وجـودی نـەبووە. لـە بناغـەدا (پراکتیـك) زەعیـف تریـن ئەڵقـە بـووە لـە سیسـتمی سیاسـیو فکـــری ئـــەو جەرەیانەدا. ئەوەی ووتراوەو کراوەو وجودی بووە هەم وەکو پراکتیك هەم وەکو تیۆر پێناسە کراوە.

هەر لێرەوە کاتێك گەڕایەوە سەر مارکسیزم وەکو مورشـیدی پراکتیکی کرێکـارانی سۆسیالیسـت، مورشـیدی ئـەصلی سوسـیالیزمی کرێکاری بۆی ئەصل نەبووە، وە ئەمە تایبەتمەندی سەرەکی ئەم جەرەیانە نەبووە.بە پێچەوانـەوە باسـەکانی خـۆی بـێ ئـەملاو ئـەولا وەکو باسـی مارکسیسـتی هاوچـەرخ خسـتۆتە ڕوو. منصـور حکمـت لەنوسـینی (لـە کۆتـایی دەورەیـەکدا) لەمـەش واوەتـر دەچـێو کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها بە وجودی خۆیانو پەیڕەوانی ئەو باسانە پێناسە دەکات. ئەو لەو نوسـینەدا بـە ڕۆشـنی دەڵێـت کـە دوای ئەو هێرشە گەورەیە بۆ سەر کۆمۆنیزمو مارکسیزم ئەگـەر ئێمـە وجودمـان نەبوایـەو دیفاعمـان نەکردایـە وەکـو ئـەوە وابـوو ئـەم گـۆی زەوییە بە بۆمبایەك لە نێو چووبێو ژیان سەر لە نوێ تیایدا دەستی پیّبکردایەتەوە.بە ڕۆشنی ووتی کەئێمە هەرچەندە بچوکین بەڵام نوتفەی ژیانی کۆمۆنیزمینو ئەم حەرەکەتە لە ئێمەوە دەست پیّ دەکا!

دیارە ئەم لێکدانەوەیە جگە لە نادروستی یەکەی سەر لیّ تێکدەرو شێواویش بـوو. هیـچ پەیوەندییـەکی بـە دنیـای واقعیـەوە نـەبوو. ڕەنگە ئەم قسانە بۆ کۆمۆنیستەکانی کوردستان بەدەلیلی نەخوێندەوارییو بێ ئیتلاعیان مەسرەفێکی هەبووبێ، بەڵام لە دنیادا زۆر بێ

مەسرەف بووە. زۆر کەس‌و هێزو لایەنی‌تر هەبووە لە دنیادا دیفاعی لە کۆمۆنیزم‌و مارکسیزم کردووەو دەستی پێوە گرتووەو گەراوەتەوە سەری.

بە هەرحاڵ پێناسەکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو باسەکان‌و وجودی خۆیان لەو باسەدا رەسمیەتی وەرگرت. ئەم دەرکە سایەی کردو بەسەر گشت بزوتنەوەکەدا زاڵ بوو. سەرەتای رەسمیەت دانیش بوو بە شکستی دەرک‌و متدۆلۆژی ئینتقالی چینایەتی.

من تائەم برگەیە قسەکانم کۆتایی پێ دێنم‌و لەدوا قسەکانمدا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێویستە ئێمە لەم بارەیەوە قسەو باسەکانمان موشەخەس تر بکەینەوە، بە بەڵگەو سەنەدو دۆکیۆمێنتی تایبەتەوە هەڵی بسەنگێنین. ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگە تاکو بتوانین خەت بە هەموو ئەم بزوتنەوەو رەوەندە تازەیە بدەین کە دەستی پێکردووە. ئاسۆیەکی رۆشن بخەینە روو تاکو هەموو ئەوانەی دەیانەوێ دەستیان بگات بە حزبیەتی واقعی کۆمۆنیستی بە دەوریدا کۆببنەوە.

* * *

## بەشی ئەخیری قسەکانی هاورێ ئەحمەد معین:

هاورێیان:

ئێمە بە درێژایی قسەکانمان ئەو رۆژەش باسی ئەوەمان کرد کە دەس راگەیشتن بە فۆرمۆلبەندیەکی گشتی‌و هاوبەش وە یا بە تەعبیرو لێکدانەوەیەکی چوون یەك لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، لێکدانەوەیەك کە تەعبیر بێت لە جەوهەری ترین تێبینی‌و جیاوازی‌و رەخنەی ئێمە، بە تایبەتی لە بواری دەرکی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌و تێروانینی لەسەر تەحەزوب، بەتایبەتی بۆ رێکخراوی ئێمە کە ناوەرۆکی هەڵسوڕانی ئێستای بریتی‌یە لە فەراهەم کردنی پێویستی‌یەکانی حیزبیەت دان بە کۆمۆنیزم لە عیراقدا، ئەهمیەتێکی حەیاتی‌و جەوهەری هەیە.

لە چواچێوەی قسەوباسەکانماندا ئیشارەم پێ کرد کە جیاوازی ئێمە لەگەڵ جەرەیانی کومۆنیزمی کرێکاریدا لە چوارچێوەی جیاوازیە لەبواری تیوری‌و مارکسیزمدا نەك رەخنە لە ئاست تاکتیك و سیاسەت بەگشتی. ئێمە رەخنەی جەوهەریمان هەیە لە جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبواری مەسائیلی پایەیی‌و نەزەری و دەرکی ئەوان لەسەر مارکسیزم‌و مەسەلە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. بەو پێیە ئێمە جیاوازی بنەڕەتیمان هەیە لەگەڵ ئەو جەرەیانەدا.

بەو مانایە ئێمە وەکو کۆمۆنیستی هاوچەرخی ئەمڕۆ، نەك وەکو کۆمۆنیستێك کە جیاوازیمان هەبێ سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی‌عێراق، رەخنە لەو جەرەیانە ئەگرین نەك تەنها لە پەیوەند بەشکستی ئەو تەجروبەیە لە عێراقداو بەو پێیەش لێکدانەوەی جیاوازیمان‌و بەیانی نەزەری ئیسپاتیمان لەو رووەوە کۆمەك ئەکا بەساغ بوونەوەو شکڵ گیری جەرەیانێکی سیاسی کۆمۆنیستی‌و مارکسی فعال لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، چ لە رووی تیوری‌و چ لە رووی کۆمەڵایەتی‌یەوە، لە رووی فکری‌و لەرووی پراکتیکی عملی‌یەوە.

لێکدانەوەیەکی وا ئەبێ پێشەکی لە موقعیەتی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری‌و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەمڕۆوە دەست بداتە ئەو کارەو ئێمە لانی کەم فەرزەکەمان لەسەر ئەوەیە نەك تەنها مانەوە لە موقعیەتی پێداگرتن لەسەر شکستی ئەو تەجروبەیە لە عێراقدا، یا لەوەش خراپتر لە فەترەیەکی سیاسی لە عێراقدا.

دیارە بۆ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی رەخنەکانمان لەسەر ئەو تەجروبەیە لە عێراقدا، لە دەست پێکردنی رەخنەو جیاوازیەکانیشمانەوە لەگەڵ حککع دەست پێ ناکەین، یا ئەوە ناکەین بە جەوهەری رەخنەکانمان، چونکە بە رای من ئەوانە مەسائیلی فەرعی‌و لاوەکین‌و هەروەها ئەو میتودە سێبەر ئەخاتە سەر ئەصڵی رەخنەو جیاوازیەکانی ئێستامان. هەر لەو روانگە پێشڕەوەوە ئەتوانین بڵێین کە کۆمۆنیزمی کرێکاری جەرەیانێکی جیهان سێیەمی بوو. خاڵی لێوە هەستانی مێژوویی ئەم جەرەیانە بریتی نەبوو لە فەراهەم کردنی پێداویستی‌یەکانی بوژاندنەوەی سۆسیالیزم لەئاستی جیهانیدا لە بواری فکری‌و سیاسی‌و تیوریدا.ئەوە روکنێکی ئەساسی میتودلوجی رەخنەگرانەی ئێمەیە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری. هەر بۆیە نەوعی مەشغەلەکانی، قۆناغە حاسمەکانی ژیان‌و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم جەرەیانە، ئەولەویەتەکانی، شێوەو سوننەتی هەڵسوڕانی، دەرگیری لە مەیدانی جدالی سیاسی‌و فکری‌دا....و هتد، بە رۆشنی ئەو خەسڵەتە لەخۆی نیشان ئەدات. واتە خەسڵەتی سەرقاڵ بوون بە کێشەکانی ((بزووتنەوەی کۆمۆنیستی)) لە محدودەی وڵاتان‌و تەجروبەکانی جیهانی سێیەم. هەر بەو پێیە، بۆ نموونە، رەخنەی ئەم جەرەیانە لە بنەڕەتدا مەحدود بووە بە مکاتب و جەرەیاناتی

غەیرە کۆمۆنیستیو غەیرە کرێکاری زاڵ لە جیهانی سێیەمدا. لە رەخنە لە رەوتە سۆسیالیزمە بۆرژوازییەکاندا خەریکی سنوور دانانو خۆجیاکردنەوەو بەرامبەرکێ بوون لەگەڵ جەرەیاناتی محلیو (مەنتقەیی) نەك چوونە پای شەڕی جەرەیاناتی (دایك)و ئەسڵیو پایەداری سۆسیالیزمی بۆرژوازی کە رێگری بەردەم بوژانەوەی کۆمۆنیزمن لە وڵاتانی سەرمایەداری غەربو (میترۆپۆل )دا.

لە دەرگیریو مەشغەلە سیاسیو عملیەکانیشدا هەمان خەسڵەت دووبارە دەبێتەوە. تەبلیغاتو مەشغەلەی سیاسی زۆرو چڕوپڕ لە بواری مەسەلەی میللیو مەسەلەی کورد بە تایبەتی، بەرانبەرکێ لەگەڵ ئیسلامو جەرەیاناتی دینی ئیسلامیو...هتد بوون بە مەشغەلەی سەرەکی جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بە هەرحاڵ گەر قسەکانم کورت بکەمەوە ئەڵێم، شکستی کۆمۆنیزمی کرێکاری، لە جەوهەردا شکستی تەجروبەیەکی تایبەت نیە، چونکە گەر ئەم تەجروبەیە لە ئەفغانستان یا بەرازیل یا کەنەداش بوایەویا ئەحزاب لەسەر بنەمای ئەو دەرکە پێك بهاتایە، هەر شکستی دەخوارد. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە شکستەکەی حەتمی دەبوو، بەڵکو شکستی ئەو نەزەریەو دەرکە لە کۆمۆنیزمو مارکسیزمو بینای ئەحزاب حەتمی دەبوو، واتە شکستی دکترینی ئینتیقالی چینایەتی کە پێشتر بە دوورو درێژی قسەمان لەسەر کرد. چونکە ئەو جەرەیانە لە چوارچێوەی باسی دوو قوتب پێکهات. دەرکێك کە کورتەکەی ئەوە بوو کە لەلایەکەوە کۆمۆنیزمێکی رادیکال هەیە کە لە بەرێکی کۆمەڵدا وەستاوەو لەوبەرەکەشی کۆمۆنیزمی دەروونی چینی کرێکار هەیە. هەدەفەکەشی حەرەکەت بوو لە قوتبی یەکەمەوە بۆ قوتبی دووەمو جێ گرتن تیایدا. جەوهەری هەڵسوڕان بۆ بینای حیزب ئەوە نەبوو هەر لەسەرەتاوە لە قوتبی دووەمەوە، واتە لە هەمان حەرەکەتی کۆمۆنیستی کۆمەڵایەتی قائم بە ذاتە دەست پێ بکات. ئەوەی لە عێراقدا پێی وترا دامەزراندنی حککع لە واقیعدا تەجروبەیەکی لەوەش محدودترو بێرەبتر بە سۆسیالیزمی کرێکارییەوە بوو.

لە مقابلدا ئێمە پێمان وایە نوقتە عەزیمەتو دەست پێ کردنو هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، بریتییە لە تەحەروك لەسەر پایەو لە دڵی هەمان حەرەکەتەوە.

یالانی کەم تەحەروك شان بە شانی ئەو حەرەکەتە فیعلیو موجودە (جا ئەویان چەند زەعیفە، چەند ناکامڵە، نا پوختەیەو..) ئەوە باسێکی ترەو ئەبی حەتمەن بۆ دیاری کردنی ئەرکو ئەولەویاتو جیاکردنەوەی ئامانجی ممکنو مەتلوب قسەیان لەسەر بکرێ). یا حەرەکەت بە پێی پیویستیەکانی گەشەدانو پەرەدان بەو.

دوورکەوتنەوە وفاصلەدانان لەگەڵ ئەم دەرکەی ئەخیردا بوو کە (حککع )ی لە پرۆسەیەکی چەندساڵەی کەمدا کرد بە حیزبی محکوم کردنو نمونەی حیزبی (صیدلی)و چیوچی بە قەولی خودی خۆیان واتەتعریفی وەکوو دیاردەیەك کە عیلاجی هەموو دەردێکی پێیە کەدیارە تەصویرێکی سحریو میتافیزیکیشە.

ئەو دەرکە پایەو سەرەتای دەرکێکی بە هەمان ئەندازە سەروو چینایەتیوزهنیو درخودیش بوو لەسەر دیاریکردنی ئەرکی سیاسیو سوونەتی هەڵسورانی عملی. دەرکێك کە هەمان حیزب ئەکا بە زاهرەیەکی دابڕاو وبێپەیوەند بە چینی کریکارو ئالووگۆڕەکانی کۆمەڵو شۆڕش کردنو گۆڕینی کۆمەڵو کاریگەری دانان لەسەر رەوەندەکانیکۆمەڵو کێشمەکێشەکان، لە ئەرکی چینە کۆمەڵایەتیەکانو خەباتی چینایەتیو هەڵسووڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دائەبرێو ئەیکا بە وەزیفەی پیرۆزی ئەحزابی سیاسی. بەو پێیە ئەحزابی کۆمۆنیست لە بەشی رێکخراوی حەرەکەیەکی کۆمەڵایەتیەوە دەبن بە فیرقەیەك لە رزگارکەرانو فریشتەی دابەزیوو پەیام هینەرانی ئازادیو رزگاریو ژێرەوژوور کردنی هەموو جۆرە زوڵمو چەوسانەوەو جیاوازیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا وەختێ دەڕوانینە مەیدانی پراتیك لە ژیانی بزووتنەوەی کرێکاریدا واتە پراتیك بە مانای هەڵسورانی عملی لە ئاستە کۆمەڵایەتیەکەیدا دەبینین لە حەیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، وەکو حەرەکەتی هەمیشەییو داخلی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداریو مجتمعی بورژوازی، مقولەو عنصرێکی ئەساسیە بەڵام موقعیەتی پراتیك لە دەزگای سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بە مانای ئەو جەرەیانە دیاریکراوەی مەبەستمانە کەمترین و زەعیف ترین جێگای هەیە. هەر بۆیە ئیتر محکوم کردنی ئەدەبی وئیعلامیو دانە بەر رێژنەی فاکسو تەبلیغات دەبێ بە میحوەری ئەو جۆرە هەڵسورانەو بە ناچار دەبێ بە وەسیلەی ئەصلی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ.

ئیتر فکرو تیوریو بەرنامە کە فاکتەری مساعدن بۆ تقویەت کردنی حەرەکەتێکی قائم بە زاتو لەوەوپێش موجود، دەبن بە مەقولاتێکی خۆبەخۆو سەربەخۆ بۆیە بۆ ئێمە ئەو مقولاتە بە گشتیوبۆ سەرجەم هەڵسوراوانی کۆمۆنیست بە مانای تایبەتی وشەکە بە

پەیوەندو لەجەرگەی خەباتی چینایەتی لە ئاستی گشت کۆمەڵداو بە پەیوەست بوون لەگەڵ بزووتنەوەیەکی مەوزوعی کۆمۆنیستی لە ناوچینی کرێکاردا مانا پەیدا دەکەن. حیزبیەتیش وەکوو مەیدانێك بۆ رێکخستنی هەمان حەرەکەت مەترەح دەبن. جا تەحەزوب پێدان چ وەکوو هەنگاوی یەکەمیو بە مانای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەو پایەیەو چ هەڵسورانی لەوەودوای، هەردوکیان لای ئێمە پەیرەوی لە هەمان دەرك ومیتۆد ئەکەنو ملکەچی هەمان قانونن .

هەڵسورانی سیاسی کۆمۆنیستی، بەو مانایە یانی ئالوگۆرپێدانی کۆمەڵ لە رێگەی خەباتی چینایەتیو ڕاگرتنی مەیلو حەرەکەی کۆمۆنیستی لەناو جەرگە ومیحوەری بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمەڵداو فەراهەم کردنی پێویستی گەشەی هەمیشەیی ئەو حەرەکەتە قۆناغ بە قۆناغ.

هەر بە پەیوەند بەویشەوە ئەرکەکانی جەرەیانێکی کومونیست، لە مەیدانی خەباتی فکریدا، لەگەڵ رەوتو مکاتبو جەرەیانەکان، ئەولەویاتەکان لەو رووەوە، شفاف تر دیاری دەکرێن. بۆ نمونە وەختێك لەپەیوەندی بە عێراقەوە بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ رەوتە فکرییەکانی دەروونی چینی کرێکار قسە دەکەی، بەئاشکرا بۆت دەردەکەوێ کە لیبرالیزم جەرەیانێکی ریشەدار نییە، بەڵام بۆ ناسیونالیزم وانییەو حەرەکەتێکی ریشەدارترەو پایەی لەناو چینی کرێکاری عێراقدا بەهێزترە. هەر بۆیە بە هێز کردنی جێگەو شوینی بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتیو راگرتنی سۆسیالیزمی کرێکاری بە تایبەتی وەکوو رابەرو لە پێشەوەی چینی کرێکارو هەموو خەڵکی عیراق، پیویستی بە ئەنجامدانی رەخنە گرتنێکی سۆسیالیستییە لەناسیونالیزم لە هەموو رووەکانیەوە. ئەوە هەڵبژاردنێکی زهنی نییە بەڵکوو دیاری کردنی ئەرکێکە لە پەیوەند بە بارودۆخی دیاریکراوی چینی کرێکاری عیراقەوە.

لە کۆتایی قسەکاندا وەکوو بەرەنجامێکی گشتی پێم باشە بڵێم :ئەبێ حەرەکەتی ئێمە هەر لە ئێستاوەو لە هەنگاوی یەکەمەوە جۆش بخوا لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی دەرکەوتنی بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری وپرڕەنگ کردنەوەی مارکسیزم وەکوو تیۆری هەمان بزووتنەوە . هەر بەو پێیەش وا فەرز دەکەین کە ئێمە نوێنەرانی ئەو حەرەکەتە ئەنتەرناسیونالیستییەین و لە عیراق دا ئەرکی عملیو سیاسی دیاریکراوترمان پێ سپێردراوە.

ئەبی بەو دەرکەوە بچینە سۆراغی تشکیلی حیزبو فعالیەتی کومونیستی. واتە هەر لە سەرەتاوە ئاوێزان بین لەگەڵ مەزاهری جۆراوجۆری ئەو حەرەکەتە لەعیراقدا .دیارە تبلوری ئەو بزووتنەوەیە لە عیراقدا وەکوو بەریتانیاو فەرەنسا نییە کە زیاتر لە سەدو پەنجا ساڵ تجروبەی پشتی سەرناوە .لێرە ترکیبەی رابەرانی کرێکاری جیایە، باڵی چەپی ئیتحادیەیەك لە ئارادا نییە، جێگەو شوێنی زەعیف ترە، دەلیلی ئەوانەش رۆشنە. بەشێکیان مێژوویینو بەشێکیان سیاسین. هەر بۆیە دەرکەوتنو تبلوری ئەو بزووتنەوەیە سادەترو خام ترو سەرەتایی ترە. وجوودی رابەرانی کرێکاری واقیعیەتێکە ،محافلی کرێکاریو خانەوادەیی وجودی هەیە، بەڵام شکڵەکەی جیاوازترە لە وولاتانی وەکوو ئەوروپا.

دێمەوە سەر قسەکان و دەڵێم : جەرەیانو حیزبێکی کۆمۆنیست ناکرێ هیچ دەورو نەقشێکی نەبێ لەسەر ژیانو خەباتی چینی کرێکار، دەورێکی مساعد نەگێرێ بۆ لابردنی نوقتە زوعفەکان وکردنەوەی گرێ کوێرەکانی. ئەوە یەکێ لە خصوصیەتە پایەدارەکانی ئەحزابی کۆمۆنیستە.

ئەوەندەش کە بگەرێتەوە سەر کوردستان ئەوە حەرەکەی سۆسیالیستی کرێکاری 10 ساڵێکی تایبەتی لە ژیانی تێ پەڕاندووە. فعلو ئینفیعالاتی جۆراوجۆرو کەوتنو هەڵسانی زۆری دیوە. لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە لەو مێژووە زۆر گرنگە بۆ ئیلتیحامکردنو جۆش خواردن پێوەی. هیچ رادیکالیزمێکی فکریو بەرنامەیی ناتوانێ تعویزی دابڕان لەو حەرەکەتە بکاتەوە.

لە ئاستیدنیاییشدا لە بیستەکانی ئەم سەدەیەوە مارکسیزم لە چینی کرێکارو لێکدانەوەکانی دەرونی بزووتنەوەی کرێکاری جیا کراوەتەوە ولەوێشدا هەمان ئەرك واتە حەرەکەت لە خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستیو کرێکاریەوە کارێکە ووچان هەڵناگرێ.

ئیتر ئەبێ ئەو خەسڵەتە بکرێ بە خود ئاگاهی تاك تاکی ئەندامانو لایەنگرانی ئێمە. واتە تەئکید بکەین کەلە چ بەستەرێکدا حیزب تشکیل دەدەین. بە تایبەتی ئێمە تجروبەی تشکیلی حککع مان لە بیرنەچۆتەوە. وتیان خاڵە هاوبەشەکانی نێوان رەوتی کۆمۆنیستێکو یەکێتی خەباتێکو فڵانە جەرەیانێك (95٪)ە ئیتر بۆ ناچن حیزبێکی کومونیستی کرێکاری پێك بهێنن. حیزبێك پێکهات بێ ئەوەی باسێك بکرێ لەسەر موقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی لە کوردستانو عیراقدا.

قسه لەسەر ئەوە نەكرا وجودی ئەو حەرەكەتە چۆنە ،رادەی پوختەیی سیاسی چۆنە،رادەی ڕێكخراوبوونەكەی، دەرەجەی جێ كەوتنی ماركسیزم تیایدا، چ تەفسیرێك لە كۆمۆنیزم لەناو كرێكارانی عیراق یا كوردستاندا بەهێزترە.. هتد.

ئەوانە پرسیارو ئیشكالاتی ئەو حەرەكەتەو خولیای ئەو نەبوون. بۆیە چیتر چاوەڕوانیەكی بێ جێیە ئەو جۆرە ئەحزابە ئەو ئەركە كۆمەڵایەتیە جیاوازانەیان پێ بسپێردرێت.

# تەحەزوبی کۆمۆنیستی لە عێراقدا

## ( زەروورەت، ماناکان، پایەکان و پێش مەرجەکانی )

ئەحمەد معین

## 1/پێشەكی

رەنگ بێ تەنیا راستیەكی زۆر سادەو بەڵگە نەویست بەیان بكەم گەر بڵێم چینی كرێكاری عێراق هەتا ئێستا خاوەنی حیزبی سیاسی خۆینیە. نەك هەر ئەوەش بگرە عیراق بەدرێژایی تەمەنی خۆی، خاوەنی حیزبی سیاسیو ئورگانی رابەری چینایەتی خۆی نەبووە.ووتنی ئەو راستیە زادەی لێكدانەوەیەكی فكری یا سیاسی تایبەتی ئێمە یاجیاوازیمان نییە لەگەڵ هیچ هیزو لایەنێكی سیاسیدا. بەڵكو پایەی ئەو حوكمە خودی كۆمەڵگای عێراقو بزووتنەوەی كریكاریو كومونیزمە لەعێراقدا.

لێكدانەوەی هۆكانو ریشەكانی ئەوە،واتەبێ بەری چینی كرێكاری عێراق لەحیزبی سەربەخۆی خۆی، وەكوو ئاستێكی دیاریكراو لە دەست راگەیشتنی بەسەربەخۆیی و ئینسجامی هەمە لایەنەی، باسێكی سەربەخۆ بەلام گرنگو چارەنووس سازەكە هێشتا وەكوونیشانەیەكی لاوازی بزووتنەوەكەمان دەستی نەدراوەتێ یان هەر هەوڵێك لەو نێوەدا دەستی پێكردبێ، خێرا لەناو تەپو تۆزی شیعارات دا خنكاوە وەیا بە دیدو بۆ چوونێكی ئایدیولۆژیگەریو مجردو پێ هەڵبڕاو لەزەوی، بەدوور لەلێكۆڵینەوەی مەسەلەی تحزب لەدڵی لێكۆڵینەوە لەخەباتی چینایەتیو بارودۆخی كۆمەڵو وەزعی فكریو سیاسیو كۆمەلایەتی چینی كرێكاری عێراق بە پێ ی میتۆدی ماركس، كراوە.

ئەڵبەتە زۆر حیزبو رێكخراویش لەمێژووی زیاتر لە 60 ساڵی رابردووی عێراقدا سەریان هەڵداوە ولەژێر ناوی سوسیالیستو شیوعی و كۆمۆنیستو ماركسیەت دا خەباتیان كردووەوتەنانەت بەشكلی جۆراوجۆرو كەم تازۆر بەپێی سوونەتو تەسویرو ئاسۆی سیاسی جۆراو جۆر دیفاعیان لەچینی كرێكارو كۆمەڵانی زەحمەتكێش كردووەو لەبەرنامەكانیاندا رایان گەیاندووە كە (سوسیالیزم) وەیا تەنانەت (كۆمۆنیزم) ئامانجی یەكجارییانە بەڵام بەزۆر دەلیلی تایبەتی و كۆمەلایەتی، پاشان فكریو سیاسی، نەیانتوانیوە بۆشایی غیابی حزبی كۆمۆنیستیو كرێكاری پڕبكەنەوە ئەگەرچی نیەتیان ئەوە بووبێ وقۆڵیان لێ هەڵماڵیبێ.

دیارەمن لێرەدا مەبەستم نییە بچمە سەر رەخنەگرتنێكی اسپاتیو راستەوخۆ لەو جۆرە تاقیكردنەوانە كە تازەترینیان تاقیكردنەوەی دامەزراندنی (حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق)ە گەرچی لێرەو لەوێ اشارەت بۆ فلانە جۆر لە دیدگاوبۆچوونو لێكدانەوەی حیزبی ناوبراو بكەم. بەڵكومەبەستم زیاتر ئەوەیە راستەوخۆ بچمەسەر مەسەلەی تەحەزوبی كۆمۆنیستی لەعێراقدا وەكو مەسەلەیەكی مەترەح لەرووی چینایەتیو فكریوسیاسیەوەو باس لەپایەكانیو بناغەكانی لەپەیوەند بەكۆمەڵگای سەرمایەداری عێراقو خەباتی چینایەتیو بارودۆخیچینی كرێكاری عێراقو بەتایبەتی وەزعی مەیلی كۆمۆنیستی ناو ئەو چینەو دیارە ئەوانەش بەپەیوەند بە بارودۆخی گشتی كۆمەڵگای عێراقەوە لێك بدەمەوە ولەهەمان كاتدا ماناكانو پێش مەرجەكانیو پێویستیەكان و رێگریەكانو گەر بشكرێ ئەولەوییەتەكانی لایەنێك باس بكەم كە ئەویش (بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری–عێراق)ە.

هەر لەدوتویێ ئەم باسەوەو بەدەلائیلی روشنو دیار هەوڵ دەدەم، كۆمەڵێك جیاوازی خۆمان لەگەڵ حككعو دیدگای جیاوازی خۆمان لەم مەیدانەدا نیشان بدەمو لەهەمان كاتیشدا سیما ئیسپاتیەكانیو تایبەتمەندیەكانی ئەو ئەلگویە لە حزبیش نیشان بدەم كە ئێمە برومان پێیەتیو بۆی تێ دەكۆشین.

دیارە ئێمە چ لەراگەیاندنی پیكهاتنی بزووتنەوەی بنیات نان) وەیا لە گفتوگۆو باسو نوسراوەكانی ترماندا رامانگەیاندووە كە ناوەرۆكی هەڵسورانی سوسیالیستیو كومونیستی لەعێراقدا لە ئێستادا لەسەر 2 كۆڵەكە وەستاوە:

**یەكەم:** بەرانبەر كێ لەگەڵ گشت نیزامی سەرمایەداری لە دڵی بارودۆخیسیاسیو كۆمەلایەتی ئەم قۆناغەی عێراق وەكوو قۆناغێكی مێژوویی تایبەت لەرێگەی هەڵكردنی ئالای ئاسۆو رێگە چارەو بەدیلێكی سیاسی– عەمەلی كۆمۆنیستی كەلەهەمان كاتدا ناوەرۆكو حەلقەی ئەسڵی شۆڕشی سوسیالستی لەم قۆناغەی عێراقدا نیشان بداتو بتوانێ ببێ بە ئالایەك بۆ گردكردنەوەی نارەزایەتی موجودی زوربەی خەڵكی عێراق لەدەوری ئەلتەرناتیوێكی كرێكاریو كۆمۆنیستی بەرەو پەرەدان بە ئەزمەی سیاسیو كۆمەلایەتی ئەمرۆی بورژوازی لە عێراقدا بۆ ئەزمەیەكی سیاسی شۆڕشگێرانە.

**دووەم:** چارەسەرکردنی ئەزمەوگیری تحزبو رابەڕی کۆمۆنیستی لەعێراقدا لەرێگەی دابین کردنی پێویستیەکانی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراق لە درێژەو لەژێر ئالآی ئەو ئاسۆو ئەلتەرناتیوە سیاسی‌یەدا کە باسمان کرد.

تەرح کردنی باسە سیاسی‌یەکانمان لەیەك سالّی رابردوودا سەبارەت بەرەخنەی کۆمۆنیستی لە بارودۆخی ئێستای عێراقو پەردەهەلّمالّین لەرووی ناوەرۆکی ئەو وەزعەو چۆنیەتی هەلّگێرانەوەی بارودۆخی ئێستا بەدژی لایەنەکانی بەشدار لەخولقاندنی‌دا وسەرئەنجام بەرزکردنەوەی شیعاری **((نان، کار، ئازادی: حکومەتی شوورایی))** وەکو حەلقەیەکی ئەسلّیو مەرکەزی ئەلتەرناتیوی سیاسی عملی کرێکاری‌و سوسیالیستی لەبەرانبەر سەرتاپای وەزعی موجوددا. وباقی پێشرەویەکانمان لەو بوارەدا توانیویەتی کاریگەری خۆی دابنی‌ێو خزمەت بکات بەدەست پیێ کردنی پروسەی بوژاندنەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و هەلّخراندنی هەولّو تێکۆشانێك بۆپتەو کردنی جێگەو شوێنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کرێکاری لە هاوکێشە سیاسی‌یەکاندا.

بەلآم چ درێژەدان بەو پرۆسەیە خۆی چ خێراکردنەوەی هەولّو خەباتی یەك بزووتنەوەوڕەوتی گەورەتر رووەو دەرکەوتن وەکو قوتبێکی سیاسی کاریگەرو بەتایبەتی لەژێر ئالآی حزبێکی خاوەن ئەلتەرناتیو ئامانجی سیاسی روشن لەهەمان کاتدا خاوەنی پایەگای کۆمەلآیەتی بەهێز لەناو کرێکاراندا، حزبێکی پێداگرتوو لەناو سوننەتەکانی کارو هەلّسوڕانی کۆمەلآیەتی، پشت بەستوو بەشێوەکانی هەلّسورانی کۆمۆنیستی لەسەرتاخواری، حزبێك کە زۆرترین پەیوەندی لەگەلّ ژیان‌و خەباتو ناڕەزایەتی‌و مقاوەمەتی کرێکاران‌و گشت خەلّکی عێراقدا هەبیێو دەخالەتگەرو موجودو هەلسوڕاو بێت لەریزەکانیاندا،.. هتد، گشت ئەوانە پێویستیان بە خستنەرووی دیدگایەکی رۆشن‌و ماتریالی‌و بیێ گریێ هەیە لەسەر تحزبی کۆمۆنیستی. ئەوە بەتایبەتی بۆیەش لەهەمووکات زیاتر یەخەمان ئەگریێ، چونکە تاقیکرنەوەی هەولّ و تێکۆشانی یەك دەورەی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەکوردستاندا، واتەلە قۆناغی راپەڕینەوە تا ئێستا، هێشتا نەیتوانیوە ببێتە هۆی دامەزراندنی وەها حیزبێكو هیشتا شیعاری ((دامەزریێ حزبی کۆمۆنیست)) بەبڕوای ئێمە، ئامانجێکە پێویستی بەهەولّی زیاتر هەیە.

ئەم نووسراوەی بەردەستتان هەولّێکە لەو راستایەدا

ئامانجی ئەم باسە جگە لە جوابدانەوە بەیەك مەسەلەی پایەیی کۆمۆنیزم لەعێراقدا، لەهەمان کاتدا بریتی‌یە لەزیندوو کردنەوەو گورج کردنەوەی باس‌و جدال‌وهەولّەکانی ئێستا بۆ دەست راگەیشتن بەپرۆژەیەکی سیاسی بۆ دامەزراندنی (حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری–عێراق)

## تەصویرێکی گشتی

ئەوەندە کافی‌یە تەماشایەکی ئالۆگۆڕە سیاسی‌یەکانی ئێستای گۆرەپانی کۆمەلّگای عێراق بکەین ،تا قورسایی غیابی حیزبێکی کۆمۆنیست لەکۆمەلّگای عێراقدا ببینین.

ئەمرۆ خەریکە دەورەیەکی گرنگی عێراق دەشێلرێتەوە و سەرلەنویێ عێراقێکی تر لەجیێ دا دروست ئەکرێتەوە بۆ ئەو مەبەستەش هەموو بزووتنەوە سیاسی‌یەکان بەئاسوو ئامانج ورێگە چارەو شیعاراتی هەمە چەشنەوە کەووتونەتە خۆو هەریەك ئەیەویێ و پیێ باشە کەسیماکانی عێراقی داهاتوو لەرووی پێکهاتی سیاسی و بنەمای ئابووری و رایەلّ و پۆی کۆمەلآیەتیەوە جورێك بێت .ئەو بزووتنەوانە رەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینایەتی وئاسوی سیاسی و بۆچوونی توێژ وچینی جیا جیان لەقالّبی ئەحزابی سیاسی‌ی هەلّگری رێگە چارەی سیاسی عملی دا خۆیان دەردەخەن .

دیارە لەنێوان ئەو 70–80 حیزب ورێکخراوە سیاسیانەی ساحەی سیاسی عێراقدا هەندێکیان ئەحزابی پایەدارترن کەوەسیلەی یەك لاکردنەوەی ئەو مێژووەن وسلاحی دەست هێزە کۆمەلآیەتیە جۆراوجۆرەکانن بۆ رێکخستنی هێزی کۆمەلآیەتی جیێ مەبەستی خۆیان لەژێر سایەی ئامانج وئاسۆی تایبەت بەخۆیان و بەمەبەستی زالّ کردنی ئەو ئاسۆو ئامانجانە لەچوار چێوەی خەت ورێگە چارەی سیاسی دا ،لەئاستی گشت کۆمەلّ ولەناو گشت خەلّکی عێراقدا .ئەو جۆرە حیزب و بزوتنەوانە کەلەرێگەی سوننەتی تایبەت بەخۆیانەوە هەلّسوڕانی سیاسی یان ئەنجام دەدەن ،وەختیێ کە نەتوانن گوشاری گشتی و بنەڕەتی داواکاری و ئامانجی کۆمەلآیەتی کۆمەلّ بکەن بەهێزێکی ماددی و لەبزووتنەوەیەکی سیاسی دا سەروسامانی پیێ بدەن و لەهاوکێشە سیاسی یەکانی ئەمڕۆدا (یا هەردەورەیەك دا) بەجۆرێك مەترەحی بکەن کەقابیلی پشت گویێ خستن نەبیێ، ئەوانە ئەحزابی کۆمەلآیەتین و پێچەوانەی ئەوانەش

،هێزو ڕێکخراوی تر زۆرن ،چ لە چەپ و چ لەراستی مۆزاییکی ئەحزابی سیاسی عێراقدا کەبەپێچەوانەوە لەپەراوێزی کۆمەڵ و ئاڵوگۆرەکانیدا ئەگیرسێنەوە جا با بەعزێکیان خاوەنی سەروەری و مێژووی زیاتر لە 60ساڵیش بێت .

مانەوەی حکومەتی بەعس بەبێ گۆڕان ، مانەوەی ڕژێمی ئێستا بەکلك و گوێ کراوی ،حکومەتێکی پەرلەمانی و فرە حزبی بەرەنگ وبۆی جیهانی سێیەمی و عێراقیەوە ،حکومەتێکی قەومی عەرەبی میانڕەو حکومەتێکی نیشتمانی ،نیشتمانی –دیموکراتی ،حکومەتی ئیسلامی ،حکومەتێکی پرو ئەمریکی راستەوخۆ و تەنانەت حکومەتی پاشایەتی دەستوری... تاد، ئەوانە نموونە سەرەکیەکانی بەدیلە سیاسیەکانی بزووتنەوەو ئەحزابی ئەمڕۆن لەعێراقدا کە شانسی نسبی جۆراو جۆریان هەیە بۆ پیادە کردن .

خەسلەتی بورژوازیانە و کۆنەپەرستانەی ئەو بەدیلانە و ئەو هێزە سیاسی یانەی کە ئالا هەڵگری ئەوانەن و دژایەتی یان لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجی شۆرشگێڕانەی خەڵکی عێراقدا و بەتایبەتی لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی کرێکاری عێراقدا ،گشت ئەوانە ئاشکرایە و زەحمەتی ئیسپاتی لەکۆڵ ئێمە کردۆتەوە . کارنامەی ڕژێمیش لەوە ئاشکراترە و کرێکاران و خەڵك حوکمی خۆیان دەمێکە بەسەریدا داوە تەنها بەکوشتارو سەرکوت تەمەنی خۆی بەسەر خەڵکدا هێشتۆتەوە .هەموو هەڵگرانی بەدیلەکانی تر چ لەکاتی شەڕی عێراق و ئێرانەوە و لەقۆناغی هەشتاکانەوەو چ بەتایبەتی لەشەڕی ئەمریکا– عێراقەوە کارنامەیان دیارە .

هەر بۆ بەبیرهێنانەوە ئەتوانین ناوەرۆکی هاوبەشی هەڵوێست و سیاسەت و بەرنامەی ئەو هێزەو بزووتنەوانە لەچەند خاڵی محوەری دا کۆبکەینەوە :

1/ زۆربەیان لەسەرەتای نەوەتەکانەوە لایەنگری شەڕو دەخالەتی ئەمریکان لەعێراقدا و ئومێدی بەدیهاتنی بەدیلەکانیان کردووە بە پاشکۆو ئاکامی سیاسەتی ئەمریکاو (فاکتەری دەرەکی)و نەك هەر ئەوە بگرە چ ئەوانەی کە پێشتر هەبوون وەکو ئیسلامی‌یەکان و قەومی‌یە عەرەبیەکان و قەومی‌یە کوردی‌یەکان و میللی گەرا دیموکراتی‌یەکان و چ ئەوانەی کەهەر لەبنەرەتەوە زادەی ئەو کێشمەکێشە کۆنەپەرستەی ئەمریکا–عێراقن ،زۆربەیان لەبەرەی پرۆژەی (رزگاری عێراق)دا ڕاوەستاون و خەریکن لەژێر چەترەدارزیوەکەی INCو سەرپەرشتی راستەوخۆی وەزارەتی خاریجی ئەمریکی و بەریتانی دا خۆیان بۆ حوکمڕانی عێراقی داهاتوو حازر ئەکەن .

2/ هەموویان بەشکلی جۆراوجۆر ،بەپاشگر وپێشگری جیاوازەوە ،لایەنگری گەمارۆی ئابووری بوون لەسەر عێراق .

3/ لەسەر مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی ،گۆرینی دەسەلات ،سازدانەوەی ئابووری عێراق ، ئازادی سیاسی و باقی ئازادیە فەردیو گشتی‌یەکان ،مەسەلەی ژنان ،جیایی دین لەدەوڵەت و ....هتد ،سەرتاپا هەڵوێست و کارکردێکی کۆنە پەرستانەیان هەیە .

4/ هەموویان لایەنگری ئەکەن لەپاراستنی دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی مەوجود لەعێراقدا وەکو سوپاو پۆلیس و ئەمن و ...،لەدژی قانوونی کارن ،لەدژی عیلمانیەتن و ...هتد .

بەڵام گەر لەو نیوەدا هەر کرێکارو زەحمەتکێشێك ،هەر ژنێکی چەوساوەی دەستی بورژوازی و قانوون و فەرهەنگە کۆنە پەرستەکان ،خێزانی عێراقی هاڕدراوی دەستی حەساری ئابووری ،لاوانی محروم و ڕاوەدوونراو لەلایەن ڕژێمەوە ،ئازادی خوازانی بێزار و تووڕە لەدەست قەومیەت و دین و تایفە ،هەڵسوراوانی کۆمۆنیزم ،سۆراغی ئەوە بکەن کەرێگە چارەی کۆمۆنیستی و کرێکاری چوونە ،چەند بەعەمەلی مەترەحەو چ قورساییەك و هێزێکی پێکەوە ناوە لە دڵی کێشمەکێشەکانی نێوان ئەو هێزو بزووتنەوانەدا ،و مقاوەمەت و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری بەرینی خەڵکی عێراق لەم 10ساڵەی رابووردودا لەدەوری چ سیاسەت و بەچ شکڵ و شێوەیەك وبۆ تحقیقی چ ئاڵوگۆڕێك و بەئیلهام وەرگرتن لەچ ئاسویەك چۆتە پێش ،سیما جیاکەرەوەکانی ئەو بەدیلە کرێکاری و شۆرشگێر و کۆمۆنیستی‌یە چی‌یە تا خەڵك و کرێکاران لەخەبات و هەڵسوکەوت و جم وجۆش و حەرەکەتی ئێستا و داهاتوویاندا پەیرەوی لێ بکەن و....هتد ،ئەوە ڕووبەڕووی زوعف ولاوازیەك دەبین لەو نیوەدا . چینی کرێکاری عێراق خەباتێکی هەمە لایەنەو مێژوویی چاوەروانیەتی و تائێستاش بەبێ حزبی واقیعی کۆمۆنیستی خۆی پێشوازی لەو بارودۆخە ئەکا .

هەرروژە کەتێدەپەڕێ ،هەنگاوێکی زیاتر نزیك دەبینەوە لەرۆژی یەك لاکردنەوەی بارودۆخی ئەم قۆناغەی عێراق .بۆیە کرێکاران و کۆمەڵگای عێراق ،ئەمرۆ ،لەگشت کات زیاتر پێویستیان بەحزبی کۆمۆنیست هەیە .پێویستیان بە رێکخستنی ریزەکانیانە بەشکلی جەماوەری پان وبەرین .لەهەمان کاتیشدا و دروست بۆ ڕێکخستنی ریزەکانی بەو جۆرە پان و بەرینە ،پێویستی بە رێکخراوی حزبی و هیئەی ئەرکانی رابەری خۆیەتی .

هەر بۆیە ئەبێ کۆمۆنیستەکان ،بەبێ بەفیرۆدانی یەك سەعات وەختیش ،بەشکڵێکی هـەم ئاگاهانـەو هـەم جدیو بـەتێ فکرینێکی قووڵەوە،خۆیان ئامادە بکەن و مەلزوومانەکانی وەها حزبێك پێك بهێنن .

وەکو ووتم ئەمرۆ چینی کرێکای عێراق و بزووتنەوەکەی قۆناغێکی هەمە لایەنەی مێژوویی تایبەت بەسەر دەبات .کێشمەکێشـەکانی دەسـاڵی نەوەتـەکان لـەعێراقدا ،سـیما سیاسـی وئـابووری و کۆمەڵایەتی‌یـەکانی ئــەم کۆمەڵگایــەیان لەڕیشــەوە گۆڕیــوە و هــەوڵ و ململانێیەکی هەمە لایەنە و قووڵ لەئارادایە و درێژەی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو سیمایانەی عێراقی ساڵی (2000) .

بـەڵام ماهیـەتی هاوبەشـی لایەنـەکانی دەرگیر و خـاوەن کاریگـەری تیایـاندا بریتی‌یــە لــەدیفاع لەمالکیــەتی تایبــەتی و نــیزامی سـەرمایەداری ،تووندکردنـەوەی چەوسـانەوە لەسـەر چینــی کرێکــار ،محــروم کردنــی زیاتریــان لەمافــە ئــابووری و کۆمەڵایــەتی‌و سیاسیەکانیان ،خـراپ کردنـی هـەرچی زیـاتری ئاسـتی ژیـان و گوزەرانیـان ،پـەرەدانی هـەرچی بـەرینتر بـە هـەژاری، گرانـی ،بێکـاری ،نەخۆشی ،بێخانوویی،زیادی سەعاتی کار ،بێداوو دەرمانی و برسیەتی‌و ...تاد ،شـەرو کوشـتارو نائـەمنی‌و دیکتـاتۆری و سـەرکوت و ئیعدام ،پەرەدان بـە کۆنەپەرستی لەگشت روویەکـەوە بەتایبـەتی کۆنەپەرسـتی دینـی‌و قومـی وزیندووکردنـەوەی بێوێنـەی عـادات و فەرهەنگ و تقالیدە دواکەوتووەکان لەبواری ژیـان و پەیوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یـەکاندا ،تیژبوونـەوەی فشـارو چەوسـانەوەو محرومیـەت لەسەر ژنان و منداڵان و...تاد.

ئەوانە ئەو چوارچێوەو شکڵ وشێوە دیاریکراوەن کەحاکمیەتی سەرمایە لەعێراق و دەسەڵاتدارەتی رژێمی پارێزەری سـەرمایەداری عێراق و سەرجەم کارکردو سیاسەت و بەرنامە ئابووری‌یـەکانی ئـەم حکوومەتـە وەکـو حکومـەتی پـارێزەری سـەرمایەداری لـەعێراقدا لەبەرانبەر چینی کرێکارو سەرجەم خەڵکی عێراقدا بوویانە .

کاتێك لەوەش دیاریکراوتر دەخالەتی ئەمریکاو غەرب و شەری خەلیج و ئابلۆوقەی ئابووری و درێژەی گشـت ئەوانـە هـەتا ئـایندەی نا معلوم و سەرجەم کاردانەوەکانی رژێم لەبەرانبەر ئەو هەرەشانەدا لەبەرچاو بگرین و دەورو نەقشی بزووتنەوەو حزبە دینـی‌و قـەومی‌و دیموکراتی‌و نیشتمانی‌یەکان و تەیفێك لەئەحزابی معارەزەی عێراقیش بخەینە پاڵ ئەوانەئەو کات لەوحەیەکی رۆشـنترو دیاریکراوترمـان لەسەر وەزعی ژیان و خەبات و گوزەرانی چینی کرێکاری عێراق ومەسەلەی زەروورەتی ملحی تحزب لامان پەیدا دەبێ .

وەختێ باس لەخەباتی چینی کرێکار ئەکـەین لـەدژی سـەرمایەداری لـەم بارودۆخـە تایبەتـەدا ئـەبێ زۆربەرۆشـنی ئـەو چوارچێـوە دیاریکراوەو ئـەو شـکڵ وشـێوە تایبەتانـە لەنـەزەر بگریـن کـەبارودۆخی سیاسـی‌و ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و فەرهـەنگی ئـەمرۆی عـێراق بەهەموو فاکتەرەکانی‌یەوە بەوجودیان هێناوەو ئەبێ ئەوە لەتایبەتمەندی‌و ئاسۆو جیهەتە سیاسی‌یەکان و هەڵسـوورانی عەمـەلی حزبـی جێی مەبەسـتی ئێمـەدا بـەزەقی رەنـگ بدەنـەوە .چونکـە چ ئـەو فاکتـەرو لایەنانـەو چ ئـەو ئـاڵوگۆرە ریشـەیی‌یە و ئـەو پاشەکشـە و کاریگەرە قووڵانەی دایان ناوە لەسەر بارودۆخی ژیانی مـادی و فکـری چینـی کرێکـاری عـێراق ،چوارچێوەیـەکی مـادی دیـاریکراو پێـك دەهێنن کەکار دەکاتە سەر خەبات و ژیانی چینی کرێکاری عێراق و میولی سیاسی‌و حزبی لەناویدا و لەسەر هـەر هـەوڵ و تێکۆشـانێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریش .

ئەلبەتە ئەبێ ئەو بارودۆخە تایبەتەی عێراق و چینی کرێکارەکەی ،زۆر بە ووردی‌و بە پەیوەندی پتەو لەگەڵ بارودۆخی ناوچـەیی‌و جیـهانی و لەسـایەی ئـەودا لێـك بدرێتـەوە .چونکـە جگـە لەکاریگەری‌یـە گشـتی‌و سەرتاسـەری‌یەکانی بـارودۆخی جیـهانی و ئـاڵوگۆڕە قووڵەکانی دوای سەرکەوتنی ئەمریکا لەشەڕی ساردی بەسەر سۆڤیەتدا ،کەکاریان لە عێراقیش کرد ،لەوەش کۆنکریت تر ،عێراق خۆی بووە بەمەیدانێکی گرنگی یەك لاکردنەوە و بەرێوەبردنی ئەو ئاڵوگۆرانەو بنیات نانـەوەی دنیـای سـەرمایەداری لەسـایەی نـەزمی بـەناو نوێی جیهانیدا .ئەو تایبەتمەندی‌یە تا دەیان ساڵی تر شوێنەوارەکانی بەسـەر عـێراق و چینـی کرێکـارەوە جێدەهێڵـێ ،و هـەر ئێسـتا کاریگەری قووڵیان بووە لەسەر جێگەو شوێن ،توانایی ،رەوتی سیاسی ،میول وگرایشاتی ناو چینی کرێکاری عێراق و ...تاد.

جا گەر بمانەوێ بەووردی بەدوور لەنەزعەی زاتی‌و سەروو چینایەتی‌و (حزب لەخۆیدا) باس لەتحزبی کۆمۆنیستی بکەین لـەعێراقدا ، ئەبێ بەحەتمی بەپەیوەند بەبارودۆخی بزووتنەوەی کرێکاری خودی عێراقەوە و لەو مەتنە ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یـە تایبەتـەدا باس بکەین .ئەگینا لەچوار چێوەی گشتی و مجردو زهنی‌دا ئەمێنێتەوەو ناتوانین لەدنیای واقع و دەرەوەی زهن دا یەك هـەنگاو بنێـین رووە و تحزب دان بەو حەرەکەت و مەیلەو پرۆسەی دابین کردنی پێویستی‌یەکانی بگرینە دەست .

## ئاوڕدانەیەکی کورت

لەم نێوەدا ئاوڕدانەوەیەکی خێراش بۆ دواوە پێویستە لەسالآنی بیستەکانی ئەم سەدەیەوە چینی کرێکاری عـێراق، وەکو چینێکی کۆمەلآیـەتی ، یـا بـەمانای کلاسیکی مارکسی (وەك چینێك لـەخویدا) پـێی ناوەتـە مـەیدانی کۆمەلـەوە. ئـەم چینـە لـەدەورانی شەستەکانو حەفتاکاندا پاش زالْ بوونـی تـەواوو هەمەلایەنـەی شـێوەی بەرهـەم هێنـانی سـەرمایەداری لـەعێراق دا، کەوتۆتـە خـۆیو خەباتی چینایەتی هەمە لایەنە تری بەری خستووە و بووە بە(چینێك بۆ خۆی - طبقة لذاتها) بەپێی هەمان مفهومی پێشووتر.

مێژووی 50 سالّی ڕابووردووی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی.لـەعێراقدا لەهـەمان کـاتدا بریتیـیە لـەمێژووی بێبـەری بـوون لەحیزبو ڕێکخراوی چینایەتی کرێکاریو سۆسیالیستی بەگشتی، مێژووی کەوتنو هەڵسانەوەکانو بەتایبەتی هەوڵی بێ پەروای مـەیلی کۆمۆنیستی ناو ئەم بزووتنەوەیەو ڕابەرانی بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو زوعفە گەورەیەدا.وجودی ئەو بوشاییە بنەرەتی‌یە بەتایبـەتی لـەو دەورانانەدا دەرکەوتووە کەکۆمەلگای عێراق ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕی سیاسیو ئابووریو کۆمەلآیەتی بنەڕەتی بۆتەوە.

لەئاڵوگۆرەکانی 14ی تەموزی 58و بەرپاکردنی نیزامی جمهوری، لەشەسـتەکانو ئـەو ئەزمـە سیاسـیە گەورەیـەی کـە دەرگیری بورژوازی عێراق بوو بووەوە کە لەماوەی 63–68دا واتـە تەنـها لـەماوەی 5سـالدا، 4 حکوومـەتی یـەك لـەدوای یـەکی عـێراق دەرگیری ئەزمەی قوولْ دەبنو لەلایەن بالێکی تری بورژوازی‌یەوە وەلادەنران. یالە دەورەی گەشەی خێراو کتوپڕی سەرمایەداری حـەفتاکان کـە چینـی کرێکار تیـایدا بـوو بـەچینێکی کۆمەلآیـەتی کاریگـەرو چینـی ئەسـلی لەسـاختاری ئـابووریدا و بەوپێـیەش ئامادەیی‌یـە سیاسیەکانیش و دەوری سیاسی لەکۆمەلدا کەوتنە بروزکردن یا لەهەشتاکانو ئاڵوگۆڕەکانی هاوزەمان لەگەلْ شەری عـێراق و ئـێراندا، یا لەدەورانی جەنگی خەلیجو بەتایبەت ئەو کێشمەکێشە سیاسی‌یە قوولو دابڕکێ هەمە لایەنەی کە هـەموو بزووتنـەوە سیاسـی‌یەکانی کۆمەلی بیدارو فەعال کردەوە.

بەکورتی گەر چینی کرێکاری عێراق لەپەنجاکانەوە یەکێك لەهێزو لایەنەکانی کێشمەکێشی سیاسـیو کۆمەلآیـەتی گۆڕەپـانی عـێراق بووە و دەوری دیاریکراویشی بووە لەڕەنگ ڕشـتنی ئاڵوگۆڕەکـانو خەباتەکـەی دەسکەوتیشی بـووە بـەلام سـەرەنجامو لەئەسـاس دا بەدەلیلی ئەوەی خاوەنی حیزبی سیاسی خۆی نـەبووە کـەبتوانێ ڕیزەکـانی لەکاریگـەریو پاشکۆیەتی حەرەکـەتو حزبـە سیاسـی‌یە بورژوازیە ڕەنگاوڕەنگەکان دوور ڕابگـرێ، بـەو پێیـەش نـەیتوانیوە بـە ئـەندازەی نـەك پێویسـت ، بگـرە ممکنیـش جـێ دەسـتی بـەو ئاڵوگۆڕانەوە دیاربێت.

هەر لەعێراقیشـدا و کـاتێك کـە بزووتنـەوەی کرێکـاری بەپێچەوانـەوە جموجوشـێکی تـێ دەکـەوێتو لـەدرێژەی دەورەی 45–58دا لەجەرگەی ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو عێراقدا، وەکو هێزێکی کۆمەلآیەتی خاوەن ئاواتی سیاسی تازە سەری هەلداو دێتە مـەیدان، ڕاسـتەوخۆ مەیلو حەرەکەت بۆ تحـزبو ڕێکخـراو بـوون چ بـەو شـکلە یـا بەشـکلی تـر لـەڕیزەکانیدا پـەرە دەسـێنێ، یـا لـەدەورانی شەسـتەکاندا کەخەباتو ئارەزایەتیە کرێکاریەکان بەتایبەتی لەکەرتی دەولەتی‌دا پـەرە دەسـەنو ئاسـتیان دەچێتەسـەر ، لەمـەیدانی هـەولْ بـەرەو ڕێکخراو بوونو تحزبیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

جا دیارە کەسادەییو زوعفەکانی ئـەو مەیلـە لـەناو کرێکـارانی سۆسیالیسـتی عـێراقدا هۆیـەکی گرنگـە بـۆ ئـەوەی کـە ریفۆرمـیزمو سۆسیالیزمی بۆرژوازی لەهەر دوو قۆناغەکەدا، چ حیزبی شیوعی عـێراقیو چ بـالی قیـادەی مەرکـەزی دواتـر لـە کۆتـایی شەسـتەکاندا بتوانن ئەو هەولانە لەقالبی ئاسۆی سۆسیالیزمی بۆرژوازی‌دا بخنکێنن.

لەقۆناغی کۆتایی حەفتاکانیشدا وەختێ کە چینی کرێکاری عێراق لەدرێژەی گەشەی ئـابووریو زالْ بوونـی هەمـە لایەنـەی شـێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریو گرێ دانـەوەی بـازاری نـاوخۆی عـێراق بەتـەواوەتی بـەبازاڕی سـەرمایەداری جیهانی‌یـەوە، ئیـتر دەبـێ بەچینی متمرکزی ئەسلی کۆمـەلْ، ئـەوەندەی تـر قورسـایی سیاسـیو جێگـەو شـوێنی لەکۆمـەلدا زیـاد دەکـاتو بەهـەمان ئـەندازەش زەروورەتی تحزبی حەرەکەتی سۆسیالیستی کرێکاری لەناویدا ئەهمیەت پەیدا دەکات. بەوپێیە لەو قۆناغەوە، چ بەو دەلیلـەی پێشـوو و چ بەدەلیلی ئاڵوگۆرە سیاسی‌یەکانی عێراق لەهەشتاکاندا ئیـتر بزووتنـەوەی کرێکـاریو مـەیل بـەرەو کۆمۆنـیزم تیـایدا زیـاتر بـەهێز دەبێو پایگای کۆمەلآیەتی بەرینتر دەبێتەوە، بەلام لەڕووی ئینسیجامی سیاسیو ڕێکخراوەیی‌یەوە هەروا زەعیفو لاواز.

بەو پێیە تازەمان بەم لاوەترەوە دێ لەلایەکەوە تەمەرکوزو چەق بەستنی کۆمەلایەتیو جێگەو شوێنی ئابووری چینی کرێکاری عێراق لەکۆمەڵگەدا زیاترئەبێو ناکۆکی چینایەتیو دژایەتی بەرژەوەندی ئەمان لەگەڵ سەرمایەداری دەوڵەتو بورژوازیدا زەقتر دەبنەوەو قووڵ تر دەبێتەوە و بەرین تر دەبێتەوەو ناڕەزایەتی چینی کرێکار بەرانبەر بە پرۆژە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری بەعس، کە زۆربەی بەشەکانی ئابووری کۆمەڵی کۆنترۆڵ کردبوو، دەچێتە سەرو چ مقاوەمەتی لەدژی سیاسەتی سەرکوتو جەنگو بێ مافیو هێرشە ڕۆژانەکانی رژێم و بێکارکردنی و ...، هتد بەرین تر بۆتەوەو تەجروبەو ووشیاری سیاسیو چینایەتی زیاتر چوەتە سەر، بەڵام تایبەتمەندی هاوبەشی گشت ئەو دەورانانە ئەوە بووە کە چینی کرێکاری عێراق خاوەنی ئاسۆی سیاسی و چینایەتی رۆشنو سەرتاسەری خۆی نەبووە و بگرە سوننەتی ڕێکخراو بوون و هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی لەڕیزەکانیدا، تا ئەندازەیەکی زۆر لاوازو ناپایەدار بووە.

هەر بۆیە سەرجەم ئاڵوگۆڕەکانی ئەو قۆناغانە بەبێ دەوری سۆسیالیستی چینی کرێکارو دەخالەتی ئەو تیایداو بە غیابی دەورو نەخشی سەرتاسەری ئەو و تەنیا لەچوارچێوەی پێویستییەکانی گەشەی سەرمایە لەلایەك و کێشەی نێوان حەرەکەتو بەدیلە بورژوازیەکانداو سەرەنجام بەقازانجی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبو لەژێر ئالای ڕژێمی بەعس دا بڕاوەتەوە. ئەوەندەش کەبگەڕێتەوە سەر ئەو مەیلو حەرەکەتە بەرتەسکە چەپیو مارکسیەی کەبە تایبەتی لەهەشتاکاندا کوردستانی گرتەوە، ئەوە بەهۆی تایبەتمەندی فکریو سیاسیو غەیرە کۆمەڵایەتی جەوهەری خۆیەوە، بەتایبەتی تایبەتمەندی غەیرە کرێکاریو غەیرە ئیجتماعی، و دووری لەکێشمەکێشمە سیاسییەکانی زەمانی خۆی، هیچ کاریگەریو دەخاڵەتو پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە نەبووە لەهیچ مەیدانو ئاستێکداو بەتایبەتی لەمەیدانی کاری کۆمۆنیستی لەناو کرێکارانو هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی تحزب پێدانی کۆمۆنیستیو کرێکاری لەکوردستانو عێراقدا، نەك هەر ئەو دەورەی نەبووە بەڵکو ئەوەی بەکاری خۆشی نەزانیوەو هەمیشە خەریکی خۆ ڕادیکاڵ کردنەوەی تێوریو فکریو موجەرەد بووەو لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی رادیکال بوونەوەو ئاڵوگۆری ئەم مەکتەبەوە بۆ ئەو مەکتەبی فکریو سیاسی ئەو تایبەتمەندیەی خۆی هەر پاراستووە. بەغەیری ئەوەش ئەم ڕەوتە کاریگەری زیانباری بووە لەبەلارێدانی نەسلێك لەکۆمۆنیستەکانو کرێکارانێکی کۆمۆنیست کەئومێدو پەیوەندیەکیان لەگەڵیدا بووبێ لەڕێی تەرویجدان بەپایەکانی کۆمۆنیزمێکی غەیرە کرێکاریو غەیرە دەخاڵەتگەرو فیرقەیدا.

دیارە هۆی بنەڕەتی ، مەوزوعیو زاتی ، داخلیو عالمی، دەوریان بووە لەوەی کە چینی کرێکاری عێراق نەتوانی دەستی رابگات بەحزبی سیاسی خوی. بەڵام سەرەنجام بەهەردەلیلێك بێت ئەوە خۆی نیشانەی زوعفی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە لەناو ئەو چینەداو ڕەنگ بێ یەکێك لەتایبەتمەندیو جیاکەرەوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق ئەوە بێت کە بەدرێژایی تەمەنی بزووتنەوەکەی حزبێك یا رێکخراوێکی سیاسی سەرتاسەری کۆمۆنیستی لەڕیزەکانییەوە سەری هەڵنەداوە یا نەیتوانیوە تحزبی حەرەکەتی ئەو بەرجەستەو ماددی بکاتەوە. هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە کە سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم وەکوو حەرەکەیەك لەناو ریزەکانی چینی کرێکاری عێراقدا وجوودیان نەبووە.

وجوودو کاریگەریو دەوری ئەو حەرەکەتە کۆمۆنیستییە لەناو کرێکارانی عێراقدا بەتایبەتی لەچلەکانەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرەو هەمیشە و لەسەختترین بارودۆخیشدا بەشکڵو شێوەی جۆراو جۆر ڕەنگدانەوەی بووە .

بەڵام قسەکە لێرەدا بەتایبەتی لەسەر تحزبی سۆسیالیستیو ئەندازەی ڕیشەدار بوونو پایەداری سوننەتەکانی حزبیەتی کۆمۆنیستییە بەتایبەتی لەناو کرێکاراندا.

## جیگەو شوێنی مەیلی سۆسیالیستی لەناو کرێکارانی عێراقدا

ئەم مەیلەسوسیالیستییە لە دەورانە روتینییەکانی عێراقدا زیاتر لەشکڵی وجودی شبکەی هەڵسووڕانو رابەرانی کرێکاریو کۆمۆنیستو گروهی کۆمۆنیست لەناو کرێکارندا دەرکەوتوون (کوردستانەکەی جورێکی تر بووە). جگە لەوانەش لەناڕەزایەتەکانی کرێکاراندا ( بەتایبەتی لەکارگەو کارخانە دەوڵەتییەکاندا)، یا لەنارەزایەتی گشتی کۆمەڵدا، بەتایبەتی لەدژی سیاسەتە جەنگییەکانی رژێمو یا لەدەورانی ئاڵوگۆڕەکانی بەرنامەی ئابووری ڕژێم لەناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە (گۆڕینی کرێکاران بە فەرمانبەر و قەراراتی تەخصیصی دامو دەزگاکانی دەوڵەتو فرۆشتنی کەرتی گشتی بەتایبەتیو باقی ئاکامەکانی ئەو هێرشو بڕیارانە)، لەسەرجەم هێرشە

ڕۆژانەکانی تری ڕژێم بۆ سەر کرێکارانو بیکارسازیە بەلێشاوەکانی کۆتایی هەشتاکانو باقی بەرانبەرکی چینایەتیەکاندا، ئەم مەیلو بزووتنەوەیە دەوری بەرچاوی بووە، گەرچی ئەو دەورە بەگشتی و بەناچاریو دەلائیلی قابیلی تێ گەیشتنی دیفاعیو لەچوراچێوەی مقاوەمەتو تەنانەت پاشەکشەدا بووبێت.

بەڵام کاتێ بەدیاریکراوتر دێینە سەر لێکۆڵینەوە لەوجوود و تایبەتمەندیو باروودۆخی بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری لەعێراقداو بەتایبەتی ئەندازەی جێ کەوتنی کۆمۆنیزم لەڕیزەکانیداو گۆڕانی بۆ بزووتنەوەیەکی موجودو خاوەنی سیمای ئیسپاتی لەناو کرێکاراندا، ئەوە وەزعییەتەکە فەرق دەکات.

هێشتا بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لەعێراقدا لەهەوڵدایە تابتوانێ وەکوو بزووتنەوەیەکی ئیسپاتی، خاوەن تایبەتمەندی ماددیو ملموسیجیاواز، نەك هەرجیاواز لەبزووتنەوە بۆرژوازیەکان، بەڵکوو سنووری جیاوازی ڕۆشنی خۆی دابنێ لەگەڵ مودەعیانی تری کۆمۆنیزم کە ڕەبتێکیان بەژیانو خەباتو مقاوەمەتو هەوڵی ئەوەوە نییە بۆ ڕزگاری لەدۆزەخی سەرمایەداریو وەزعی موجود بزووتنەوەیەك کە گەر حزبو ڕێکخراوی سیاسی سەربەخۆشی نەبێ، لانی کەم سیماو تایبەتمەندی جیاواز و قورسایی خۆی هەبێ لەکۆمەڵ دا. بزووتنەوەیەکی (قائم بذاته) بێ، کەبکرێ لە هاوکێشە سیاسییە زۆرو زەبەندەکانی عێراقدا، ببێ بەسەرێ لەناو سەرانداو بەڕیزی خۆیو تەوەقوعاتی و حەرەکەت و ناڕەزایەتیو شیعارو پلاتفۆرمی خۆیەوە، بەڕابەڕانی ناسراوو جیکەوتوو و خاوەن نفوزی خۆیەوە بێتە مەیدان. مەسەلەی پێکهێنانی حزبیش، لەجەرگەی ئەو پرۆسەیەو بەپەیوەندی دانەبڕاو لەگەڵ چۆنیەتی ئەنجام دانی ئەو ئەرکە سیاسیو مێژووییە پێوانەو مەترەح دەکرێ، نەك وەکوو چوارچێوەیەك بۆ وەحدەتی(کۆمۆنیستەکان)و ( ڕێکخراوەکان) وچی وچی. ئەوە جەوهەری ترین لایەنیشە لەبواری باس لەتەحەزوبی سۆسیالیستی لەعێراقداو لەهەمان کاتدا جەوهەری میتودی ئێمەش بۆ پێکهێنانی حزب.

ئەڵبەتە زۆر عاملی مێژووییو سیاسی دەوریان بووە لەزوعفیو جێگەوشوێنی لاوازی ئەو حەرەکەتەدا .

لانی کەم 30ساڵ لەحکومڕانی حکومەتێکی ناسراو لەسەرتاسەری دنیادا بەدڕندەییو شەڕو کوشتار کەبچوکترین کەلەبەرو کونو دەرفەتێکی لەهەر جۆرە دەرکەوتنێکی کرێکاریو سۆسیالیستیو رادیکاڵ بڕیوە ناکرێ دەوری نەبێ لەو بوارەدا، 30ساڵ شەڕی بەردەوامومیلیتاریزەکردنی فەزای کۆمەڵ کەکرێکاران یەکەمین قوربانیو زەربەخواردووترین بەشی کۆمەڵ بوون لەبەرانبەریدا نزیکەی 10ساڵ سەختترین ئابلۆقەی ئابووری لەمێژووی 10ساڵی ڕابووردووی دنیادا کە قوربانیە مادیو فیزیکیەکانی تەنها لایەنێکی کاریگەریە قووڵەکانیەتی لەسەر کرێکارانی عێراق، ئەزمەو ناسەباتیو شەڕی ناوخۆی کوردستان کەلە 63ەوە درێژەی هەیە، یا باروودۆخی سیاسی عێراق کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە یەك ساڵ ئارامی سیاسیو وەزعی نۆرماڵی بەخۆیەوە نەدیوەو ڕێگەی ووچانونەفەس دانێکی لەکرێکاران بەگشتیو کرێکارانی کۆمۆنیست بەتایبەتی بڕیوە، یا ئاڵوگۆڕەکانی بواری ئابووریو داتەپینی خێرای ئابووری عێراقو رووخانی کاملی ژێرخانی ئابووریو نسبەتی 60٪بێکاری بەپێی ئاخرین ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانیەکانو داخرانی کارگەو کارخانەکان بەبێ هیچ زەماناتێکی بێکاریو کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانو خێزانەکانیان، یا ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو کاریگەری سیاسیو فکری سلبییان لەسەر زەینی کرێکارانی عێراقو ڕابەرانیانو دەوری لەلاوازکردنی کۆمۆنیزم لەئاستی گشتی کۆمەڵدا یا وەرچەرخانی جیهانیو بەتایبەتی ناوخۆیی قوڵ بەرەو ڕاست ڕەوی لەسەر پایەی ئەو تێك رووخانە ئابووریو کۆمەڵایەتییە گەورەیەی عێراقو ئەو پاشماوە خراپانەی لەرووی فکریو زهنیو مەعنەویو فەرهەنگیەوە لەناو کرێکارانی عێراقدا جێیان هێشتووەو سەر هەڵدانەوەو بووژاندنەوەی ئاگاهانەی سوننەتی عەشائریو تایفیو قەومی نەتیجەی ئەو ڕەوتە بەهێز ئەکرێنو دەورو وکاریگەری زەقی ڕژێمو ئەمریکاو ئەحزابی معارەزەی عێراقیو سیاسەتەکانیان لەو بارانەوە.

ئەوانە سەردێڕی تەنها بەشێك لەو هۆیانە بوون کەکاریگەری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیان داناوە لەسەر چینی کرێکاری عێراقو بەو پێیەش ڕێیان گرتووە لەسەر هەڵدانو هاتنە مەیدانی کرێکارانی کۆمۆنیست لەعێراقدا بە وێنەی بزووتنەوەو ڕەوتێکی سیاسی سەربەخۆ وەستاو لەسەر پایەکانی خۆی. بووژاندنەوەی کۆمۆنیزم لەعێراقداو مەترەح کردنی مەسەلەی تەحەزوب، چ وەك ئەرکیحیزبێکی کۆمۆنیست یا بەشێکیان وەکوو پێش مەرجی پێکهێنانی وەها حزبێك ، لەگرەوی ئیعلانی شەڕی سەرتاسەریە لەدژی ئەو سیناریویانە، نەك سەرکردنە ناو لاکی خۆو پێکهێنانی قۆزاغەیەکی ئاسنین لەدەوری خۆو دابڕانو بێ دەخالەتی نیمچە موتلەق لەکولی ئەو کێشمە کێشانەو مەترەح کردنی ستراتیژی (یەك دنیای باشتر)و (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) و خستنە

دەستوری مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی و چیو چی، بەجیاو بەدابڕاو لەکولی ئەوان، کە بۆ نموونە بەو جۆرە لەدەزگای سیاسی حزبی کۆمۆنیستیکرێکاری عێراقدا مەترەح دەکرێن، دیارە ئەو بارودۆخە ماترپیالۆ هێزی ئەسڵی سۆسیالیزمی کرێکاری لەعێراقدا لەرزۆك کردووەو توونید بوونەوەی کۆنەپەرستی سیاسی رۆژ لەدوای رۆژی نەوەدەکان لەجەرگەی کێشەی ئەمریکاو رژێم داو حەلقاتە سەریعەکانی تەفاعولی ئەو بارودۆخە، ئەوەندەی تر دەرفەتو هەناسەی لەو حەرەکەتە سۆسیالیستیە بریوەو تواناکانی بەرتەسکتر کردۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە گەر تایبەتمەندیەکانو سوننەتەکانو پایە سیاسیو فکرییەکانو دواتریش پرۆسەی بن بەست و فەشەلی حەتمی ئەو بزووتنەوەیە لەبەرچاو بگرین کە لەکۆمەڵدا بەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناسراوەو لەسەرەتای نەوەتەکانەوە لەژێر ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاریدا و دواتر لەقاڵبی رێکخراوەیی حککع دا درێژەی بەهەڵسووڕانی سیاسی خۆی داوە ئەو دیوەکەی تری کێشەکە باشتر رۆشن دەبێتەوە.

جگە لەوەش چەند فاکتەری پایەداری تر دەوریان بووە لەوەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری ناو چینی کرێکاری عێراق مەیلێکی بەرتەسك بێت لەناو گشت بزووتنەوەی کرێکاریداو جێگەو شوێنی لاوازی ببێ لەتفاعلاتو کێشمەکێشو هەڵچوونو داچوونەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیەدا. ئەم مەیلە لەحەفتاکانو هەشتاکاندا بەتایبەتی لەچاو میولی تری ناو بزووتنەوەکە لاواز بووە.

دەکرێ لەو بوارەدا چەند هۆی تر باس بکەین:

**ئەلف/** سەرهەڵدانو قۆناغەکانی گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لەعێراقدا هاوکات بووە لەگەڵ دەورەیەکی مێژوویی تایبەت لەجیهاندا کە بریتی بوو لەزاڵ بوونی سۆسیالیزمی بورژوایی سۆڤیاتیو ئوردووگایی جاران بەسەر کۆمۆنیزم لەگشت جیهاندا. ئەم سۆسیالیزمە بورژوازیە هەر لەسەرەتاوە ژیانی فکریو سیاسی مەیلی سۆسیالیستی ناو کرێکارانی عێراقی لەقاڵب داو خستیە ژێر کاریگەری خۆیەوە .

**بێ/** لەپاڵ ئەوەشدا زاڵ بوونی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیو هەوڵی ئەو بزووتنەوەیە لەهاوکێشەی جیهانیو اقلیمیەکانی ئەو کاتدا بۆ دەرکەوتن وەکوو هەڵگری ئالای ریفۆرمو نەوعێك لەسۆسیالیزمی قەومی بورژوازیو سەرکەوتنی لەپەیداکردنی نفوزی نسبی بەرچاو لەریزی خەڵکی عێراقدا بەگشتی.

**جیم/** زوعفو تارادەیەك غیابی کارو هەڵسورانی کۆمۆنیستی ڕێکخراو لەناو کرێکارانی عێراقدا بەگشتی.

راستییەکەی پایەی ئەسڵی تەحەزوبی کۆمۆنیستی لەعێراقدا بریتییە لەوجودی رەوتو بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی لەناو چینی کرێکاری عێراقدا. بزووتنەوەیەك کە مێژوویەکی درێژی لەهەڵسورانو هەستانو کەوتنو هەستانەوە هەیە.

ئەم بزووتنەوەیە نەبزی دڵی چینی کرێکاری عێراق بووەو لانی کەم لەحەفتاکانەوە وجودو خەباتو هەڵوسەکوتی (جا هەر ئەشکالاتێکی بووبێ) یەکێك لەراستییە ئەسڵییەکانی کۆمەڵ بووە.

سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە زادەی زاڵ بوونی ئابوریو بەرهەم هێنانی سەرمایەداریو شکڵ گرتنی یەکجاری چینی کرێکارە کە وەکو پێشتر وتم لەدرێژەی پرۆسەیەکی درێژدا لەسالانی 60 –70 بەئەنجام دەگات.

دواتریش لەحەفتاکانو گەشەی خێرای سەرمایەداری لەعیراقو شەتەکدانی بەهێزو یەکجاری بەبازاری جیهانی سەرمایەدارییەوە، و شان بەشانی ئالوگۆرە سیاسییە یەك لەدوای یەکەکان، ئاواتو میولی سیاسی (سۆسیالیستی) لەناو ئەم چینەدا زیاتر شکڵ دەگرێو رووتیکردنی ئەم تەیفو مەیلەی بەرەو کۆمۆنیزم لەناو کرێکاراندا کرد بەیەك واقعییەت.

## پایەکانو زەرورەتی حزب

تەحەزوبی کۆمۆنیستیلەعێراقدا لەرووی زەرورەتەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ وولاتانی تر.

چینی کرێکاری عێراق بۆ خەبات لەراستای رووخاندنی سەرمایەداری وەکو پەیوەندی بەرهەم هێنانی زاڵی ناو کۆمەڵو بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم لە رێگەی شۆڕشی کرێکاریو دامەزراندنی حکومەتی شووراکانەوە، پێویستی بە حزبی سیاسی خۆی هەیە.

زەروورەتی حزب لەبنەڕەتدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێ.

رێگەی رزگاری چینی کرێکاری عێراق لەهەموو چەشنە چەوسانەوەیەکی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی تەنها جێگرتنەوەی سیستمی زاڵی بەرهەم هێنانی کۆمەلایەتیە کە لە پەنجاکانەوە بووە بەسەرمایەداری بەسیستەم ونیزامی سۆسیالیستی،بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش حزب چەکی بنەڕەتییە کە بەبێ ئەو خەباتەکەی بەئامانجی یەکجارە ناگات.

بەو پێیە بنیات نانی حزبێکی کۆمۆنیست کە بتوانێت دەوری سیاسی ـ چینایەتی خۆی لە عێراقدا بگێڕێت، یەکێك لە گرنگترین‌و ریشەیی‌ترین‌و بنەڕەتی‌ترین ئەرکی مەیای کۆمۆنیستی ناو بزووتنەوەی کرێکاری‌و کوللی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌یەو لە هەمان کاتیشدا گەورەترین تەکان دەدات بە بزووتنەوەی چینی کرێکاری عێراق‌و گەورەترین بۆشایی لەژیان‌و خەبات‌و بگرە مێژووی هاوچەرخی ئەو چینەدا پڕ دەکاتەوە.

بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی بۆ کۆمۆنیستەکانی عێراق لە مەجرای دامەزراندنی حزبدا، جوابدانەوەی دروستە بەکۆمەڵێك پرسیار لەو بارەوە: بنەماو پایەی حزب چی‌یە؟ تایبەتمەندیەکانی حزبی کۆمۆنیستی چی‌یە؟ پایەی چینایەتی‌و ئاسۆی سیاسی حزبێکی لەو چەشنە کامەیە؟ تایبەتمەندیەکانی حزبی کۆمۆنیست لەعێراقدا چین‌و ئەو تایبەتمەندیانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟ دامەزراندنی فعلی ئەو حزبە بەو تایبەتمەندیانەوە لەگرەوی چیدایە؟ ئەوەلیەتەکان بۆگەیشتن بەو ئامانجە چین‌و؟...تاد.

دیارە تەحەزوبی کۆمۆنیستی جگە لەوەی کە خۆی زەرووڕەتێکەو لە بنەڕەتدا زادەی پێویستی رزگار بوونی چینی کرێکارە لەنیزامی سەرمایەداری لە هەمان کاتیشدا پێشڕەوی لەو مەیدانەدا واتە لە تەحەزوب پێدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاراندا ئاوێنەی ئەسڵی بەرەو پێش چوونی گشت بزووتنەوەی سۆسالیستی کرێکارانیشە.

ئەو زەرووڕەتەی کە ئیجاب ئەکا حزبی کۆمۆنیستی لە عێراقدا تیا دامەزرێت شتێك نی‌یە جگە لەپێویستی بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی چینایەتی لەوەوپێش مەوجودو رابەریکردنی لە قۆناغە جۆراو جۆرەکانی‌و لە مەیدانە جیاوازەکانی دەرکەوتن‌و چوونە پێشەوەی هەمە رۆژەی.

حزبی کۆمۆنیست چەکێکی سیاسی‌و رێکخراوەیی‌یە کە لەرێگای ئەوەوە چینی کرێکار ئەتوانێت ریزەکانی خۆی یەك بخات، خەباتی بباتە ئاستی سەرووترو خۆی مودەرەب تر بکات‌و لەدرێژەی پەرەسەندنی خەباتی دایمی‌و سەپاندنی ئیسلاحات بەسەر بورژوازیدا ئامانجی نهایی خۆی‌و ریگەی رزگاری‌و چۆنیەتی ئەورزگاری‌یە باشتر بناسێت.

حزبی کۆمۆنیست رەمزو عاملی پێکەوە گرێدانەوەی هەموو لایەنەکانی خەبات‌و مقاوەمەت‌و ناڕەزایەتی هەمیشەیی چینی کرێکارەو ئاراستەکردنی‌و رێ نیشاندانێتی بەرەو ئامانجی یەکجاری‌و نیشاندانی زەرووڕەت‌و ئیمکانیەتی لەناو بردنی ئەو نیزامەی کە سەرچاوەی کۆیلەیەتی کرێکارانە، واتە نیزامی کاری کرێ گرتەیی‌و مالکیەتی بورژوازی‌و جێ گرتنەوەی بە نیزامێکی ئەڵتەرناتیو واتە نیزامی سۆسیالیستی.

نیشاندانی ممکن بوون‌و عەمەلی بوونی ئەو ئاڵوگۆڕە، بەهێزی چینی کرێکارو لە عەمەلدا، مەیلی کۆمۆنیستی ناو چینی‌کرێکارو باشترین رێگەی ئەنجام دانیشی بریتی‌یە لەبردنە پێشەوەی لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئەو مەیلەوە.

زەرووڕەتی حیزب لە ئەساسەوەو پێش هەر زەرووڕەتێکی تری سیاسی‌و تاکتیکی‌و مەرحەلی، بۆئەوەیە.

جا وەختێك بزانین کە حەرەکەتێکی فعلی‌و هاوتای ئەو نەوعە لە کۆمۆنیزم لە کۆمەڵدا هەیەو تەأریخ وسوونەت‌و مادیەتی هەیە، ئەو کات لەوە ئاسایی‌تر نی‌یە کە چاوەڕێ ئەوە بین کە ئەو دوو توخمەی سۆسیالیزم واتە چین‌و بزووتنەوەکەی، لەگەڵ حیزب‌و ستادەکەی پێکەوە گرێیان خواردبێ.

بەڵام حزبی کۆمۆنیست لە هەمان کاتدا، حیزبی رەوت‌و مەیلێکی ناو بزووتنەوەیەکی کرێکاری‌یە چونکە لە هەمان کاتی وجودی کۆمۆنیزم لەناو چینی کرێکاردا، (دیارە ئەوە عێراقیش هەر ئەگرێتەوە) بەتایبەتی لەناو باودۆخی ئەمڕۆدا، میول‌و حەرەکەتی‌تریش لەناو چینی کرێکارو بزووتنەوی ئەودا پایگاو جێ پێیان هەیە.

بەو مانایە حزبی کۆمۆنیست ئامرازی رێکخراوەیی‌و سیاسی رەوتێکی دیاریکراویشە کە بەهۆیەوە ئەو بەشەی کرێکاران، واتە کرێکارانی کۆمۆنیست، ئەتوانن هەموو بەشەکانی‌تری کرێکاران‌و نەك هەر ئەوەش بگرە هەموو توێژو بەشەکانی تری کۆمەڵ کە لە سەرمایەداری‌دا ستەم‌و زوڵمیان لێ ئەکرێ‌و حکوومەت‌و دەوڵەتە بورژوازیەکان ئەیان چەوسێننەوە ئەوانیش رزگار بکەن‌و خەباتیان ببەستنەوە بەخەبات‌و ئاسۆو بەرنامەی ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستی‌یەوە.

لە روانگەی ئێمەوە حیزبی کۆمۆنیست لەرووی تەرکیبەوە بەشێکە لەچینی کرێکار، بەشی پێشڕەوترو لەرووی چینایەتی‌یەوە ووشیارتر.

حزبی کۆمۆنیست حزبی چینایەتی کرێکارانەو پێك دێت لەرابەرانو هەڵسووڕوانی چینی کریکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە هەڵگری هەمان ئاسۆیە. حزبێك کەنەك قازانجێکی چینایەتی جیای نییە لە چینی کرێکار، بەڵکو خۆیشی لەحەرەکەت، بەرنامە، سیاسەتو تاکتیكو پراتیکداو لە کوللی وجودیو قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا، بە هەمەلایەنەترین شێوە هەم قازانجی گشتی هەموو بەشەکانی چینی کرێکار دیفاعی لێ دەکاتو هەم رێگەی رزگاری یەکجاری نیشانی ئەو ئەدات، بێ ئەوەی یەك لەحزەش لە خەباتە رۆژانەکانو تەفاعولاتە هەمیشەییەکانی ریزەکانی ئەو چینە دوا بکەوێ بە بیانووی پێ داگرتن لەسەر رێگەی رزگاریو ئامانجی سۆسیالیستی.

پەیوەندی حزبو چینی کرێکاریش وەکوو پەیوەندی سەرو بەدەن وان. هەر بۆیە هیچ حزبێك ناتوانێت تاسەر، بەتایبەتی لەدەورانیتووندبوونەوەی ئەزماتی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، بەبێ پایەگای کرێکاری درێژە بە وجوودو هەڵسووڕانی بدات.حیکمەتی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست لە عێراقدا، لەروانگەی ئێمەوە هەمان شتە. واتە حزبێك کە هەم و غەمەکەیو ناوەڕۆکی وجوودو هەڵسووڕانی، پەیکەرەو حەوزەو ئیعلامەکەی، سیاسەتو تاکتیكو شیعارەکانیو ...تاد، لەو ئاسۆیەوە سەرچاوە ئەگرنو گشت ئەوانە لەژێر ئەو تایبەتمەندیە پایەییەدا بچنە پێش، بێ ئەوەی بارودۆخی تایبەتی ئێستای (یا هەر قۆناغەی) لەبەرچاو وون بکات. ئەو تایبەتمەندیە پایەدارەش شتێك نییە جگە لە تیکۆشان بۆ بەسیج دانی هێزی چینی کرێکار لە دەوری ئامانجو ئاسۆی خۆی، حزبێك کەبتوانێ لە قۆناغو کاتە جیاوازەکاندا ئەو چینە لەمەیداندا راگرێو پێویستە سیاسیو عەمەلیو رێکخراوەییەکانی حەرەکەتی چینایەتی گشت کرێکارانو لە میحوەری ئەوانیشدا حەرەکەتی سۆسالیستی ناو چینی کرێکاری عێراق، دابین بکاتو بەو پێیە حزب لەگەڵ خەباتو پراتیکی چینەکەدا یەك بخاتو بەو مانایە چەقی قورسایی کۆمۆنیزمو هەڵسوڕانی هەمەلایەنەی کۆمۆنیستی بباتە ناو چینی کرێکاری عێراقەوە.

دیارە پێویست ناکات بچمە سەر تایبەتمەندیە پایەدارە هاوبەشەکانی ئەحزابی کۆمۆنیست لەروانگەی کۆمۆنیزمی مارکسەوە. هەر بۆ نموونە یەکێك لە تایبەتمەندی هەویەتی ئەوەیە کە جێگرتنەوەی سەرمایەداری لە عێراقیشدا بە سۆسیالیزم پێویستی بەگرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیو لەکارخستنی دەسەڵاتی سیاسی بورژوازی وحکوومەتەکەیەتی.

بەڵام ئەو ئالوگۆڕە تەنیا مانای ئاڵوگۆڕ نییە لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەم حزبو ئەو لایەنەوە بۆئەوی تر وەیا ئەوە ناوەڕۆکی باسی دەسەڵاتی سیاسی نییە لە روانگەیمارکسییەوە، یا ئەوە قاعیدەی نییە، بەڵکو لەکارخستنی دەسەڵاتی بۆرژوازی تەنها شکڵو فۆرمی شۆڕشی چینایەتی کرێکارانە. شۆڕشێك کە ئاکامی پرۆسەی لەوەو پێشی گەشەو پێشرەویەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بەگشتیو رەوتی کۆمۆنیستی ناو ئەو بزووتنەوەیەیە بە تایبەتی.

شۆڕشی کرێکاریو لەکارخستنی دەسەڵاتدارەتی بورژوازی، ئامانجی سیاسی راستەوخۆی چینی کرێکارە. نەك هەر ئەوە بگرە چینی کرێکاروبزووتنەوەکەی تەنها چینو بزووتنەوەن کە تواناو شایستەی ئەو کارەیان هەبێ.

حزبی کۆمۆنیستیش بەو ئەندازەیە جدیيە لەتەرحی دەسەڵاتی سیاسی، کە توانیبێتی مەلزوماتی ئەو حەرەکەتە لەناو چینی کرێکاردا بەوجوود بهێنێتو بیان باتە ئاستێکی بەرزتر.

دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیست لە عێراقدا لە دڵی گەشەو تفاعلو پێشرەویو پەرەسەندنی سیاسیو فکریو رێکخراوەیی ئەو ئاسۆیەو ئەو پرۆسەیەو بەو میتۆدە مانای عەمەلی پەیدا دەکات. کۆمۆنیزمو هەڵسووڕانی کۆمۆنیستیش هەم لەوێوە سەرچاوە دەبەستێو هێز وەردەگرێو هەم بە پەیوەند بەوانەوەو بە ئەندازەی بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەوانە، ئەتوانێ باس لەپێشرەوی خۆی بکات.

مەترەح کردنی باسی حزبییەتی کۆمۆنیستی لە عێراقدا، بەبێ دەست پێ کردن لەو بنەمایانەوەو بەسەربەخۆ لەوان، دواتریش داڕشتنی نەقشەو ئەولەویەتەکانو تایبەتمەندیە عێراقییەکانی ئەو حزبەو ئەرکە فەورییەکانی بەپێی ئەوانە نیشاندەری دەرکێکی پێ هەڵبراوە لەزەوی لەهەمان کاتدا ئەو دەرکە پێشێل کردنو لادانو شێواندنی یەکێکە لە کۆڵەکە ئەسڵیەکانی تیۆری مارکسیستی سەبارەت بەحزبی کۆمۆنیستو پایەکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی.

هەروەها پێ داگرتنی یەك لایەنە لەسەر ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی عێراقو کێشمەکێشی نێوان بزووتنەوە سیاسییەکان لەکۆمەڵداو إستنتاج کردنی حزبییەتو زەرووڕەتی بەتەنها لەو شوێنەوە، خاوەنەکەی ئەگەیەنێ بە ئیستینتاجاتو ئەڵگۆیەك لە حزب کە

پەیوەندیەیەکی بە خەباتی چینایەتیو پایەی ئەسڵی حزبی کۆمۆنیستیەیەوە نیەیە کە بریتیەیە لە چینی کرێکارو حەرەکەتی ئەوو جێگەوشوێنی لە کۆمەڵو ئاستی ئامادەیی ئەو چینەو بارودۆخی گشتی کۆمەڵ.

* * *

سەرباری نائامادەییەکانی مەیلی کۆمۆنیستی کرێکاریو زوعفە بەرچاوەکانی کە هۆی زاتیو مەوزوعی خۆیان هەیە، بەڵام هەر ئێستا کۆمۆنیستەکانی عێراق مولزەمن بەدامەزراندنی حزبێك لەسەر ئەو بنەمایانەو بەپێی ئەو ئەڵگۆیە. دیارە دامەزراندنی ئەو حزبە لە هەنگاوی یەکەم دا،و تەسریع دان پێی بەپێی تایبەتمەندیو ئاڵوگۆڕە سیاسیە خێراو قووڵەکانی عێراق، تەسریعێك کە ئەو تایبەتمەندیە پایەدارانە کاڵ نەکاتەوە، دەستی کۆمۆنیستەکانی عێراق واڵا ئەکات، بۆ چوونە پای بەرجەستە کردنەوەی زۆرێك لەو ئەرکانەی کەهەر ئێستا بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری رووبە روویانەو بەو پێیە بچنە پای جوابدانەوە بەو مەسەلانەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەو چارەی زوعفەکان، لە قامەتو لەزەرفییەتی حزبێکدا.

ئەوکات بردنە سەری زیاترو هەمیشەیی ئاستی ئینسجامو جێگەو شوێنی ئەو حزبە لەکۆمەڵو ...تاد، ئەبێ بە ئەرکی حزبێك بەو تایبەتمەندیو پایە ریشەدارانەوە کە لەپێشەوە ووتم.

دیارە هەموو ئەحزابی کۆمۆنیستو لە جوملەی ئەوان حزبی جێی بڕوای ئێمەش خاوەنی دوو جۆر تایبەتمەندی دەبن. یەکەمیان: تایبەتمەندی پایەدارو بنەڕەتی کە تابعی زەمانو مەکان نین. دوەمیش: ئەو تایبەتمەندیانەی کەئەوزاعی تایبەتی عێراقو بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیو ...تاد، لەم بارودۆخە تایبەتە لەعێراقو دنیادا مەوجودە.

هەروەها مەرجی پێویست بۆ نانی دوا هەنگاو بۆ دامەزراندنی حزبێکی وا جگە لەهەڵسان لەو دەرکو روانگەو میتۆدەوە کە باسم کرد، بریتیەیە لە تەئکید لەسەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی مەسەلەی تەحەزوبی کۆمۆنیستیو لەوێیشەوە سنوور دانان لەگەڵ دەرکە فیرقەییو زاتیو سەرووچینایەتیەیەکان کەئەمڕۆ لەناو بەشێك لە کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراقدا رەواجی هەیە. واتە سنووردانانو دابڕانی یەکجاری لە(میتۆدی) حزبی خۆشەویست! و ئەو جۆرە ئیدراکاتو مەقولاتانە.

# دواگۆڕانکاریەکانی
# هەلومەرجی سیاسی عێراق و هەڵوێستی ئێمە

## بەشی یەکەمی قسەکانی هاوڕێ نزارعبدللە :

## پێشەکی :

هاوڕێیان ! ئێمە لەکۆنفرانسی یەکەمدا دەربارەی هەلومەرجی سیاسی عێراق باسێکی هەمەلایەنەو موتەکاملمان کردو ڕێگاچارەی سۆسیالیستیو کرێکاریمان لەچەند هێڵێکی سەرەکیدا خستەڕوو.هەرئەم باسانەمان تاڕادەیەك دواتر لەشکڵی چەندین ووتارو لێکدانەوەدا بەتایبەت لە سەروتارەکانی بڵاوکراوەی پەیامی کۆمۆنیزمدا،دووپات کردەوەو دەربارەی گۆڕانکاریەکانی عێراق خستمانە ڕوو.

لێرەداو بەهەمان میتۆدو بەپشت بەستن بەهەمان لێکدانەوەوە پێویستە دواگۆڕانکاریەکانی مەیدانی سیاسی عێراقوکوردستان لەدوای کۆنفرانسی یەکەمەوە لێك بدەینەوەو قسەی لەسەر بکەینو هەڵوێستی خۆمان دیاریبکەینو هەتاکو پێشبینییەکانی داهاتووش، چەند ئیمکانی هەبێ،بخەینە ڕوو.ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی خۆمان لەئاییندەدا بۆ ئەو مەهامو تەحەدیاتە مێژوویانەی ئێستا کە ڕووبەڕووی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێتەوە ئامادەبکەینو بەئامادەییەکی سیاسیوعەمەلی تەواوەوە بچینە پای ئەنجامدانی ئەرکو وەزیفەو سیاسەتەکانمان.ئەمە دەروازەیەکی گشتییە بۆ چوونە ناو باسەکەمانەوە.

## دواگۆرانکاریەکانی بەرامبەرکێی ئەمریکا ـ عێراق !

سەرەتا دەچمە سەر گرنگترینو پایەییترین ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری یەکساڵی رابووردوو..هەر لەدوای کۆنفرانسی یەکەمەوە سەرەتاکانی ئەزمەو بنبەستێکی هەمەلایەنە لەنێوان ئەمریکاو عێراقدا دەستی پێکرد.مەعلوم بوو کەئەمریکاو عێراق ململانێکانیان خەریکە دەچێتە سەر تەوەرەیەکی ترو شکڵوشێوەیەکی تازە بەخۆیەوە دەگرێ.ئەزمەکە تادەهات قووڵ تر دەبووەوەو هەردوو تەرەف زیاتر پەرەیان پێدەداو (خيار التصعيد)یان هەڵدەبژارد،تائەو ئاستەی کە ئامادەبوون لەڕووی سەربازییەوە بچنە بەرامبەرکێی یەکترو شەڕی عەسکەری لەدژی یەکتر هەڵبژێرن.پرسیاری واقعی ئەوەبوو کە هۆی چییە هەردوو تەرەف پەرەدەدەن بە بەرامبەرکێی نێوانیان دوای نزیك بە 9ساڵ لە ململانێ وەکو ئەوەی تازە دەستیان پێکردبێ؟ هۆی چییە ئەمریکا لەم دەورەیەدا زیاتر یەخەی ڕژێم دەگرێو مەسەلەی کاری لیژنەکانی پشکنین بەئاقاری بنبەستوئەزمەدا دەباتو بەڵگەو بیانووی جۆراجۆر دەهێنێتەوەو تەنانەت بەڵگە دروست دەکات هەروەکو ئەوەی لەم دواییانەدا کەشف بوو؟ هۆی چییە دەیەوێ کە هەموو ئەمانەش بکات بەدەلیلو بیانوویەك بۆ لێدانی سەربازی عێراق؟

لەخلالی ئەم پرۆسەیەدا مەعلوم بوو کەئەمریکا ناتوانێت ئیتر مەلەفی عێراق بەو جۆرەی کەهەیە بهێڵێتەوەو پێویستی بەوەهەیە ئاڵوگۆڕێك لەسیاسەتەکانیدا پێك بهێنێ.ئەم ئاڵوگۆڕە هەڵبژاردنی سیاسەتی سەرنگونکردنی رژێمی عێراق بوو.هۆی سەرەکی ئەوەیش کەئەمریکا شەڕوکوشتار بەرپادەکاتو پەرەدەدات بەتەدەخولو ملهوڕیەکانی لەعێراقدا لەم سیاسەتەوە سەرچاوەی گرتووە.هەر لەدرێژەو لەچوارچێوەی ئەمەدا بوو کەئەمریکا یاسای ڕزگارکردنی عێراقی داڕشتو کۆنگریس پەسەندی کرد.

سەرەتا زۆر کەسو لایەن تەشکیکیان ئەکرد بەوەی کە ئایا ئەم سیاسەتە چەند جدیيەو ئەمریکا مەبەستی مناوەرەیەکی سیاسییە یان نەخشەیەکی عەمەلی داڕێژراو؟ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی زۆر جار بەدوودڵییەوەو هەندێك جار بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك لەناجدی بوونی ئەم سیاسەتە، هەڵبەتە لەڕوانگەی بەرژەوندییەکانی خۆیانەوە، نیگەرانیان دەردەبڕیو خوازیاری ئەوەبوون ئەمریکا بەجدی بێتە پای سیاسەتەکانی.دیارە ئێستا گومانێك نەماوەتەوە کەئەمریکا بەفعلیو بەجددی دەیەوێ رژێم بڕووخێنێو حکومەتێکی پرۆئەمریکی بهێنێتە سەر کار.خۆشمان هەم پێشبینی ئاڵوگۆڕمان کردبوو لەسیاسەتی ئەمریکاداو کاتێکیش کە تەرحی کرد ئەو بەرژەوندییە ئیقلیمیو نێودەوڵەتیانەی کە سیاسەتێکی وای بەسەر ئەمریکادا فەرز کردووە خستمانەڕوو.بەڵام لەهەمان کاتدا ڕوونمان کردەوە کە ئەمریکا ناتوانێت یەکسەر بچێتە پای جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەو دەبێ زەمینەو پێویستییەکانی ئەم کارە لەپرۆسەیەکدا لەسەر ئاستی ناوخۆییوئیقلیمیودەولی فەراهەم بکات.بەم پێیە لەیەکساڵی رابووردوودا ئەمریکا خەریکی فەراهەمکردنی زەمینەو پێویستییەکانی تەنفیزی نەخشەی رووخاندنی رژێم بووە.ئەگەر سەرنج بدەن دەبینن کە خودی عەمەلیاتی ناوبراوبە( ثعلب الصحراء) بەپێی ئەم سیاسەتو ئامانجە بەرەپێش دەچوو.خودی لێدانەکانی ئەمریکا لەو شەڕەداو هەڵبژاردنی ئامانجە سەربازیەکان ئەم ئامانجە بەسەریدا زاڵبوو.ئەو لێدانە سەربازیانە ئەو شوێنە ستراتیژیانەی دەگرتەوە کە ببێتە هۆی ئیفلیجکردنی رژێمو

لەدەستدانی کۆنترۆڵی بەسەر شارەکانی جنوبدا.دیارە بەو مەبەستەی بتوانێت لە سبەینێدا جێگایەك بۆ ئۆپۆزسیۆن و کێشەو شەڕی ناوخۆیی خۆش بکاتو بۆ نمونە ،وەکو ئەگەرێك، ناوچەیەکی وەکو ئەمەی کوردستان پاکتاو بکات.

بەهەرحاڵ سیاسەتی سەرنگونکردنی رژێم سیاسەتی یەکساڵی رابووردووی ئەمریکا بووەو هەمەلایەنە پەیرەوی لێکردووەو بەرنامەی بۆ داڕشتووەو لەبەرزترین ئاستدا هێزو ئینرژیو ئیمکاناتی بۆ تەرخانکردووە.دیارە هەموو ئەمانەش لەدڵی کۆمەڵێك ئاڵۆزیو گرێوگۆڵی ناوچەییونێودەوڵەتیدا.ئەوەی کەچەند لەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووەو توانیوێتی زەمینەکانی فەراهەم بکات مەسەلەیەکە کەدەبێ تاووتوێ بکرێو بخرێتەڕوو.ئەوەی کەمەعلومە ئەم سیاسەتە بەسەر ڕەسیفدا ناڕواتو پڕە لەئاڵۆزیو سەرکەوتن تیایدا بەزۆر فاکتی داخلیو نێو دەوڵەتییەوە گرێی خواردووە، کەلە هەموویان گرنگتر مقاوەمەتو بەرگری سەرسەختانەی رژێمی بەعسە لەبەرامبەریدا.

لەواقعدا دیووی دووەمی گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی یەکساڵی رابووردووی عێراق، مقاوەمەتوتەصعیدو بەرامبەرکێی رژێم بووە لەبەرامبەر ئەمریکادا.کاتێك ئەمریکا سیاسەتی سەرنگوونی هەڵبژاردووە،رژێم پاشەکشەی نەکردووەو دەستی لەدەسەلات شل نەکردووە.بەپێچەوانەوە زیاتر بۆ مانەوەو دیفاعکردن لەخۆی هاتۆتە مەیدانو بە هەر شێوەو بەهەر قیمەتێك بووبێ، مقاوەمەتی کردووەو دیفاعی کردووە لەدەسەلاتەکەی. لەم نێوەدا هەم فەزای عەسکەرتاریەتو ملهوڕی سەربازی داسەپاندووەو هەم تەواوی ئیمکاناتو ئیراداتی عێراقی بۆ خزمەتی خۆی تەرخانکردووە، کەدواترینیان بازرگانی کردن بەو برە خۆراكو خواردنەوە بوو کەبەپێی بڕیاری 986 بۆ منداڵانو خەڵکی عێراق هاتبوو. رژێم لەیەکساڵی رابردوودا زیاتر هەوڵی داوە کەهێزە سەربازیەکانی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو ئیمتیازیان بداتێ،زیاتر دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی توندوتۆڵ بکاتەوەو بیانپارێزێو ئامادەیان بکات بۆ هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕوانکراو.لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەوڵیداوە کەکەڵك لەقەڵشتو ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش وەرگرێو بۆ پاشەکشەکردن بە ئەمریکا بەکاری بهێنێ.جگە لەهەوڵەکانی رژێم لەسەر ئاستی ناوچەکە،ئەم مقاوەمەتو بەرگرییە توندە هەلومەرجی عێراقوتەنانەت ناوچەکەیشی بە خۆیەوە مۆرکردووە.

## دوا ئاڵوگۆڕاکانی ئۆپۆزسیونی بۆرژوایی عێراق !

لەلایەکی ترەوە ئێمە لە یەکساڵی رابردوودا شاهیدی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری جدی بوین لە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا.دیارە خۆمان ئاگادارین کەچۆن ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراق لەدوای ساڵی (1991 ) وە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتو بوژایەوەو(inc) پێکهاتو لەژێر چەترێکدا تەیاراتو بەشەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی کۆکردەوەو دواتر بەهۆی بێئاسۆییو گرفتەکانییەوە بەچ دەردێ چوو.ئەمانە ئاشکران. بەڵام لەیەکساڵی رابردوودا ئێمە شاهیدی دووبارە مەیداندارببوونەوەو هێز بەبەرداهاتنەوەی ئەم ئۆپۆزسیۆنەین. زۆربەی بەشەکانی ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەوڵیان داوە راستەوخۆ خۆیان لەگەڵ سیاسەتە تازەکانی ئەمریکادا بگونجێنن و هەوڵی سەرخستن و جێبەجێکردنی بدەن.ئەمە بەشێکی ترە لە سەرەکیترین ئاڵوگۆڕەکانی یەکساڵی رابردوو. ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراق هەوڵی داوە، ویڕای دووبارەکردنەوەی خۆش خزمەتییەکانی بۆئەمریکاو درێژەدان بە سیاسەتەکانی دەورەی رابردووی، راستەوخۆ بچێتە پای پاکانەکردن بۆ نەخشەکانی ئەمریکاو لەژێر سەرپەرشتی(سی ئای ئەی)دا خەریکی تەنفیزی یاسای ڕزگارکردنی عێراق بێ.

دیارە ئەمریکاش لەلای خۆیەوە زیاتر هانیداون تاکو بێ ئەملاوئەولا دیفاع لەسیاسەتەکانی بکەنو بۆ جێبەجێکردنی تێبکۆشن.بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە 7 هێزی لە ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی یاسای ڕزگارکردنی عێراقدا دیاریکردو مەلەفەکەی بەکراوەیی هێشتەوە بۆ هەڵبژاردنی هێزی تر.

بەڵام دیارە بوژانەوەی ئۆپۆزسیۆنیش بەکۆمەڵێك گیروگرفتو ئاڵۆزیدا تێپەڕیووەو پڕبووە لەناکۆکیو ململانێی هەمەلایەنە لەنێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا. هەربەم هۆیەوە پرۆسەی ئینسجامو کۆکردنەوەو زاڵ بوون بەسەر ناکۆکیەکانیاندا پرۆسەیەك بووە درێژخایەنو نادیارونارۆشن بووە.تەنانەت ئەم هێزە بۆرژواییانە سەرزەمینێکیشیان شك نەبردووە تیایدا ئەو ناکۆکیانەیان یەکلابکەنەوە.بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەم هێزانەو ناسیونالیزمی کوردەوە نەیان توانیوە کەڵك لەکوردستان وەربگرنو بیکەن بە سەرزەمینێك بۆ درێژەدان بە چالاکیەکانیان.

بەڵام هەرچۆنێك بێ و سەرەڕای ناكۆكیو توندی كێشەكانیان،ئێمە شاهیدی بوژانەوەو فەعالبوونەوەی ئەم هێزانەین.بەتایبەتی دەبینین كە هێزە ئیسلامیەكان بەئامادەییو گەشەكردنێكی زیاترەوە خۆیان بەسەر مەیدانی سیاسی عێراقدا فەرز كردووەو دەورێكی زیاتریان لەناو ئۆپۆزسیۆندا پەیدا كردووە.هەروەها دەبینین كە ئەم هێزانە بەتەواوی دەستیان بەرداوە لە دژایەتی كردنی ئەمریكاو بەهەموو شێوەیەك هاوكاری دەكەنو تەنانەت لەژێر سەرپەرشتی (سی ئای ئەی) دا ئامادەن كار بۆ ڕوخاندنی ڕژێم بكەن.دیارە ئەم هاوكارییە ڕاستەوخۆیە بێ پێشینە نەبووەو لەئازاری ساڵی 1991 ەوە دەستی پێكردووەو ئەم دواییانە بەم شێوەیەی ئێستا درێژەی هەیە. دەمێكە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی باس لە مافی مرۆڤو زەرورەتی ئاڵوگۆڕی دیموكراسی لەعێراقدا دەكاتو لەسەر ئەم بنەمایەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ غەربوئەمریكادا تەعریف دەكاتو لەو ڕێگایەوە دەیەوێ ستراتیژی خۆی تەحقیق بكات.بەڵام لەواقعدا چوونە پاڵ ئەمریكاو دیفاع لەسیاسەتی ڕووخاندنی ڕژێم بەهاوكاری ماددیوسەربازیو لۆجیستی ئەمریكا لەلایەن ئەم هێزانەوە یەكێكە لەو ئاڵوگۆڕە سەرەكیانەی یەكساڵی ڕابردووی عێراقو هەڵبەتە كاریگەری جددیش لەداهاتوودا بەسەر هەلومەرجی عێراقو كوردستانەوە بەجێ دەهێڵێ.ئەوەی كە خودی ئەمریكاش دەستی داوەتە باڵی ئەم هێزانەو بزووتنەوەی ئیسلامیو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق وەكو هێزی دیموكراتی دەناسێنێو لەچوارچێوەی ڕزگاركردنی عێراقدا پێناسەیان دەكاتو ئامادەیە هەموو جۆرە كۆمەكێكیان پێبكات، ئەمە ئاڵوگۆڕێكی ستراتیژی ئەمریكایە بەرامبەر هێزە ئیسلامیەكانو هەڵبەتە كاریگەرییەكی جددی لەسەر ئایندەی عێراقوكوردستان دادەنێو بەبارێكی زۆر كۆنەپەرستانەتردا لە جاران هەلومەرجەكە یەكلا دەكاتەوە.

دیارە هەر ئێستا هێزە ئیسلامیەكان لەمەیدانی سیاسی عێراقدا دەورێكی زیاتریان هەیەو تەرەفێكی سەرەكی ململانێكانی كوردستانو عێراق پێك دەهێنن.وجودی ئەم هێزانە لەكوردستانی عێراقدا ئاشكراو بەبەرچاوەوەیەو دەوریان لەكێشمەكێشەكانو حساباتوهاوكێشە سیاسیەكاندا دەبینرێو ڕوو لەگەشەیە.سەبارەت بەكولی عێراقیش هەموان ئاگادارین كەلەدوای كوشتنی صادق الصدر چ ناڕەزایەتیەك شكڵی گرتوتەقیەوەو چۆن بەرۆشنی ئەو واقعیەتەی نیشاندا كە هێزە ئیسلامیەكان تەرەفێكی سەرەكی ململانێن لەگەڵ ڕژێمدا.ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی وەكو ئۆپۆزسیۆنێكی سەرەكیو بەهێز لە عێراق هاتە سەر سەتحودەركەوتو سەركوتی خوێناوی و لەخوێن هەڵكێشانیش نەیتوانی هێزو نفوزەكەی بشارێتەوە.ئەو ناڕەزایەتیانە خۆی لەخۆیشیدا نمایشی چاوەڕوانیەك بوو لە ئەمریكاو هێزە ئیسلامیەكان، لەوەی كەهاوكاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێم سەرەنجام بەچ بارێكدا پێویستە بشكێتەوە.

دیارە من زۆر جاریش باسم كردووە كە ئیسلامیەكان ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەر خۆیاندا هێناوە.شێوەی خەباتو ململانێیان لەگەڵ ڕژێمدا بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابووردوودا جیاوازترو گونجاوترە.ئەم واقعیەتە بەشێكی ناچارییەو بەشێكی تری هەوڵێكی ئەوانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەدا.ئاشكرایە لەدوای ووشك كردنی هۆڕەكانو بەكارهێنانی گازوئەنواع چەكی كوشندەی تر، ئیتر ئیسلامیەكان بۆیان ناكرێ لەڕێگەی چەكدارەكانیانەوە هەر ماوەجارێك لەڕژێم بدەنو بگەڕێنەوە بۆ هۆڕەكان یاخود بۆ ئەو دیووی ئێران، تارادەیەك دەستیان لەم جۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم هەڵگرتووە.زیاتر هەوڵیان داوە تاكو قاعیدەیەكی تەنزیمی پتەو لە ناو خەڵكدا دابمەزرێنن، جەریدەو ڕۆژنامەكانیان بڵاوبكەنەوەو لە شوێنی جۆراجۆرەوە، لەكوردستانو جنوبەوە، بەدەستی خەڵكی بگەیەنن.ئەم خۆگونجاندنو گۆڕینە لەشكڵ شێوەی هەڵسووراندا زیاتر وەكو جەرەیاناتێكی كۆمەڵایەتی ئەم هێزە ئیسلامیانەی بەهێزكردووەو لەغیابی بەدیلی ڕادیكاڵوكۆمۆنیستیدا توانیویانە تا ئەندازەیەكی بەرچاو فەراغی سیاسی مەیدانی عێراق پڕبكەنەوە.

جگە لەم واقعیەتە پایەدارانە هەندێك ئاڵوگۆڕی تر لەناو ڕیزەكانی ئۆپۆزسیۆندا بەوجود هاتووە كەشایەنی ئەوەیە ئامـاژەی بۆ بكرێ، ئەگەرچی بەبەراوورد لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا فەرعی ترە.

لەیەك ساڵی ڕابردوودا تەیارێكی تر لەناو ڕیزەكانی ئۆپۆزسیۆندا سەری هەڵدا كەناوی (تیار الوسط الدیمقراطی) لەخۆی نابوو.ئەم تەیارە شاملی كۆمەڵێك كەسایەتیو لایەنو ئیئتلافاتێكی دیاریكرابوون كە دەیان وویست نوێنەرایەتی دەنگێكی تر بكەنو نوێنەرایەتی ئاڵوگۆڕی دیموكراسی بكەن لەعێراق. سەرەتا خۆیان وانیشاندا كە بەرامبەر ئەمریكا ڕەخنەیان هەیەو خوازیاری دەستبەجێ هەڵگرتنی گەمارۆی ئابورین لەسەر خەڵكی عێراقو گوایە ئەو گەمارۆیە دژی ئەو خەڵكەیەو بەقازانجی ڕژێمی بەعس شكاوەتەوە.دیارە من لێرەدا بەپێویستی نازانم سەرەدێكی نەزەراتو لێكدانەوەی ئەوان بكەم.زیاتر مەبەستم ئەو ئاڵوگۆڕەیە كەئەم تەیارە لەم ماوەیەدا بەسەریدا

هاتو راستەوخۆ چووە پاڵ ئەمریکا.کاتێك زانیان مەسەلەی رووخانی رژێم لەلایەن ئەمریکاوە بـەجدی وەرگـیراوەو بـەجدی کـاری بـۆ دەکرێ و گەر پێوەی پەیوەست نەبن لە کاروان دوا دەکەون، ئەوکاتە بایان دایەوە بەلای ئەمریکاداو سەرەتا بەموجامەلەی بەشـەکانی تری ئۆپۆزسیۆنو دواتر بە خێمە هەڵدان لەژێر چەتری ئەمریکاو بەشەکانی تری ئۆپۆزسیۆندا کۆتایی هات.

بەهەرحاڵ ئەمانە ئاڵوگۆڕە سەرەکیەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراق بوو. بەرۆشنی دەبینرێ کە لـەدەروونیدا ئۆپۆزسـیۆنی ئیسـلامی هـێزو مەکانەیـەکی زیـاتری لەتـەواوی ئـەوانی تـر پـەیدا کـردووە.مەسـەلەی ناسـیونالیزمی کوردیش کـە بـەهێزترین بەشـی تائێسـتای ئۆپۆزسیۆن بووە، لەکوردستان دەورو نفووزی واوەتر ناچێو هەر لەوێشدا هێزی ئیسلامی مونافسی لێ پەیدابووە.چارەنووسی خۆیشـی دووچاری نارۆشنـیو لێڵیـەو دەسـکەوتەکانی ئێسـتای لەمەترسـیدایە. لەبەرئـەوە هەمیشـە هـەوڵیداوە کـە بیانپـارێزێو لـەم هەلومەرجەدا، کەرەشەبای ئاڵوگۆڕی سەرەکی هەڵیکردووە، لەدەستی نەچێ.نە ئـەوەی بەئاسانی بەدەست هێنـاوەو نـە ئامادەیشـە بەئاسـانی دەسـتی لێ بـەربدات.بۆیـە بـەناچاری هـەم لای لـەرژێم کردۆتـەوەو هـەم لەئـەمریکا.لەگـەڵ رژێمـدا لەسـەر بنـەمای ئـەو دەسکەوتانەی بەدەستی هێناوەو ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات، هەوڵی داوە تاکو کـەڵکی لێ وەربگرێو لەگەڵ ئەمریکاشدا هـەوڵیداوە کەئیمتیازاتی زیاتری لێ وەربگرێ تاکو لەرژێم دوور بکەوێتەوە. بەڵام سەرەنجام ئەم چاوەڕوانیو سیاسەتە دووفاقیـیە، کـەبزانێت لای ئەمریکا دەستی لە دەسکەوتی زیاتر گیردەبێو ئەوانەی ئێستایشی بۆ دەپارێزرێ، ئەوکاتە بەلای ئەمریکادا زیاتر دەیشکێنێتەوە.

بـەڵام ئـەم هـێزە لەگـەڵ بەشـەکانی تـری ئۆپۆزسـیۆندا هـەولیداوە کـە داخوازیـەکانی خـۆی بسـەپێنێو فیدرالیزمیـان بەسـەردا فـەرز بکات.ناکۆکیەکانی نێوان ئەم هێزەو هێزەکانی تری ئۆپۆزسـیۆن لەسـەر مەسـەلەی فیدرالـیزم هەرچـەند سـەرەتا سـەخت بـوو، بـەڵام خەریکە سفت تر دەبێو بەهاوکاری ئەمریکا وەکو ناکۆکیەکی خەفیفو قابلی چارەسەر دەردەکەوێ.

دیارە حەلبوونی ئەم ناکۆکیانە بۆ ئەمریکاش گرنگی زۆری هەیەو بەشێکە لەهەوڵو تەقەلاکانی بۆ تەبدیلکردنی کوردستان بە جێگایەك بۆ ئۆپۆزسیۆنو بۆ رووبەڕووبوونەوەی رژێمو زیاتر تەریك خستنەوەو فشار خستنە سەری.

بەهـەرحاڵ ئەمـە مەسـەلەیەکە لەپـەیوەند بەهەلومـەرجی کوردسـتانەوە بەتایبـەتی قسـەی لەسـەر دەکـەینو دواگۆڕانکاریـەکان دەخەینەروو.

ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی بزوتنەوەی کرێکاریش پێویستە دیسانەوە بەشێکی بۆ جیابکەینـەوەو بەتایبـەتی لەبـەرگرنگی ئەم مەسەلەیە دەربارەی قسەبکەین

## ئەحمەد معین:

## بەرامبەرکێ ی ئەمریکا ـ عێراق

### *أـ سیاسەت و ئاما نجەکانی ئەمریکا !*

لە ساڵی رابووردوودا ئەمریکا دەخاڵەتی خۆی لە عێراق توندتر کردۆتەوە بە ئامانجی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێك لـە دەسـەڵاتی سیاسـی لە عێراقدا.

واتە بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ هاتنە سەر کاری نیزامێکی پڕۆ ئەمریکی تیایدا. ئێستا تـەدەخولی ئـەمریکا گەیشـتۆتە قۆنـاغێك کـە پێی بلێین کە ئیتر خەریکە بەری (10) ساڵ سیاسەتی خۆی لە عێراق بچنێتەوەو بتوانێت نیزامێکی وابەستە بەخۆی، نـیزامێك کـە لـە راستای سیاسەتی ئەوو خزمەت بەو بکا لە ناوخۆی عێراقدا، بێنێتە سـەر کار. بـە مانایـەکی تریـش ئـەمریکا ئێسـتا لـە مەوقعیـەتێکی وادایە کە بتوانێت دەخاڵەتی چەند ساڵەی بکات بە سەکۆیەكو وەسیلەیەك تا لە دەروازەی ئەوەوە، واتـە لـە زاویـەی حـەلی مەسـەلەی دەسەڵات لە عێراقەوە، بتوانێت گشت سیستمی سیاسی ناوچەکە، لـە ژێـر دەسـەڵاتدارەتی خۆیـدا، راگرێـت. هـەر لەوێشـەوە بتوانـێ بەربەرەکانێ بکات لەگەڵ موناقسە جیهانیەکانی وەکو فەرەنساو روسیاو پێش بە هەوڵەکانی ئەوان بگرێ بۆ پـەل کوتـان بـۆ ناوچەکـە. هەر بە وەسیلەی هەمان دەخاڵەت لە ئەوزاعی سیاسی عێراقەوە ئەمریکا هـەوڵی داوە بـۆ پێشـگرتن بـە جـەرەیاناتی ناوچـەیی وەکـوو پاشماوەی جەرەیاناتی میلیتانتی ناسیونالیستی عەرەب، یا ئێرانو بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا

بەگشتی بەدیهێنانی نیزامێکی پرۆ ئەمریکی لە عێراقدا، جگە لە زەرورەتە ناوخۆییەکـەی لـە هـەمان کـاتدا وەسـیلەیە بـۆ تـەکمیل کردنی ئەو ئامانجانەی تری ئەمریکا لە ئاستی ناوچەکەدا.

مەسەلەیەکی گرنگ لە پەیوەند بەوەوە شکڵی گۆڕینەکەو وەسیلەی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسییە لە عێراقدا بۆ ئەمریکا.

پێ دەچێ ئەمریکا سیناریۆو خەیاراتی هاوبەشی لەبەرچاو گرتبێ بۆ ئەوە.

بەڵام لە مەجموعدا لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەو ئاڵوگۆڕە بە ئارام بچێتە پێش بەبێ ئـەوەی زەربەیـەك لـە كـولی رژێمەکـە بـدات وەیـا جەوهەرو پایەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا تووشی لەرزە بکات.

سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار لە ئەمرۆی عێراقدا ئاکامی پرۆسەیەکی دوورو درێـژەو ئـاڵوگۆڕی زۆری تیـا بـەدی هـاتووە. ئـەمریکاش دەیەوێ وەکوو سیستمێك بە دەستییەوە بگرێو بۆ ئامانجو بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. واتە تەنها ئـاڵوگۆڕێك لـە سـەری سەرەوەی نیزامە سیاسییەکە بەدی بێتو باقیەکەی بـەحازری بکەوێتـە دەسـت جێنشـینەکانی تـا راسـتەوخۆ بخرێتـە خزمـەتی ئـەو ئامانجانە.

ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە دە ساڵی رابووردوودا زەمینەی پتەو خۆش بـووە بـۆ گـرێ دانـەوەی عەجەلـەی ئـابووری لـە عێراق بە شکڵی راستەوخۆ بە ئابووری ئەمریکاوە. نەك هەر ئەوە بگرە ئەمریکا ئاگاهانە هەوڵی داوە کـە لـەو مەیدانـەدا هیـچ جـێ پـێ یەك بۆ دەوڵەتانیتر نەکاتەوە لە سبەی رۆژی کەوتنە گەڕی چەرخەکانی بەرهەم هێنان لە عێراقدا، جـا چ لـە قۆنـاغی بینـا کردنـەوەی ئابووریەکەی بێت چ بۆ گرێ دانەوەی سەرجەم بازاڕی ناوخۆی سەرمایە بێت بە سەرمایەی ئەمریکییەوە.

دیارە ئەمە دافعی راستەوخۆی دەخاڵەتی ئەمریکا نەبووە لە عێراقدا، بەڵام لە ئێستادا ئامانجێکە بۆخۆی.

ئەمریکا هێشتا نەیتوانیوە لە ئاست ناوچەکەدا سیستمی سیاسی جێی ئومێدی خۆی بە تەواوی جێبخات. دیارە ئـەو پێشـبینیانەی منصور حکمتیش نەهاتە دی لە ناوچەکەدا کە لەسەرو بەندی هێرشی ئەمریکا بـۆ سـەر عـێراق دەیگـوت (شـێخ نشـینەکانی خـەلیج لێ بوونەتەوە). ئەو سیناریۆیە بەو بارەیا نەڕۆیشت بە پێچەوانەوە حکومەتە لەسەر کارەکان لە خەلیج توانیان خۆیـان بگونجێنـن لەگـەڵ پێویستی سەرمایەو ئیمپریـالیزم لـە ناوچەکـەداو جارێکیتر شـێوەکانی حکومـەت کـردن تـەعریف بکەنـەوە بـە پـێی پێویسـتیەکانی دەورەی تازەی سیاسەتی ئەمریکا. دیارە ئەمریکاش پێویستی بە فشار هێنان بۆ سەر دەوڵەتەکانی خەلیج نیە. بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەمریکا لە بەرانبەر ئەواندا ئامانجێکی مەرحەلی هەبوو کە بریتیە لە دەمجـی ئـەو دەوڵەتـە شـێخ نشینانەو کـولی سیسـتمی سیاسـی بۆرژوا ناسیونالیستی عەرەبیخەلیج، لەگەڵ سیستمی دەوڵەتانی ناسیونالیزمی میانڕەو (معتدل) لـە ناوچـەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتو گشت جیهانی عەرەبدا. دیارە ئەوانە پێویستیان بە ئاڵوگۆڕی زۆر هەبوو لە سیماو سیاسەتەکانی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەدا ئەوە تـەنها وەسیلەی دەستی ئەمریکا بوو لەدەورەی رابووردوودا کە پێدەچێ ئێستاش درێـژە بـە هـەمان سیاسـەت بـدا بـۆ تـەعریف کردنـەوەی سیستمی سیاسی بۆرژوازیانەی ناوچەکە دیارە لێکدانەوەی ئەوزاعی سیاسی عـێراقو دەخاڵـەتی ئـەمریکاو درێـژەی ئـەوە، لەجەرگـەی گشت ئەوانەدا مانا پەیدا دەکەن.

لە دە ساڵی رابووردوودا وەکو دەورەی یەکەم ئـەمریکا توانـی سـەرکەوتنی گـەورە بـە دەسـت بـهێنێو زەربـاتی کاریگـەر بـدات لـە بزووتنەوەی ناسیونالیستی میلیتانتی عەرەب کە بە درێژایی دەورەی دوای جـەنگی جیهـانی دووەم رێگرێـك بـوو لەبـەر دەم تـەحقیقی هەمە لایەنەی ئەهدافەکانی ئەمریکا بۆ هەیمەنەو تەسبیتی سیستمی بـۆرژوا ئیمپریالیسـتی جـێی ئیعتمـادی خـۆی لـە ناوچەکـەدا. بـە جەنگی خەلیجو دەخاڵەتەکانی دواتری ئەمریکا توانی پاشەکشەی تەواو بکات بە یەکێ لە ئاخرین رموزە ئەصلیـەکانی ئـەو حەرەکەتـە کە حکومەتی بەعس بوو لە عێراقدا. چونکە سوریا بە نـەوعێکی تـر پاشەکشـەی کـرد وەکـو بـاڵێکی تـری ئـەم حەرەکەتـە سیاسـییە ناوچەییەو یەکێك لە رەمزەکانی تری دوەلی ناسیونالیسـتی میلیتـانتی عـەرەبی. سـوریا توانـی خـۆی لـەو چارەنووسـەی عـێراق جیـا بکاتەوەو هەوڵێکی بێ وچانیدا کە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا خۆی بگونجێنێ چ بە بەشداری لە جەنگی (رزگار کردنی کوەیت)و چ بـە ئیمزا کردنی ئیعلانی دیمەشقو هاوپەیمانی سێ قۆڵی (سوریا– مصـر– دوەلی مەجلسـی تـەعاونی خـەلیجی) بەهـەر حـاڵ ئـەو بەشـەی حەرەکەی ناسیونالیستی عەرەبیش واتە سوریا وەرچەرخانێکی گەورەی لە خـۆ نیشـان دا لـە رێی پاشەکشـەیەکی گـەورەوەو ئێسـتا ئاخرین شەڕی دیفـاعی سـوریا ئەوەیـە کـە چۆن لـە ئاشـتی لەگـەڵ ئیسـرائیل دا بتوانـێ بـە کـەمترین تەنازولاتـەوە بێتـەدەرو پشـتی حەرەکەی ئیسلامی لە لوبنان بەربدا تا لە سیستمی سبەی رۆژی بۆرژوازی ناوچەکەدا جێیەکی دیاری کراوی بەرکەوێت.

بەڵام ناسیونالیزمی عەرەبی لە عێراقدا لە دە ساڵی رابووردوودا زەرباتی کاریگەری خواردووە وە بـە هـەمان ئـەندازەش ئـەوە خـۆی شکستێك بووە بۆ سەرجەم ناسیونالیزمی عەرەبو لە جیهانی عەرەبدا مەوقعیەتی زۆر هاتۆتە خوار بۆ ئاستی زەعیـف تریـن بـەش لـە موعادەلاتی بۆرژوا ئیمپریالیستی لە ناوچەکەدا.

بەو پێیە هاوکێشەکەو تەرازووەکە بە قازانجی جەرەیانی میانڕەوی ناسیونالیستی عەرەب شـکاوەتەوە کـە راسـتەوخۆترو دەمێکـە خۆی بە سیاسەتو نەزمی جێ نەزەری ئەمریکاوە گرێ دراوە. نموونەکانی ئەمانە دەوڵەتەکانی خەلیجو مـەغریبو تونـس وئـەو رژێمـە سیاسیانەی دەوروبەر بوون.

دیارە ئەمریکا لەو راستایەدا ئاخرین هەوڵەکانی ئەوە بووە کـە ئیـتر کۆتـایی بـەو پرۆسـەیە بـهێنێ بـە نـەوعێك کـە بتوانـێ ئامـانجو مەرامەکانی دەست بکەوێ.

کەواتە ئەمریکا توانی لە رێگەی دەخاڵەت لە عێراقدا مقەدەماتی جێگیرکردنی هەیمەنەی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ یەك دەورەی گرنگـی تری تاریخی، بەدی بهێنێت.

هەر لەو نێوەشدا توانیویەتی لەچاو (5– 6) سال لەمەو پێش دەوری بزووتنەوە ئیسلامیەکانو خەتەرو هەڕەشەکانیان کەم بکاتەوە. نموونەی ئەوانە میصرو جەزائیرە ئەوە جگە لە تەحەولاتی ناوخۆی ئێران کە ئەویش ناکۆك نیـیە لەگەڵ هەمان ئامانجی ئەمەریکا.

لە هەمان کاتدا ئەمریکا توانی رێ بگرێ لە هەوڵەکانی رژێمی عێراق بۆ دروست کردنی درزو کەلەبەرێك لـەناو حکومەتـە عەرەبیـەکان یا لە رێزی دەوڵەتانی ناوچەکە تا لەوێوە وەکو دەروازەیەك بگەرێتەوە ناو خانەوادەی بۆرژوازی ناوچەکە یا جیهان، ئـەویش بـە سـوود وەرگرتن لە هاوکاری سعودیەو کوەیت. ئەمریکا هەمیشە هەوڵیداوە پێش بە تێکۆشانی رژێم بگرێ بۆ شکاندنی تـەوقی عوزلـەو دوورە پەرێزیو تەنانەت لە پارەوە ئـەو تەوقـەی توندتریـش کردۆتـەوە. ئەوانـە گشـتیان بـەرەکاتو نیعمـەتو حاسـڵی دەخاڵـەتی ئـەمریکاو درێژەی سیاسەتەکانیو ئامانجی ئەو بوون لەو دەخاڵەتەدا.

بە نسبەت ناوخۆی عێراقیشەوە، لە رێی ئەو زەحمەتو زۆرانەی بۆ سەر رژێم توانیویەتی استقطابێکی سیاسی سەر لەنوێ لەناو هـێزە بۆرژوایـیە محلیـیە عێراقیەکان دروست بکاتەوە. هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە یـەك سـاڵی رابـووردودا توانیویـەتی معـارەزەی عـێراقی لـە بێژنگ بداتەوەو تاووتوێو پـاكو پیسـێك لـە ریزەکانیـاندا بکـات. زینـدوو کردنـەوەو ئیصلاحـی( I.N.C ) بـە نـەوعێك کـە لـە راسـتای تەحقیقی ئاخرین هەدەفەکانی ئەمریکا لە عێراقداقەرار رابگرێ ، یەکێك لە هەنگاوەکانی یەك ساڵی رابووردوو بووە.

ئەمریکا بەو هەوڵەی توانی پێش بگرێ بەو میولەی خەریك بوو لەناو جەرەیاناتێك لـە معـارەزەی عـێراقیدا سـەری هـەڵدەدا بۆیـاخی بوونو دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ئەمریکاو جارێکی تر معارەزەی عێراقی بێنێتەوە سەر خەتو ژێر چەتری خۆی.

ئەم هەوڵەی ئەمریکا لەناو سوپاشدا ئومێدو رەنگدانەوەی دەبێ جگە لەناو دەزگاکانی تری رژێمی مەوجودا بـە تایبـەتی لـە دەزگـای حزبو دەزگا ئەمنییەکاندا کە ئەمریکا رۆژانە پەیامی ناڕاستەوخۆیان بۆ دەنێرێ کـە چارەنووسـی خۆیـان لـە صـدامو تاقمەکـەی جیـا بکەنەوە.

لە بەرانبەر ئەوەشدا رژێم بە باشی دەسـتی خـۆی خوێندۆتـەوەو ئـەزانێ هـەدەفی ئـەمریکا بریتیـیە لـە لابردنـی صـدامو پاراسـتنی سیستمو دامو دەزگاکانی حکومەتەوە.

دیـارە نـاکرێ ئـەمریکا سبەی رۆژ سـەد لـە سـەد ئـەم دامو دەزگایانـە وەك خـۆی بهێڵێتـەوە، بـەڵکو مەبەسـتم ئەوەیـە کـە پایـە ئەصڵیەکانو پەیکەرەی ئەصڵی نیزامو حکومەتو رژێمی مەوجود دەپارێزێ لە عێراقداو رەنگ بێ شکڵو کارکردنیان بگۆڕێ. ئـەمریکا دەیەوێ زۆرترین ئیستفادە لە تواناو ووزەی دژی شۆڕشو سەرکوتکە !رانەی ئەم رژێمە بکـاتو لەوێشـەوە تعویضـی کەموکورییـەکانو نا ئامادەییەکانی عێراقیش بداتەوە.

ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستاو دامو دەزگاکانی (30) ساڵە رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت تـا گەیشـتووە بـەم ئەندازەیـە لە تەمەرکزو چڕوپڕی. یانی نموونەیەکی کەم وێنە لەسیستمو دەزگایەکی متەمەرکز لە جیهانی سێیەمو ناوچەکەدا. ئەمریکا بـە چـاوی بایەخەوە دەڕوانێتە ئەوەو دەمی ئاوی کردووە بۆیو دەیەوێ بۆ سازمان دانەوەی ئەوزاعی سیاسـیو حاکمیـەتی بـۆرژوا ئیمپریالیسـت لە عێراقو ناوچەکە کەڵکی لێ وەربگرێ. لەو رووەوە لە یەك ساڵی رابووردوودا توانیویـەتی لـە ریزەکـانی بـەعسو رژێمیشـدا زەمینـەی مناسب پێك بهێنێ. بەو پێیە ئەمریکا توانیویەتی لە ئەنجامدا سەرنجی دوو دامەزراوی گرنگ رابکێشێ: یەکەمیان: سـوپا کـە ئـەمریکا

لە هەوڵدا بووە کە سۆزی ئەمان بەلای خۆیدا رابکێشێ. رژێمیش لەوە تێگەیشتووەو ئەهەمیەتی ئەم مەترسیەی بە جدی وەرگرتووە. بە کورتی ئەمریکا دەیەوێ لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا سوود لە دامەزراوی سوپا وەربگرێت یا لانی کەم ئومێدو متمانەی پێ کزو لەق بکات. هەر لەو راستایەدا ئەمریکا عناصری وەکو حسن النقیبو وفیق السامرائی لەناو ریزی معارەزەدا زیندوو کردۆتەوە تا وەکو جەناحێك پەروەردەیان بکاو سۆزی سوپاش بۆ لای خۆی رابکێشێ.

دووەم: ئەمریکا موشکلەی زوعفی معارەزەو کەم ئامادەیی ئەوانی هەیە. معارەزەی عێراقو وەسیلەی فشار هێنانە بۆ سەر رژێمو توانای بۆ جێگرتنەوەی رژێمی مەوجود زەعیفە. بەو پێ یە معارەزەی مەوجود پەردەو واجهەیەکی عێراقیو محەلین بە دەست ئەمریکاوە بۆ تەکمیلی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە حاکمیەتو عەزلی سەرانی مەوجودی رژێم تا لەو پرۆسەیەدا بتوانێ کەناڵو میکانیزمێکی مناسب تر بدۆزێتەوە بۆ تەواو کردنی ئەو پلانە.

جێگەو شوێنی موعارەزەی عێراقی بەدیل نیە بۆ رژێمی مەوجود، ناتوانێ جێنشینی رژێمی سیاسی ئێستا بن، بەڵکو دەوریان عەتەلەی زەحتە، وەسیلەو سلاحن بۆ یەك مەرحەلە بە ئامانجی هاتنەدی ئاڵوگۆڕی پێویست لە خودی رژێمی مەوجودا. یانی تا لابردنی صدامو دارودەستەکەیو سازمان دانەوەی رژێمی مەوجود (دیارە بە دەورێکیش بۆ معارەزە بەلام بە پشت بەستنی کامل بە دامو دەزگاکانی رژێمی مەوجود بە هەندێ ئاڵوگۆڕەوە).

بەو پێیە ئەمریکا چاوی بڕیوەتە دامو دەزگاکانی رژێمی مەوجود لەو روانگەیەدا بۆ سازمان دانەوەی دەسەلاتدارەتی سیاسی لەسبەی رۆژی عێراقدا لەرێگای ئاوێتە کردنی بەهەندێ توخمو عناصری معارەزەی مەوجود. (هەندێ لایەن لەمعارەزە چونکە خودی معارەزە موزاییکێکی تێکەڵوناجۆرە). بەو پێیە ئەو عنصرێکی بنەڕەتییە لە تێڕوانین بۆ یەکلا بوونەوەی دەسەلات لە داهاتووی نزیکی عێراقدا.

جگە لەوەش معارەزەی مەوجود لەناو بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی عێراقدا جێپێو نفوزی گەورەیان نییە. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە روانگەی ئیسلامی یا ناسیونالیستی یا دیموکراتیخوازی پایەیان نیە بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەم حزبو لایەنانەی معارەزە وەکوو بەدیلو هێزی سیاسی دیاریکراو خاوەنی ئەو جۆرە نفوزە نین. ئەوان نە لەناو سوپادا، نە لەناو خەڵکا دەورونەقشێکی جدیان نییە کە پێویست بکات بۆ یەکلا کردنەوەی کار لەگەڵ رژێم دا.

بە مروری وەخت ئەم ئۆپوزسیۆنە بوون بەکۆمەڵێك کەسایەتیو لایەن کە بە تەواوی ئامادەیی خۆ گرێدانەوەیان هەیە بە ئەمریکاو رۆژ بە رۆژ سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داوە. ئەوە مەوقعیەتی فعلی معارەزەیە.

مەسەلەیەکی تر کە ئەمریکا ناچار ئەکات چاو ببڕێتە دامو دەزگاکانی رژێم بۆ سەروسامان دانەوەی داهاتوو بە وەزعی عێراق، جگە لە بایەخی ئەو دامو دەزگایانە بۆ سەرکوتو تسبیتی دەسەلاتی بۆرژوازی، ئەوەیە کە ئەوزاعی سیاسی عێراق تەراکوماتی (30) ساڵ لە جۆشو خرۆشو ژێرەوەو سەرەوەی بەخۆوە دیوەو لەناو خەڵکدا زەمینەی تەقینەوەی ئەوزاعو بێ توانایی بۆرژوازی بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆر بە هێزە. بۆیە ئەمریکا دەیەوێ رێ لە هەر جۆرە دەخالەتو بەشداریەکی جەماوەری خەڵکی عێراق بگرێت لە خوارەوەو ئەیەوێ زۆر بە ووردیو بە پێی ئەو قاعیدەیەی کە ئەڵێ (موویەك لە ماست دەربێنێ) ئەو ئاڵوگۆڕە هاوکات نەبێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕو هەڵچوونی جەماوەری لەسەرەوە تادواتر نەبێ بەهۆی هەڵگرسانی ئەزمەیەکی ترو بەو پێیە بە دیقەت تەعامل لەگەڵ مەسەلەی دەسەلاتی سیاسیو چۆنیەتی گۆڕینی دەکات.

بۆیە تەنیا وەسیلەی دەستی ئەمریکا بۆ ئیجادی ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە فشاری دەولیو حصارو قەراراتی U.N جگە لە سوود وەرگرتنی لە معارەزەی عێراقی، بۆ توند کردنەوەی زیاتری تەوقی عوزلەو دوورە پەرێزی لەسەر رژێمو داروەستەی دەسەلاتدارو لەهەمان کاتدا هەوڵ دان بۆ پاراستنی پایەکانو دامو دەزگاکانی هەمان رژێم.

## زەمینە و کاریگەرییەکانی سیاسەت و ئامانجەکانی ئەمریکا لەسەر خەڵکی عێراق

مجموعی ئەو ئەوزاعەی باسم کرد، جموجۆڵێکی لەناو خەڵکیشدا بە وجود هێناوە.

گیانی چاوەڕوانیو گوێ قولاغی، گیانی ئامادەباشی و خۆ ئامادە کردن بۆ ئاڵوگۆڕ. بەشێکی ئەوەش بە خۆش باوەڕی دووبارە بوونەوەی حەرەکاتی وەکو راپەرین کە خەڵك بۆ استحقاقاتی داهاتوو خۆیان ئامادە دەکەن کە ئەوەش دامەنی داوە بە جۆرێك لە سەرچڵیو یاخی بوونو نەوعێ مقاوەمەتو ئیعتیراز لەناو ریزەکانی خەڵکدا. واتە بەو خۆشباوەڕیەوە تەشجیع بوون بۆ ئەو جۆرە

جموجۆلانەو شەهیەیانی کردۆتەوە بۆ ئـەوەی لەهـەر ئـاڵوگۆڕێکی سیاسـیدا ئـەمانیش بێنـە مـەیدان بـەڵام بەگشـتی لـە چوارچێـوەی خۆشباوەڕی بە نەقشو تەدەخولی ئەمریکاو تێزی ( بەرانبەرکێی دیموکراسیو دیکتاتۆری لـە عـێراقدا!). ئـەوە ڕەوەنـدو واقعیـەتێکی مادییە.

بەڵام دواترو وەختێ ئەو چاوەڕوانییەی خەڵك بەو بارەدا نایەتە دی و اصطدام ئەکا لەگەڵ جۆرێکی تر لە ئاڵوگۆڕ کـە زۆر ڕووکـەشو موجەرەدە ئیتر ئەو ئاڵوگۆڕە خۆی دەبێ بە ئێستگاو خاڵێکیتر لە درێژەی ئەزمەی سیاسی لە عێراقدا.

مەبەستم ئەوەیە ئیستنتاجی ئەوە بکەمو بڵێم کە ئەم نەقشـەو سیاسـەتەی ئـەمریکا ناتوانـێ کۆتـایی بـە ئەزمـەی سیاسـی مزمـنو قووڵی عێراق بهێنێ کە حاسلی (30) ساڵ لە دەسـەڵاتدارەتی بـاڵی بـۆرژوا ناسیۆنالیسـتی بـەعسو کۆمـەڵێك کێشـمەکێشو ڕەوەنـدی قووڵی ترە کە لەو ماوە دوورودرێژەدا کەڵەکە بوون لەسەر یەك، جگە لەوەی کـە ناتوانـێو نیـازی نییـە جـواب بـە مشـکلاتی گـەورەی هەژاری، بێکاری، ئازادی هەمەلایەنە، تێك ڕووخانی ئابووریو... هتدو ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی خەڵك بداتەوە کـە گوایـە صـدام حسـین لاچوو ئیتر ئەمریکا ئەکەوێتە خۆیو لیستی ئەوەلیاتێك ئەگرێ بۆ جەواب دانەوە پێیان. مەسائلی گرنگی هەروەها کۆمەڵگای بـۆرژوازی عێراق، پاشماوەی کەڵەکە بوونی مەسائلی گرنگی قۆناغی (58—2000) چاوەڕوانی دەکات. مەسائلی وەکو ستراتیژو شـێوەی گەشـەی ئابووری، وابەستەیی یا سەربەخۆیی ئابووری، میانڕەوی ناسیونالیسـتی یـا بەوبەرەکـەیدا، تمـایلاتی وەحـدەوی عـەرەبی، مەسـەلەی کوردو ئیختلافی قووڵی نێوان مەیلە بۆرژوازیـە جۆراوجۆرەکـانی عـێراق، هاوکێشـەی نێـوان ناسـیۆنالیزمو دیـن لـە داهـاتووی عـێراقدا، پەیوەندی عێراق بە دەوڵەتانی دەوروبەرەوە، عێراقو ئاشتی لە (شرق الأوسط) دا، عێراقو مەسەلەی فلسـطین، عـێراقو پەیوەندیبـە جیهانەوە...،و کۆمەڵێك گرێو مەسائل، کە دەمێکە ڕاگیـراون تـا مەسـەلەی دەسـەڵاتو چارەنووسـی دەسـتەی صـدام حسـین یـەك لا دەبێتەوە. ئەمەو کۆمەڵێك مەسـەلەی تـر کـە لـە خـودی ئاڵوگۆڕەکـەوە سـەرچاوە دەگـرنو خەسـڵەتی ڕاسـتەخۆتریان هەیـە وەکـوو: مافەکانیخەڵك کە (30) ساڵە پێشـێل ئـەکرێن، حقـوقو ئازادیـە سیاسـیو فەردیـەکان، مەسـەلەی کـورد، مەسـەلەی پاشمـاوەی دامو دەزگاکانی ڕژێمو نەفرەتی قووڵی خەڵك لێیان، و.....هتد کە لێرەش لیسـتێکی دورودرێـژ لـە داخـوازیو چـاوەڕوانیو مشـکلاتی مزمـن مەترەحن. لەلایەکەوە مەبەستم نیشاندانی ئەوەیە کە ئەوەی پێی دەوترێ ئەوزاعی سیاسی عێراقو یـەکلا کردنـەوەی، نـاوی نـهێنیو دەروازەن بۆ هاتنە سەر خوانو مەترەح بوونی ناچـاری ئـەو هـەموو مەسـەلە سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو حقوقیانـەو لەلایـەکی تریشەوە ئەمەوێ ئەوە بڵێم وەختێك جواب بەو هەموو نیازو چاوەڕوانیانەی ڕیزەکانی خەڵك نادرێتەوە (ئەوکات بیانووی وجودی صدام حسێنیش نامێنێ!)و کاتێ چوارچێوەی هەژاری، چەوسانەوە، بێ مافی مەوجود وەکـوو خـۆی ئەمینێتـەوە، یائـاڵوگۆڕێکی سـەرەکیو شـکڵی بەسـەردا دێـت، کـە ئەوانـە سـەرچاوەو ڕیشـەو هـۆ واقعیـەکانی ناڕەزایـەتی قووڵـی کرێکـاران، زەحمەتکێشـان، ژنـان، لاوانو سەرجەم جەماوەری ملیۆنی مەحرومی عێراقن، ئیتر زۆر سروشتییە کە ئەزمەی کۆمەڵایەتیو ئابووری هەروا ئیدامـەی هـەبێو زۆر زوو بگۆڕێ بە ئەزمەیەکی سیاسی سەرتاپاگیری سەر لەنوێ.

ئەوەش بە تایبەتی لە کاتێکدا باسی دەکەم کە ئەم (صمامی أمان)و زامنەی ئێستا نەمێنن بۆ سەرکوت کردنـی ئـەو داخوازیانـە، کـە صدامو دارودەستەکەیەتی کە ئەم وەزعەیان ڕاگرتووە، و ئیتر لەوەها بارودۆخێکدا سیناریۆی تەقینەوە و هەڵچوونی جـەماوەریو حـاد بوونەوەی کێشمەکێشەکان ئیحتمالێکی زۆر واقعییەو ئـەبێ ئێمـە خۆمـان بـۆ هـەموو مەرحەلـەکانی ئـەو ئاڵوگۆڕانـە ئامادەکـەینو بـە سیاسەتو تاکتیکی مدروسو لەوەوپێشەوە بچینە پێش بۆیان.

بەو پێیەش ئەمریکا هەروەها بە ئاسانی ناتوانێ بە کـەڵك وەرگرتـن لـە دامو دەزگـا مـەوجودەکان کـە خۆیـان بـەدناون، ئـەو دەورە ئینتقالیە هەروا بێ هەڵچوونو بێ دەردی سەر بگوزەرێنێ.

بە پێچەوانەوە دەوری داهاتوو دەورەی ئاشتی کۆمەڵایەتی نابێ لە عێراقدا (بە پێچەوانەوە چاوەڕوانی بۆرژوازیەوە) بـەڵکوو دەورەی ناسباتی سیاسیو (اضطرابات)و (تلاطماتی) کۆمەلایەتی دەبێو بەهەمان ڕادەش دەوری پەراکەندەیی ڕیزەکانی بۆرژوازی عێراق هـەروا درێژەی دەبێ، بە پێچەوانەی ئیرادەو قسەی ئەمریکا.

**بەرامبەرکێی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەمریکادا !**

لەو راستایەشدا رژێمیش هاوکێشەکانی باش خوێندۆتەوە ئەزانێ ناوەرۆکی هەوڵی ئەمریکا بۆ دوایی هێنان بە زەلکاوی عێراق ئەوەیە کە صدامو دارودەستەی دەسەلاتداری بکات بە قوربانیو ئەوە نرخی هەر معامەلەیەکە بۆیە ئەمیش کەوتۆتە هەوڵو موسابەقەیەکی بێ ووچانو کەم وێنە بۆ ئەوەی فریای خۆی بکەوێ. ئەو هەولانە لە مەیدانی دبلۆماسی لە ئاستی دەولیدا کەمترین سەرکەوتنو بەری بووەو نەیتوانیوە کەمترین کەلێن لە ریزی هاوپەیمانی عالەمی بە وجود بهێنێ. لە ناوچەکەیشدا بە هۆی فشاری ئەمریکاوە کەس رووییەکی خۆشی پیشان نەداوەو هەر بۆ نموونە هەولە زۆرەکانی رژێم لەگەڵ تورکیادا بوو بە قوربانی هاوکاری ئەمریکا بۆ رفاندنی ئوج ئالان. هەولەکانی لەگەڵ سوریاشدا روبەروی فشاری ئەمریکا بۆ سەر سوریا بوونەوەو بە بن بەست گەیشت.

لە ناوخۆشدا رژێم هیچ ئیعتبارو ئابروییەکی نییەو هەولەکانی بۆ تسویق کردنی (قصی) و وەعدی بەرپا کردنی هەیئەتێکیتر لە جێی (مجلس قیادة الثورة)و باقی وەعدەکانی تری هەمان چارەنووسی نامەکەی هەبوو کە بە (ملك عبداللە) ی ئوردندا ناردی بۆ کلینتۆن. بەگشتی رژێم لەو بوارانەدا ئیفلاسی کردووە بۆیە خۆی بۆ ململانێو پێکدادانو توندبوونەوەی کێشەی لەگەڵ ئەمریکاو موعارەزەدا حازر دەکا. لە هەمان کاتیشدا رژێم هەولی داوە سوود لەو بارودۆخە وەربگرێت کە قەراری (986) بە دوای خۆیدا هێناویەتی بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات لە کۆمەڵێك ئیلتیزاماتو مەسئولیەتی ئابووریو مەعیشیو داواکاری خەڵكو هەموو تواناکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ بواری سەروسامان دان بە هێزە سەرکوتگەرەکانو سوود وەرگرتن لە داهاتی تەهریبی نەوتو کرینی چەك لە بازاڕی رەشو هەتا تێهەڵچوونەوەی بەرنامەی چەکی کیمیاویو بایەلۆژی بە کەڵك وەرگرتن لە وەستانی کاری (یۆنسکۆم). بەو پێیە رژێمیش بۆ ئستحقاقاتو دەورەیەکی ترسناك خۆی ئامادە دەکات. بۆیە رژێم لە هەولی تەسبیت کردنی پایەکانی خۆیو پاکتاوکردنی ریزەکانی خۆیو دامودەزگاکانیدا بووە لە یەك سالی رابووردوودا هەولی داوە ریزەکانی خۆی پتەو بکاتەوە.

هەولەکانی هێنانەوەی بەرزان تکریتیو ئالۆگۆڕ لە وەزارەتەکانو لە ریزەکانی بەعسو نەدواتە یەك لەدوای یەکەکانی صدامو چاودێری راستەوخۆی بۆ ئەو ئالۆگۆڕانەو خۆ ئامادە کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی قطری عێراق، و دابەش کردنی عێراق بۆ چەند ناوچەیەکی عەسکەریو سپاردنی ئیدارەی بە ئەندامانی قیادەی قطریو قیادەی فەیلەقەکان، و ئالۆگۆڕی شکلی لە قانونی رۆژنامەنووسیو مەجالسی شعبیو تەنانەت جولاندنی کەسانی کۆنی سەر بە موعارەزە لە بەغدا وەکو شیوعیو قەومی یەکۆنەکان وەك یوسف حمدانو ماجد عبدالرجاو هەولەکانی لەو راستیەدا بۆ پێکەوەنانی تەیارێكو رموزێك، گشتیان نیشاندەری سەرقالی رژێم بووە لە بەرەی جۆراوجۆردا تا ریزەکانی خۆیو رژێمەکەی تەحکیم بکاتەوە بۆ بەرانبەرکێ ترسناکەکان کە بەرێوەن.

رژێم ئەزانێ سەرەتاکانی ئەو هەولانەو ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەمریکا ، کە جێی سیاسەتی (أحتوای مزدوجی) گرتۆتەوە لە سالی پارەوەو عەمەلیاتی (رێوی بیابان)و درێژەی بۆردومانی فرۆکەکانی ئەمریکا دەستی پێکردووە بە هەدەفی لاواز کردنو سەرقاڵ کردنی رژێم تا نەیەلێ هەناسە بدات.

رژێم مەبەستی ئەو سیاسەتە تازەیەی ئەمریکا دەزانێ. دەزانێ سەری خۆی مەتلوبە (نرخێك کە هەرگیز ئامادە نیە بیدات!).

ئەو فەزا پڕ تەشنجو سەرکوتگەریە وەزعی کرێکارانو زەحمەتکێشانی عێراقی بە تەواوی پەرێشان کردووەو ئەوان بوون بە قوربانی راستەوخۆی توندکردنەوەی فەزای عەسکەرتاری، هێرش بۆ سەر ژیانی خەڵك، زەبرو زەنگو کوشتارو ئیعدام، سەربازگیریو توند کردنەوەی حملاتی بەسیج گیری، و ......هتد کاریگەری زۆر خراپی لەسەر خەباتو مقاوەمەتو نارەزایەتی خەڵك داناوە. رژێم رۆژانەو بە دەیان شێوە دەیدات بە گوێی خەڵکی عێراقو هەموو لایەکدا کە هەر هەولێك بۆ هەدەفی گۆرینی رژێمو دامو دەزگاکانی، لەهەر لایەکەوە بێت، و هەر کەس تیا بەشدار بێت، شەلالی خوێن ئەکرێت ( یا بە واتای تایبەتی رژێمو بە زمانی ئیعلامی تایبەت بەوان: گەلی عێراق تا دوا کەسیو تا دوا دلۆپی خوێن لە پێناو ولاتەکەیانو سەرکردەکەیان دەجەنگن! !).

## گۆڕانکاریەکانی ئۆپوزسیونی بۆرژوایی عێراق !

ئەوەندەش کە بگەڕێتەوە سەر موعارەزەی عێراقی یەك سالی رابووردوو ئالۆگۆڕ بەسەر جێگەو شوێنو هەلوێستەکانیاندا هاتووەو قوتبەندیەکی تازە پێك هاتووە. (هاورێ نزار لە قسەکانیدا ئیشارەی بە هەندێکیان کرد).

بۆ نموونە ریز بەستنێکی تازەی موعارەزە پێك هاتووەو ئەوەی پێی ئەلێن بزووتنەوەی تەنسیقی هێزەکانی تەیاری دیموکراتی (حركة تنسيق قوى التيار الديمقراطي) کە هەندێ لایەنەکانیان بریتین لە حشعو اتحادی دیموقراطی و هەندێ تەیاراتی ئاشووریو چەند

ڕێکخراوی تری موعارەزە، ئەمانە یەکێك لەو لایەنانە بوون کە هــەوڵیان داوە خۆیـان بـە شـکڵی ڕاسـتەوخۆ نەبەسـتنەوە بـە قسـەکانی ئەمریکا سـەبارەت بـە عـێراق‌و خۆیـان دووربگـرن لێ چونکـە ئیمتیـازێکی ئـەوتۆ نـەدراوە بـەمان‌و لەسـبەی ڕۆژێ دەسـەڵاتی تـازەدا جێ‌پێیان نابێتەوە ئەو هەڵوێستەیان زیاتر لـەو ڕوانگەیـەوە بـوو نـەك لـە ڕوانگـەی وەسـتانەوەو ئیفشـاکردنی ئـەو نەقشـەو سیاسـەتە ئەمریکی‌یە. بە هەرحاڵ ئەم باڵە بەهەر ئەندازەیەك بووبێ لە یەك ساڵی ڕابووردوودا مخالەفەتیان لەبەرانبەر ئەمریکا (لەسەر بەشێك لـە سیاسەتەکانی) نیشانداوە. بۆ نموونە مخالفی عەمەلیاتی ڕێوی بیابان بوون‌و جزئیاتی قانونی ڕزگاری عێراقیان پێ قەبوڵ نی‌یە.

جەناحێکی‌تر بریتی‌یە لە تەیاری قەومی عەرەبی کە پێی ئەڵێن (تیار العمـل المشـترك) کـە لایـەنگرو نزیکـی سـوریان کـە ویسـتویانە خۆیان لەو ڕەوتـە سیاسـی‌یەی ئـەمڕۆی ئـەمریکا بـۆ عـێراق دوور بخەنـەوەو ئەمانـەش مخـالف بـوون بـەو نەقشـانە لـە ڕوانگـەی یـەك سەنگەری ئیقلیمی لەگەڵ سوریا. هێزەکانی ئەم باڵە معارەزە ئەزانن لە ئیستحقاقاتی داهـاتوودا جێگەیـەکی حاشیەیی‌یان هەیـە بۆیـە لایەنگری لەو سینارۆیە ناکەن.

بەڵام لەناو تەیاراتی ئیسلامیدا وەرچەرخانێك بەلای سیاسـەتی ئـەمریکادا هاتۆتـەدی. ڕەوتـە ئیسـلامیەکان (المجلـس الأعلـی للثـورة الأسلامیة، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) ئەزانن کە کلیلی گۆڕانکاری لـە ئـەوزاعی سیاسـی عـێراق لـەمڕۆدا لەدەسـت ئەمریکادایـەو هەروەها بەوە دڵخۆشن کە ئـەمریکا ئەیـەوێ زەربـەی کاریگـەر لـە پایـەگاکانی ناسـیونالیزمی عـەرەبی بـدات لـە عـێراقدا، ڕێگرێکیشـە لەبەردەم پەرەسەندنی ئاسۆو ئامانجەکانی جەرەیاناتی ئیسلامی لە عێراقدا.

بە هەرحاڵ جەرەیاناتی ئیسلامی لەم ڕووەوە بوون بەدوو دەستەوە. جگە لە دەستەی یەکەمیان کە هاوڕان لەسەر شێوەو چۆنیـەتی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەمریکادا، دووەمیان: بەهێزترین جەرەیان تیایدا حیزبی دەعوەیە کـە ناڕازی‌یـە. ئـەو بەشـەی یەکـەمیان فرسـەتێکیان دۆزیوەتەوە بۆ خۆ دوور خستنەوە لەو پەیوەندی‌و وصایەتەی ئێران.

لە کاتی شەڕی ئێران‌و عێراقدا ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە نەیانتوانی بە ئامانجی خۆیان بگـەن لـە عـێراقدا. لـە قۆنـاغی دواتریشـدا ئـێران هەوڵی‌دا بۆ سات‌و سەودای خـۆی‌و وەرگرتنـی ئیمتیـازات لـە ئـەمریکا، لەناوچەکـەدا بـەکاریان بـهێنێ. ئێسـتاش لەسـایەی دەخاڵـەتی ئەمریکاو هەوڵەکانی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارەتی سیاسی لە عێراقدا، ئەمانە فرسەتێکیان دەسکەوتووە هـەم بـۆ وەرچـەرخانی سیاسـی بەلای ئەمریکاداو هەم بۆ ڕادەیەکی گەورە لەسەربەخۆیی لە ئێران.

بە نسبەت هێزەکانی ناسیونالیستی کوردیشەوە ئەمان هەر لە کۆنەوە ئامەدەیی هاوکاریـان لەگـەڵ ئـەمریکادا هـەبووە، بـەڵام لەبـەر خاوی سیاسەتی ئەمریکا بە قسەی ئەوان (جدی نەبوونی) ئەمریکاو جۆرێك بی متمانەیی پێی‌و هەم لەسەر مەسەلەی فیدراڵی‌و ڕادەی ئیمتیازات‌و جێگەو شوێن‌و بەشی ئەوان لە تەرکیبەی سیاسی سبەی ڕۆژی عێراقدا، بەو هۆیانەوە زۆر گەرم‌و گوڕنین. ئەمان ئەزانن کـە لە هاوکێشەکانی ئێستادا مەوقعیەتێکی باشتریان هەیەو بە حەسم کردنی ئەوزاعی عێراق ئەو مەوقعیەتە بەو جۆرەی کە هەیـە ئەچێتـە ژێر پرسیارەوە چونکە هەم داهاتی خارجی ئەمڕۆیان‌و هەم هێزە چـەکدارەکانیان‌و هـەروەها ڕادەی سـەربەخۆیی ئێسـتایان‌و ئیـدارات‌و ئیمکانیاتەکانی ئێستایان، ئەچێتە ژێر پرسیارەوە.

لە یـەك سـاڵی ڕابووردووشـدا هاوکێشـەی نـاوخۆیی کوردسـتان زیـاتر لـە بـەرژەوەندی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان‌و بـــە زەرەری یەکێتی‌ی نیشتمانی کوردستان گۆڕاوە.

هەر بۆیە یەکێتی ئامادەیی زیاتری بووە بۆ هاوکاری‌و نزیکی سیاسی لەگەڵ ئەمریکاو ویستوویەتی لەوێوە جـارێکی‌تر خـۆی تـەعریف بکاتەوە بەڵکو لە ڕیز بەستنەکانی داهاتووی ناوخۆی ناسیونالیزمی کورد دا دەورێکی زیاتر بەدەست بهێنێ.

لەم ڕووەوە هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد گەر بەگشتی هاوکارێکی زۆر بە هێزی ئەمریکاش نەبوبن (بە تایبەتی پارتی) بەڵام ڕێگری ئەوتۆشی دروست نەکردووە لەبەر پێێ هەوڵەکانی ئەمریکا.

باڵێکی تری هێزەکانی موعارەزەی عێراقی بریتی‌یە لەو لایەنانەی کە بـە ڕاشکاوترو سەرسـەختانەتر لایـەنگری لـە غـەرب‌و ئـەمریکا دەکەن‌و بوون بە داشی دامـەی ڕاسـتەوخۆ بـۆ ئـەمریکا. ئەمانـە لـە ڕووی ئاسـۆی سیاسـی‌یەوە تێکـەڵێکن لـە تـەیاراتی غـەرب گـەراو دیموکراتی‌و میللی. ئەمانـە هـەموو ئـاوات‌و ئومێدیـان ماوەتـەوە سـەر ئـەمریکاو دەوری ئـەو. سیماو تایبەتمـەندی‌و خـەتی سیاسـی‌و تاکتیکی ئەمان هەر ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ هـێزێکی مەحـەلی موعـارەزەی عـێراقی دەسنیشـانی دەکـات‌و دەیکاتـە چـەترو سەرپۆشـی مەحەلی‌و (عێراقی) بۆ جی‌بەجێ کردنی نەقشەکانی.

## هەڵوێست، بەدیل و ڕێگاچارەی کۆمۆنیستی!

هیچ یەك لەو مەسەلانە لە روانگەی كۆمۆنیستی‌یەوە، لە روانگەی شۆڕشی كرێكاری‌و ئامانجی نیهائی بزووتنەوەی كرێكاری‌و سۆسیالیستیەوە تاووتوێ نەكراون‌و تەحلیل نەكراون.

مەوقعیەتی رژێمی بەعس لەلایەك‌و سیستمی سیاسی گشتی تری عێراق لەلایەكی ترەوە دوو عنصری گرنگن لە شی‌كردنەوەی بارودۆخی سیاسی عێراق‌و پلاتفۆرمی سیاسی عەمەلی ئێمەدا. هەر ئێستا ئەمریكاو بەشێكی بۆرژوازی عێراق هاوكات لەگەڵ ئەوەی كەلە هەوڵی ئەوەدان رووخاندنی صدام‌و لابردنی خۆی‌و داروەستەكەی‌دا، هەروەكوو پێشتریش باسم كرد داموو دەزگاكانی دەسەڵاتی بۆرژوازی‌و رژێمی مەوجود بپارێزن. ئەوەشیان پێچاوە لە لەفافەیەكی خەڵكی‌و دیموكراتی خوازی‌و بەرانبەركێی نێوان دیموكراتی‌و دیكتاتۆری‌وە بردن و سەر لەنوێ زیندووكردنەوەی ئەو خۆش باوەڕیە لەناو ریزەكانی خەڵكی عێراقدا.

ئەمڕۆ ئەو رۆحیەتە لە ئاستێكی بەرزدایە لەناو خەڵكی عێراقدا كە ئەڵێ (تەنها صدام بڕوا ئیتر چی ئەبێ با ببێ!)و ئەو دیدگاو رەوتە سیاسیە عاملێكی ترسناكە لەناو ریزەكانی كرێكاران‌و زەحمەتكێشان‌و خەڵكی عێراقدا.

مەسەلەیەكی تر هەڵوێستە سەبارەت بە سوپا!. ئاشكرایە كە هەموو ئەحزاب‌و لایەنە سیاسی‌یە بۆرژوازیەكان لە عیراقدا لە چەپیانەوە كەحزبی شیوعیەیە تا راستیان كە هێزە ئیسلامیەكانن، جیاوازیەكیان لە نێواندا نی‌یە لەسەر ئەوەی كە سوپا بپارێزن‌و بە سەلامەت دەری بهێنن‌و تەنانەت بە بیانووی جۆراوجۆر دەوری بدەنێ، چ ئێستاو چ لەسەروبەندی خودی ئاڵوگۆڕی وەزعی سیاسی عێراقدا، و چ لە كاتی سازدانەوەی داموو دەزگاكانی دەوڵەتدا.

ئەوەی لەو نێوەدا سەرنج راكێشە غیابی قسەو سیاسەت‌و هەڵوێست‌و شیعاری رادیكاڵ‌و كۆمۆنیستی‌یە لەبەرانبەر مەسەلەیەكی وا لە بارودۆخێكی ئاوا گرنگ‌و حەساس داو دیارە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی نەك دەورێكی لە پێش گرتن بەو سیناریۆ كۆنەپەرستانەدا بەڵكو قسەو سیاسەتێكی ئاشكراشی نی‌یە.

راستە ئێمە لە ئاستی گشتیدا وەكو ماركسیست پێمان وایە كە هەر كات چینە دەسەڵاتدارەكان‌و نوێنەرانیان نەیان توانی بە شكڵی جاران درێژە بە دەسەڵات بدەن‌و لە خوارەوەش، جەماوەر، نەیویست لەوە زیاتر درێژە بە ژێر دەستەیی بدات، ئەوە پایەی ئەزمەی شۆرشگێرانە پێك دێنن. بەڵام ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر عێراقی ئەمڕۆ (بۆ نموونە)و كاتێ لەو چوارچێوە گشتی‌یە دەردەچێت مەسەلەكە وا سادە نی‌یەو گەلێ لەوە ئاڵۆزترە.

ئەمڕۆ (10) ساڵە حكومەتی بەعس ناتوانێ وەكو جاران درێژە بە حوكمرانی خۆی بدات‌وخەڵكیش لە ژێرەوە نایانەوێ بە شكڵی جاران ئیدامە بە ژێر دەستەیی بدات. بەڵام ئەوە نەك نەبووە بە پێكهێنانی ئەزمەی شۆرشگێرانە بەڵكو بە پێچەوانەوەو سەرباری ئەوەی كە بووە بە هۆی توند كردنەوەی كۆنەپەرستی لە هەموو ئاستێكی كۆمەڵدا، تەنانەت نەیتوانیوە لە چوارچێوەی كۆنەپەرستی سیاسی بۆرژوازیشدا، مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی یەكلا بكاتەوە. دیارە مەسەلەكە لەوە مرەكب ترو هەمەلایەنەترە. ئەوەش پێویستی بە لێكدانەوەیەكی سیاسی كۆنكرێت ترو وردتر هەیە لەسەر مەسەلەی ئەوزاعی سیاسی عێراق‌و دەسەڵاتدارەتی سیاسی. بەڵام دیارە ئەمە لەوە ناگۆڕێ كە رژێمی ئێستا رژێمی دەورەی ئینتقالە. یانی رژێمێكە چ لە ریزەكانی خەڵكدا چ لەناو بەشی زۆربەی بۆرژوازی ناوخۆداو چ لە روانگەی ئەمریكاوە مطلوبیەت‌و خاسیەتی نەماوە وەكو رژێمی دەورەی گوێزانەوە چاوی لێ ئەكرێ كە ئەبێ جێی خۆی بدات بە رژێمێكی تر.

هەر بۆیەش رژێمی مەوجود دەستی بۆ ئابووری نەبردووەو دەستیشی بۆ ناباتو هیچ بەرنامەو نەقشەیەكی نی‌یە بۆ رووبەڕوو بونەوە لەگەڵ وەزعی ئابووری مەوجود. چونكە مەسەلەی ئەصڵی لە كاتی وادا. لە دەورەی ئەزمەی حكومەتی‌و حادبونەوەی‌دا بریتی‌یە لە پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی نەك چارەسەر كردنی ئەزمەو مشكلاتی ئابووری

.

مەسەلەیەكی تر ئەوەیە كە ئێمە دەبێ لە چوارچێوەی ئەنجامگیری‌یە سیاسیەكانماندا لەم باسە، ئەبێ هەستین بە رێكخستنی كەمپینێكی سیاسی ئیفشاگەرانە لەسەر وەزعی مەوجودو ئەوە ببەینە ناو كرێكاران‌و خەڵكەوە ورەواجی پێ بدەن‌و رەئی عامێكی لە

دەور پێك بهێنن‌و لەولاشەوە بیکەین بە سیاسەت‌و خۆهوشیاری بەشێکی بەرین لە کرێکاران‌و رابەرانی کرێکاری بە تایبەتی لە کوردستاندا کە توانامان زیاترە.

هەر بەو پێیەش‌و لە ئاستێکی تردا بیکەین بە خەتێکی پایەدار لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی‌و کۆمۆنیستی‌داو لەو بارەوە ئێمە کەم کاری زۆرمان بووە لە یەك سالی رابووردوودا.

پێم باشە لێرەدا پەنجە بۆ مەسەلەیەکی تریش رابکێشم: ئایا ناوەرۆکی ئەصلی‌و حەلەقەی مەرکەزی تەدەخولی ئێمەو هەڵسوڕانمان لە تفاعولاتی ئێستای ئەوزاعی سیاسی عێراقدا چییە؟ ئایا بۆ نموونە ئێمە پێمان وایە ئەو ئەرکە جەوهەرییە روخاندنی حکومەتی بەعسیەو؟ یا چی‌یەو با دیاری بکەین.

من پێم وایە ئێمە خوزیاری رووخاندنی رژێمی بۆرژوازی بەعسین، بەلام هێزێکی سەرنگون خواز نین‌و ئەوە جەوهەری هەڵسوڕانی کۆمۆنیست بە گشتی‌و جەرەیانی ئێمە نییە بەتایبەتی. واتە سەرنگون خوازی لە خۆیدا وبەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو شیعارە، لە دڵی کۆمەڵێك شەرایتی ترو بە لەبەرچاو گرتنی لیستێك لە فاکتەری تر، رێبازی ئێمە نییە.

حەلقەی ئەصلی دەخالەت‌و هەڵسوڕانی سیاسیمان (بە نەزەری من) وەکو هێزێکی سیاسی لە ئێستادا بەو فاکتەرانەوە کە هەیە، و لە ئەوزاعێکدا کە رووی لە پەرەسەندن‌و قووڵ بوونەوەی زیاترە، دەبێ تەسبیت بکرێ بە نوعێك کە سەرجەم حەڵقاتەکانی تر بخرێنە خزمەت ئەو.

دیارە ئێمە وتومانە شیعاری (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی)و ئەوە شیعاری ئێمەیەو زۆر دروستە. بەلام ئەبێ لەچوارچێوەی هەر ئەو شیعارەدا ئەرك‌و ئەولەویاتەکانمان بە دروستی دەسنیشان بکەین.

ئەمڕۆ لە بەرانبەر حکومەتی بەعسدا هەمووان شیعاری (رووخاندنی رژێم) بەرز دەکەنەوە. ئایا ئێمەش دوای ئەو کۆرسە دەکەوین‌و بێ ئەوەی پێ‌ی بزانین دەبین بە ئەندامی جۆقەی بۆرژوازی بۆ روخاندنی بەعس‌و یەکلا کردنەوەی حاکمیەت بە شکڵە رەجعیەکەی؟

ئایا ئێستا کرێکاران، خەڵك، جەماوەر، ئەتوانن بە شکڵە شۆرشگێرانەکەی، ئاڵوگۆڕ لە دەسەلاتدا بەدی بهێنن‌و لە جێ‌ی حکومەتی مەوجود، نالێم حکومەتی تاقانەی سۆسیالیستی، یا شوورایی بەرقەرارکەن بەڵکو تەنانەت ئەتوانن بەم ئاستە لە هۆشیاری‌و رێکخستن‌و سەربەخۆیی‌یەوە، حکومەتێکی سکۆلارو مۆدێرن هیچ ئیحتمالێکی هەیە بۆ بەرپا کردن لە جێ‌ی بەعس؟ بە بڕوای من نە . بۆیە لە جوابدا ئەڵێم، کە سەرباری پێداگرتن لەسەر رووخاندنی رژێم وەکوو شیعارێکی سەراسەری‌و مەرکەزی، ئێمە جەوهەری هەڵسوڕانمان رووی لە ئیجادی حەرەکەیەکی سۆسیالیستی سەربەخۆیە لە هەموو حەلەقاتەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا. با بێین‌و هەوڵ بدەین بە سوود وەرگرتن لە هەموو کەلێن‌و ناکۆکیەکانی نێوان هێزە بۆرژوازیەکان، ئیمکاناتێك کە بۆمان دەلوێ، ئەوە بکەینە قیبلەنومای ئەصلی عەمەل‌و پراکتیك‌و هەڵسوڕانی سیاسی‌و رێکخراویمان. بەو پێیە جەوهەری تەحەروکمان مەسەلەی سوڵتەی سیاسی نییە، بەڵکو سەروسامان دان بەو بزووتنەوە سۆسیالیستی‌یەیە لەژێر پەرچەمی **(نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوورایی)** دا.

لەهەر مەرحەلەو ریز بەستن‌و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی‌دا، جەوهەری هەڵسوڕان‌و دەخالەتی هەمەلایەنەی ئێمەیە. نموونەی ئەو هەڵسوڕانەی حیزبی بەلشەفی لە 1905 بەدواوە تا 1917. چونکە ئەیزانی چینی کرێکار ئامادەیی راستەوخۆو فیعلی نییە بۆ دەست بردن بۆ دەسەلاتی سیاسی‌و ئەوە لە گرەوی پرۆسەیەك لە گەشەدان‌و پەرەدان بە بزووتنەوەکەیەتی.

*   *   *

## بەشی دووەمی قسەکانی هاوڕێ نزار سەبارەت بە دواگۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراق:

### نزار عبداللە:

یەکێك لەو کەناڵە سەرەکیانەی ئەمریکا هەوڵیداوە لەرێگەیەوە هێرشی خۆی بۆ سەر رژێمی عێراق توندبکاتەوەو پەرەی پێبدات،ناوچەو هێڵە ئەمنیەکان بووە.لەیەکساڵی رابردوودا ئەمریکا بەخەستی لەم ناوچانەوە هێرشی بەردەوامی کردۆتە سەر رژێم‌و بەردەوام بۆمبابارانی کردووە.ئەو بۆمبایانەی لەم رێگەیەوە بەسەر عێراقدا باراندوویەتی‌وئەو منال‌و ژنوکەسانەی بەهۆی ئەم هێرشانەوە گیانیان لەدەستداوە،هیچی لەبۆمباوقوربانی‌یەکانی هیرشی رێوی بیابان کەمتر نییە. ئەمە شەرێکی بەردەوام‌وهەموو رۆژە

بووه،یان وەکو باسـی دەکـەن شـەری نـەزیف بـەربوون بـووه(حـرب الاسـتنزاف) .داسـەپاندنی ئـەم هێڵـە ئەمنیانـە بـەبریاری فـەردی ئـەمریکا،فرسـەتێکی زۆری پـێداوە تـاکو تـەدەخولو عەسـکەرتاریەتی خـۆی بنوێنێ‌ونمایشـی بکـات وهــەوڵبدات ئامانجــەکانی لــەم رێگەیـەوە سـاغ بکاتـەوه.ئیمـە دەبـێ لەحسـاباتی سیاسـی خۆمـاندا ئەمـە بـەجدی وەربگریــنو چ بــەبریار بــێ یــان بەبڕیارنامــەی دیاریکراو،یان هەر شیعارو دروشمێك،هەڵویستی خۆمان لەو بارەیەوە دەربڕین.گرنگ ئەوەیە ئەم بیانووەوئـەم چەکـە هـەم لـە دەسـتی ئەمریکا هەم لەدەستی رژێم وەربگرینو نەهێڵین شەرێکی کۆنەپەرستانەی پێ یەکلابکەنەوە.لەمەش واوەتـر لەسـەر وجـوودو مۆڵدانـی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەی خلیجوئەو بنکە سەربازیانەی کە لێـوەی هـێرش دەکاتـە سـەر خـەڵکی عـێراق سـەربەخۆ لـەوەی رژێـم چ هەڵوێستێکی بەرامبەر وەرگرتووە،ئێمە پێویسـتە خـەبات بـۆ وەدەرنـانی ئـەم هێزانەوئـەم بنکانـە بخەینـە دەسـتووری کارمانـەوە.وە بەتایبەتیش لەپەیوەند بەمـەوە هەڵویسـتی ئـەو دەوڵەتانـەی خلیـج مـەحکوم بکـەین کـە بـەبیانووی جۆراوجـۆر تۆکـەری بـۆ ئـەمریکا دەکەن‌وپاساو بۆ وجودی سەربازی ئەو دەهێننەوەوتەنانەت خەرجیەکانی دەخەنە ئەستۆی خۆیان.

ئاشـکرایە ئـەم هێزانەوئـەو بنکانـەی کـەتیایدا مۆڵیـان خـواردووە دەورێکـی ســەرەکی دەگـێرێت لەجێبـەجێکردنی نەخشــەکانی ئەمریکادا،ئەو لەرێگەی ئەم هێزو بنکانەوە هێرش دەکاتە سەر عێراقو زەربەی سەربازی دەوەشێنێ.بـۆ نمونـە دەربـارەی ئـەوە قسـە دەکرێ کـە ئـەمریکا نەخشـەی ئەوەیـە بۆمبـارانی کۆشـکی کۆمـاری بکـاتو شـوێنی ژیـانی صـدام حسـین بۆمبابـاران بکـــاتو بـــاقی دامودەزگاکانی تر کە وەسیلەی سەرەکی دەستی رژێمن زەربەی لێ بداتو فرسەت بۆ سوپاو ئەو هێزانەی کەسەر بـە خۆیـن بخولقێنـێ تاکو بجولێن‌ودەسەلات بگرنە دەست‌وئالۆگۆری حکومەتی پێکبهێنن.

بەهەر حاڵ ئـەم سـیناریۆیە چـەندە راسـت بـێ یـان نـا،ئێسـتا رۆشـنە کەئـەو بنکـەو هێزانـە تـاکو ئێسـتا دەورێکـی سـەرەکیان بـووە لەملهوری‌وعەسکەرتاریەتی ئەمریکی‌داو لەئایندەدا بێگومان دەورێکی زیاتریان دەبێ.

لەدرێژەی ئەمەدا بەپێویستی دەزانم کە هەڵوێستی دژی ئینسانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عـێراق زیـاتر بخەینـە روو.ئـەم ئۆپۆزسـیۆنە لەیەکسالی رابووردوودا تایبەتمەندی‌و جەوهەرە دژی کرێکاری‌ودژی ئینسانیەکەی تۆخ تربۆتەوە.هەڵویستی ئـەوان ئیـتر هـەر هاوکـاری ئەمریکاو چەپڵەلێدان بۆ شەروملهوریەکانی وپاساو هێنانەوە بۆ هێزو بنکەو داسەپاندنی هێڵە ئەمنیەکان‌وپێشـوازی کـردن لەگـەمارۆی ئـابووریو.......تـاد نی‌یـە،لەمانـەش واوەتـر چـوون‌و راسـتەوخۆ لەقیافـەی خزمـەتکارێکی ملکـەچدا دەرکـەوتوون. بـەلای ئەوانـەوە حکومەتێکی پڕۆ ئەمریکی ،حکومەتێکی خزمەتکاری ئەمریکا،رێگای رزگاری خەڵکی عێراقە !عێراق کۆنترۆڵ بکرێت،بە بیانووی وجودی رژێم بۆ ژێر سایەی ئینتداب بگەرێتەوە،ئابووری وسامانەکەی تالان بکرێتو بکرێت بەگەرووی کۆمپانیا ئەمریکی‌یەکاندا،.....تاد ئەمانـە نەك هەر گرفتێك نی‌یە،بەڵکو مایەی چەپڵە لێدانو پێشوازی‌یە،گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوەیە کە دەسەلاتی سیاسیان پێ بدرێ.تەنانەت گرنگ نی‌یە کەهەموو دەسـەڵاتی سیاسـی نـەبێ،گرنـگ نی‌یـە ئـەمریکا ئـەمان لـە کولیـەتدا بەحکومـەتی خزمـەت کـاری خـۆی قبـووڵ بکـات،گرنـگ ئەوەیـە بەشـێك لـە دەسـەڵاتیان پـێ بـدرێ.لانی کـەم سـوچێکی وەربگـرن. شـکڵی ئـەم بـەش وەرگرتنــە چۆنــە،ئایــا پەرلەمان‌وهەڵبژاردنە یاخود حکومەتێکی ئیئتلافی کاتی‌یە یان هەر شکڵێکی تر،ئەمانە مەســەلەیەکن هەواڵـەی ئـایندەوخودی ئـەمریکا کراون. ئەوان هێندە لەدەسەلات دوور خراونەتەوە کەبە هەموو شتێك رازین هەوڵ دەدەن سەرزەمینێکیان دەست کـەوێ کـەکاری تێـدا بکەن‌وئیمتیازاتی تیادا بچننەوەو لە(مەنفی) رزگاریان بێت.ئەم هەڵوێستە رسوایەی ئۆپۆزسـیۆن،ئێسـتا ئیـتر تیژتـرودژی ئینسـانی‌ترە لەهەڵوێستی سەرەتای نەوەتەکان.ئەگەر ئەو کات بۆ زۆر لایەن‌وهێز وبۆ خەڵکی عێراقیش ئاکامەکانی سیاسەتو ملهوریەکانی ئـەمریکا بەرۆشنی دەرنەکەوتبێ‌و قوربانیەکانی ملیۆنەها کەس نەبووبن! وەبەم دەلیلە نـاوەرۆکی کۆنەپەرسـتانەو بۆرژوایـی ئـەم ئۆپۆزسـیۆنە ئاشکرا نەبووبێ،ئەوە ئێسـتاو پـاش نزیـك بە10سـاڵ بەسـەر ئـەم بارودۆخـەدا زیـاتر چوونـەوە پـاڵ ئەمریکاوخزمـەتیان بەسیاسـەتو تەدەخولەکانی کرد.

دیارە ئەمە بۆ جەرەیان‌و بۆ سۆسیالیزمی کرێکاری بەڵگەیـەکی باشـە تـاکو نـاوەرۆکی دژی ئینسـانی ئـەم ئۆپۆزسیۆنە رسـوابکاتو کرێکاران‌وخەڵکی عێراق لێ یان دوور بخاتەوەو زیاتر بێ پایەیان بکات.ئەمــە کـارێکی گرنگ‌وجدی‌یـە. بەپێچەوانـەی ئیدعاکـانی رژێـمو هــەندێك لێکدانــەوەی تــرەوە ئۆپۆزسـیۆنی بۆرژوایـی عـێراق تـەرەفێکی سـەرەکی ململانێکـانی ئێسـتایە.هـەرچی کوردسـتانە ئیســـتا بەعەمەلی لە ژێر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورددایە،ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی وبەتایبەتی ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی وەکو هێزێك لـەجنوبو وەسـەت مـەترەح بـووەو لـە کوردسـتانیش خـەریکی خۆکۆکردنـەوەو خـۆ رێکخسـتنی زیـاترە.جـەرەیاناتی ناسیونالیسـتی

عەرەبیو ناسیونالیزمی نیشتمانیو موعتەدلی سەر بەئەمەریکا،سەریان بەرز کردۆتەوەو خەریکی خۆ ئارایش دانو بـەقازانجی هـێزێکی ناسیونالیستی موعتەدل ئاڵوگۆری جدیدیان بەسـەردا دێت،ئـاخرین پاشماوەکـانی ناسـیونالیزمی جـەنگاوەری عـەرەبی لەسـەر ئاسـتی فکری، سیاسـیوحکومەتی خەریکـە لـە رەوەندێکـدا لیٚ دەدریٚو پـاك دەکرێتـەوە. خەریکـە ئـەم ئـاڵوگۆرە سـەرەکیانە، لەسـوپادا، تەنانەت لە حزبی بەعسدا تاقی دەکرێنەوەو بەرەوپێش دەبرێن.

دیارە رژێم وحزبی بەعس باش ئاگای لەم ئـاڵوگۆرە سیاسـیانەیەودەیەویٚ بـە کۆنگـرەی حزبـی بـەعسو ئاڵوگۆڕەکـانیو خۆئـارایش دانەوەی خۆی پێش بەم ئاڵوگۆرانە بگریٚونەهێلیٚ رەوتو باڵێکی موعتەدل لەناویدا دەربکەویٚو سەرهەڵبداتو بـەم جـۆرە ئاراسـتەکان بە قازانجی خۆی وبەدژی ئەمریکا بگۆریٚ.

دیارە ئەم ململانیٚیانەو ئەم رەوەندەی دەستی پێکردووە، سەرەرای ئەوەی سیاسی ،فکری،کۆمەڵایەتین بەڵام سەرەنجام لــە شـکڵی دەسەڵاتداریتی سیاسی عێراقدا رەنگ دەداتەوەو لەوێدا دەردەکەویٚ.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەگەر حکومەتێکی پرۆ ئەمریکی سبەینیٚ دەسەڵات بگرێتە دەست، ئایا تایبەتمـەندی ئـەم حکومەتـە چـی ئـەبێت؟ بـەبروای مـن تایبەتمەندییـەکی سـەرەکی ئـەم حکومەتـە، تایبەتمـەندی جـەرەیانێکی ناسیۆنالیسـتی موعتـەدل تـرە (میانرەوتر). رەنگـە سـەرەتا ئـەم تایبەتمەندیـیە بەرجەسـتە نـەبێت. بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە لـەرەوەندێکدا لەسـەر ئـەم سـکەو رەیڵـە بڕوات.ئەمریکاو بەریتانیا لەحکومەتی ئایندەدا هەتاکو نایانەویٚ تایبەتمەندی قەومیو ناسیۆنالیستی لەدەوڵەتی حاکم بکەنەوە، بـەڵکو دەیانەویٚ بەهەمان تایبەتمەندی قەومییەوە بیهێڵنەوەو هەتاکو ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لــەدامودەزگا سـەرکوتگەرەکاندا بـەهۆی سیاسـەتی سەرنگونکردنی رژێمەوە پێك نەهێنن. ئەمە رۆشنتر لەهەر کاتێکی تر ناوەرۆکی دیموکراسییەتی ئەمریکیو هەراو هوریای تایبەتمــەندی دکتاتۆریەت لەعێراق دەخاتە روو. ببینن تەحقیقی دیموکراسی لەعێراق و رووخاندنی دکتاتۆریەت واتە لابردنی صدام حسێنو لایەنگری حکومەتی داهاتوو لەئەمریکاو هێشتنەوەی تەواوی دامودەزگا دکتاتۆریەکان.

سەرنگونکردنـی رژێـم بـەلای ئـەمریکاوە، سـەرنگونیو رووخـاندنی کوللـی رژێـمو پەیکـەرەو دامو دەزگاکـانی نیـیە، بـەڵکو لابردنــی کۆمەڵێكو دەستەو تاقمێکی دیاریکراوە لەعێراق. دیارە ئەم نمایشە گاڵتەجاڕیانەی دیموکراسیەتی ئەمریکی، بەڵگەهێنانەوەو چەکێکی گرنگە بەدەستی ئێمـەوە تـاکو نـاوەڕۆکی کۆنەپەرسـتانەو بۆرژوایـی ئـەو دیموکراسـییە رسـوابکەینو لایـەنگرانو کرنـۆش بـەرانی بـیٚ ئیعتیبار بکەین.

من سەبارەت بەپرۆسەو ململانیٚ سیاسییەکانی داهاتوو دەمەویٚ لێرەدا دەربارەی سوپای عێراق خاڵێك باس بکـەم. بـەبروای مـن ئـەم سـوپایە لەپرۆسـەیەکی مێژوویيوتایبـەتدا ئـیرادەو توانـای بـۆ ئـاڵوگۆڕی سیاسـی ــ حکومــەتی لــەعێراقدا لەدەسـت داوە. ئەمــە لەسەرەتاکانی دروست بوونو پێکهاتنییەوە یاخود لەدەیەی چلەکانو پەنجاکاندا وانەبووە. بـەڵام لـەکۆتایی شەسـتەکانو هـەفتاکاندا ئەم سوپایە ئاڵوگۆڕێکی زۆری کردووە. رژێمی بەعس خـۆی وەکـو هـێزێکی جـەنگاوەر (میلليتـانت)ی ناسیونالیسـتیو خـاوەن مـەیلی عەسکەرتاریا، توانیویەتی ئەم سوپایە کۆنترۆڵ بکاتو ئحتوای بکات، خۆی لەگەڵیدا جووت بکات، ئمتیازاتی بداتیٚو هـەتاکو بازرگـانی جەنگی پیٚ بکات. دیارە فرسەت نیـیە بچینـە سـەر ئـەوەی جـووت بـوونو یەکهاتنـەوەی رژێـمو سـوپا و جیانەبوونـەوەیان لەیـەك چ پرۆسەیەکی بڕیووەو بەچ شێوەیەك بەم ئاکامە گەیشتووە، بەڵام ئەوەی کە رۆشـنە ئەوەیـە کـە ئێسـتا سـوپا هـێزێکی مـل کـەچو بـی ئیرادەیە بەدەستی حزبی بەعسەوەو هیچ سەربەخۆیی یەکی تایبەتی نییە. بەئارەزووی خۆی رژێم دەتوانێـت هەڵیبسـوورێنیٚ. لـێرەوە دەڵێم موراهەنە لەسەر سوپای عێراق بۆ ئاڵوگۆڕی حکومەت، موراهەنەیەکە تائێستا فەشـەلی هێنـاوە. دیـارە لـەناو ریزەکـانی سـوپای عێراقدا إستجابەو وەڵام دانەوەیەك هەیە بۆ ئەمریکا، بەڵام من هێشتا ئەوە بەمەلموسـی نـابینم. هەڵبەتـە ئـەمریکا هـەوڵی جدی داوە سوپا هان بداتو هەلیبخرێنیٚ، نیشانی بدات کەحکومەتی ئایندە لەعێراق لەسـایەی ئـەمریکادا کۆمـەکی زۆری پـیٚ دەکـریٚ، ئیمتیـازات وەردەگریٚو ....تاد. هــەتاکو لەیاسـای رزگـاری عـێراقدا لەچـەند پـەرەگرافێکدا هـاتووە کـە دوای رووخـاندنی رژێـم، ئـەو حکومەتـەی دەسەڵات دەگرێتە دەست لەعێراق ئەمریکا هەوڵ دەدات کۆمەکی ئینسانیو سیاسیو ئابووری پیٚ بکات، هــەوڵ دەدات سـزاکانی سـەر رژێم هەڵگریٚو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانو ئەنجومەنی ئاسایش لەدژی رابگریٚو هەڵی وەشێنێتەوە.

سەرەرای ئەم وەعدەو بەڵێنو تموحانە هێشتا ئستجابەیەکی رۆشـن نـابینم. دیـارە سیاسـەتەکانی ئـەمریکا هێشـتا خـۆی لـەئاڵۆزیو نارۆشنیدا دێتو دەچێت. چۆن سیاسەتی رزگارکردنی عێراق جیٚبەجیٚ دەکـات؟ چـۆن حکومـەتێکی پـرۆ ئـەمریکی دێنێتـە سـەرکار؟

چۆن هێزی ناوچەییو جیهانی بۆ هەڵدەخرێنێ؟ چۆن بن بەستو بەستەڵەکی ناو ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە عێراق تێك دەشکێنێو بەسەریدا زاڵ دەبێ، مەسەلەی گەمارۆی ئابووری چی بەسەردێ؟ و...تاد. ئەوەی کەڕۆشنە ئەمریکا ناتوانێت ئەم هەلومەرجە زۆر درێژ بکاتەوەو دەبێ هەر سیاسەتو هەنگاوێکی هەیە بەخێرایی زەمینەی بۆ خۆش بکات و جێبەجێی بکات. گەرنا، دەبێ هێڵی پاشەکشەی خۆی دیاری بکات (خط الرجعة). بەهەرحاڵ ڕۆشنە ئەمریکا لەکەناڵی جۆراو جۆرەوە سۆراغی جێبەجێ کردنی سیاسەتو نەخشەکانی کردووە، ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقی کۆکردۆتەوە، هەوڵیداوە کوردستانی عێراق بکات بەسەنتەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێم، فەحصی هەڵوێستی وولاتانی کەنداوی کردووەو لەهەوڵدابووە پشتیوانی ئەوان بۆ ئەو سیاسەتو نەخشە تایبەتیانە بەدەست بهێنێ.

دیارە ئەم هەنگاوانەی ئیستای ئەمریکاو هەنگاوەکانی دواتر وە ئەگەری سەرکەوتنی داهاتوویشی، هەموو ئەمانە بەدەر لەئیرادەو هێزی چینی کرێکارو خەڵکی عێراق بەرەو پێش دەچێ. هەم لەغیابی ئەوانو هەم لەدژیشیان. ڕۆشنە تێکڕای ئەم پرۆسەیەو ئاکامەکانیو ساغ بوونەوەی هیچ وەلامێکی بنەڕەتیو سەرەکی بەو گیروگرفتانە ناداتەوە کە لەپێش شەڕی خلیجو لەدوای ئەوەوە کەڵەکە بووە لەسەریەك وەلامیان دەوێ.

هەڵبەتە کۆمەكو هەڵوەشانەوەی بڕیارو سزاکانو کردنەوەی هەموو دەرگاکان بەڕووی سەرمایەگوزاری دەرەکیداو...و زۆر هەنگاوی تر ناتوانێت وەلامێکی سەرەتاییش بەو گیروگرفتانە بداتەوە. ڕەنگە بەرۆشتنی دەستەو تاقمە بالادەستەکانی ڕژێمو لابردنی شەخصی صدام حسین، بەشێوەیەکی کاتی تینوویەتی خەڵکی عێراق کە بەهۆی ئەم ڕژێمەوە بەگشتیو بەهۆی ئەو کەسەوە بەتایبەتی تووشی کارەساتو جەنگو گەورەترین نەهامەتی بوون، بشکێ. خۆشباوەڕیەکان بەئەمریکاو تەدەخولو سیاسەتەکانی زیاتر ببێ. نموونەو تەجروبەی کوردستانی عێراق لەدوای ساڵی (1991)ەوە نموونەیەکی ڕۆشنە. بینیمان خەڵکی کوردستان دوای دەرکردنی ڕژێم تووشی چ خۆشباوەڕیەك بەحیزبە قەومیەکان بوونو کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان چ زریانێکی خۆشباوەڕی هەڵیکرد.

ئەمانە چاوەڕوانکراون، چونکە بۆرژوازیو هێزەکانی لەمەیدانی سیاسی عێراقو ئاڵوگۆڕەکانیدا بێ ڕەقیبو مونافسن، چینی کرێکار چونکە هەر لەسەرەتاوە لەمەیدانەکەدا یاریچی سەرەکی نەبووە، ئاشکرایە کە ئێستاش دەورێکی سەرەکی نابێت .گرنگ لێرەدا ئامادەکردنو هوشیارکردنەوەو هێز هەڵخڕاندنێتی، لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەی ئێستاو داهاتوودا، خۆشباوەڕیەکانی نەهێڵین، ئاسۆو ئایندەی خەباتو شۆڕشی نیشان بدەین، لەتەسك بینیو ناڕۆشنیو تەمو مژی سیاسی ڕزگاری بکەین.

منیش شەریکی ئەو باوەڕەم کە دەورەی داهاتووی عێراق،لە کورت ماوەدا هەر چاوەڕوانیوخۆشباوەڕیەکی لەگەڵدا بێ، لەدرێژ ماوەدا دەورەی ناجێگیری سیاسیوکەڵەکەبوونو توندبوونەوەی گرفتە سیاسیەکانە.ئێستا کە صدام حسین ماوەتەوە لەسەر دەریایەك کێشەوبەرمیلێك باڕووت ڕاوەستاوە..لابردنی صدام حسین قەتماغە لەسەر هەموو ئەوانە لادەداتو دووبارە کۆنترۆڵو هاوسەنگی لە نێوانیانداو ڕێکخستنەوەی کارێکی ئاسان نیە.هەر ئەم واقعیەتو ئاڵۆزیەیە وای کردووە هەندێك لایەنودەوڵەت ولێکۆڵەرەوە تایبەتەکان بەنیگەرانیەوە بڕواننە کێشەوململانێکانی عێراقو تەنانەت باس لە هەڵوەشانەوەو دابەشبوونو پارچەپارچەبوونی بکەن!

بەلام ئایندەی عێراقوململانێکانی بەهەر ئاراستەیەکدا بڕۆن،گرنگ ئەوەیە خەڵکی هەرچی زیاتر بێ ئیرادەبکرێو لەمەیدان دەربکرێ،لە خۆشباوەڕیەکی قووڵدا بمێننەوە.لەیەکساڵی ڕابووردوودا بۆرژوازی هەدەفمەندانە بۆ ئەمە کاری کردووە.بەداخەوە دوای نزیك بە10ساڵ لەدەسەلاتوملهوڕی ئەمریکی،لەهەژاریونەهامەتیو نابووتی ئابووری،لەشەڕوجەنگی بەردەوام، خۆشباوەریەکانی خەڵك بە ئەمریکاوسیاسەتەکانی لەگەڵ سەرەتای نەوەدەکاندا زۆر ئاڵوگۆڕی نەکردووە.ئەمە بەڕۆشنی لەکوردستاندا دەبینرێ.خەڵکی کوردستان ئومێدێکیان هەیەو چاوەڕێی ئەوەن بەهۆی تەدەخولوسیاسەتەکانی ئەمریکاوە ئاڵوگۆڕێك ڕووبداتودەسکەوتێك بەدەست بهێنن،ئەوان لەهەلومەرجێکدان کەچاوەڕوان ماونەتەوەو پێشوازی دەکەن لەو ئاڵوگۆرانەی لەم هەلومەرجە ڕزگاریان بکاتودەریان بهێنێ،هەمان مەسەلە بۆ خەڵکی بەشەکانی تری عێراقیش دروستە.ئیعترازاتی خەڵك دژی ڕژێم خۆشباوەری بەئەمریکاوسیاسەتەکانی بەسەریدا زاڵە،بەتایبەتی دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی چووەتە پاڵ ئەمریکاوهاوکاری دەکات،ئەم مەسەلەیە زیاتر پەرەی سەندووە.

دیاره ئەم واقعیەتە سیاسیانە هەرچەندە سەلبیو نەخوازراو بن، بەلام بەهیچ شێوەیەك نابێ خۆمان بكاتەوە لەئەنجامدانی ئەولەویەتوئەركە پایەیە كرێكاریو كۆمۆنیستییەكانمان .بەتایبەتی نابێ تایبەتمەندی دژی رژێمی وتایبەتمەندی دژی ئەمریكی خۆمان فەرامۆش بكەین.ئێمە دەتوانین هەم ئێستاو هەم داهاتوو هێز لەم تایبەتمەندیانەی خۆمان وەربگرین.هەر حكومەتێكی پرۆ ئەمریكی بێتە سەركار، جەرەیانێك كە تایبەتمەندی دژی ئەمریكی لە خۆی نیشان دابێت دەتوانێت وەكو ئۆپۆزسیۆنێكی جددی ئەو رژێمەو هێزێكی سەرەكی بێتە مەیدانو لە ناجێگیری سیاسیوگرفتەكانی سبەینێدا بەخێرایی ئاراستە سیاسەكانی ئایندە بەقازانجی خۆی بگۆرێت

## جەرەیانی كۆمۆنیزمی كرێكاریو هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق !

هەر لەپەیوەند بەم هەلومەرجە سیاسیەوە بە پێویستی دەزانم لە یەكسالی رابووردوودا بچمە سەر هەلوێستی جەرەیانی ناوبراو بە (كۆمۆنیزمی كرێكاری) وبەتایبەتی هەلوێستی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق . ئەم هێزوجەرەیانە وەكو هێزێكی سەرنگون تەلەب (سەرنگون خواز )دەركەوتووە. دیارە سەرنگونی رژێمی بەعس بەبێ هیچ مقدماتو پەیوەندیەكی واقعی ومادی بە بزووتنەوەی كرێكاری یەوە،بەبێ گرێدانەوەی بە ئامادەیی یە سیاسی وعەمەلی‌یەكانی چینی كرێكارەوە.

كاتێكیش هاتووە باسی رووخاندنی رژێمی بەهەر قیمەتێك كردووە زۆر بەكولیو تەجریدی قسەی لێكردووە،مەعلومی نەكردووە ئەودامودەزگا سەركوتگەرانەی ئەو رژێمە لەسەریان راوەستاوە،بۆ نمونە وەكو سوپا،چیلێدەكاتو لەم بارەیەوە چ قسەیەكی هەیەودەیەوێت چیبكات .بەرزكردنەوەی دروشمی (رووخاندنی رژێم) بەم شێوەیە ،زیاتر لەراكێشانی كارتێك چووە،وەكو لە دروشمێكی سیاسی ـ عەمەلی ویستوویەتی لە چوارچێوەی یاساكانی یاریگای سیاسی مەوجودا ئەویش كارتێك راېكێشێو خۆی تەرح بكاوداخلی مەیدان بێ.كاتێكیش كەچاوەروان دەمێنێتەوەوشانسی سەركەوتنی نابێ ، ناچارە چەمكو زاراوەكانی بگۆرێوناوەروكی ماركسیستیان بە تالّ بكاتەوە.. بۆ نمونە چەمكی دەسەلاتی سیاسی لە ماركسیزم دا واتە دەسەلاتی دەولەتی ،كاتێك دەووترێ دەسەلاتی سیاسی دەگرینە دەست ،واتە دەسەلاتی سیاسی ـ حكومەتی لە چینی بۆرژوازی وەردەگرموحكومەتی چینایەتی كرێكار دادەمەزرێنم. منصور حكمەت ئەمەی بە جۆرێكی تر گۆری وپێناسەی كردەوە..لای ئەو ووتنی ئەوەی حزب قودرەتی سیاسی دەگرێ بەو مانایەیە حزب ببێت بە هێزێكی سیاسی وقودرەتێكی گەورەی كۆمەلایەتی .

جگە لەم ئالۆگۆرو پێناسە غەیرە ماركسیستییە خودی مەفهومی دەسەلاتی سیاسی تەنها بەحزبەوە گرێ دەداتەوە. بەم مانایە لای ئەو ئەوە حزبە كەقودرەتی سیاسی دەگرێولە ئاخرین پلەدا حكومەتی خۆی دادەمەزرێنێ ،كەئەم دواییانە ناوی (جمهوری سۆسیالیستی)یان لێ ناوە. دیارە ئێمە پێویستە بە تایبەتی لەبواری تیۆری دا سەبارەت بە دەولەت وگرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی مەفهوم وپێناسە ماركسیستییەكان بخەینەوە جێگای خۆیانورەخنەی جددی لەشێوادنو تەحریفكردنی بگرین.ئەو مەفهوم و زاراوانە ئێستا وەكو بەشێك لەهەولو تەقەلای ئەو جەرەیانە بۆ خۆگونجاندن لەگەل بارودۆخی سیاسی مەوجوددا ئالۆگۆریان بەسەردا دەهێنرێ. تەواوی هەنگاوەكان بۆ گرتنی قودرەتی سیاسی لە عێراق كە لە كۆنگرەی یەكەمدا بەرز كرایەوە،بووە بە بروخێو بروخێو چاوەروانی.رۆشن نییە كە ئەگەر هەر سوور بێ لەسەر ئەوەی كە دەبێ قودرەت بگرێ،ناچار دەبێ لە كێ نزیك بێتەوە ! .چونكە دیارە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی بەو جۆرە كە ئەو تەرحی دەكاو بەدابراوی لەخەباتی چینایەتی كرێكار دەیهێنێودەیبا، زیاتر لە چوارچێوەی قاعیدەو قەوانینە ئیمپریالیستیو بۆرژواییەكاندایە بۆ یەكلاكردنەوەو وەلام دانەوە بە مەسەلەی دەسەلات.بۆ هەموان لە جیهانی سێیەمدا ئاشكرایە كە سەنتەرو مەركەزی بریاری نێو دەولەتی بۆ گرتنی دەسەلاوهێشتنەوەو پاراستنی لە دەستی كێدایەو كێ ئیحتكاری كردووە ؟

بەهەرحال ئێمە دەبێ لەم بارەیەوە چاوەرێ بین بزانین بەكوێ دەگاوچی بەسەر دێ! .بەلام سەبارەت بەكوردستانی عێراق ئەم جەرەیانە خەریكە بەجۆرێك شەریك بوون لە دەسەلاتو حكومەتدا تەرح دەكا.منصوری حكمت لەو گفتوگۆیەدا كە دەربارەی رفاندنی عبدللە ئۆجالان بوو دەچێتە سەر ئەوەی كەحزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق دەكرێ سەهمێكی خۆی لە دەسەلاتی حكومەتی ئیئتلافیدا وەربگرێ. دیارە ئەمە تەرحێكی تازەیەو سەرەتاكانی تەرحی لەم بابەتە بەدی دەكرێ.

بێمەوە سەر هەلومەرجی سیاسی وئالوگۆرەكانی ئەمرۆ.

ئیستا رۆشنە کە هەلومەرجێکی کۆنەپەرستانەتر لەمەی ئیستا بەڕێوەیە لەکوردستانو عێراقدا زاڵ ببێ. بەهەر رادەیەك کەئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراق، ئۆپۆزسیۆنی کوردو ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی ئومێدێك پەیدا بکەن بە ئایندەی خۆیان هەوڵ دەدەن ،سەرەڕای ململانێکانی خۆیان،کە دەستو پێی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کۆ بکەنەوە.بەتایبەتی هاوکاری نێوان بەشێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا مەترسیەکی جدیی‌یەو حەتمەن بە زەرەری ئێمە تەواو دەبێ.هەر پلەیەك لەگەشەونفووزی زیاتری ئەم هێزە ئیسلامیانە فەزا لە ئێمە تەنگ تر دەکاتەوە.ئیمە ئەبێ زەمینەو فەزای پێویستو گونجاو بۆ کاری خۆمانو بۆ درێژەدانو گەشە پێدانی بدۆزینەوە.ئەوەتا ئیسلامیەکان بەشێکیان خۆیان لە (یەکبوونی ئیسلامی‌دا)کۆکردۆتەوەو خەریکن خۆیان بۆ هێرش ئامادەدەکەن.لە بناغەدا ئەم یەکگرتنە بەشێکە لە هەوڵی ئیسلامیەکان تاکو زیاتر خۆیان لەئەمریکا نزیك بکەنەوەو بەشێکی زیاتریان لە ئایندەدا بەر کەوێت.

خاڵێکی تر کە پێویستە لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا لە بەرچاو بگیرێ مەسەلەی جێگاورێگای کوردستانە لە نەخشە سیاسیەکانی ئەمریکادا. ئیمە لەپەیوەند بە کوردستانەوە تایبەت تر قسە دەکەین.بەلاَم خالێ سەرەکی ئەوەیە کە ئەمریکا هەوڵی داوە کە کوردستانی عێراق بکاتە سەنتەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رژێم بەمەبەستی سەرنگون کردنی.ئاشکرایە ئەم هەوڵەی ئەمریکا لەگەڵ رێگری ومەحدودیاتی جدی ڕووبەڕووە.بەلاَم هەولێکە کەدەبێ لە حساباتی سیاسی خۆماندا لە بەر چاوی بگرین‌وبە جدی وەریبگرین.

*    *    *

**( بزووتنەوەی کرێکاری وجێگاورێگای مەیلی سۆسیالیستیو ئە نجام گیری‌یە سیاسیەکا نمان )**

**نۆرەی سێیەمی هاوڕێ نزار لەباسەکەدا :**

**بزووتتەوەی کرێکاریو جێگاورێگای لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا !**

ئێمە لەباسە سیاسی‌یەکانی تاکو ئێرەماندا لەسەر هەلومەرجی سیاسی عێراقو دوا گۆڕانکاریەکانی و بەرامبەرکێی ئەمریکاو عێراق، باسی چوارچێوەیەکی سیاسیمان کردووە کە ئەمڕۆ بزووتنەوەی کرێکاریو چینی کرێکار ژیانو خەباتی خۆی لەدژی سەرمایەداری تیادا بەرەو پێش دەبات.

دیارە ئەم هەلومەرجەو ئەم ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریانە کاریگەریەکی ئێجگار قووڵیان لەسەر خەباتو نارەزایەتی کرێکار داناوەو بەتایبەتی لەباری سیاسیو ئابووری‌یەوە لەقالبی داوەو پاشەکشێی بەسەردا سەپاندووە. چینی کرێکار لە10ساڵی رابوردوودا لەگەڵ قووڵترین‌و هەمەلایەنەترین ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری سیاسی ڕووبەڕووبووەو بەو هۆیەوە کە پێشترو هاوکات لەگەڵ گەشە کردن‌و جێگیربوونی سیستمی سەرمایەداری لەعێراقدا خاوەنی حزبی سیاسی خۆی نەبووە، خاوەنی رێکخراوەی جەماوەریو سەرتاسەری نەبووەو هەر تەجروبەیەکی لەبواری رێکخراوبوونی جەماوەری‌دا بەدەست هێنابێ کورتو مەقتەعی بووە، و...تاد لەبەر ئەمانە کاتێك کەوتووە بەسەر ئەم هەلومەرجەدا نەیتوانیوە ڕووبەڕووی بێتەوەو دیفاع لەبەرژەوەندیو داخوازی‌یە سیاسیو ئابووریو دەستکەوتە چینایەتیەکانی بکات. پێبەپێو هەنگاو بەهەنگاو دەستکەوتەکانی لیٚ سەندراوەتەوەو لەباری ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیو... پاشەکشەی جدی پێکراوە.مەیلی شۆڕشگێڕانە لەدەروونیدا کپ کراوەتەوەو خۆشباوەڕیو تەمایولاتی جۆراوجۆری بۆرژوایی بەسەریدا زاڵ بووە. تەجروبەی ساڵی 1991تەجروبەیەکی زیندووە. ئەم چینە نەك هەر لەقیافەی چینێکی سەربەخۆو بەئاسۆو ئامانجی چینایەتی‌یەوە دەرنەکەوت، بگرە لەژێر کاریگەری ئاسۆو ئامانجی بۆرژوازیو هێزەکانی‌دا جولاَنەوەکەی بەجولاَنەوە بۆرژواییو کۆنەپەرستەکانەوە گرێ درایەوە. ئەمە فاکتو خاڵێکی پایەیی‌یە لەباس کردنی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاریدا. سەرباری تێپەڕبوونی نزیك بە10 ساڵ بەسەر ئەم هەلومەرجەدا هێشتا چینی کرێکار سەربەخۆیی سیاسی نی‌یە، دەستی نەگەیشتووە بەئاسۆو ئامانجی چینایەتی خۆی. جولاَنەوەو خەباتی لەئاستی سەرتاسەریو تەنانەت لەئاستی مەحەلی‌دا بزووتنەوەیەکی فعلیو رۆشنو متمایزی بەخۆیەوە نەگرتووە. ئەم زوعفو کەم کوری‌یە پایەیی‌یە بەزاڵ بوونی هەلومەرجی ئیستبدادو دکتاتۆریەت لێك نادرێتەوە. لانی کەم لەکوردستان وانی‌یەو لەناوچەکانی تری عێراقیش بزووتنەوەکە جولاَنەوەیەکی جدی لەخۆی نیشان بدایە ئیستبداد نەیدەتوانی بەرێی پێ بگرێو بەرۆشنی دەکرا پەنجەی بۆ درێژ بکرێ.

وەکو ووتم لانی کەم لەکوردستان فەزایەکی ئاوەڵا وجودی بووەو سەرباری وجودی بزووتنەوەیەکی بەهێزی چەپ، ئەم چینەو ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانی بەهێزی سەربەخۆی چینایەتیو ئاسۆو ئامانجی جیای خۆیەوە بێتە مەیدانو لانی کەم نەیتوانیبێ جێی بخات، توانیبێتی تەرحی بکاتو بیخاتە روو.

بەم پێیە بزووتنەوەی کرێکاری لەهەردوو بەشەکانی عێراقدا کاریگەری جددی لەیەك ئاڵوگۆڕی پایەیی وەرگرتووەو ئاستی گەشەو توانایییەکانیو دەرکەوتنو جوڵانەوەکانی، سەرەڕای جیاوازیەك لەنێوان کوردستانو بەشەکانی تری عێراقدا، لەیەك ئاستی چوون یەکدا بووە.

ئەم بزووتنەوەیە خۆشباوەڕی بەئەمریکاو دیموکراسی خوازی غەربیو چاوەڕوانیەك لەم بارەیەوە، خۆشباوەڕی ناسیۆنالیستیو تەوهوماتی تائفیو مەزهەبیو...تاد توانیویەتی بیخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوەو ئاسۆو ئامانجی چینایەتی خۆی لێ وون بکات یاخود لێڵی بکاتو بەئاراستەی تردا بیبات.

هەڵبەتە زوعفو کەمو کوڕیە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریو بێ تواناییەکەی لەبواری ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە لەژیانو خەباتیدا، بۆ ئەو هەلومەرجە سەختە دەگەڕێتەوە کەچینی کرێکار بەشێوەیەکی کەم وێنە لەمێژووی سەرهەڵدانو پێك هاتنیدا لەگەڵی رووبەڕوو بۆتەوە. گەمارۆی ئابووری ئەم چینەی لەهەژاریو بێکارییەکی موتڵەقدا راگرتووە. ئەو بەشە کەمەی چینی کرێکار کە کارێکی هەیە لانی کەمی کرێیەکەی بەشی پێداویستییەکانی ژیانی یەك هەفتەی نەفەرێك ناکات چ جای وەڵام دانەوە بەژیانی خێزانە کرێکارییەکان!. سەرەڕای جێبەجێ کردنی بڕیاری 986 (ئەویش بۆ هێشتنەوەی گەمارۆی ئابووریو درێژە پێدانیو ئیدارەی ئەزمەی سیاسی عێراق) و دابین کردنی بڕێك خواردنو دەرمان بەشێوەیەکی مانگانە، هێشتا لانی کەمی کرێی کرێکار لە دە بەرابەری لانی کەمی کرێیەکی سەرەتایی لە خوارترە. یەك واقعیەت بەڕۆشنی لێرەوە بەدی ئەکرێ. هێزی کاری کرێکارانی عێراق لەبازاڕی سەرمایەداریدا لەعێراق هەرزانترین هێزی کاری دنیایە. ئاشکرایە بەپێی جێگاو رێگای عێراق لەدنیای سەرمایەداریدا هێزی کاری چینی کرێکار لەعێراق وەکو باقی ووڵاتانی بەناو "جیهانی سێیەم" هێزی کارێکی هەرزانە. بەڵام هەرزان بوونی هێزی کاری کرێکاران بەلەبەرچاوگرتنی رێژەی بێکاری کە بەپێی راپۆرتە رەسمییەکان لە 60٪ تێ پەڕ دەبێ، لەمرۆداو بەبەراورد لەگەڵ دەیەی هەفتاکانو هەشتاکاندا زۆر زیاترەو تەنانەت نیمچە خۆراییە. ئەمە نەك هەر لەعێراق بەڵکو تەنانەت لەووڵاتێکی وەکو ئەردەنیش کە نزیك بە 200 هەزار کرێکاری عێراقی لێیە هێزی کاریان بەتاڵان دەبرێ.دیارە ئەو میکانیزمە ئابووریانەی بەردەوامیش تەرح دەکرێن ئەم واقعیەتە زیاتر بەرجەستە دەکاتەوەوقووڵتری دەکاتەوە.دەوڵەتورژێم تەرەفێکی سەرەکی ئەم هێرشە سەرتاسەرییەیە بۆ سەر چینی کرێکارو بەبڕینی زەمانەتەکانوبیمەکانو خولاسە کردنەوەی دەوری خۆی وەکو پاسەوانێکی وەزعی مەوجودو رژێمی سەرمایەداریو زاڵکردنی دکتاتۆریەتی بێ پەردە، لاپەڕەیەکی زۆر تراژیدی لەژیانوگوزەرانی چینی کرێکاردا رەش کردۆتەوە.ئەم رژێمە جەنگو کوشتارو ململانێی لەگەڵ ئەمریکا کردۆتە بیانوویەك بۆ ئەوەی خۆی لە هەموو شتێك بدزێتەوەو بەتایبەتی سیستمی بیمەو زەمانەتەکان لە فەرهەنگی خۆیو حکومەتەکەیدا بسرێتەوەو لایبەرێ.

تاکە بەشێك لەناو چینی کریکاردا کەئیمتیازاتێکی لەم هەلومەرجەدا پێدرابێ ئەو بەشەیە لەکرێکارانی نەوت کە ئیستا لە کۆمپانیا نەوتییەکاندا کاردەکەن.کرێی ئەم بەشە لەچینی کرێکار ئەگەر بەئیمتیازاتی سەکەنو حوافزو ئەم مافانەی ترەوە حسابی بکەی، زیاتر لە 20 بەرابەری لانی کەمی کرێی کرێکارانە.ئامانجی رژێم لەم سیاسەتە رۆشنە.بەخاتری بەرژوەندی ئەو کرێکارانە نییە،بەڵکو راستەوخۆ بۆ دابڕینیانە لە هاوچینەکانیانو خەفەکردنی رۆحیەتی شۆڕشگێرانەیە لەناو گرنگترین بەشی چینی کریکاردا کە لەسەرەکیترین مەرکەزی کرێکاریدا کاردەکەن.

بەهەرحاڵ کاتێك بزووتنەوەی کرێکاری بەهەموو بەشەکانی ترییەوە، کاتێك خەبات دەکات بۆ داخوازیەکانی دەبیت جارێ خەبات بکات بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو داخوازیانەی پێشتر لێی بەهرەمەند بووەو بەدەستی هێناوە. لەبنەرەتەوە دەبێ بچێتەوە سەر سەرەتاکانی خەباتو تێکۆشانی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی بۆرژوازیو داسەپاندنی ریفۆرمی هەمەلایەنە.ئەمە تەنها ریگە چارەیەکەو ئەرکی ئێمەشە سەرنجی جددی بخەینە سەرو بۆ ئەمە ئامادەی بکەین.

دیارە لە یەکساڵی رابووردوودا ئەم واقعیەتانە قووڵتر بۆتەوە.خراپی کەشو هەواو کەمی ئاوو نەبوونی ووزەی کارەبای پێویست بووەتە هۆی داخستنو پەککەوتنی کارگەکانو ووشکهەڵاتنی کێڵگەکانو بەم جۆرەش زیاتر بوونی ژمارەی کرێکارانی بێکارو فشارێکی

زیاتر بۆ سەر گشت بزووتنەوەی کرێکاری.دیارە لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر ئاکامەکانی سیاسەتەکانی رژێموکاریگەریەکانی لە سەر چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری رۆشنتر دەردەکەوێ.ووشککردنی هۆرەکان، کۆچ پێکردنی زۆرە ملێی دانیشتوانی لادێکانوراپێچکردنیان بۆ شارەکانو وەلام نەدانەوە بە پێویستی‌یەکانیان راستەوخۆ هێزی کاریکی زیاتری بەرەو بازاری کار پالپێوە ناوەو بێ ئەوەی میکانیزمی داخوازی وخستنەرووی ئابووری فەرزی کردبێ، بازاری کاری زیاتر هەلئاوساندووەو قیمەتی هێزی کاری زیاتر دابەزاندووەو هەرزان تری کردووە،رکودێکی ئابووری زیاتری هێناوەوقولتری کردۆتەوە،ئەزمەی سەکەنوبێ خانەو لانەیی،چوونە سەری کرێی خانووی بەشێوەیەکی خەیالی گەیاندۆتە ئاسمان.دیارە ئەوەش نابێ لەبیر بکەین کەئەو کۆچوراپێچ کردنانە دەوری خۆی گێراوە لە گۆڕینی پێکهاتی چینایەتی کرێکارانو پەرەدان بە تەمایولاتی دواکەووتوو خاوەن مۆرکی جوتیاریوبەدەوی.ئەمەش زەمینەیەکی خۆش کردووە بۆ سەرهەلدانی تەمایولاتێك کەبەهەموو چەشنە باشبوونێك لەژیانیدا رازی بێوتەیفێکی زیاترو فراوانتر لە کرێکارانێکی کەم تەوەقووع شکلێ بگرێ

من لێرەدا سەرهەلدانەوە یاخود بووژاندنەوەی بەهێزی مەیلی ریفۆرمیزم لەدەروونی چینی کرێکاردا لە هەلومەرجێکدا کە مەیلی سۆسیالیستی نەبووبێت بەهێزێکی واقعی وئاسۆیەکی رۆشنی بۆ باشبوونی ژیانو گوزەرانی کرێکاران نەخاتەروو، بەدوور نازانم.

بەهەرحال ئێمە بەسۆراغی مەیلوحەرەکەتی خۆمانەوەینوگرنگ ئەوەیە مەیلی سۆسیالیستی چینی کریکار لەم دەورەیەدا توانای ئەوە بەدەست بهێنێ کەئالاوپەرچەمێکی شۆرشگێرانە لەهەلومەرجی مەوجوودا بەرزبکاتەوەو بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بهێنێتە مەیدان.هەر لێرەوە پێویستە بەتایبەتی باسی جێگەورێگەی مەیلی سۆسیالیستی لەدەروونی چینی کرێکاردا بکەینو لێکدانەوەی خۆمان لەو بارەیەوە بخەینە روو.

## جێگاو رێگای مەیلی کۆمۆنیستی !

مەیلی کۆمۆنیستی ،مەیلی سۆسیالیستی،وەکو مەیلێکی واقعیو مەوزووعی دەروونی ئەو چینە لە ئاستێکی زەعیفو لاوازدایە.کریکارانی سۆسیالیست ورابەرانی ئەم مەیلە کۆمەلایەتی‌یە خاوەنی ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنو شەفافی مارکسیستی نین،چ دەربارەی رژێمی سەرمایەداری بەگشتیو لەعێراقدا بەتایبەتیو شیوەی سەرهەلدان وگەشەکردنو تەکامولو ئەو کێشەو گرفتو فەلاکەتەی بۆی پێك هێناون،چ دەربارەی خەباتی چینایەتی کرێکارو ئامرازەسەرەکیەکانی بۆ رووخاندنی ئەم رژێمەو دامەزراندنی سۆسیالیزم.

ئەم مەیلەو ئەم رابەرانە چۆن سەرمایەداری پێناسە دەکەن،پایەکانی دەناسێنن،چۆن لە دژی ئەو رژێمەو بە چ ئامرازێك خەباتی چینایەتی بۆ رووخاندنی رێك دەخەن،چ لێکدانەوەیەکیان دەربارەی سۆسیالیزم هەیەو چۆن ئیدعا درۆینەکانی بۆرژوازی دەربارەی کۆمۆنیزمو رووخاندنی سۆسیالیزم لێك دەدەنەوەوبەدژی دەوەستنو ......تاد زۆر مەسەلەی پایەییو بەرنامەییتر، سەرەرای وەلامی گشتی وکولی، هێشتا وەلامی رۆشنو شەفافی لەلایەن ئەم مەیلەوە پێ نەدراوەتەوە.بە دیاریکراوی ئەوەی ئێمە پێی دەلێیین هێلە سەرەکیەکانی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستیو تەبلیغی بۆ دەکەین، هێشتا لە دەروونی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستی‌یەدا جێنەکەوتووەو بەشێوەیەکی ماددیو مەلموس بەرجەستە نی‌یە.ئەم ئنسجامە کەمە مارکسیستی‌یە کاریگەری زۆری لەسەر دەورو کاریگەری ئەم مەیلە لە ریکخستنی نارەزایەتی کرێکارانو رابەرایەتی کردنیدا بەجێ هێشتووە.وە دیارە رێگری بۆ گەشەو تەکامولی ئەم مەیلەو فراوانبوونەوەی لەئەلقەو کۆڕوکۆمەلی کۆمۆنیستی بچوکەوە بۆ شکلی تەیفێكو شەبەکەیەکی سەراسەری تر لە کریکارانی سۆسیالیستو کۆمۆنیست پێکهێناوەو زەمینەی ئەوەی فەراهەم نەکردووە کەبۆ شکلێوشێوەی بالاتر لە ئنسجامی سیاسی و رێکخراوەیی بۆ شانە حزبیەکانوشەبەکە حزبیەکان،گەشەبکاتوبنەماکانی حزبیەتی کۆمۆنیستی پایەدار بکاتەوە.

ئەم کەموکورِیو لاوازیانەی مەیلی سۆسیالستی چینی کرێکار ئەگەر لە چوارچێوەی مێژوویی - سیاسی خۆیدا وەریبگرین شتێکی غەریبو چاوەروان نەکراو نی‌یە.

هاوکات لەگەل گەشەی سەرمایەداریدا لەعێراقو پەیدابوونو سەرهەلدانی مەیلی سۆسیالیستی چینی کرێکار ،بەشێك لەبۆرژوازی بە ئیدعای کۆمۆنیستی وسۆسیالیستی‌یەوە هاتەمەیدانو ئالای سۆسیالیزمی بۆرژوایی بەرزکردەوەو بەشێوەیەکی توندوتیژو قەهراوی

بۆ جێخستن‌و بەسەرکەوتن گەیاندنی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی لەعێراق خەباتی کرد.سۆسیالیزمی بەسەرمایەداری دەوڵەتی ناساندو مەیلی سۆسیالیستی کرێکارانی بانگەواز دەکرد تاکو لەم خەباتەدا بەشداربن‌و بۆ ئەو مۆدێلە تێبکۆشن.

ووجودی دەیان ساڵەی ئەم سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزمە بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی‌یەو چەندین حزب‌و ڕێکخراو بەو ناوانەوە، ڕێگای گرت لەوەی مەیلی سۆسیالیستی ریزەکانی‌و ئاسۆو ئامانجی چینایەتی خۆی جیابکاتەوەو سۆراغی بەرنامەوئاسۆو تاکتیك‌و ئامرازی ڕێکخراوەیی تایبەتی خۆی بکات.سەرەڕای ئەوەی ئەم سۆسیالیزمە بۆرژوازی‌یە ناوەڕۆك‌و جەوهەری دژی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی ئاشکرابووەو لەمەیدان دەرچووە،بەڵام کارکردو پاشماوەکانی لەسەر بەشی پێشرەوی کرێکاران‌و گشت چینی کرێکار بەجێ‌هێشتووەو وەکو میراتێکی شووم ماوەتەوە کە دەبێت ئەم مەیلە ئەو توانایی‌یە پەیدابکات تاکو لەسەر ڕێگای خۆی رەخنەی لێبگرێ‌و پاکی بکاتەوە.

ئەگەر وجودی دکتاتۆریەتێکی بێ پەردە بەدرێژایی مێژووی جێگیربوونی سەرمایەداریش بۆ ئەم لێکدانەوەیە زیاد بکەین،ئەو کات بەڕۆشنی دەردەکەوێ کە ئەم مەیلە کۆمۆنیستی‌یە بەدرێژایی مێژووی خۆی فرسەتێکی وای دەست نەکەوتووە کەجێگەیەکی قایم‌و پتەو لە دەروونی چینی کرێکاردا پەیدابکات‌و نفووزێکی کۆمەڵایەتی بەرین لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

یەکێك لەو فرسەتانەی ئەم مەیلە دەستی کەوت‌و بەباشی کەڵکی لێ وەرگرت ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی 1991 بوو لە کوردستانی عێراق.ئێمە بینیمان کە ئەم مەیلە سەرەڕای زوعف‌و کەم‌وکوری‌یە سیاسی‌و لە مێژینەکانی، بەخێرایی هاتە مەیدان‌و هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی کۆمۆنیستی‌دا فەعال بووەوە.ئاستی هۆشیاری،ئنسجامی مارکسیستی‌و پلەی ڕێکخرابوونی چووە ئاستێکی بالاترو تاڕادەیەکی باش دەستی گەیشت بە ئاسۆیەکی مارکسیستی‌و چەندین هێڵی بەرنامەیی پایەیی کۆمۆنیستی،جێگاو ڕێگاو نفووزی لەدەروونی چینی کرێکاردا گەشەی کردو لەمەودایەکی فراواندا پتەوبوو. بەهۆی دەخالەتی ئەم مەیلەو رابەرانی‌یەوە ناڕەزایەتیەکان ومانگرتنەکان ڕێکخراون‌و رابەرایەتی کراون‌و بۆ پایەدارکردنەوەو بەردەوامی پێدانی ڕێکخراوە کرێکاری‌و جەماوەری‌یەکان پێکهاتوون.

بەهەرحاڵ من مەبەستم ئەوە نی‌یە ئێستا سەردێکی مێژوویی ئەو چالاکی‌و دەخالەتانە بکەم کە ئەم مەیلە ئەنجامی داوە،بەڵام ئاشکرایە بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراقدا ئەم مەیلە لەکوردستاندا پێشرەوی سیاسی زیاتری کردووەو باشترو ئاسانتر دەتوانین بۆ بەهێزکردن‌وخەت‌وبەرنامە پێدانی تێبکۆشین.

کاتێك بزووتنەوەی کرێکاری بەپەیوەند بەم هەلومەرجەی ئێستاوە بەم جۆرە لێك دەدەینەوەو جێگاوڕێگای مەیلی سۆسیالیستی کرێکارو تایبەتمەندیەکانی دیاری دەکەین،ڕاستەخۆ دەکەوینە بەردەم ئەنجامدانی یەك ئەرکی پایەیی‌و بنەڕەتی: ئەویش ئەوەیە بەهەموو توانامانەوە جەرەیانێکی سۆسیالیستی بەهێز و بەقودرەت شکڵ پێبدەین‌و رابەران‌و هەڵسوڕاوانی کرێکاری‌و سۆسیالیست ئاڵاکەی بەرز رابگرن. ئێمە ڕاستەوخۆ دەبێ بچین ئەم جەرەیانە سۆسیالیستی‌یە بەهێزو توانایەکی زۆرەوە لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا شکڵ پێبدەین‌و بەهەوو ئەبعادو لەهەموو ڕووەکانی‌یەوە لە گشت کۆمەڵگادا بەهێزی بکەین.ئەمە کارێکی ئاسان نی‌یە بەڵام ئەڵقەی بنەڕەتی‌یە لەکارو هەڵسوڕانی ئەم دەورەیەی ئێمەداو بەشێکی بنەڕەتی‌یە لە فەلسەفەی وجودمان.هەنگاوی سەرەکی لەم پێناوەدا خۆوشیاری سۆسیالیستی‌یە.ئێمە دەبێ رەخنەی سۆسیالیستی‌ومارکسیستی لە سەرمایەداری‌و ئاکام‌و ئەبعادەکانی‌و هێزە پارێزەرەکانی جێ بخەین‌و بەرجەستەی بکەینەوە.

بەو پلەیەی هەڵسوڕاوانی مەیلی کۆمۆنیستی‌و رابەرانی کرێکاری هۆشیاربن بەوەی کەدەبێ ئەم ئەرکە پایەیی‌یە لەئەستۆ بگرن‌و شیوەی ئەنجامدانەکەی بناسن، بەهەمان ئەندازە دەتوانین فرسەتەکانی ئێستا زیاتر کەڵکی لێ وەربگرین‌وناکامیەکانی بۆرژوازی‌وئەزمەو ململانێ دەروونی‌یەکانی بەقازانجی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە سەرەکی‌یە ئستغلال بکەین.حزبیەتی کۆمۆنیستی هیچ نی‌یە جگەلە شکڵی بالای ڕێکخراوبوونی ئەم جەرەیانە سۆسیالیستی‌یەی کەشکڵ‌دەگرێ‌و هێز وەردەگرێ.ئاشکرایە کە حزبیەتی کۆمۆنیستی تەنها لەم کەناڵەوە شکڵ دەگرێ‌و ڕاستەخۆ لەپەیوەند بە خەباتی چینایەتی مەوجودەوە،نەك خۆ سەرگەرمکردن بەزەرووڕەتی ئینتقال‌وجی‌گۆرکێی چینایەتی‌و ئەم جۆرە تیۆریانە، وەڵام وەردەگرێتەوە.

*          *          *

**ئەحمەد معین :**

منیش لەم زەمینەیەدا دەمەوێ چەند قسەبکەمو باسەکەی خۆم لە چەند خاڵدا ئەخەمە ڕوو.

## هێڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی سوسیالیستی
## لە هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراق !

**یەکەم :** لەدرێژەی ئەو باسەدا کەدوێنێ کردم ئەمەوێ قسەیەك لەسەر ئیفشاگەری کۆمۆنیستی ناوەڕۆکی ڕەخنەی کۆمۆنیستی لەوەزعی مەوجود بکەم .بەڕای من ئیفشاگەری کۆمۆنیستی و پەردەهەڵماڵین لەسەر وەزعی مەوجود لەو ڕوانگەیەوە پێش مەرجێکە بۆ دیاریکردنو ودەرکێشانی سیاسەتی خۆمانو بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگیری سیاسی ودیاریکردنی تاکتیکەکانمان لە هەموو مەیدانێکدا.

دوێنێ باسی ئەلتەرناتیوە جۆراوجۆرەکانمان کردو ئیشارەمان بەڕەوەندەکان کردو ووتمان خەریکە بارودۆخی سیاسی عێراقو قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی سیاسی عێراق ئەبڕێنرێتەوە دیارە بڕانەوەی ئەو بارودۆخە لە چوارچێوەی کێشەی کۆنەپەرستی سیاسیدا واتە لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ڕەوتە بۆرژوازیەکاندا بە ئەنجام دەگات .خەریکە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕیشەوە تعریف ئەکرێتەوەو ئەشێلرێتەوەو جارێکی تر لەجێی خۆیدا دائەنرێتەوە بەڵام ڕێك لە چوارچێوەی کۆنەپەرستی سیاسی دا. ئەم کێشمەکێشانە شکڵەکەی لەسەر دەسەڵاتی سیاسیەو ناواخنەکەی لەسەر ئەوەیە کە هەیکەلی ئابووری عێراق جارێکی تر چ بەپەیوەند بەکارکردنی ناوخۆیەوەو چ بە پەیوەند بەبازاری جیهانیەوە چۆن تەعریف ئەکرێتەوە . لەسەر ئەوەیە کەتەرکیبەی دەسەڵاتی سیاسی داهاتوو چۆن بێ ؟ یابەقەولی ژورنالیزمی بۆرژوازی گێرانەوەی عێراق بۆ ناو مەحافلی دولی چۆن دەبێ ؟.... تاد . ئەوە واقعیەتێکە وسەرجەم ئەو مەسەلانە خەریکن دووبارە تعریف ئەکرێنەوە ولەقاڵب ئەدرێنەوە . یەکساڵی ڕابووردوو وئێستا خەریکە دوا لاپەڕەکان وقۆناغەکانی ئەم کێشمەکێشە بەرەو یەك لابوونەوەی یەکجاری ئەچێ.

هەروەك دوێنیش باسمان کرد لەچاو قۆناغەکانی پێشوودا یەکساڵی ڕابووردوو ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە وکۆنەپەرستی زیاتر قووڵتربۆتەوە .

من پێم وایە لەڕوانگەی چینی کرێکارو سۆسیالیزمەوە ناوەڕۆکی هاوبەشی هەموو بەدیلەبۆرژوازیەکانی مەترەح بەڕژێمو بەدیلە جۆراوجۆرەکانی معارەزەی عێراقی بریتیە لەپاراستنی پایەکانی نیزامی ئابووری موجود لە عێراقداو هێشتنەوەی دەسەڵاتداریتی سیاسی بۆرژوازی و بردنی ئەوانە بەئاقارێکی تەواو کۆنەپەرستانەدا .

خاڵی لێوە هەستانی سیاسی بنەڕەتی ئێمە بۆ لێدوانورەخنەگرتن لەوەزعی موجود لەوێوەیە نەك وەکو کێشەی کۆمەڵێك ڕێبازی سیاسی سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی .

ڕاستیەکەی دەسەڵاتی سیاسی گۆشەیەکە لە کۆمەڵێك ئاڵوگۆری پایەییتر کەخەریکە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە لە درێژەی پرۆسەیەکی 10 ساڵیدا.

لەونێوەدا خاڵی هاوبەشی نێوان توجهاتی ڕەوتە بۆرژوازیەکان بریتیە لە پاراستنوتحکیم کردنوتعریف کردنەوەی ئەرکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی لە عێراقدا، هەرلە ئەرکانوپایە ئابووریەکەیەوە تا پایە سیاسیوکۆمەڵایەتیو فکریەکانی ،تا دەسەڵاتە سیاسیەکەو دام ودەزگاکانی دەسەڵات .بەڵام ڕواڵەتی مەسەلە کە تەنها دەسەڵاتی سیاسیە کەبەلای ئێمەوە ئەوە تەنها گۆشەیەکی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕ وکێشمەکێشانەی ترە کە پێویستە وەکو مارکسیست وکۆمۆنیست خاڵی لێوە هەستانی بنەڕەتیمان بۆ ڕەخنەگرتنو تەحلیلی وەزعی موجودو ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو لەو ڕوانگەیەوەو بەپێی ئەو میتۆدەبێت . جادیارە ئەوەهیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ کەلێرەولەوێ ، ئەم هێز یا ئەو باڵی بۆرژوازی قسە لەسەر دیکتاتۆریەت بکەن وەیا هەوڵ بدەن خۆیان بگوونجێنن لەگەل فلانە داواکاری خەڵکداو ئەوانە جەوهەری نینو ڕواڵەتن .

پلاتفۆرمی هاوبەشی بۆرژوازی لە عێراقدا بریتیە لەبنیاتنانەوەی ئابووری عێراقو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەزمەی قووڵی عێراق لە سەر شانی چینی کرێکار وتووند کردنەوەی زنجیرەکانی چەوساندنەوەوسەرکوتی ئەوان لە ژێر ناوی ((بیناکردنەوەی نیشتمان)) و((دیموکراتیزە) ) کردنی عێراقو لەوێشەوە تەحکیم کردنەوەی دەسەڵاتی سەرمایەو ڕاکێشانی سەرمایەی خارجی و بەوپێیە سازدانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی .ئەوە ناوەڕۆکی ئەصلی ئەم ئاڵوگۆرانەیە لەڕوانگەی مارکسیو سۆسیالستیەوە جا بۆرژوازی

وباڵەجیاوازەکانی هەرناوێکی لێ بنێنو پێی بڵێن بەرانبەر کێی نێوان دیموکراتیەتو دیکتاتۆریەت یا بنیادنانی گۆمەڵگای مەدەنی لەعێراقو..... هتد ئەوەی پێشوو ناوەرۆکەکەیەتی جابا لێرەو لەوێشولە چوارچێوەی ئەوەدا دوو داخوازی عادیلانەی خەڵکیش تێهەڵکێش بکرێو دیارە ئەوە زەعیف ترین وسانەوی ترین توخمن لەو سیاسەتو ڕەوتە گشتیەداو ناتوانن ناوەرۆکە کۆنەپەرستەکەی ئەو ئاڵوگۆڕانە بشارنەوە . ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات بریتیە لە تەعریف کردنەوەی کولی ئەو فاکتەرە سەرەکیانە ئەویش لەوڵاتێکدا بە ئەهەمیەتی تایبەتی خۆیەوە بەتایبەتی بە جێگەو شوێنێکەوە کەبۆ گشت بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بویەتی یا بەمەوقعیەتە ئابوریەکەیەوە وەکو شریانێکی گرنگی بەرهەم هێنانو ناردنە دەرەوەی نەوت.

بەوپێیە مەسەلەی ئاڵوگۆر لە دەسەلاتی سیاسیدا پێش مەرج وپێشەکیوفەصلی یەکەمی زنجیرەیەك ئاڵوگۆری قوڵترە. بۆیەش سەرەتا دەبێت ئاڵوگۆرلەدەسەلاتی سیاسیدا پێك بێت تاجووت بێتەوە لە گەڵ سەرجەم ئەو ئاسۆ پرۆـــ ئەمریکیە وئەو ئامانجە پایەیترەدا کە خەریکە بۆ عێراق دیاری دەکرێت .

لەبواری سیستمی سیاسی جێنشینی بەعسیش دا کەرەوتە جیاوازەکانی معارەزەو ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکەن کەسێك نابینی باسی ئەوە بکات کەدەوڵەتێکی مەرکەزی کەلە 1958ەوە هەرچی هاتووە متمرکزتر کراوەو جیهازێکی سەرکوتگەری بۆ زیادکراوە، کەس باس لەزەرووڕەتی تێك شکانی ئەو پایانەی دەوڵەتی عێراقی هەرناکات ،ئەوەندەی موویەکیش نیشانەی ئامادەییەك لەو ریزەدا نابینی بۆئیجادی ئاڵوگۆرێك بەسەر ئەم سیستمە سیاسیەدا .

بەوپێیە پاراستنی بنەما سیاسیوحقوقیو عەسکەریەکانی دەوڵەتی موجودو تەنها بە دیهێنانی ئاڵوگۆر لە دام ودەزگا تەنفیزیەکانداو ئەویش بەسەر بەشێکی زۆرکەمی جیهازی ریئاسیدا ،ناوەرۆکی زۆربەی بەدیلە بۆرژوازیەکانە لەم بارەوە .

وەکو ووتم ئەوە ناوەڕۆکی رەخنەی ئێمەیەو نابێ دارەکان دارستانەکەمان لەبەرچاو وون بکات.دیارە تەنانەت جەرەیاناتی چەپی وەکو (حککم) گێژبوونو وائەزانن مەسەلەکە تەنها لەسەر دەسەلاتی سیاسیو دابەشکردنی دەسەلاتەو بەو ئومێدەی ئەمیش شتێکی پێ ببڕێو لەسیستمی داهاتوودا جێگەیەك پەیدا بکات کەوتۆتە داوی ئەو خۆشباوەڕیەو ئەو لافاوە ئەویشی ڕاپێچ کردووەوناوەڕۆکی کێشەکەی لەبەر چاو وونەو تەنها ڕواڵەتەکەی دەبینێو نازانێ ئەوە سەرەتای شانۆگەریەکی درێژترە.

دیارە هەر بەم دیدگایەش ئەتوانین بڕوانینە ئەوزاعی سیاسی کوردستانو بەپێی ئەم میتۆدۆلۆژیە بچینە سەر مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستانو ئەو راستیە دەسنیشان بکەین کەمەیل بەرەو جیاییو جیابوونەوە هیچ پایەگایەکی فعلی سیاسی نییەو هەربۆیەش هیچ باڵێکی ناسیونالیستی کوردی ئەو شیعارە بەرز ناکەنەوەو بەرز کردنەوەی ئەو شیعارە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە نیشاندەری نەبینینی ئەو چوارچێوە گشتیەیە کەئەو زاعی سیاسی کوردستانو گشت عێراق دیاری دەکا.

هەر بەم بۆنەیەوە ئەوەش بڵێم کەپشت بەستن بەپشتیوانەیەکی تێۆری پتەو لە بەرخورد کردنی رەخنەگرانە بەوەزعی مەوجود زۆر گرنگو چارەنوس سازەبۆ ئێمە.بۆ نمونە ئاوردانەوەیەك بەسەر ئاسۆی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دەریدەخا کەسەروبنی قسەکانیانو بنودی بەرنامەکانیان بەحەرەکاتی قەومی کوردیو عەرەبیو میللیو دیموکراسیو ئیسلامیەوە لەمەیدانی ئابووریدا یەك شتە: گەشەدانو بنیات نانەوەی ئابووری عێراق بەبێ ئەوەی یەك قسە لەسەر لاچوونی گەمارۆی ئابووریو لێبوردن لە قەرزە زۆرو وزەبەندەکانی سەر عێراق بکەن. دیارە لێرەدا من باس لەوە ناکەم کە بنیاتنانەوەی ئابووری عێراق بەپێی مۆدێلە بۆرژوازیەکەی لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی کرێکارانی عێراقەوە یانی سازدانەوەی سەرمایەداریو توندوتۆڵ کردنەوەی کۆڵەکەکانی چەوساندنەوەی ئەوان. لەبەرانبەریشدا تاکتیکی سیاسی ئێمە وەکو جەرەیانێکی کۆمۆنیست لەو بارەوە رووی لەوەیە کەسەرەنجام لەو پرۆسەیەدا چەند زنجیرەکانی چەوسانەوەی ئەو خاوەکرێنەوەو بەگشتیش چەند لەمجموعو لەپرۆسەی ئەو ئاڵوگۆڕەو کێشمەکێشو خەباتانەی چینی کرێکار لەو قۆناغەدا سەرنجی ئەبرێتە سەر ئەو مەسەلە بنەڕەتیە لەئاکامی دەخالەتی کۆمۆنیستی ئێمەدا.وەختێ بڵێین ئەو ئاڵوگۆڕانەو ئاکامەکانیان پێشکەوتنخوازە یان کۆنەپەرستە یا سۆسیالیستیە، ئەوانە تەنها کەلیماتی جۆراوجۆرن بۆ تەعبیر لە ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆرو تەنها بۆ مەسرەفی ڕۆژ بەکار نایەن. بۆیە ئەبێ بزانین سەرەنجام لەدڵی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کەدەورەیەکی گرنگی مێژوویی عێراق ساغ دەکرێتەوە، بەشوێن چیەوەین.کاتێ ئەڵێین قانونی ئیصلاحی زراعی 1958 پێشکەوتنخوازبوو نەك کۆنەپەرست ئەوە مەعنایەکی تایبەتی هەیەو ئاڵوگۆڕێکی روولەپێش بوو لەبواری مەسەلەی زەویدا.

کاتێکیش باس لەئەوزاعی سیاسی عێراق ئەکەین ئەبێ هەم بەمعیارێکی چینایەتی هەم بەشوێن گرتنی هەدەفێکی تایبەت ئەوە بکەین.ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لەدڵی ئەم ئاڵوگۆڕانەی دەیەی نەوەتەکاندا، کاتێ چینی کرێکاری عێراق لەم سەرەوە دەچێتە ناو ئەو تونێلە بزانین لەو سەرەوە بەچ وەزعیەتێکەوە دێتەدەر تیای‌دا.بزانین بە چ مەوقعیەتێکی سیاسیو ئابووریوکۆمەڵایەتی فەرهەنگی‌یەوە لێی دێتەدەر.ئەوە معیاری ئەصلیو جەوهەری میتۆدی مارکسی‌یە بۆ لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی عێراق.

هەر بۆیە کاتێك ئەڵێین ناوەڕۆکی ئەم قۆناغەو جەوهەری کێشمەکێشەکانی ئەم دەورەیە لەڕوانگەی هاوبەشی بۆرژوازی‌یەوە بریتی‌یە لەسازدانەوەی سەرمایەداری لەعێراق، ئەوە یانی توندکردنەوەی کۆڵەکەکانی چەوسانەوەو چارەسەرکردنی ئەزمەی ئابوریو کۆمەڵایەتی قووڵی سەرمایە لەعێراقدا لەسەرشانی چینی کرێکارو لەڕێگەی مەحروم کردنی زیاتری کرێکارانی عێراق ، واتە تەعریف کردنەوەو توندکردنەوەی مەوقعیەتی ژێردەستی‌کرێکارانو تەشدیدی چەوسانەوەی ئەوان تەنانەت بەمعیاری مادی رووتیش، واتە بردنە سەری رادەی قازانجی سەرمایەو هێنانەخوارەوەی زیاتری وەزعی گوزەرانو مەعیشی کرێکارانو خەڵکی عێراق.

ئەوەی پێی ئەڵێن ئاڵوگۆڕی دیموکراسیو فرەحزبیو فیدراڵیو.....تاد سەرپۆش ورواڵەتن بۆ تەحقیقی ئەو ئاڵوگۆڕە.لە کەم وولاتدا مەقوولەی کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش وەکو عێراق بەزەقی وبێ‌پەردە دەبینرێو ئەوە پلاتفۆرمی ئەم دەورەیەی کولی بۆرژوازی‌یە لە عێراقداو هەدەفی سیاسەتی ئەمریکاشە ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە. لەیەکساڵی رابردووشدا کارکردی ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکان زیاتر رووی لەتەرکیزو تووندکردنەوەی ئەو تایبەتمەندی‌یە بووە.واتە خراپتر کردنی وەزعی گوزەرانی چینی کرێکار بەگشتی وەعدەکان وئیقتصادی سیاسی معارەزەی عێراقی شتێك نەبووە جگە لە سەروسامان دانەوە بەهەژاریو مەحرومیەتی خەڵکی عێراق.

لێرەدا ئیشارە بەشتێکی تریش دەکەم. کەسانێك کە ئەمڕۆ خۆشباوەڕیان هەیە دەربارەی دیموکراسی‌یەك کەقەرارە سبەی رۆژ لە عێراقدا بەرپابکرێو گوایە سیستمێکی سیاسی لەعێراقدا بەرپادەبێ،ئەوە بەرای من وەهمێکی گەورەیە. چونکە خودی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەو ناوەڕۆکەی پێشوویەوەو پرۆسەی سازدانەوەی کولی مجتمعی عێراقیو ئاسەوارەکانی وبەتایبەتی هەژاریەکی موتلەق کەبەدوای خۆی‌دا پەرەی پێ دەدا ،خۆبەخۆ تصادم ئەکا لەگەڵ چاوەڕوانی‌یە خەفە کراوەکانی خەڵكو ئەوەراستەوخۆ سەرکوت و خەفەقان ئەکا بە تەنها رێگەچارەی بۆرژوازی بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەو دیاردەیەو سەرجەم ئیفرازاتە پێشبینی نەکراوەکانی.چینی کرێکاری عێراق زەحمەتە دوای گۆڕینی(دیموکراسی) نیزامی مەوجود ولاچوونی بیانووە شکڵیو رواڵەتیەکەی چەوسانەوەو مەحرومیەتی تائێستای،ئیتر ئەو هەژاریو مەحرومیەتە موتڵەقە قبووڵ بکات. خودی معارەزەی عێراقیو ئەمریکا شەوو رۆژ ئەوە دەدەن بەگوێی خەڵکی عێراقدا کەتەنها حکومەتی بەعسو صدام حسین هۆی بەدبەختی‌وهەژاری چەوسانەوەی ئەونو کاتێ ئەورژێمە یا داروودەستەکەی صدام وەلانران ئەوکاتە داخوازیەکانی خەڵکی عێراق بەو هەموو پانو بەرینی‌یەی خۆیانەوە لەجێی خۆیاندا دەمێننەوەو تەنها جوابی بۆرژوازی وەك تەجروبەی زۆر وولاتی تریش نیشانی داوە سەرکوتە لەبەرانبەریاندا.ئەوەش پێویستی بەوەلانانی ئەو پەردەو رواڵەتە دیموکراتیەیە کەهەیە( بەو شکڵە غەربی‌ولیبرالیەی کە معارەزە ئیدعای دەکاو بەشێکی بەرین لەخەڵك چاوەڕوانی دەکا)و ئیتر بنیات نانی سەرخانێکی سیاسی‌وحقووقی مناسب بۆ لێك نەترازانی شیرازەی بارودۆخی (مەملەکەت)و نەفی هەمەلایەنەی هەموو شکڵەکانی ئازادی ئەبێ بەواقعیەتێکی حەتمی.دیارە من ناڵێم ئەوە تناقضی هەیەلەگەڵ دیموکراتیەتدا بەڵکو مەبەستم ئەوەیە شکڵی نیزامی سیاسی داهاتووی عێراق تەنانەت لە ووردەکاری‌یەکانیشیدا ، تابعی پرۆسەی خەباتی چینایەتی لەلایەكو ئارایشی نێوان ریزەکانی بۆرژوازی‌یە لەلایەکی ترەوە و دوورنی‌یە دیموکراتیەتی جیهانی سێیەمی وەکو میسر ببێ بە نمونەی گشتی بۆ پەیڕەوکردن لە عێراقدا.دیارە مەبەستی قسەکانی پێشووم ئەوەش نی‌یە معارەزەی عێراقی هەر لەپێشەوە ئەوە دەکات و ئەوە تەنها خیاریەتی، چونکە بۆرژوازی هەتا بۆی بکرێو شکڵی مناسب تر ئەوەیە کەخۆی بگونجێنێ لەگەڵ داخوازیەکانی کرێکارانوبەبیانووی جۆراجۆرو بەفریوو باس لە (( زەروورەتی بنیاتنانەوەی نیشتمان)) و((ناکام کردنەوەی پیلانەکان))و... تاد ئەو داخوازیانە بخاتە ژێر لێوەوەو لەو رێگە بێ سەر ئێشەیەوە خامۆشو پاشەکشەی پێ بکاتو لەرێگەی فریودانو خۆشباوەڕی‌یەوە ئیحتوای بکاتو لەچوارچێوەی نەزمی سیاسی مەوجودو(نیزام)دا ئەو کارەبکات. بەڵام کرۆکی قسەکە ئەوەیەکە ئاکامی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەم پرۆسەیە لەئاڵوگۆڕی بۆرژوازیانە لەعێراقدا بریتی‌یە لەپەرەدان بەهەژاریو مەحرومیەتی کرێکارانو توندکردنەوەی جیاوازی چینایەتی ، بۆیە سیناریۆی داهاتوو لەگەڵ گۆڕانی حکومەتی بەعس سیناریۆی توندبوونەوەی ئەزمەی کۆمەڵایەتی دەبێو

پیکدادانی کۆمەڵایەتی بەرینو تەقینەوەی ئەوجۆرە بزووتنەوانە دەبێ کە بۆرژوازی بەغەیری سەرکوتو هێرش بۆ سەر ئەوداخوازیو حەرەکەتە هیچی پێ نابێ بیکا.

بەوپێیە ناوەرۆکی پلاتفۆرمە سیاسیەیە هاوبەشەکەی بۆرژوازی ودەسەڵاتدارەتی ئایندەی عێراق بریتییە لەدژایەتی لەگەڵ ئازادیو مافە دیموکراتیکەکانی خەڵك.هەرئەو ئاسۆیەشە وا لەئەمریکا دەکات بیر لەپاراستنی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی حکومەتی مەوجود بکاتەوە.زەرورەتی ئەو دامودەزگایانە لەلایەن سەرجەم ئەو هێزانەوە کەبیر لەسازدانەوەی سیاسیعێراقی دوای صدام ئەکەنەوە تەنها وتەنها لەرووە ستراتیژیو دوور مەوداکەیەوە نییە، بەڵکو پێویستی فەوری ئەو دامو دەزگایانەو دەوریان لەخودی ئاڵوگۆڕەکانو بەتایبەتی لەقۆناغی بازسازی سیاسیو ئابووریدا بۆپێشگرتن بە(نائارامی)و (پشێویە کۆمەڵایەتی)یەکانی دوای ئەو زۆر زەرورە.بۆیە زۆر روونو ئاشکرایە کەئەو سیستەمە سیاسیەی کەقەرارە جێی رژێمی صدام بگرێتەوە پێویستی بەهێشتنەوەو پاراستنی ئەو دام ودەزگایانەی حکومەتی بەعسە.گەر جیاوازیەك هەبێ لەنێوان هێزو لایەنەکانی معارەزەدا ئەوە لەسەر رادەی خۆگونجاندنە لەگەڵ پێویستییەکانی سەرمایەی خارجیو ئەندازەی گرێدانەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئابووری عێراق لەگەڵ بازاڕی سەرمایەی ئەمریکیوئەوروپیو هاوکێشەی نێوان ئەمانە. بەوپێ گەر جیاوازییەك هەبێ بۆ نمونە لەنێوان پلاتفۆرمی ئابووری جەرەیاناتی ئیسلامییە لەگەڵ جەرەیاناتی قەومی عەرەبی توندڕەو یالەگەڵ جەرەیاناتی دیموکراتیخواز وەیا جەرەیاناتی وابەستە بەغەرب کەخوازیاری ئەوەن ئینفتاحێکی گەورەتر هەبێو دەروازە بەڕووی سەرمایەی خارجیدا بخرێتە سەرپشت وەکو نمونەی میسری زەمانی سادات کەئەوەش خۆی ئاسۆی سیاسی جیاوازو تایبەتی ئەوێ.ئەو مەیلە لەناو بەشێکی بەرین لە بۆرژوازی عێراقدا هەیە کەخوازیاری نمونەوئەلگۆیەکن لەئیقتصاد کەبەتەواوەتی عێراق گرێ بداتەوە بەبازاڕی ئەمریکاوە.هەرچی جەرەیاناتی ئیسلامییە ئەوەخوازیاری ئەلگۆیەکی متەوەست ترن واتە ئەلگۆیەك لە قانونی بازاڕی ئازاد وسەرمایەی تایبەتی بەتێکەڵ لەگەڵ جۆرێك لە دەخاڵەتی دەوڵەت .

جەرەیاناتی ئیسلامی لە رووی ئایدۆلۆژییەوەلەبواری ئابووری دا خوازیاری جۆرێك لە کارکردی نیمچە موتڵەقی قانوونەکانی بازاری ئازادن بەڵام رەنگ بێ بۆبەربەرەکانێ لەگەڵ هێزەکانی وابەستە بە ئەمریکا لە ناو تەیفی بۆرژوازی عێراقدا ،داوای جۆرێك لە دەخالەتی دەوڵەت لە بواری ئابووریدا بکەن یاتەعدیلێك بهێنێت بەسەر توونڕەوی ئەواندا لە بواری گرێدانەوەی تەواوی ئابوری عێراق بە ئەمریکاوە .ڕەنگ بێ جەرەیاناتی ئیسلامی رێگەنەدەن بە وابەستەیی موتڵەقی پرۆسەی بازسازی بە ئابووری ئەمریکاوە.

دیارە ناسیونالیزمی کوردیش لە تەیفی یەکەمن واتە لایەنگرانی گرێدانەوەی ئابووریو سیستمی سیاسی عێراق بە ئەمریکاوە .

جەرەیانی سێهەم قەومییە عەرەبییەکانن کە هەوڵ ئەدەن سیستمی سیاسیوئابووری عێراقی دوای صدام کەمتر وابەستە بێت بە غەربو ئەمریکاوەو ئەوە پایەیەکی ناسیونالیزمی عەرەبەودژایەتی تاریخیوسیاسی جەرەیاناتی خوازیاری وەحدەتی عەرەبی لەگەڵ غەربو ئەمریکا کۆنوناسراوە وئەو وابەستەییە پایەکانی نفوزوهەڵسوڕانی ئەمان کز ئەکات .

بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوەبوو بڵێم گەر جیاوازیەك هەبێ لە نێوان تەیف وگرایشاتی معارەزەی عێراقی ئەوە لەسەر ڕادەی خۆگرێدانەوەی عێراقی دوای صەدامە لەڕووی سیاسی وئابوورییەوە بە ئەمریکا بە تایبەتیو غەرب بە گشتی.

پێشتر باسی پلاتفۆرمی هاوبەشی ئەوانم کرد لەبواری ئابووریدا .ئەوەندەش بگەڕێتەوە سەر مەسەلە سیاسیەکانی داهاتووی عێراق ئەوە هەموو معارەزە هاوڕان لە بواری دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە کاروئاڵوگۆرێکی شۆرشگێرانە ودەست پێشکەری راستەوخۆوسەربەخۆی خەڵك لە ژێرەوە وتەدەخولیان وەکو هێزێکی سیاسی سەربەخۆو خاوەن داخوازی وئامانجی شۆرشگێرانە وڕادیکاڵو بەتایبەتی لە بەرانبەر بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیوکومونیستیدا. بەو پێیە ئەوە یەکێکی تر لە پایەکانی پلاتفۆرموئاسۆی سیاسی معارەزەی عێراقییە.

هەموو جەرەیاناتی معارەزە رێکن لە سەر حەرام کردن ودەست بردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن کرێکاران وخەڵکەوە وئیحتیکار کردنی ئەو مەیدانە تەنها بۆخۆیانە تەنها حەقێك کە کرێکارانوجەماوەری عێراق هەیان بێ لەڕوانگەی معارەزەوە بریتییە لەپەیرەوی کردن لە سیاسەتەکانونەقشەکانی ئەوان یانی بەعەمەلی بىن بەهێزی احتیاتی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتو تاکتیەکەکانی ئەوان وبرینەوەی دەستیان هەرکات جورئەتیان کرد و بەشکلی شۆرشگێرانە دەستیان برد بۆ دەسەڵاتی سیاسە بەڵام ئەو یەك راییەی

معارەزە نەفی وجودی منافەسەو کێشمەکێشی توندیش تاکاتەوە لەنێوانیاندا بەتایبەتی بەهۆی بێئاسۆیی بێپایەیی ئەوانو دەرکەوتنیان وەکوو پاشکۆی سیاسەتومەرامەکانی ئەمریکا.

وەزیفەی ئێمەیە لەم بارەوە نیشانی خەڵکی بدەین کەهیچ یەك لەو هێزو لایەنانە و هەموو بەدیلەکانی باڵە رەنگاورەنگەکانی بۆرژوازی لەڕوانگەی بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکەوە،لەروانگەی کرێکارانەوە، مەشروعیەتیان نی‌یە.

ئەوەی ووتم ناوەڕۆکی رەخنەو ئیفشاگەری کۆمۆنیستی ئێمە پێك دەهێنێ بەرامبەر ئەوزاعی ئەم قۆناغەی عێراق.

ئەوەندەش بگەرێتەوە سەر ناوخۆی عێراقو دەسەلاتدارەتی رژێمی مەوجود،ئەوە سێ دەهە لەکۆنەپەرستی،30 ساڵ دەسەلاتی ناسیونالیزمی بەعس،30 ساڵ لە حوکمی سەرکوتو ئیعدامو کوشتارو هەژاریوبێکاریو جیاوازی قەومیو جنسیو حوکمی باندو عەصاباتی وەکو صداموعدیو قصیو علی حسن مجیدو جەنەرالاتی فاشیو قائد فەیلەقەکان وئەمنو ئیستخبارات لە عێراقدا، مەیلێکی توندی لەناو ریزەکانی خەڵکی عێراقدا ریشەدارکردووە بەرەو ژیانێکی خۆشگوزەرانوئازادو بەرقەرارکردنی بەرینترین ئازادیو یەکسانی واقعی نێوان ژنانو پیاوانو لیستێکی دووردرێژ لەداخوازی فەرهەنگیو کۆمەلایەتی هەمەلایەنەو هەلپێچانی مۆتەکەو کابووسی ئەمنو ئیستخبارتو باقی دامو دەزگاکانی سەرکوتو بەکورتی داخوازی ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەرانو ئازادی کردووە بەرەوتو داخوازیەکی بەرینو خاوەن ریشەی قووڵ لەناو خەڵدا.بەرای من جەوهەری دەخالەتی سیاسی ـ عەمەلی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان ئەو رەوتو داخوازی‌یە ببوژێنینەوەو چۆن لەئاگری ژێر خۆڵەمێشەوە بیکەین بەئاگرێکی کلپەدارو پێش مەرجەکانی بۆئامادەبکەین بەمەبەستی گۆڕینی بەبزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری بەرین بە سیما سەربەخۆکانی خۆیەوە کەچینی کرێکارو سۆسیالیزمی کرێکاری لەناو جەرگەی یا لەریزی پێشەوەیدا،بە ئاسۆو رێگەچارەو پلاتفۆرمی سیاسی ـ عەمەلی خۆیەوە راوەستابێت.

بەرای من مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لەروانگەی سۆسیالیستی‌یەوە بەپەیوەند بەئەنجامدانی ئەو ئەرکەوە مەترەح دەکرێ.بەپەیوەند بە بووژانەوە وزیندووراگرتنی ئەو رەوتە لەبزووتنەوەیەکی سیاسی سەرتاسەریدا.

ئەوەپایەی ئەصلی کارو هەڵسورانی کۆمۆنیستی ئێمەیە لەدەورەی داهاتوودا کەزۆرترین فرسەت دەدا بەئێمە دەستمان دەکاتەوەو دەروازە و ئاسۆیەکی زۆر بەرین بەرووی هەڵسووڕانی سیاسیماندا دەخاتە سەر گازەرای پشت.ماتەریالی حەرەکەتو هەڵسوڕانەکەش هەر لەوێدایەو زۆرترین ووزەی شۆڕشگێڕانەی حەشاردراو لەوێدا مۆڵی خواردووەو ئەرکی حیزب ورێکخراوی سیاسی تەقاندنەوەو سەروسامان پێدانێتی.

بەلام پێویستە سەرنجتان رابکێشم کەنابێ خۆشباوەڕبینو ئەو 30ساڵەی دەسەلاتدارەتی بەعس کەباسمان کرد وەسیلەی داوەتە دەست باڵەکانی معارەزەو ئەوان لەبەرانبەر ئەو ئاگری ژێر خۆڵەمێشەدا بێدەنگ نین. ئەوان نایەن ئەو داخوازیانەی خەڵك رەت بکەنەوەو راستەخۆ لەدژی بوەستنەوە.ئەوان لەهەوڵێکی بێووچاندان بۆ لەقاڵب دانی هەمان داخوازیو جوجوڵو گرێدانەوەیان بە سوونەتی قەومیو دینی‌یەوە.لەهەوڵدان سوود لەفشاری ئەو 30 ساڵە لەسەر خەڵك وەربگرن بەمەبەستی قبوولاندنی سیاسەتو بەدیلە رجعیەکانی خۆیان و سەرەنجامیش پاراستنی سەرمایەو دەوڵەتو دامودەزگاکانی.

زۆر جار خەڵکی عێراق لەسەر بنەمای ئەو داخوازیانە وبەنیازی دەستەبەرکردنیان هاتوونەتە مەیدانو هاتنەمەیدانیان لە(ئینتفازە) بەو مەبەستە بوو ،بەلام دیارە بەپەیڕەویکردن لەئاسۆو تاکتیکی کۆنەپەرستی هێزە بۆرژوازیەکان.ئەڵبەتە لەئالوگۆڕەکانی داهاتووشدا بەو دافعەو بەلام بەهەمان شکڵوبە پەیرەوی کردن لەهەمان ئاسۆ دێنەوە مەیدان.ئەرکی ئێمەیە پەردە لەڕووی سیناریۆ جۆراوجۆرەکان هەڵماڵین و رێگە بگرین کەجەرەیاناتی معارەزەی عێراقی ئیحتوای ئەو رەوتو مەددە رەوایە بکاتوبیکا بە نەردەوان بۆ تەحقیقی ئاواتو مەرامەکانی خۆی کە رێك دژی هەمان ئاواتو ئامانجو داخوازین کە خەڵك بەنیازی تەحقیقیان دێنە مەیدان.

وەختێ باس لە ئیفشاگەری وهەڵسوڕانی کۆمنیستی ئەکەین ،ئەبێ سەرجەم ئەو چوارچێوە هەمەرەنگەمان لەبەر چاوبیت.بەتایبەتیش بۆیە وادەڵێم چونکە ئەوەی بەناوی هەڵسوران و ئیفشاگەری کۆمۆنیستی یەوە کراوە لەقۆناغی رابردوودا ئەمبەرو ئەوبەری زۆر کردووەو وە لەزەعیفترینو حاشیەی‌ترین حەلقەوە دەستی دایە ئەو کارە،ئەویش بەدیدگایەکی سەروو چینایەتیو ئینفعالیو بێناوەڕۆکی پڕ سەروسەداو جاڕو جەنجاڵ.

## جێگەو شوێنی بزووتنەوەی کرێکاری‌و مەیلی سوسیالیزمی کرێکاری !

من دەمەوێ لێرەوەو لەدڵی ئەو بارودۆخەوەو لەپەیوەند بەوەوە بێمە سەر مەوقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری هەر لەپەیوەند بەوەشەوە پێشەکی‌یەك باس دەکەم.لەیەکساڵی رابردوودا چەند گۆڕانکاری هاتنەدی کە بەرەئی من ئەبێ لەتاکتیك‌و لێکدانەوەی سیاسی ئێمەدا رەنگ بدەنەوە.بۆ نمونە مەوقعیەتی رژێم کەنەفەسێکی کێشابوو پێی وابوو کەئیتر پاسەپۆرتی مانەوەی وەرگرتووە جارێکی تر کەوتەوە بەر هەڕەشەو ناپایەدار بۆتەوە. فشار لەسەر رژێم لەگشت لایەکەوە زیادی کردووە.

بەنسبەت مەوقعیەتی چینی کرێکاریشەوە گەرچی بڕیاری 986 ئاڵوگۆڕێکی نسبی کەمی بەوجود هێناوە بەڵام بەئیعترافی ئەمریکاو (un) وە بەپێی تەقریری مونەسقی (un ) هۆلیدای‌و ئیستقالەکەی هەروەها تەقریری یونسیف‌و ئەم دواییانەش تەقریری (سبۆتنیك) کەیەکێك لە کارمەندانی باڵای (un) لە بەغدایە، بریاری 986 نەیتوانیوە رێبگرێ لە تێك رمانی وەزعی گووزەرانی خەڵك وتەشەنەکردنی فقرێکی موتڵەق کەسەرتاسەری عێراقی گرتۆتەوە.

بەهەرحاڵ ساڵی ڕابووردوو وەزعیەتی چینی کرێکار لە مەیدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و لە مەیدانی بەهرەمەندبوون لە لانی کەمی پێویستی‌یەکانی ژیانی ئینسانی ئەمڕۆ،هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرەو باشتری بەخۆوە نەدیوە.تەماشایەکی وەزعی سکن‌وخزمەتگووزاری‌و پەروەردەو تەندرووستی‌وتەبابەو گوزەرانی‌مناڵان کافی‌یە بۆ ئەوەی دژواری ئەو وەزعە هەست پێبکرێ.

ئەو تەوەقوعاتەوئەو تۆزە بووژانەوەیەی کە دووساڵ لەمەوپێش لە ئاکامی پیادەکردنی یەکەمجاری بریاری 986 سەری هەڵدا ،زۆرکەم خایەن بوو وئەزمەی ئابوری وبازار و زۆر خێرا هەڵی لووشی، جارێکی تر تەبدیل بوو بەدژواری ئابووری وگوزەران بەتایبەتی کاریگەری‌یە هەمەلایەنەکانی 986لە ڕاستای تحویل دانی عێراق بۆ کەمپێك لە هەژاران کە بە قەترەوبەلۆکە ئاوێك وپارووپەك دەکەن بەگەرووی خەڵکەکەدا تابەپێوە بمێنن ونەمرن.ئەو جۆرە ژیان وگووزەرانە خەریکن دەبن بەفۆرمی هەمیشەیی ژیانی خەڵکی عێراق.

ئەو بارووداۆخە لەباری مەعیشی وکۆمەڵایەتی‌وسیاسیشەوە،هەروەها لەبواری توانای خەباتی عەمەلی دا ، بەتەواوی کاریگەری سلبی هەبووە لەسەر مەوقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری وسۆسیالستی .ئەوە شان بەشانی سەرکوتو پەرەسەندنی حەمەلاتی رژێم لەیەك ساڵی ڕابووردوودا ،بوون بە تەواوکەری یەکتری وتەنانەت ئەو تۆزقاڵە لایەنە ئیجابیانەی بریاری 986یان بردووە بەهەوادا .مجموعی ئەو وەزعەو سەرکوتی بەردەوامی رژێم نەیهێشت ئەو ئاڵوگۆرە جوزئیەی دوای 986 تەحویل ببێ بە ئاڵوگۆرێکی ئیجابی لە مەوقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری لە هاوکێشە سیاسیەکاندا.

دیارە ئەمریکاو موعارەزە لەهەوڵی ئەوەدا بوون نەفی تەقریرەکەی یونسێف‌وباقی تەقریرەکانی تر بکەن سەبارەت بەکاریگەری حەساری ئابووری وهەوڵیان داوە هەموو مەسئوولیەتەکە بخەنە ئەستۆی رژێم بە مەبەستێکی سیاسی ئاشکراووبێ پەردە.بەکورتی ئەمڕۆ ژۆرنالیزمی غەربیش چاری نی‌یە کەدان بەوەدا بنێت کەکرێکاران‌و بەشی هەرە زۆری خەڵکی عێراق واتا سەرووی لە90٪ ی خەڵکی عێراق لەژێر خەتی فەقرەوە دەژین نەك هەر ئەوەش بگرە بەپێی معایەری (un)ورێکخراوە تایبەتەکانی لەوبوارەدا ،کەدیارە معاییرێکی بۆرژوازیانەو کەیفی ئەوانە ، دەخلی هەر تاکە کەسێك لە ساڵێکدا بەموعەدەلی نزیکەی 380 دۆلار ،بەڵام کرێکارانی عێراق‌و خێزانەکانیان زۆر زۆر دەرامەتیان لەوە کەمترە.

ڕادەی بێکاری (دیسان بە ئاماری غەرب) لەناو کرێکارانی عێراقدا ڕادەی 60٪ی‌تێ پەڕاندووەوئەوە تەنها بێکاری موتلەق دەگرێتەوە ! ئەوە جگە لە کرێکارانێك کەکارێکی جزئی دەکەن .دیارە ئەوەشی بەهەزاران وەسیلە کارێکی دەست کەوتووە وبەکاری 4 ـ 5 کەس پێکەوە ئینجا توانیویانە بەمعیاری دەوروبەری خەتی فەقری رەسمی بژین.

ئەو بارودۆخەو سەرجەم لایەنەکانی تری ئەو دیمەنە تراجیدی‌یە، ئاستی تەوەقوعو خەباتی چینی کرێکاری عێراقی بەشکڵێکی سەرسام هێنەر هێناوەتە خوار.خەباتی چینایەتی شتێکی سەروو کۆمەڵایەتی نی‌یەو لەچوارچیوەی کۆمەلێکی دیاریکراودا دەچێتە پێش. ئەمە عنصرێکی زۆر بنەڕەتی‌یە کەئەبێ زۆر بەووردی بیناسین.

ئەو بارودۆخە رێگەی داوە بەمیولی محافەزەکارانەو بەهێزبوونی عەجیبی لەناو کرێکارانی عێراقدا.ئاشکراشە دۆش دامان‌و عەجزووداماوی‌و مأزق‌و بێتوانایی زەمینەی و مەیل بەرەو نائومێدی‌و قبووڵکردنی کۆنەپەرستی بەهێز دەکەن‌و زەمینەو تۆوی گەشەو نەش‌ونمای سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازیان لەناو چینی کرێکاری عێراقدا خۆش کردووە. ئیتر خۆشباوەڕی دینی‌و

قەومیو تایفیو خورافیو دواکەووتویی زەمینەی گەشەیان بۆ پەیدا دەبێ.رەوتە جۆراجۆرە بۆرژوازیەکانیش ووچانیان نەداوە بۆ بەهێزکردنو دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بازتەولیدی ئەو زهنیەتانە.

تێپەڕبوونی پرۆسەیەکی نزیك بە 3سالێك لەپاشەکشەی بەردەوام لەناو کرێکارانی عێراقدا ئیتر لەوە ئاسایی تر نییە کەنائومێدیو داماوی باڵبکێشێ بەسەریاندا.بەتایبەتیش کرێکارانی عێراق کاتێ پێیان نایەقۆناغی نەوەتەکان تازە لەهەشت ساڵ جەنگی ماڵوێرانکەری ئێرانو عێراق هاتبوونەوە،و تەنها قوربانییە بەشەریەکانی لەهەردوولا یەك ملێۆن ئینسانی کوژراوبوو.وتازە دوای 19 ساڵ لەهەڵگیرسانی ئەو شەڕە باس لە 20 هەزار ئەسیری عێراقی ئەکرێ کەزۆربەیان ڕۆڵەکانی چینی کرێکارن.ئەو بارودۆخە لەکاتێکدا کەنەك غیابی بەدیلو ڕێگەچارەی کۆمۆنیستیو رادیکاڵ یەك واقعیەتە بەڵکوو سادەترین سەرپۆشی تەبلیغاتی کۆمۆنیستی ودەخالەتوو ئیفشاگەریو نەقدی کۆمۆنیستی نەبراوەتە ناو کرێکارانی عێراقەوەو گەر ئەمەش لەبەر چاوبگرین ئەوسا دیمەنەکە واقیعی ترو بێرتوش دەردەکەوێو لەوحەیەکی دەقیق تری بزووتنەوەی کرێکاری عێراقمان دێتە بەرچاو.ئیتر چ چاوەڕوانیەك دەبێ لە چینێکی وا کەخەباتی مانو نەمانی کردووە تامناڵەکەی لەبرسا نەمرێت.کرێکار بوونەوەرێکی دەسکردی زهنی نییە لەخۆمانەو لەبورجەکانەوە نەقشە بکێشین بۆ ژیانوخەباتو رێکخراوکردنیو گەر بەپێی پێوەرە زهنییەکانی منوتۆ دەرنەچوو ئەوسا بکەوینە سەرو پۆتەلاکیو بڵێین رجعیەو نائامادەیەو چیوچی.تەنها 30 ساڵ وجودی حکومەتێکی ناسراوی وەکو بەعس کە 20 ساڵی تەنها بەشەڕو مواجەهاتی عەسکەریو میلیتاریزمی راستەخۆ بردۆتە سەر لەگەڵ دەوڵەتانی وەکو ئەمریکاو33 دەوڵەتو لەگەڵ ئێران کافییە بۆ دەرکی واقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری عێراقو هۆو ئەسبابی زوعفی تەئریخیوسیاسی ئەو.

هیچ سیستمێکی سیاسیو دەوڵەتێك نییە لەدنیادا وەکو عێراق کەلە 30ساڵدا 30 مانگ ئارامیو شەرایتی نۆرماڵی بەخۆیەوە نەدیبێو کرێکاران بڵێن ئۆخەی نامبەن بۆ سەربازیو بەرەی شەڕ، ڕەشبگیر نییەو حەمەلاتو سەیتەرە نییەو ئەچمە سەرکارو حاڵەتی نۆرماڵ ئەژیمو بیرێك لەزیادکردنی کرێ ئەکەمەوەو لەگەڵ چوار هاودەردی کرێکارمدا دووشەو لەپاڵی یەك دائەنیشینو تەگبیرێکی خۆمان ئەکەینو گوێ ئەدەمە ئەخبارێکی دنیاو رۆژنامەیەك ئەخوێنمەوە. بارودۆخی وادەگمەنەو نمونەی کەمەو ناکرێ بەپێوانەی گشتیومارکسی زەمانی مانیفێست وولاتانی ترو بەعەینەکی ئایدۆلۆژیگەریوئەلگۆسازی هیچی لێ تێبگەی.ئەو ئەلگۆسازییە عەجیبەی حککع دەرگیری بووەو حزبی هاوڕێی ئێرانی هەرچی ئەڵێ ئەمیش ئەیڵێتەوەو کاتێ لەوێ شیعاری جمهوری سۆسیالیستی بەرزکرایەوەو ئەمیش لەیەکەمین پلنۆمی(دوای ئەو!)دا هەمان شت ئەڵێتەوەو ئەو هەستا ئەم هەڵدەستێو ئەو کەوت ئەمیش دەکەوێتەوە، نیشانەی فەقرێکی سیاسیو دەست خاڵی بوونێکی فەزیعە.

ئیمە لەگەڵ ئەو چینەدا تەرەفین بەو بارودۆخەوە.

حکومەتی بەعس جگە لەکارکردە خۆبەخۆکانی بەپێی بەرنامەوبەشکڵی سیستماتیکیش لەحەفتاکانداو بەتایبەتی لەهەشتاکانو نەوەتەکاندا تەحەروکێکی بەرینی دەست پێکرد بۆ پاشەکشە کردن بەبزووتنەوەی کرێکاری.لە 90٪ی دامودەزگاکانی سەرکوتگەری رژێمی بەعس بۆ ئەوە دروست نەکراون بچن لەواشنتنو لەندەن عەمەلیات بکەن.بەڵکو بۆ سەرکوتیکرێکارانن.سیاسەتی بەموزەفکردنو تەرشیقی دەوڵەتو دواتر سیاسەتی کۆچ پێکردنی ئیجباری لادێکان لەکوردستانو تەعریب لەکەرکوكو لەپاڵ حەملەو سەرکوتی رۆژانەو تەنانەت ئاڵوگۆڕپێدانی بنەما ئابووریەکانی عێراقو سپاردنی بەمەجموعەیەك قادەی عەسکەریوسیاسەتی تصنیعی عسکریومەجهودی حەربیو...تاد هەم لەسەر حسابی ئارەقو خوێنی کرێکار بوو وهەم هەدەفی چینایەتی تایبەتی لەپشتەوە بوو.

سەرجەم ئەو بەرنامە وسیاسەتانە سیمای دیموگرافی عێراقیشی گۆڕیەوەو ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی بووە لەسەر سیماکانی کۆمەڵ کەهەموویان لەراستای پاشەکشەکردن بەچینی کرێکاری عێراقو هەژارترکردنی رۆژ لەدوای رۆژی ئەو بوون.

ئیتر بارودۆخی چینی کرێکاری عێراق لەڕووی ئابووریو کۆمەلایەتیوگوزەرانەوە گەیووە بەجێیەك کەلەگەڵ وولاتانی ئەفریقیوجنوبی ئاسیاش بەراوورد ناکرێ.ئەو بارودۆخە ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بەریز بەستنی ناوخۆیی چینی کرێکارو زهنیەتی باو لەنێوانیاندا، میولی محافەزەکارانەی بەهێزکردووەو ئیتر بەشی پێشڕەوی ئەو چینە ئەبێ مەمنون بن بەریفۆرمیزم وەکو گرایشێکی کرێکاریو کرێکارانی سۆسیالیست ئامادەی تەواو بن بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم مەیلەی دوایی.

ئیمە لەم بارەوە بەحەقیقەت ،لەگەڵ مەیلو گرایشێکی بەهێزتری زۆر سەلبی لەناو چینی کرێکاری عێراقدا رووبەڕووین،ئەویش مەیلی محافەزەکارانەو وئیمکانگەراییو ملدان و تەسلیم تەڵەبییە بەوەزعی مەوجود.ئەم رەوتو زهنیەتومەیلە خەتەری گەورەی هەیە

بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی کرێکاریو تەسلیم کردنی بەبۆرژوازیو بەتایبەتی بەجناحی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی عێراقی. وجودی ئەو مەیلە پاساو بۆ وەزعی مەوجود ئەهێنێتەوەو زهنی کرێکارانی گوێ رایەڵ بۆی ژەهراوی دەکاو پایەگایەکی بەهێز بۆ کۆنەپەرستی بۆرژوازی لە ریزی کرێکاراندا پێك دەهێنێ.

دیارە مەیلی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکاری عێراق، ئیلهام لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی گشت کرێکارانی عێراق وەردەگرێ.جا بەو رادەیەی کەخودی بزووتنەوەو مقاوەمەتو ناڕەزایەتیو خەبات لەدژی بەرنامە ئابووریوکۆمەڵایەتیەکانی رژێمو خاوەنکارەکان لەناو کرێکاراندا بەهێزتر بێت، ئەوە ژێر پێو نفووزی ئەم جەرەیانە بەهێزتر ئەبێ.

دیارە فاکتەری سیاسیوتەنانەت مێژوویی تریش دەوریان هەیە لەو بارەوە.بەکورتی مەوقعیەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستیو ئەو مەیلە لەناو چینی کرێکاری عێراقدا تابعی مەوقعیەتی گشت بزووتنەوەی کرێکاریو هاوکێشەی هێزونفووزی نێوان هەموو مەیلەکانێتی،تابعی بارودۆخی زهنیو عەمەلی گشت چینی کرێکارەو ناتوانێ خۆی لەخۆیداو بەجیاو دابڕاو لەگشت ئەو فاکتەرانە بڵێ ئەو گرایشە چۆنەو یا هەمیشە بەهێزە یا بێهێزە..

بەکورتی مەوقعیەتی گرایشەکان مەسەلەیەکی متەحەولە کە خەباتی گشت چینی کرێکار لەدژی دەوڵەتوسەرمایە لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانیدا وبارودۆخی سیاسی کۆمەڵگای عێراقو،تەنانەت فاکتەرە ئیقلیمیو جیهانیەکانیش کاریگەری لەسەر دادەنێنوئەوە بەتایبەتی بۆ جێوشوێنی مەیلی سۆسیالیستی راستە، بەتایبەتی کاریگەری سێ کوچکەی کۆنەپەرستی رژێم ـ ئەمریکا ـ ئۆپۆزسیۆن، وئاڵوگۆڕکانی دە ساڵی رابردوو کاریگەری قووڵو ریشەییان هەبووە لەسەریو جەوهەری کاری سۆسیالیستی ئێمەش ناکام کردنەوەی ئەو کاریگەریانەیە.

جاکاتێ بارودۆخی خەباتی چینایەتی لەعێراقدا ئەو پاشەکشە گەورەیەی پێکرا بێو سۆسیالیزمی کرێکاری وا بەرتەسك کرابێتەوە وکرێکاران لەباریو زهنیو فەرهەنگیوئایدۆلۆژیو عەمەلیشەوە ئەمڕۆ لەو مەوقعیەتەدابن، پێش مەرج بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆڕشگێڕانەی، ناسینەوەو دەرکی دروستی ئەو بارودۆخەیە.

بەهەرحاڵ مجموعی ئەو رەوەندو ئاڵوگۆڕانە فشاری زۆریان بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی هێناوەو وزەیان کەم کردۆتەوەو ژێر پێیان زەعیف کردووە.

مەوقعیەتی مەیلی سۆسیالیستی مەسەلەیەکی مادیو مەلموسو مێژوویی ـ کۆمەڵایەتیە.جا گەر بێتوو سابقەی ئەم مەسەلەیەش لەبەرچاوبگرین کەکارو هەڵسووڕانی سۆسیالیستی لەناو چینی کرێکاری عێراقدا ئەصلەن سابیقەو ریشەو پێشینەیەکی نییە،هەروەها ئەو کاریگەریە زهنیو فکریو کۆمەڵایەتیەی بۆ زیاد بکەین کە شکستی بلۆکی شەرقو هێرش بۆ سەر کۆمۆنیزم بەجێی هێشت،ئەوکاتە کاریگەری هەمەلایەنەی دەیەی نەوەتەکانو ئەبعادی هەمەلایەنەی لەناو چینی کرێکاری عێراقو فعالینی سۆسیالیستی ـ کرێکاریدا زەقتر ئەبینین.

بەو پێیە وەختێ وەکو ئەرکێکی خۆمان باس لە فەعال کردنەوەی مەیلو حەرەکەتی سۆسیالیستی لەعێراقدا ئەکەینو باس لەپتەوکردنەوەی مەوقعیەتەکەی ئەکەین لەناو چینی کرێکارو لەئاستی کۆمەڵدا، ئەبێ بچین پێشەکی تاقیبی بکەینو لێی بکۆڵینەوەو بۆئەوەش ئەبێ بچینە ناویو لەسەنگەریدا قەرار بگرینو ودەخالەت لەژیانو خەباتیدا بکەین.دیارە لەو کارەماندا ئەبێ مجموعی ئەو فاکتەرانە لەبەرچاوبگرین(لەبەرچاوبگرین نەك تەقدیسی بکەین!) تابزانین لەسەر چ ماتەریالێك کار ئەکەینو ئەمانەوێ چ دیاردەیەك بگۆڕین.

چونکە بێ ئەوە حەرەکەت رووەو نادیار ئەکەین وئەوکات ئەبێ جێی ئەو فاکت وموعتەیاتە مادیانە بە ئایدۆلۆژیگەریو ئەلگۆسازی واستنساخی تاقیکردنەوەی ئەم ووڵاتو ئەو ووڵات پڕ بکەینەوە .بەو پێیە مەوقعیەتی کومۆنیزمیش لە گشت کۆمەڵدا و لەو چوارچێوەیەدا مانا پەیدا دەکات .واتە کاتێ باس لە کۆمۆنیزم دەکەین بە پەیوەند بەخەباتی چینایەتیو لە شەرایتێکی زۆر تایبەت وبەفاکتو موعتەیاتی ماددی زۆر تایبەتەوە باسی دەکەین.

کەواتە ئەوەندی بگەڕێتەوە سەر کۆمونیزمو چینی کرێکار لەدەورەی سیاسی ئێستای عێراقدا بە تایبەتی لەدەورەی یەك ساڵی ڕابووردوودا عنصرێك ولایەنێکی ئاڵوگۆڕەکانی یەك ساڵی ڕابووردوو نەبوون .ئەوە یەکێکە لەنوقتە زوعفە بنەڕەتیەکان ونابێ لە حساباتی سیاسیماندا لەبەر چاوی نەگرین.بەو مەعنایە کرێکاران هێشتا پەرشوبڵاوو بێ ئیرادەی سەربەخۆ درێژە بەژیانی خۆیان

ئەدەن .بەبێ حیزب و هەرجۆرە ڕێکخراوێکی جەماوەریو سیاسی وپیشەیی ماوونەتەوەو ئەو واقعیەتە ئێستاش هەر درێژەی هەیەو ئەوە زۆر مەعناو دەلالاتی هەیەو زۆر ئەرکی ئێمەش هەر لەوێوە سەرچاوەدەگرن.جگە لەوەش نەبوونی حزب بۆشاییەکی زۆر گەورەیەو خۆشی لەهەمان کاتدا دەلیلە بۆ زوعفی بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی.

لەباروذۆخی وادا دەوری ئەحزابی سیاسی زۆر گرنگترە. واتە لەقۆناغی وەرچەرخانو ئاڵوگۆڕەکانو ئەزمەکاندا دەوری حزب مصیریو گەورەترە لەچاو دەورانی نۆرماڵدا.

## ئاسۆ و ئەرکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق !

لەبەرانبەر وەزعیەتێکی وادا،بەو ئاستە لەخەباتی چینایەتیو بەو هەموو فاکتانەوە کە باسم کرد ئایا ئێمە ڕێکخراوێکی سەرنگوونخوازینو ئایا بەو هۆیەوە کەڕووخاندنی ڕژێم بووە بەمەددی سیاسی ئەصلی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای عێراقدا، ئێمەش دەبێ جەوهەری سیاسەتەکەمان، ڕووخاندنی ڕژێم بێ؟ بۆ جوابی ئەوە من پرسیارێکی تر دەکەم.ئایا مەسەلەی ڕووخانی ڕژێمی عێراق ئەمڕۆ لەچ چوارچێوەیەکدا مەترەح کراوە؟ بەڕای من لەچوارچێوەی کێشمەکێشێکی تەواو کۆنەپەرستدا.ئەوە نیوەی جوابەکەیە.نیوەکەی تری باس دەکەم.گەر لەکەمپو لەبەرەی شۆڕشو بزووتنەوەی کرێکارییەوە سۆراغی مەسەلەکە بکەین بزانین کرێکاران چەند ئامادەن بەشکڵی شۆڕشگێڕانە کێشەی دەسەڵاتی سیاسی حەل بکەنو ئامادەییان بۆ ئەوە لەچ ئاستێکدایە؟ بەدرێژایی باسەکە قسەم لەکەم ئامادەیی بزووتنەوەی کرێکاری کردو لەو بارەوەو ووتم کە لەئاستێکی نزمو لاوازدایە.بەو مەعنایە ئەوەی بەعەمەلی لەئارادایە سیناریۆی ڕووخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی مەوجودە بەشکڵێکی کۆنەپەرستو جێگرتنەوەی بە حکومەتێکی بەهەمان ئەندازە کۆنەپەرست. دیارە مەبەستم ئەوە نییە ئێمە بەدیلو مەوقفو شیعاری خۆمان نەخەینە ڕوو و بەرزی نەکەینەوە سەبارەت بەمەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو چۆنێتی ڕووخانیو.....تاد.مەبەستەکەم ئەوەیە کە هوشیار بینو بزانین هەوڵەکانمان دەڕواتە خزمەتی چ بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە.

بەڕای من حەلقەی ئەصلی هەڵسووڕانی ئیمە، بەوپێیە، لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا،گێڕانی دەوری معارەزەی سۆسیالیستییە بۆ وەزعی مەوجودو سەرجەم بەدیلە قائمەکان، گەر قسەکەم لەیەك ڕستەدا کورت بکەمەوە دەڵێم: گێڕانی دەوری معارەزەی سۆسیالیستی بۆ سەرجەم ئەو بەدائلو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە مەوجودو مەترەحنو لەبەرامبەریاندا تەئکیدو پێداگرتن لەسەر ڕێگەچارەی سۆسیالیستیو کرێکاریو نیشاندانی جووت بوونی لەگەڵ ئاواتو بەرژەوەندیو ئامانجەکانی خەڵكو چینی کرێکار.ئەوەش شتێك نییە جگە لە ڕێگەچارەی سیاسی ـ عەمەلی ئێمە(نان، کار ،ئازادی،حکومەتی شووڕایی).

کاتێ ئەڵێین معارەزەی سۆسیالیستی مەبەستم ئەوە نییە کەلە جەبهەو شەڕێك غائب بین کەبەفعلی مەوجودە.مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ لە عێراقدا قورسایی داناوە لەسەر ژیانو زهنی خەڵكو کاریگەری گەورەی داناوە لەسەر کۆمەڵگای عێراقو زهنیەتی کرێکاران، جابۆیە پێویستە قسەو ڕەخنەو ئیفشاگەریمان لەو بارەوە قۆناغ بەقۆناغو لەبەرانبەر هەر ئاڵوگۆڕێکدا بەڕۆشنی بەیان بکەینو بەدیلەکەشمان باس بکەینو تەئکیدی زیاتریش لەسەر ڕێگەچارەی سۆسیالیستیو کرێکاری بکەین.بۆ ئەو مەبەستەش تەئکید لەسەر ناوەڕۆکی ئەو پلاتفۆرمەیش بکەین کە ئێمە لەوەو پێش بەشیعار دامان ڕشتووەو وەکو ئەڵقەی مەرکەزی لە تەحقیقی عەمەلیەی ستراتیژی سەرتاسەری ئێمەو ناوەندیش هەرچی زووتر ئەو شیعارە لەپلاتفۆرمێکی هەمەلایەنەدا دابڕێژێت.

لەچوارچێوەی ئەوەشدا تاگەیشتن بە تەحقیقی ئەو پلاتفۆرمە لەوەزعی مەوجوددا، بەرزکردنەوەی ئاڵای بزووتنەوەیەکی ریفۆرمی هەمەلایەنەو کردنی بەئاڵای خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران لەبەرانبەرکێ ڕۆژانەکانیاندا. ئەوە روکنێکی پلاتفۆرمی ئێمەو دەخالەتی عەمەلیو شیعاری ئێمەیە.ئەوەندەش کەبگەڕێتەوە سەر نەوعی حکومەتی مەتلوب لەڕوانگەی خەڵکەوە، بۆ ئەم قۆناغە، بەرأی من تەئکید کردن لەسەر جێخستنی حکومەتی شووڕایی وەك نمونەیەکی ممکنو عەمەلی ئەرکێکی دەستبەجێی ترمانە.هەر لێرەوەش کار لەناو مەحافلی کرێکاریو هەڵسووڕان لەشوێنی کارو ژیانی ئەوان یەکێکی ترە لەپایەکانو ئەرکە فەوریەکانمانو پردی وەصل بوونەوەشمانە بە مەیلی سۆسیالیستییەوە لەناو کرێکاراندا. ئیستا کۆڕوکۆمەڵی کرێکاری لەشوێنی کارو ژیاندا دیاردەیەکی بەرینەو یەکێکە لەشکڵە بەرجەستەو زەقەکانو یەکەمین مەزهەرە کە ڕووبەڕووی ئەبینەوە لەناو چینی کرێکاردا.بۆیە پێویستە

تایبەتمەندیو مەوقعیەتو بارودۆخی ئەو کۆڕو کۆمەڵانە بناسینو هێزی ڕێکخراومان ببەینە ئەویۆ لەوێوە بچینە ناو شەبەکەی پەیوەندییەکانی رابەرانی کریکارییەوە.بەکورتی مەبەستم ئەوەیە لەدڵی وەزعی مەوجوددا ئێمە بچینە سۆراغی بزووتنەوەی خۆمان.ئەوەش تەنیا ڕێگەیە بۆ بوون بە معارەزەی سۆسیالیستی لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئەم قۆناغە بە هێزێکی کۆمەڵایەتییەوە لەرێگەی پەیوەندی گرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریو دەرکەوتن وەکو حزبی چینی کرێکارو بەرامبەرکێ لەگەڵ بەدیلە بۆرژوازییەکان لەرێگەی پەرەپێدانو ئیعتلا دان بە بزووتنەوەی کرێکاریو ئامادەکردنی پێویستییەکانی دەرکەوتن وەکو هێزێکی ناڕازی سۆسیالیستی لەبەرانبەر سیناریۆ جیاوازەکانی داهاتوودا.

دواقسەم ئەوەیە کەدەورەی داهاتوو دەورەی ئارامیو سەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتی نابێت لەعێراقدا، دەورەی داهاتووی عێراق دەورەی بەیەکدادانو قووڵبوونەوەی ئەو ئەزمانەیە گەر بۆرژوازیش بتوانێت چارەیەکی مەرحەلی مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیش بکات.

## دوابەش لە قسەکانی هاوڕێ ئەحمەد معین سەبارەت بە ئەوزاعیسیاسی عێراق

لە واقعدا، چۆنیەتی شکڵدان بە بزووتنەوەی کرێکاریو گۆڕینی لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پەرشو بڵاوەوە بۆ بزووتنەوەیەکی سەروساماندراو ودەرکەوتنی وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی خاوەن سیمای سەربەخۆ، لە دەوری شیعارو تاکتیكو پلاتفۆرمی سیاسی سەربەخۆی خۆی لەم قۆناغەو لە دڵی کێشمەکێشە مەوجودەکانداو پاراستن و دوور ڕاگرتنی چینی کرێکار لە نفوزی رەوتە بۆرژوازییە جۆراوجۆرەکانو هەروەها ڕێگرتن لەوەی کە چینی کرێکار ببێ بە هێزی ئیحتیاتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کۆنەپەرستی سیاسی...، ئەوە ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی سیاسی ئێستای ئێمە پێك دەهێنێ. نموونەو سەرمەشقی ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەی شورایی بەهاری (1991)ە کە لە دڵی بارودۆخێکی کۆنەپەرستانەی زەمانی ڕاپەرین دا سەری هەڵدا. لە بارودۆخێکدا سەری هەڵدا کە شەپۆلی کۆنەپەرستی سیاسی لە پەیوەند بە شکستی بلۆکی خۆرهەڵاتو شەری خەلیج، گەیشتبووە ئاستێکی سەرسورهێنەر. ئێمە لەو بارودۆخەدا ئیمکانیەتی شکڵدان بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کرێکاری جەماوەری بەرینمان سەلماند لە دەوری ڕێگە چارەی سۆسیالیستی. بزووتنەوەی سۆسیالیستی توانی وەکو بزووتنەوەیەکی خاوەن سیمای سەربەخۆی خۆی بێتە مەیدان، سەرەڕای توند بوونەوەی کۆنەپەرستی سیاسی بۆرژوازی لەو دەورەیەدا. بەڕای من ئەوە ئەڵگۆیەکی گرنگەو ئەتوانێ سەرمەشق بێت بۆ دەورەی داهاتووی هەڵسووڕانی ئێمە لە کوردستاندا ( ئەڵبەتە بە لەبەر چاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانو تایبەتمەندی بارودۆخی ئێستا).

بە عیبارەتێکیتر پەرەپێدانو سەروساماندان بە بزووتنەوەی سەربەخۆو بە هێزی کرێکاری لە مەیدانە فیعلیو مەوجودەکانیدا کە هەیە وەکو مەیدانی خەبات لە دژی بەرنامە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی ڕژێمی بەعس وەکو نموونەی مەیدانێکی گرنگ، جەوهەری هەڵسووڕانی سۆسیالیستی پێك دەهێنێ.

دیارە بۆ ئەو مەبەستە لە سیاسەتێکی سەرتاسەریدا، تاك تاکی مەیدانەکانی خەباتی ئابووریو سیاسی دیاری بکەینو شیعاری خۆمانی لەسەر بدەین.

یەکێك لە پێداویستییەکانی بەرێخستنی ئەم بزوتنەوەیەو پەرە پێدانو ڕێکخستنی لە هەر قۆناغەداوبە تایبەتی لەم قۆناغەدا، بریتییە لە بوونی دەرکێکی ڕۆشن سەبارەت بەو بارودۆخە سیاسییە. چونکە وەکو لە پێشەوە وتم بزوتنەوەی کرێکاری تاڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بارودۆخی مەوجودەوە. هەر بەو پێیەش بە بێ دانی تەسویرێکی مارکسی ڕۆشن لەسەر وەزعی مەوجود، ریشەکانی، پێکهێنەرەکانی، ئاسۆی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، مەسارەکانی،...، ناتوانین پلاتفۆرمێکی شۆرشگێرانەو ڕێگەی دەرباز بوون لە وەزعی مەوجود بدەین بە دەستەوە.

ئاخرین قسەم لەم بارەوە ئەوەیە کە چینی کرێکاری عێراق لە ساڵی رابوردودا لە دڵی کێشمەکێشە مەوجودەکاندا دەوری بووە، بەڵام بەبێ حزبو ڕێکخراوی سیاسی خۆیو بەبێ پەیڕەویکردنی ئەو خەباتەی لە ڕێگە چارەیەکی شۆرشگێرانە. خەباتو مقاوەمەتی چینی کرێکاری عێراقو ناڕەزایەتییە ڕۆژانەکانی ئێستاش ئەو خەسڵەتەی هەیە. هەر بۆیە تحویل دانی ئەو جموجولو بزووتنەوەیە بۆ هێزێکی یەکپارچەی دەخالەتگەر، هێزێك کە بتوانێ ئەو ئاسۆو ستراتیژو پلاتفۆرمە بکات بە ئاڵای خۆیو لە پەیوەندی دانەپساو لەو لە

دڵی ئەویشدا پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست بەو تایبەتمەندیانەوە، لە یەکێك لەلایەنەکانیدا پێویستی بە دابڕانی یەکجارییە لەپاشماوەکانی سوننەتی ئایدۆلۆژیەگەریو خلوصی تیۆری و سوننەتەکانی کۆمۆنیزمی فیرقەیی. ئەوە پێویستیەکی بێ ئەملاو ئەولایەو هێشتا سەرباری پێشڕەویەکانی ئەم (بزووتنەوەیە)، بەرادەی جۆراجۆر قورسایی هەیە لەسەر زەینو فکرو پراتیکی ئێمە. بە تایبەتی گەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئێمەش لە رووی مێژوویی‌یەوە دەرهاتووی هەمان بزووتنەوە بووین. دیارە تەنیا وەسیلەش بۆ رزگار بوونی تەواوی لەو سوننەتانە هەڵسانە لە زەمینەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە، واتە بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیزمەکەی ناو ئەو بزووتنەوەیە. معیاری ئەو دابڕانە معیارێکی چینایەتی‌یە پێش ئەوەی ئایدیۆلۆژی بێت. ئێمە لەوێوە تەحەروکی حیزبی داهاتوومان دەست پێ ئەکەین.

# دەربارەی دوا گۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراق و هەڵوێستی ئێمە.

## ( هەلومەرجی سیاسی کوردستان )

**نزار عبدالله:**

هاوڕێیان: ئەمڕۆ 1999/10/4 دا لە درێژەی باسەکانماندا دەربارەی دوا گۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و هەڵوێستی ئێمە، ئەچینە سەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە چوارچێوەی هەلومەرجی سیاسی گشتی عێراقداو ئەنجامگیری و هەڵوێستی سیاسیمان لەو بارەیەوە.

ئەوە رۆشنە کە هەلومەرجی سیاسی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی هەلومەرجی سیاسی گشت عێراقدا لێك بدرێتەوەو دیاری بکرێ، هەرچەندە کە ئاراستەو شکڵی جیاوازی بەخۆیەوە گرتبێ. ئەم ئاراستەو شکڵو تایبەتمەندیانە نەك هەر لە لێکدانەوە پایەیی‌یەکانی خۆمان کەم ناکاتەوە بگرە تەنها لە چوارچێوەی ئەو لێکدانەوانەدا دەکرێ لەماناو ناوەڕۆك و جەوهەری ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستان تێبگەینو هەڵوێست بەرامبەری وەربگرین.

### دوائاڵوگۆڕەکانی جێگاوشوێنی ناسیونالیزمی کورد
### لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا!

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئاڵوگۆڕەکانی یەك ساڵی رابووردووی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی دووبارە لە چوارچێوەی بەرامبەرکێی ئەمریکا– عێراق و دەورو جێگاو شوێنی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی و بە تایبەتی ناسیۆنالیزمی کورد وەکو تەرەفێکی ئەمریکاو وەسیلەو هۆیەکی فشار بۆ سەر رژێمی بەعس بووە، ئێمە لەم یەك ساڵەداو پێش ئەوەش شاهیدی ئەوە بووین کە ئەمریکا هەوڵێکی زۆری داوە تاکو پەیوەندی خۆیو ناسیونالیزمی کورد رێك بخاتەوە، کۆتایی بە شەڕی نێوان هەردوو حزب لە چوارچێوەی "رێککەوتننامەی واشنتۆن"دا بهێنێ.

ئەم رێککەوتننامەیە هەرچی زیاتر بکات بە وەسیلەیەکی فشار بۆ سەر رژێم بە مەبەستی گەمارۆدانو ئیحتواکردنی زیاتری. بەندەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، بە تایبەتی کۆتایی هێنان بە شەڕو دوورکەوتنەوە لە رژێمی بەغداد، تێکڕا بەشێك بووە لە پەرەگرتنی دەخالەتی ئەمریکا لە گشت عێراقداو هەوڵەکانی ئەو بۆ رووخاندنو سەرنگون کردنی رژێم.

هەڵبەتە ئەم هەوڵانە بە دەرەجاتێکی دیاریکراو سەرکەوتوو بوون، هەردوو حزب زیاتر خۆیان بە ئەمریکاو نەخشەکانیەوە گرێ داوەتەوە، مەیلی گەڕانەوە بۆ لای رژێمو گفتوگۆکردن لەگەڵیداو یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لە پەیوەند بە ئەوەوە، گۆڕاوە بە هاوکاریەکی رۆشنترو ئاشکرا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقو هاوکاریکردنی راستەوخۆی ئەمریکا بۆ جێ بەجێکردنی

نەخشەکانی، هەرچەندە سەرەتا هەردوو حزب خۆیان دەبوارد لەوەی بە ئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ نەخشەکانی ئەمریکا دەربڕن، بەلام لە رەوەندێکدا قسە هاتۆتە سەر ئەوەی چۆنو بە چ شێوەو زەمانەتێك کوردستانی عێراق بکەن بە جێگایەکو سەنتەرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەمیشەییو بەردەوامی لەگەڵ رژێمدا.

هەڵبەتە ناسیونالیزمی کورد ئامادە نەبووە کە بێ ئەملاو ئەولا کردنێك سەرلەنوێ کوردستانی عێراق بکاتەوە بە مۆڵگای ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقو هێزو رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی، هەولی داوە لەم رێگەیەوە ئیمتیازاتی زیاتر لە ئەمریکا وەربگرێ، تعهداتی زیاتر بدات بە پاراستنی ناوچە ئەمنیەکانو فشار بۆ بەشەکانی تری ئۆپۆزسیۆن بهێنێ تاکو خواستی فیدرالیزم بەسەریاندا بسەپێنێو.... تاد. ئەمریکاش لە بەرامبەر ئەم خواستو داخوازیانەدا هەمیشە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ناوچەی کوردستانی عێراق لە هەموو دەسدرێژیو هێرشێکی رژێم دەپارێزێ، لە هەر کۆمەکو یارمەتییەکی تایبەتی بۆ هەردوو حزب دریغی ناکات، مەسەلەی فیدرالیزمیش بۆ کوردستان، ئەمریکا دژایەتی ناکاتو بە رێککەوتنی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەسپێرێ، هەرچی هێزەکانو لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقە ئەوانیش دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەڵوێستی ناکۆکیان دەربڕیوە، بەلام لە کولیەتداو بۆ هێمن کردنەوەی هەر جەدەلو باسێك لەم بارەیەوە هەواڵەی رووخانی رژێمو سەرنگون کردنیان کردووە.

ئەوەی کە لە یەکساڵی رابووردوودا زیاتر ئاشکرا بوو ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد تاکە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقە کە لە ئاڵوگۆڕەکانی عێراقدا دەسکەوتی سیاسیو ئابووریو ئەرزی بەدەست هێناوەو ئامادە نییە ئەم دەسکەوتانەی خۆی بە تایبەتی ئەو سەرزەوییەی لە ژێر کۆنترۆڵیدایە بدات بەدەم رەشەباوە.

ئەم هێزە بە عەمەلی بووە بە خاوەنی کوردستانی عێراقو نزیك بە 10 ساڵە لەباری سیاسیو ئابوورییەوە بە هاوکاری (UN) لە ژێر دەسەلاتیدایە، ئاخرین دەسکەوتی بڕیاری 986 وداهاتەکانێتی کە (UN) راستەوخۆ دابەشکردنو بەهرەمەندبوون لێی بەم هێزانە سپاردووە.

ئەم دەسکەوتانە لە روانگەی ناسیونالیزمی کوردەوە مێژوویینو دەیەوێت بە هەر شێوەیەك بووە درێژەی هەبێو لە ئایندەی عێراقدا جێگیری بکات، ئەمە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی عێراق هەولی دابێ خۆی لێ ببوێرێو بە ئەماو ئەگەر خۆی لێبدزێتەوەو لەبەرچاوی نەگرێو هەتاکو کایەی پێ بکات، ئەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد پاراستنو دیفاع لەمانە پێش مەرجی هەر چەشنە کارێکی هاوبەشو نەخشەیەکە.

هەر لە پەیوەند بە پەیوەندی نێوان ناسیونالیزمی کوردو هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنەوە ئێمە شاهیدی ئەوەین لە یەکساڵی رابووردوودا ئاڵوگۆڕێك لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیو ناسیونالیزمی کورددا بە وجود هاتووە، پەیوەندی ئەم دووانە ئێستا نەك هەر لە کوردستاندا بەتەنها، بەڵکو لە چوارچێوەی گشت عێراقدا تەعریف دەکرێ، ئەمریکا بە رۆشنیو بە ئاشکرا چووە پشتی بزووتنەوەی ئیسلامیو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو تەئکیدی کردۆتە سەر دەورو رۆڵی ئەم هێزانە لە رووخانو سەرنگونکردنی رژێمدا، هەرچەندە ناسیونالیزمی کورد بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە کوردستان بە نەیارو رەقیبێکی جددی خۆی بزانێ کە گەشەکردنیان هەڕەشە لە وجودو دەسەلاتیان دەکا، بەلام ناچار دەبێ لە چوارچێوەیەکی گشتی ترداو بۆ جێ بەجێکردنی نەخشەکانی ئەمریکا هاوکاریان بکاتو دەوریان بداتێ، بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەو هێزە ئیسلامیانەی بەدەم بانگەوازی ئەمریکاوە چوون بۆ رووخاندنی رژێمو تەواوی ئامادەییان دەربڕیوە بۆ خزمەتکردنی ئەمریکا. چوونە پاڵ ئەمریکا لە لایەن ئەم هێزانەوە بێ ئەملاو ئەولا سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی جددییە لە پەیوەندی ناسیونالیزمی کوردو ئەو هێزە ئیسلامیانەدا.

بە هەرحاڵ پەرەگرتنی دەخالەتی ئەمریکا لە کوردستانی عێراقو ئاڵوگۆڕەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقو جێگاوڕێگای کوردستان لە گشت ئەم ئاڵوگۆڕانەدا تەنها کاریگەرییەکانی بەناوخۆی کوردستانو عێراقەوە مەحدود نەبۆتەوە، بینیمان کە رێککەوتننامەی واشنتۆن نەك هەر ئەمریکای زیاتر مەترەح کرد، بگرە حەلیفو هاوپەیمانەکانیشی هێنایە ناوەوەو بەرژەوەندیەکانی ئەوانی لە ساحەی سیاسی عێراقدا فەرز کرد، تورکیا یەکێکە لەوانە. بە خێرایی ئەم ئاڵوگۆڕو رێککەوتننامەیە زەمینەی ئەوەی فەراهەم کرد زیاتر P.K.K. گەمارۆ بدرێو دەرگاکانی لەسەر دابخرێ، تا ئەو ئەندازەیەی کە لە پرۆسەیەکدا لە هەموو ناوچەکەدا گەمارۆدراو بە ناچاری عبدالله ئوجەلان بە جێی هێشت، کە دواتر بە سیناریۆی گرتنو رفاندنی ئوجەلان کۆتایی هات.

بەلاَم لە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەدا بە ڕۆشنی دەبینرێ کە هیچ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر ئەم هەلومەرجە سیاسیەدا نەهاتووە کە لە کوردستانی عێراقدا زاڵ بووە، تەنانەت ئاسۆی شەڕو دووبارە هەڵایسانەوەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دوور نەکەوتۆتەوەو بن بەستی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن لەم دواییانەدا ئەم ئاسۆیەی خستۆتەوە پێش چاوی خەڵك، ئەوەی کە هەردوو حزب نەشەڕ نە ئاشتی درێژە پێدەدەنو دوای بن بەستی ڕێککەوتننامەکەش ئەم هەلومەرجە درێژ دەکەنەوە، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە جێگاوڕێگای کوردستانەوە هەیە لە نەخشەکانی ئایندەو ئێستای ئەمریکادا، چاوەڕوانی ڕۆشن بوونەوەی زیاتری نەخشەکانی ئەمریکاو هەوڵەکانی ئەو بۆ ڕوخاندنو سەرنگونی ڕژێمو هەوڵی بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق بکات بە جێگایەك بۆ وەلاَم دانەوە بە کولی هەلومەرجی سیاسی عێراق، هەروەها ترس لە گەشەکردنی زیاتری هێزە ئیسلامیەکانو کەڵك وەرگرتنیان لە شەڕی ناوخۆی هەردوو حزب لە کوردستانو..... تاد. ئەمانە ئەو فاکتەرە سەرەکیانەن کە ئەم هەلومەرجە درێژ دەکەنەوەو دیفاع لە وەزعی مەوجود لە ئێستادا دەکەن بە پلاتفۆرمی هەردوو حزب.

خودی ئەوەیش کە باس لە ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە سیستمی دەسەڵاتداریتیدا لە عێراق دەکرێو نەخشەی بۆ دەکێشرێو نە لە نزیكو نە لە دوور باس لە چارەسەری کۆتاییو سەرەکی کێشەی نەتەوەیی کورد ناکرێ، دەلیلێکی ڕۆشنە بۆ ئیسپاتی ئەو باوەڕەی خۆمان کە هەمیشە دووپاتمان کردۆتەوە وتومانە مەسەلەی نەتەوەیی کورد جەوهەری هەلومەرجێك نەبووە کە لە کوردستانی عێراقدا زاڵ بووە، ئەوە تەنها ڕواڵەتی مەسەلەکەیەو هیچی تر، خودی ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت کوردستانی عێراق زیاتر بکات بە سەنگەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم، مەبەستێتی کە زیاتر ڕژێم گەمارۆ بداتو ئیحتوای بکات، مەسەلەی نەتەوەیی کورد جەوهەری سیاسەتی ئەمریکا نەبووەو نابێ لە کوردستانی عێراقدا، ئەوەیش کە لە بارەی ئابووریشەوە 13٪ بۆ کوردستان تەرخانکراوە لە چوارچێوەی بڕیاری (986)دا هیچ پەیوەندیەکی بە ڕعایەتو لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەکانو بڕیاری (688)و ئەم شتانەوە نەبووە، نەئەم پرۆسەیە بۆ تەحقیقی حقوقی قەومی کوردەو نە درێژەکێشانی وەلاَمی پێ دەداتەوە، ئەوەی کە ناسیونالیزمی کوردو حزبە حاکمەکانی ئیدعای دەکەن کە لە ڕەوەندی ڕووخاندنی ڕژێمدا چارەسەری ستەمی میللی دەکەنو دەستیان بە فیدرالیزم دەگات، ئیدعایەکی پووچە، ڕەنگە ئەوان فیدرالیزم یانی بەشێکی زیاتر لەوەی ئێستا لە حکومەتی سیاسی ئایندەی عێراقدا وەربگرن، بەلاَم ئەمە نە وەلاَمە بە ستەمی میللیو نە چارەسەرێکی سیاسیو بنەڕەتیو دیموکراتیانەشە.

دواتر لەسەر ئەوە قسە دەکەم کە ئێمە دەبێ لەم بارەیەوە چ قسەیەکمان هەبێ، بەلاَم ئەوەندەی کە بە ناسیونالیزمی کورد دەگەڕێتەوە بە عەمەلی ئێستا دیفاع لە مانەوەی ئەم ستەمەو درێژە پێدانی دەکات، فیدرالیزمەکەی خۆیشی هەرچەندە هەنگاوێك بێ بۆ دوورخستنەوەی ڕژێم، ئێستا بە موعەلەقیو هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە بە ڕادەیەك کە خۆیان زۆرجار گومان دەربارەی ئایندەش دروست دەکەنو دەڵێن "دیموکراسی بۆ عێراقو هیچ بۆ کوردستان".

ئەوەی کە ئەم حزبە قەومیيە کوردیانە لەو دیوی سنوورەکانی کوردستانەوە ئیتر هێزێك نینو لە گشت عێراقدا کارێکیان پێ ناکرێ، وە خودی ئەوەی کە ئەمانیش وجودو مانەوەو پایەی خۆیان لە وجودو پایەی ستەمی میللیدا دەبینن، ئەم ستەمەش بە دەوری خۆی هیچ ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ چارەسەری تەرح نەکراوە، بەم پێیە چارەنووسی ناسیونالیزمی کورد لە ئایندەدا نادیارو ئاڵۆزو ناڕۆشنە، چارەسەری کێشەکانی خەڵکی کوردستانو پرسیارە سەرەکیەکانیان ئێستا بەم بزووتنەوەیەو بە لێکدانەوەو بە کارەکانی وەلاَم نادرێتەوە.

## ژیانو گوزەرانو خەباتی کرێکارانو خەڵکی کوردستان
## لە سایەی دەسەڵاتداری ناسیونالیزمی کورددا

بە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکە هێشتا بەدیلێکی تر شك نابەن، گیانی چاوەڕوانییان زیادی کردووە، بێ دەخالەتو بێ ئیرادەو پاسیڤ تر بوون، سەرەڕای ئەوەی کە لە باری ئابوورییەوە ژیانی خەڵك بە بەراوورد لەگەڵ سەرەتای نەوەدەکانداو دوای جێ بەجێکردنی بڕیاری (986)، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووەو بە شێوەیەکی نسبیو کەم گوزەرانیان باشتر بووە، بەلاَم ئەم باش بوونەو کەم بوونەوەی فشارە ئابوورییەکان، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان، کرێکارانو زەحمەتکێشان، زیاتر دەور بگێڕنو لە

مەیدانی سیاسیو ئابووریدا فەعال بن و بۆ ریفۆرمی هەمەلایەنەی سیاسیو ئابووری تیبکۆشن، هەوڵ بدەن ناڕەزایەتیەکانیان ڕێک بخەنو لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا رووبەڕووی دەسەلاتداریتی قەومی کوردو خودی (UN) یشی بکەنەوە، چونکە رۆشنە کە (UN)یش تەرەفێکی سەرەکییە لە کوردستانو لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە کوردستانو زۆر کاروباری ئیداریو پرۆژەییو سیاسی بەڕێوە دەبرێ، بە تایبەتی ئەم دەزگایە خۆی سەرپەرشتی راستەوخۆی جێ بەجێکردنی بڕیاری 986 دەکاتو لەو برە پارەیەی کە بە ڕێژەی لە 13٪ بۆ کوردستان تەرخانکراوە، خۆی پرۆژەکانو ئەولەویەتەکان دیاری دەکاتو پەسەندی دەکات، ئەگەر بە ووردی سەیری میکانیزمی کارو ئەو ئەولەویەتانە بکەی کە ئەم دەزگایە لە کوردستان کاری پێ دەکات بە رۆشنی دەردەکەوێ کە بە هیچ شێوەیەک رووی لەوە نییە ئەو برە پارەیە بۆ پێکهێنانی ژێرخانێکی ئابووری، یان هیچ نەبێ بۆ دووبارە بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووری پێشوو تەرخان بکاتو تەنها بۆ دابین کردنی لانی کەمی پێویستییە خۆراکیەکان ئەویش بە کەمو کەیفیەتێکی خراپەوە هەڵدەسووڕێ، هەر ئەمە وایکردووە کە بازرگانیو نالەباری ئابووری زیاتر بەسەر کوردستاندا فەرز ببێو تەنانەت ئەو پەیوەندییە کەمە بازرگانیو ئابووریەش کە لە سنوورو مەرزەکانەوە بە دنیای دەرەوە هەبوو زۆر کەمتر بۆتەوە، هەر ئەمە کاریگەریەکی خراپی لەسەر ژیانی ئابووری کرێکاران داناوەو رووبەڕووی بێکاریو کەمی کرێو ....تاد. بوونەتەوە، تەنانەت ئیفلیج بوونی دامو دەزگا دەوڵەتیەکانو تەبدیل بوونی زۆربەیان بۆ دامو دەزگای کۆکردنەوەی باجو سەرانەو پێویستی‌یەکی زۆر کەمیان بەهێزی کار، وایکردووە زۆرجار دەسەلاتداران بیر لەوە بکەنەوە کە هێرشێکی تر بکەنە سەر کرێکارانو شەپۆلێك لە بێکارسازی لە ژێر ناوی (**فائضین**)دا دەست پێبکەن، لە یەکسالی رابووردوودا بەو بیانووەی خەڵك خواردنی هەیەو ئەمنی غزائی هەیە ویستیان بە هەزاران کرێکار بێکار بکەنو نان براویان بکەن، بەلام شکڵ گرتنی ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەری دژی ئەم کارەو خۆپیشاندانو ڕێپێوانەکان، دەسەلاتدارانی ناچار کرد پاشەکشە بکەنو هێرشەکەیان بۆ سەر چینی کرێکار رابگرن، ئەم ناڕەزایەتیانە نیشانیدا کە کرێکارانو زەحمەتکێشان بە شێلگیریو لێبڕاوییەوە ئامادەن بۆ دیفاع لە خۆیانو دەسکەوتەکانیان بێنە مەیدانو بۆ پووچەڵ کردنەوەی هێرشی بۆرژوایی بە هەموو شکڵو شێوەیەکی جەماوەری تێبکۆشن.

جگە لەوەی ئەمە زیندوویی‌و وزەی شاراوەی کرێکارانی خستە روو، ئەوەیشی نیشاندا کە حزبە حاکمەکان تا چ رادەیەك لە جەماوەر دوورنو پایەو نفوزی رابووردوویان لەدەست داوە، تا چ رادەیەك خەڵك لە کارنامەو سیاسەتەکانیان بێزارو تووڕەنو ئامادەن رووبەڕوویان ببنەوە.

لە یەکسالی رابووردوودا ناوەڕۆکی بۆرژواییو فاسدی دەسەلاتداریتی ئەم حزبانە زیاتر لە هەموو کات دەرکەوتووە بە رادەیەك کە خۆیان ناچار بوون دانی پیادا بنێنو بۆ فریودانی خەڵك دووبارە رتوشی بکەنەوەو بە ناوی پاکسازی‌یەوە جوانکاری بکەن.

خودی مسعود بارزانی لە وتارەکەیدا لە دهۆك بە ئاشکرا ئەو فەسادو رەشوەخواردنو تەکەتولاتو وصولیەتو واستەبازی‌یەی لەناو دەسەلاتی حکومەتو حزبەکەیدا پەرەی گرتبوو، دانی پیاداناو هەوڵی دا بۆ کپکردنەوەو خامۆش کردنی بێزاریو تووڕەیی خەڵكو بێ دەنگ کردنی ئیسلامیەکان ڕێگا چارەو تەعریفێکی تری دەسەلاتی خۆیان بکاتەوە. پێویست بەوە ناکات باسی ئەوەش بکەم کەچۆن مام جەلال نەك لەحکومەتەکەیدا بەڵکو لەناو خودی یەکێتی نیشتمانیو سەرکردایەتی‌یەکەیدا هێرش دەکاتە سەر کوتلەبازیو ئەوپەڕی هەولو تەقەلا دەدات تاکو ریزەکانی "هێزی پێشمەرگە" نەگرێتەوە، ئەم واقعیەتانە ئاشکرانو رۆژانە خەڵك لەهەموو شوێنێكو لەهەموو دامو دەزگاو تەنانەت دامو دەزگا قەزاییو دادگاکاندا لەگەڵ فەسادو بۆرۆکراسیو پارەخۆریو .... دیاردەی دزێوی تری دەسەلاتی ئەم حزبانە بەرەو روون.

## گەشەکردنو مەترەح بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی!

بەلام دیوی دووەمی سامناكو جێگای نیگەرانی ئەم واقعیەتە ئەوەیە کەحزبە ئیسلامییەکان توانیوویانە، هەڵبەتە لەغیابی بەدیلێکی رادیکالو کۆمۆنیستیدا، بێزاریو تووڕەیی خەڵك لەم هەلومەرجەدا بقۆزنەوەو ئیحتوای بکەنو بەئاراستەی بەهێزکردنی بەرژەوەندیە کۆنەپەرستوحزبیەکانی خۆیاندا بیبەن، توانیوویانە دزە بکەنە ناو زۆربەی دامو دەزگاکانی حکومەتی هەردوو حزبەوەو هێلانەی تێدا بکەنو قاعیدەی حزبی بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بگرە خۆیان خزاندۆتە ناو قاعیدەی ئەو حزبانەوەو هەراسانیان کردوون.

ئەم زەحفو مەترەح بوونەی ئیسلامییەکان، رووداوەکانی کوردستانی لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردو حزبە ئیسلامیەکاندا لە قالب داوە.

## بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپی کۆمەڵگا!

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بچینە سەر کۆمۆنیزمو چەپ ئەوە بە رۆشنی غیابی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆو کۆمەڵایەتی لەم مەیدانەدا دەبینین،لە نێوان ململانێی ئەم دوو هێزە کۆمەڵایەتیەدا (ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامیەکان) بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیو رادیکالیزمو چەپی کۆمەڵگا، وەکو هێزێکی تر نەهاتۆتە مەیدانو نەیتوانیوە قسەی سەربەخۆی خۆی بکاو بە ڕیزو تەرحو بەدیلی خۆیەوە کاریگەری لەسەر ململانێو رووداوەکان دابنێ، بۆیە ئەم زوعفو لاوازیانە زۆرجار بەرەو ئەوە پاڵی پێوەناوە، جا ئیتر نیەتی خۆی هەرچیەك بێ- کە تەئیدی ناسیۆنالیزم بکاو چاو لە دەستی ئەو بێت. لە بەرامبەر گەشەو ئینتلاقەی مەدی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا- 8ی مارسی ساڵی رابووردوو تەنها نمونەیەکی ئەم واقعیەتەو ئەم شوێن کەوتنەی ناسیۆنالیزمە.

دیارە مەسەلەکە ئەوە نیە کە لەو بەرامبەرکێیانەدا دەورت نەبێو کەڵکی لێ وەرنەگریو بە قازانجی خۆت نەیگۆڕی، مەسەلەکە ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە بە تاکتیکو ئەسالیبی خۆیەوە نەهاتۆتە مەیدانو کاتێك هەڵوێستی وەرگرتووە یان خۆشباوەڕی دروست کردووە یاخود بە تەئیدو پشتیوانی لە حزبە ناسیونالیستەکان کۆتایی هاتووە.

دیارە پەیوەندی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستیە لە کولیەتی خۆیدا بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە بەرەو خراپتر چووە، راستە بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی سەرانسەریو سەربەخۆو خاوەن داخوازی رۆشن نییە، جوڵانەوە کرێکاریەکان لە ئاستێکی مەحەلیو پیشەیی بەرتەسکدانو داخوازیەکانیان فەرعیو پیشەییە، ئاستی ئامادەییو رێکخراوو بوونی لاوازەو زۆر لە خوارەوەیە، بەڵام بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەیتوانیوە دەورێکی کاریگەری هەبێ بۆ گۆڕینی ئەم واقعیەتانەو وەڵام دانەوە بە کەموکوڕیە سیاسیو چینایەتیەکانی، ئەگەر چی خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووەو لە دەروونیدا هەوڵو تەقەلایەکی جدیو سەمەربەخش بۆ ناسینی بزووتنەوەی کرێکاریو دیاریکردنی نوقتە قوەتو زوعفەکانیو وەڵام دانەوە بە کەموکوریەکانی سەری هەڵداوەو بەم هۆیەوە چەندین ناڕەزایەتی کرێکاریو جەماوەری بەرێ خراونو رابەرایەتی کراونو فشارێکی باشی لەسەر بۆرژوازی داناوە (بە تایبەتی ناڕەزایەتی لە خەستەخانەکان، دژی بێکارسازیو **فائضین**، دژی سەپاندنی سەندیکا زەردەکان، ...تاد.)، بەڵام ئەمە مۆرکی کولی بزووتنەوەکە نەبووەو قیبلەنمای پێك نەهێناوە.

بۆ ئەوەی رۆشنتر لەم بارەیەوە بدوێم وا باشە لەو واقعیەتەوە دەست پێبکەم کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی خۆی لەماوەی رابووردوودا بابەتی ئاڵوگۆڕ بووە **"موضوع للتغير"**، کەمتر ئاڵوگۆڕی لە کۆمەڵدا پێك هێناوەو زۆرتر خۆی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. قوتبی بوونەوە لە دەروونیدا پێکهاتووەو رۆشنترو شەفافتر دابەش بوونەکانیو خصوصیاتەکانی ئێستای دەرکەوتوونو کەوتوونەتە بەرچاو، ئێمەش وەکو بزووتنەوەی بنیاتنان ئاڵوگۆڕی زۆرمان کردووەو ئاڵوگۆڕێکی زۆریشمان لە دەروونی ئەم بزووتنەوەیەدا پێك هێناوە، بووین بە قوتبێکی سەرەکی لەم بزووتنەوەیەداو بە تەرحو قسەو تایبەتمەندی خۆمانەوە ناسراوینەتەوە، هەرچەندە کەمو کوڕیو لاوازیش لەم بارەوە هەبووبێ، لە کولیەتدا سەرەتاکانی هەستانەوەو بوژانەوەو ئاڵوگۆڕی جدیتر دەستی پێکردووەو شکڵی گرتووە.

ئێستا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەکو بەشێك لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی مەوجود نە لەسەر ئەم بزووتنەوەیەو نەلەسەر زۆربەی بابەتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا قسەیەکی ئەوتۆی نییەو دەستی خاڵیە، تاکە مەسەلەیەك لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا بۆ ئەم بزووتنەوەیە هەیبێو وەکو ئاسۆیەك بیداتێو لە کۆمەڵگادا دیفاعی لێبکات، جیابوونەوەی کوردستانە، بە غەیری ئەم تەرحە تایبەتە، باقی قسەکانی تری لە خانەی عمومیەتو رۆتینیی کاری سیاسیدا دادەنرێو ئەگەر دەرد زیاد نەکات خۆی دەرمانی هیچ دەردێك نییە.

دروشمی جیابوونەوەی کوردستانیش کە ئەوەندە وتراوەتەوەو کراوە بە دەرمانی هەموو دەردەکان، خۆیشیان بەو باوەڕە گەیشتوون کە ئەمە بنبەستە، بەڵام رێگاچارەیەکی تریان نییە، بۆیە هەر دەیڵێنەوەو بە تاکە رێگای دەزانن، کاتێك دەزانن کە هێزی ئەوەیان نییەو ناتوانن جگە لە تەرحکردنو وتنەوەی شتێکی تر بڵێن، پەنا دەبەنە بەر ناسیونالیزمو بە خۆشباوەڕیەکی سیاسییەوە

پێی رادەگەیەنن کە لە بەرژەوەندی خۆیشیدایە کە بچێتە پای ئەم تەرحەو رێگاو تەرحەکانی خۆی واز لێبێنێ! رۆشنە حزبە ناسیۆنالیستەکان ئامادە نین حزبی کۆمۆنیست لەو بنبەستەی کە دەرگیری بووە رزگار بکەن‌و موغامەرە بە دەسکەوتەکانی ئێستایان بکەن، خەڵکی کوردستانیش خۆی لەوە زۆر لاوازتر دەبینێ کە ئەو بەردە زلە بهاوێ‌و بیدات بەسەری ئەمریکا، ناسیونالیزمی عەرەب‌و دەوڵەتانی دراوسێ‌ی عێراقدا.

لەم هەلومەرجەدایە کە حزبی کۆمۆنیست لە بنبەستێکەوە بەرەو بنبەستێکی تر دەڕوات‌و هەر پەلکوتانێکی پاشگەز بوونەوەیەك دەبێ لە رابووردووی خۆیشی. بە ناچاری کە مەسەلەی میللی‌و چارەسەری ستەمی میللی دەکات بە تاکە تەرح‌و بەدیلی خۆی لە کوردستان، بەرەو قەرارگرتن لە بەستەری میللی‌دا دەڕوات‌و جاروبار لە بابەتی هێزێکی ناسیۆناڵ– چەپ تەرحەکانی دەخاتە روو، بۆ نمونە هەر وەکو ناسیۆناڵ– چەپەکان رەخنە لەوە دەگرێ حزبە ناسیۆنالیستەکان لە ئەمریکا دوورناکەونەوەو جیابوونەوە قبووڵ ناکەن! ، ئەگەر لە بیرمان بێ ئیدەی دوو "جەناحەکە" لە تاکتیکی حزبیدا کاتی خۆی لە ستراتیژی حزبدا لە کوردستان، کە لە لایەن "کۆرش‌و رەحمن"ەوە نوسرابوو، بەو جۆرە تەرح کرا کە جەناحی پێشڕەو "کە دیارە مەبەست لە حزبی کۆمۆنیست بوو" جەناحی سازشکار "کە مەبەست لە حزبە قەومیەکان بوو" ناچار بکات کە پەیڕەوی لە جەناحی پێشڕەو بکات‌و بەم جۆرە بە شوێن خۆی‌دا بیهێنێ‌و کەنارەگیری بکات.

دیارە ئەم ئیدەیە، کاتێك تەرح کرا لەگەڵ رەخنەیەکی هەمەلایەنە رووبەڕوو بوو کەبەناچاری لایان برد. بەڵام ئێستا بەکردەوە ئەم حزبە خەریکی جێ بەجێ کردنی عەمەلی ئەم ئیدەیەیە لەرێگەی تەرحی جیابوونەوەی کوردستانەوە.

ئەم واقیعەتە سیاسیانەی حزبی کۆمۆنیست نەك هەر لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌دا تەریکی خستۆتەوەو دایبڕیووە، بگرە زۆرتریش خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، لەم حزبە دوور کەوتوونەتەوەو باوەڕێکیان پێ‌ی نەماوە، ئێستا ئەلگۆی حزبی خۆشەویست کەخۆیان ئیدعایان بۆ دەکرد ئەمیش بەرۆشنی بووە بەئەلگۆیەکی شکست خواردوو.

## بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و
## مەسەلەی میللی‌و دروشمی جیابوونەوەی کوردستان

بەهەر حاڵ جگە لەوەی(حککع) وەڵامی بە ئەو کێشە پایەیی‌یانە نەداوەتەوە کەرووبەڕووی کۆمەڵگاو بزووتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی نەداوەتەوە، خودی تەرحی ریفراندۆم‌و جیابوونەوەی کوردستانیش تەرحێکە هەموو خەسڵەتێکی چینایەتی لەدەست داوەو وەکو تەرحێکی سەروو چینایەتی دەخرێتە روو.

جگە لەناوەرۆکی ئەم تەرحە، خودی تەرحەکە لەچوارچێوەی دروشم‌و تەحقیقی دروشمێکدا، نەك لەپەیوەند بەخەباتی چینایەتی‌یەوە دەهێنرێ‌و دەبرێ.

رۆشنە کە جەوهەری وەزعیەتی ئێستای کوردستان ستەمی میللی‌و چارەسەری مەسەلەی میللی کورد نی‌یە، وەڵامی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەم هەلومەرجەش لە ستەمی میللی‌یەوەو بە چارەسەری ستەمی میللی کۆتایی نایەت.

پێش ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە وەڵام بەم مەسەلەیە بداتەوە، پێویستە جددی‌تر سەرنجی خۆی بخاتە سەر ئەو جێگاو رێگایەی ئەمریکا لە نەخشەو سیاسەتەکانی خۆیدا بۆ کوردستانی عێراقی تەرخان کردووە، جیاکردنەوەی عەمەلی کوردستان لە عێراق‌و هێشتنەوەی لە سەرگەردانی‌یەکدا بەشێکە لە گشت هەوڵ‌و تەقەلای ئەو هێزە ئیمپریالیستە لە عێراقدا بۆ یەکلاکردنەوەی هەلومەرجی سیاسی عێراق بە قازانجی سیاسەت‌و ئامانجەکانی. لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان بە هۆی داسەپاندنی هێڵە ئەمنیەکان‌و پاراستنی دەسەڵاتی هێزو میللشیا قەومیەکانەوە بە دیاریکراوی کراون بە بارمتەی سیاسەت‌و نەخشەکانی ئەمریکاو بەردە بازێك بۆ پەڕینەوە بەسەر لاشەی رژێمی بەعسدا. ئەوەی کە لەم پرۆسەیەدا خەڵکی کوردستان چی بەسەر دێ، کەی‌و چ کاتێك رژێم دەڕووخێ‌و سەرنگون دەکرێ، کوردستان دەگەڕێتەوە ژێر سایەی رژێمێکی دکتاتۆری یان نا، و....تاد. ئەمانە بڕیارە وەکو سەرەکیترین‌و پایەیی‌ترین مەسەلەی ئەمڕۆ ئەمریکاو حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان‌و رژێمی بۆرژوایی بەعس لە ململانێ‌کانی خۆیاندا هەریەك بە قازانجی خۆی وەڵامی پێ بدەنەوە، دیارە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەش، وەکو ئێران‌و تورکیا، هەریەك بە دەوری خۆیان بۆ بەش وەرگرتنێکی زیاتر لەو هاوکێشانەدا کە بڕیارە لەم پرۆسەیەدا رێك بخرێنەوەو دووبارە پێناسە بکرێنەوە، پێ‌ی خۆیان دەهێننە

کوردستان‌و دەور لە دیاریکردنی چارەنووسەکەیدا دەگێڕن، لەم هەلومەرجەدا مقدمات‌و پایەکانی رەخنەی سۆسیالیستی ئێمە لەبارودۆخی سیاسی کوردستان، هەر هەمان مقدمات‌و پایەیی هەیە کە دەربارەی گشت هەلومەرجی سیاسی عێراق باسمان کرد، بەڵام دیارە شکڵ‌و فۆرمی تایبەت تر بەخۆیەوە دەگرێ، کە دیارە یەکێك لەوانە رەخنەو ئیفشاگەری‌یە لە هەڵپەساردنی وەزعیەتی سیاسی کوردستان‌و کەڵك وەرگرتنێکی رۆشن‌و ئاشکرایە لە ناڕەزایەتی خەڵك دژی ستەمی میللی‌و بەکارهێنانێتی بۆ تەحقیقی ئامانجی کۆنەپەرستانەی بۆرژوایی.

کەواتە دەبێ ئێمە لەو جێگاو رێگایەوە دەست پێبکەین کە کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی هاوکێشەیەکی سیاسی گەورەتردا وەریگرتووەو لە ناواخنی ئەمەشدا مەسەلەی میللی‌یش دێتە ناوەوەو پێویستە لە قاڵب‌و فۆرمی تایبەت‌و چینایەتیدا وەڵامی پێ بدەینەوە.

راستە ستەمی میللی هەر یەخەی بە چینی کرێکار نەگرتووەو ستەمێکە لەسەر گشت خەڵکی کوردستان، بەڵام رۆشنە کە چارەسەری سەروو چینایەتیشی نی‌یە، وجودی ئەم ستەمە ریشەیەکی سیاسی– چینایەتی هەیەو چارەسەرەکەیشی لە قاڵب‌و فۆرمی چینایەتی‌دا ئیمکانی هەیە، ئیستا بە رۆشنی لە هەموو کات زیاتر ئەوە دەبینرێ کە چۆن هێزە بۆرژوازیەکان کە خۆیان سەرچاوەو موسەببی ئەم ستەمەن‌و دووبارە لە ململانێ‌کانی خۆیاندا کەڵکی لێ وەردەگرن‌و سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵك دژی ئەو ستەمە دەبن‌و بۆ جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن.

وەڵام دانەوەیەکی چینایەتی– کرێکاری بە مەسەلەی میللی کورد کۆمەکێکی زۆر دەکات بە جێ خستن‌و هەرچی زیاتر پتەوکردنەوەی رەخنەی سۆسیالیستی لە تێکڕای رژێمی سەرمایەداری‌و هێزە پارێزەرەکانی.

دیارە بینینی ئەم واقعیەتە ئێمە ئەخاتە بەردەم مەسەلەو ئەرکێکی پایەیی کە ئەویش ئەوەیە چۆن ئێستا وێڕای بەیانی ئامانج‌و ئەهداف‌و رەخنەی سۆسیالیستی خۆمان، وەڵامێکی رۆشنیش بە مەسەلەی میللی کورد بدەینەوە، بە جۆرێك کە بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار هەرچی زیاتر بپارێزین‌و بەهێزی بکەین‌و خۆشباوەڕیەکانی‌و چاو لەدەستی‌یەکانی بۆ ئەمریکاو (UN)و ناسیۆنالیزمی کورد کۆتایی پێ بهێنین.

من پێم وایە ئەو پرەنسیبانەی لینین دەربارەی مەسەلەی میللی لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارەوە باسی کردووەو داڕشتووەو فۆرمۆڵەی کردووە، پێویستە زیندووی بکەینەوەو بیبوژێنینەوەو جەوهەرەکەی وەربگین.

رۆشنە کە لە روانگەی لینینەوە ستەمی میللی‌و وەڵام بە مەسەلەی میللی وەکو هەر مەسەلەیەکی تری دیموکراتی پێویستە گرێ بدرێتەوە بە سۆشیالیزم‌و بزووتنەوەی سۆشیالیستی‌یەوە، لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارەوە چ ئێستاو چ داهاتووی، هەڵبسەنگێنرێ‌و وەڵامی پێ بدرێتەوە. لینین بە دیاریکراوی مەسەلەی میللی وەکو مەسەلەیەکی دیموکراتی لە مەسەلە سۆشیالیستی‌یەکان جیا دەکاتەوەو دواتر بە رۆشنی بەیەکەوە گرێیان دەداتەوە.

بە پشت بەستن بەو پرەنسیبانە ئێمە پێویستە بە رۆشنی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی دژایەتیەکی توندو سەرسەختی ستەمی میللی بکەین‌و وەکو دزێوترین شکڵی هەڵاواردنی ئینسانی، خەبات بکەین تاکو هەر چەشنە دابەش کردنێك‌و ئیمتیازدانێك لەسەر بنەمای قەوم‌و ئەقەلیەتەکان لە دەستووردا هەڵبگیرێ، دابەش کردنی خەڵکی عێراق بە قەومیەتەکان‌و ئەقەلیەتەکان لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارەوە دژی هاوپشتی‌و هاوخەباتی چینایەتی کرێکارانەو خەباتی ئەوان بۆ رووخاندنی سەرمایەداری پەرت دەکات.

بۆ ئەوەی ئەم چینە بتوانێت زیاتر لە رووخاندنی ئەم رژێمە نزیك بێتەوە، ریزەکانی یەك بخات‌و یەکگرتووی بکات، پێویستە بۆ ریفۆرمی سیاسی‌و بنەڕەتی‌و هەمەلایەنە لەوانەش بۆ چارەسەری ستەمی میللی‌و هەڵاواردنی میللی خەبات بکات. راستە سۆشیالیزم وەڵامی بنەڕەتی‌و ریشەیی‌یە بە هەر چەشنە ستەم‌و هەڵاواردنێك، بەڵام بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم‌و وەڵامی ریشەیی بەهەموو کێشەو گرفتە سیاسی‌وکۆمەڵایەتیەکان،چینی کرێکارو بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەو پێویستە ئاڵای ریفۆرمێکی سیاسی هەمەلایەنە بەرزبکاتەوەو دەکرێ‌وئیمکانی هەیە کە ئەو ریفۆرمانە بەسەر سەر سەرمایەداری‌دا بسەپێنێ. لەم روانگەیەوە چینی کرێکار دەتوانێت رژێمی سەرمایەداری لە عێراق‌و هێزە بۆرژوازیەکان ناچار بکات کە مەسەلەی میللی کورد چارەسەر بکەن‌و وەڵامی پێ‌بدەنەوە. ئەم

چینـه دەتوانێـت بـەو مەرجـەی کـەهێزەکانی ڕێکخـراو بکـاتو هاوپشـتی هاوخـەباتی خـۆی سـەربەخۆ لـە ئینتمــای قەومیوجنســیو تایفی،توندو تۆڵ بکاتەوە.

ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەرکمانە کە ئەم ئاناجـەییو توانایی‌یـە لـە چینـی کرێکـاردا بـەهێز بکـەین، سـەرنجی بگوێزینـەوە بـۆ ئـەوەی کە(مەسەلەی میللی)یش وەکو بنەماکانی چەوسانەوەو هەژاریو دەیانو کێشەو گرفتی تر بەهاتنەی مـەیدانو وەڵامـی ئـەوەوە گـرێی خواردووە.هەروەها پێویستە ئەمەیش بۆ هەموو خەڵکی کوردستان روون بکەینەوە کـەچینی کرێکـارو حزبـی کۆمۆنیسـتە کـەدەتوانێت ئەم ستەمە مێژووییە لەریشەوە هەڵبکێشێو وەڵامی پێبداتەوە.چاوەروانیەکان لەناو خەڵکدا کەئـەم سـتەمەیان لیٚ دەکـرێ لـە پینـی کرێکارو خەباتەکەی زیاد بکەینو لەرەوالّی پینایەتی خۆیدا مامەڵی لە گـەڵدا بکـەین. دیـارە تەنـها لـەم روانگەیەوەیـە کـە بـۆ خـەڵکی کوردستان رۆشن دەبێتەوە کە چۆنو چ کاتێك ستەمو چەوساندنەوەی میللـی سـەر ئـەوان وەڵامـی ریشـەیی پـیٚ دەدرێتـەوەو تـاکو چ ئەندازەیەك لەچارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە نزیك بوونەتەوە.

کاتێك دەروانینە توناییەکانی چینی کرێکار ،کاتێك نەبوونی حزبی چینایەتی کرێکاران واقعیەتێکـە، کـاتێك هاوپشـت وهاوخـەباتی کرێکـار نەگەیشـتۆتە ئاسـتێك کـە کۆتـایی بـهێنیٚ بـە هـەڵواردن ودووبەرەکایـەتی قـەومی ونـەژادی .... تـاد ئـەو کاتـە دەبینـین کـە چارەسەری ستەمی میللی بە شێوەیەکی ریشەیی دوورە دەستە .ئێمـە لـە قۆنـاغی وەلام دانـەوەی بنـەرەتیو ریشـەیی بـە مەسـەلەی میللی کورددا نین، بەداخەوە هێشتا دەورە دەورەی ساتو سەودا ومامەڵەیـە بەسـتەمێکەوە کەریشـەیەکی لەمێژینـەو مێـژووی هەیـەو هێشتا بۆرژوازی بەهەموو باڵە رەنگاو ڕەنگەکانی‌یەوە ، نانو رۆنی پێوە دەخۆن ودەیهێڵنـەوە . تەنانـەت ئەگـەر ناسـیونالیزمی کـورد بچێتە پای تەرحی حزبی کۆمونیستو شیعاری جیابوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵگریٚ ، ئەو کـاتیش هیـچ پەیوەندی بەبەرژەوەندی کرێکارانو چارەسـەری سـتەمی میللی‌یـەوە نـی‌یـە .دیـارە رەنگـە لـە چوارچێـوەی ململانـیٚ وکێشـمە کێشـی قەومی دا لە نێوان ناسیونالیزمی کوردو عەرەبدا ستەمی میللـی سـەرنجام وەڵامێـك وەرگرێتـەوە ، وەکـو چـۆن ئێسـتا رێکەوتننامـەی (غـەزە ـــ ئـەریحا ) ی نێـوان رێکخـراوی ڕزگـاری خـوازی فەلەسـتین وئیسـرائیل خەریکـە سـەرەنجام وەڵامیٚ بەسـتەمی میللـی سـەر فەلەستینی‌یەکان دەداتەوە ،بـەلام دیـارە ئـەم کێشمەکێشـە هـەم خـەباتی چینایـەتی کرێکـار لـە قـاڵب دەداو دەیخاتـە ژێـر سـێبەری خۆیەوە، هەم خودی چارەسەری ستەمی میللی بە پرۆسەیەکی دوورو درێژ وکۆنەپەرست ،کەبەشو بەشـخوازی بـۆرژوازی تیـادا یـەکلا دەکرێتـەوە، دەسـپێریٚ . پرۆسـەیەك کـە دەســتی پێکـرد کۆتاییەکـەی بـە نادیـاری دەمێنێتـەوە و کاریگـەری جـددی لەســەر پاشەکشەکردنی بە خەباتی کرێکار دادەنیٚ.

هەڵبەتە تەرحی ڕەفاندۆم بۆ چارەسەری ستەمی میللی ئەمیش چارەسەرێکە ،بەلام خودی ئەمەش مەسەلەیەك نی‌یە خۆی لـەخۆی دا باس بکریٚ و تەنانەت پاشگرو پێشگری بۆ زیاد بکریٚ لە بابەتی بزووتنەوەی ریفراندۆم و ئەم جۆرە مەقوەلاتە زهنیانە . رێکخستنی ریفراندۆمێك وەکو ریگا چارەیەکی کـەم دەردی سـەری ، لـە گـرەوی فەزایـەکی سیاسـی موناسـیب وپـەرەگرتنی رێگاچارەی رادیکـاڵ وشۆرشگێرانە دایە .تەرحی فەوری ریفراندۆمێك لەم فەزایەی کوردستاندا وبـەم ململانـیٚو کێشـمەکێش وساتوسـەودایانەی بـۆرژوازیو بەم نائامادەیی‌یانەی چینی کرێکاروە، تەرحێکە بەرواڵەت رادیکاڵە ،بەلام نەعەمەلی‌یەو نە ئیمکانی جیٚبەجیٚبوونی هەیە.

لە کۆتایی دا ئەمەویٚ ئاماژە بـەو لێکدانـەوە نادروسـتە بکـەم کـە منصـوری حکمـەت لـە باسـی (میللـەت ،ناسـیونالیزم، بەرنامـەی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری )دا دەیخاتـە ڕوو. ئـەو رەخنەیـە لـەو باسـەدا دەیگـریٚ و ئـەو تەرحانـە دەیخاتـە روو، دوورە لــە خەســڵەتێکی چینایەتیو کرێکاری .لە تێکرای ئەو باسەدا داسەپاندنی ستەمی میللی بەسەر کۆمەڵگاو بەسەر چینی کرێکاردا ،وەخەباتی ئـەو چینـە بۆچارەسەرکردن و لەریشە هەڵکێشانی، باسێکی غائیبە. خودی ئەو باسە سەروو چینایەتی‌یە دواتر زەمینەیەکی فکری وعەمەلی باشی دایە دەست (حککع) تاکو تەرحەکانی بە دوور لە چینی کرێکارو خەباتی ئەو بەشێوەیەکی غەیرە چینایەتیو عموم خەڵکی بخاتـە روو. ئەم باسە سەرەڕای هەر تازەگەری‌یەك کە تیایدا بوو دەربـارەی تـێروانینی ئـەمرۆ بـۆ ناسـیونالیزم ومیللـەت، زۆر دوورە لـە پرانسـیبە مارکسیستی‌یەکان بۆ چارەسەر ستەمی میللی وناچنەوە سەریەك.

من بە لەبەر چاو گرتنی ئەم لێکدانەوەیە شـیعاری جیابوونـەوەی کوردسـتان و پێکـهێنانی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ وەکـو فۆرمێکـی تایبەتی و دیاریکراو بە مناسب نازانم . نەئەم تەرحە دروستەو نەخەڵکی کوردستان تەمایولیان بۆی هەیە .دیارە من لـێرەدا تـەرحێکی

تر جگە لە دووپاتکردنەوە و پێداگرتنەوە لەسەر پرەنسیپە مارکسیستی‌یەکان دەربارەی چارەسەری مەسەلەی میللی ناخەمە ڕوو .ئەمە پێویستی بە باس‌و ووردبینی زیاتر هەیە و ئەرکمان لە ئایندەیەکی نزیکدا وەلامێکی تایبەتی پێ‌بدەنەوە.

## کوردستان و ئەگەری گەڕانەوەی ڕژێم !

لە ساڵی 1991 ەوە ڕژێم لە کوردستانی عێراق دەرچووە .بەهەر هۆیەك بووبێ ئەمە دەسکەوتێکی خەڵکی کوردستانە. ئێمە کۆمونیستەکان بە هەموو تواناماناوە پێویستە ئەم دەسکەوتە بپارێزین. ڕێگا بگرین لەوەی ڕژێم بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ،جا چ بە ئاشتی بێت یان بە شەڕ .ئەمە پێویستە ببێ بە هوشیاری گشت خەڵکیش .لەبەر ئەوە تەحریم کردنی گەڕانەوەی ڕژێم پێویستە شیعاری سەرەکی ئەم دەورەیە ئێمە بێت .زۆر گرنگە بشتوانین ڕێگە بگرین لە وەی 31 ئابێکی تری دووبارە بێتەوە ،حزبە ناسیونالیستەکان ناچار بکەین کەمل بدەن بەم تەحریمە و قبوولّی بکەن .دیارە بەو پلەیەی دەتوانین چینی کرێکار ڕێکخراو بکەین ،بزووتنەوەی کرێکاری ببوژێنینەوە وئەم تەحریمە بسەپێنین،زیاتر لە چارەسەری ستەمی میللی نزیك دەبینەوە ، زیاتر دەتوانین کوردستان وەکو مەرکەزو ناوەندێکی رادیکاڵ و شۆرشگێر بە نسبەت کولی عێراقەوە بپارێزین و کەڵکی لیٚ وەربگرین بۆ بە هێزکردنی بەرەی شۆرشی کرێکاری لەعێراقدا.

دیارە بەو ئەندازەیەی دەتوانین کەڵك لەو جێگاورێگایەی کوردستان وەرگرین کە پێشتر ستراتیژی خۆمان بۆ بەرپاکردنی شۆرشی کرێکاری لە گشت عێراقدا بەرۆشنی دیاری کردبێ .ئەگینا بەدابڕاو لەم ستراتیژەو هەوڵ دان بۆ ئەوەی ستراتیژێکی تایبەت لە کوردستاندا دابڕێژی وئامانجەکەی تەبدیل بوون بێ بۆ هێزی یەکەم و گرتنی دەسەلاّت لە کوردستاندا بەدابڕاو لە هاتنە مەیدان و حزووری چینی کرێکار لە عێراق هیچ نییە جگە لە خۆشخەیاڵیەك !

## ئەرك و ئاسۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق !

لە کوردستان سەرەڕای هەر تایبەتمەندییەك دەکەوینە بەردەم ئەو ئەرکە پایەیی‌یەی کە لە گشت عێراقدا بۆ خۆمان دیاریمان کردووە ،واتە تەبدیل کردنی چینی کرێکارو سۆشیالیزمی کرێکاری بە ئۆپۆزسیونێکی بە هێزو بە نفووز لە هاوکێشە سیاسیەکانی عێراقدا .

ئەمە شتێکی مومکینە و قابیلی جێبەجێ بوونی خێرایە ،سەرەتاکانی هاتنەمەیدانی بزووتنەوەی کرێکاری لە چوارچێوەولە خلالی بزووتنەوەی شووراییەوە خۆی خالّی لێوە هەستانی ئەم کارە بوو.ئێمە لە ئازاری 1991ەوە حەرەکەتێکی وامان دەست پێکردو ئیدامەی نەبوو .دەبێت لە کوێدا گیری‌کردووە دەست پێ‌بکەینەوە و درێژەی پێ‌بدەینەوە .وەکو ووتم ئێمە سەرەتایەکی باشمان هەیە بۆ ئەم کارەو ئێستاش زەمینەی ئەوە هەیە دووبارە تیٚهەڵچینەوە وبەو تایبەت مەندی‌و سیمایانەوە کەئێستا لە نەزەرماندایە بچینە پای وەلام بەکێشەو گرفتە سەرەکی‌و بنچینەیی‌یەکان .

دیارە دەزانم‌و خۆمان باسمان کرد کە بێ‌ئیرادەیی هەیە ،پاسفیزم مەوجودە ،وئیحساسی دەستەوەسانی بە هێزبووە ،بزووتنەوەی کرێکاری جەوانەو پێکهاتە چینایەتی‌یەکەی لاوازە . .... تاد زۆر کێشەو گرفتی تر هەیە کە مەحدودیات بۆ کارەکانمان دروست دەکات .

بەلام ئەرکی ئێمەیەو فەلسەفەی وجودمان وایە کە بچین ئەم هەل ومەرجە بگۆڕین .کرێکاران بە شێوەیەکی خۆرسك وئۆتوماتیکی فێری مارکسیزمو سۆشیالیزمو وانەکانی شۆرش نابن ،گەر وا بوایە پێویستیان بە ئێمە نەبوو .دەبێ بچین فێریان بکەین‌و هۆشیاریان بکەینەوەو خۆووشیاری سوسیالیستی تیایاندا بەهێز بکەین .واقعیەت وایە لە کوردستان چینی کریکار بە بەراورد لە گەڵ عێراق هێشتا وەکو چینێك بۆ خۆی (لذاتە) بەپیٚ‌پێویست نەهاتۆتە مەیدان . ڕاستە لە ئازاری 1991دا جولاّنەوەیەکی جددی کردو بەرەو کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم مەیلی نیشاندا،بەلام ئەمە ناکاتە ئەوەی کرێکارانی کوردستان دڵی چینی کرێکاری عێراق بن‌و جوڵەی ئەوان جوڵەی گشت چینی کرێکار عێراق بێ.بە پێچەوانەوە ئەم بەشە لە چینی کرێکاری عێراق مێژوویەکە خەبات و نارەزایەتی‌یەکانی ناسیونالیزمی کورد لە قالّبی داوەو خستوویەتی‌یەوە ژێر کاریگەریەکانی ئاسۆ وئامانج وشێوەی خەبات و هەڵسووڕانی‌یەوە.ناسیونالیزم توانی

بەرژەوەندیەکانی خۆی وەکو بەرژەوندییەکانی چینی کرێکار نیشان بدات و هێزی ئەوان بۆ تەحقیقی ئاسۆو ئامانجی خـۆی هـەڵخرێنێ .زۆر زەحمەتە ئێستا لە وولاتـانی سـەرمایەداری پێشـکەوتوودا کرێکـاران لەلایـەن ناسـیونالیزمەوە کەبزووتنـەوەو مـەیلێکی دەرەوەی چینی کرێکارە، هەڵخرێنرێن و بەشوێن ئەودا برۆن. بەلام لە کوردستاندا بە شێوەیەکی کـەم وێنـە و سەرسـوڕهێنەر چینـی کرێکـار لـە ئازاردا بەشوێن ناسیونالیزمدا چوو. رەنگە کۆمۆنیستەکان هێشتا بە دروستی ئەو باسەیان نـەکردبێ کـە بـۆ کرێکـار بـەدەیان وسـەدان هەزار لە ریزەکانی ناسیونالیزمدا قەراریان گرت.راستە بزووتنەوەی شورایی هەبوو ،بەلام ئەمە نوتفەیەکی بچوك بوو لە شانۆی سیاسی کوردستاندا.

کاتێك مەنصووری حکمەت ووتی چینی کرێکار بـۆ یەکـەم جـار لـە کوردسـتاندا لـە رووداوەکـانی ئـازاردا ریـزی چینایـەتی خۆیـان جیاکردەوە و چوونە بەرامبەرکێ لە گەڵ ناسیونالیزم، موبالەغەیەکی زۆری تێدابوو.چونکـە خۆمـان ئاگـادارین بزووتنـەوەی شـورایی چ کەم کۆرپەیەکی هەبوو،چەند لەناو کرێکاراندا پایەی زەعیف بوو .بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە وەکوبزووتنەوەیەکی کرێکاری کامڵ مامەڵە بکرێ و توانای بەرامبەرکێی بەردەوامی هەبێ،ئەوە پێویستی بەزەمینەو توانایی‌وفاکت وەهل مـەرجێکی تربـوو.بزووتنـەوەی شـورایی نـاکرێ وەکـو سـومبل و رەمـزی حەرەکـەتێکی بـەهێزی کرێکـاری و جـەماوەری مامەڵـە بکـرێ .گـەر وابوایـە لـەدوای ئاوارەبوونەکـەو بەگوورپوتینێکی ترەوە سەری هەڵدەدایەوە و بەخێرایی کەموکورپیەکانی پڕدەکردەوە.

ئەو تەرحو شیعارانەی کە بزووتنەوەی چـەپ دەیکـرد سـەرەرای ئیجابیـاتێك کەلـەم دەورەیـەدا هـەیبوو،نیشـانەی قـوەت وتوانـایی بزووتنەوەی کرێکاری وبەرجەسـتەبوونەوەی خۆوشـیاری سۆسیالیسـتی کرێکـاران نـەبوو.بەراسـتی کـاتێك ئاوەڕدەدەینـەوە ،لـە دوای پێکهاتنی (حککع) دوە ،بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبینین کە لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاری‌دا بـێ وەزیفەیـەو زۆر بـە کـەمی کـاری لەسەر کردووە.نەتوانیوێتی هێزی بداتێ ووەلامی پـێ بداتـەوە،نـەتوانیوێتی مـەیلی سۆسیالیسـتی تیـایدا بـەهێز بکـات. لـە فەزایـەکی ئاوەڵادا دەکرا زۆر کاری جددی بکرێو راستەخۆ ئەو بزووتنەوەیە بچێتە پـای ئەرکـەکانی ،بـەلام خـۆی سـەرگەرم کـرد بەتـەرحی تـرو ئیدەی غەیرە کرێکاری‌یەوە.

بەهەر حاڵ مەبەستم ئـەوەبوو کـە روئیایـەکی سۆسیالیسـتی بـدەم لەسـەر هەلومـەرجی رابـووردوو،ئێسـتا وگرنگـی و زەروورەتـی تەبدیل بوونی کرێکاران‌و کۆمۆنیزم بە ئۆپۆزسیۆنێکی شۆرشگێر بخەمە روو.دیارە من بروام وایە کە دەتوانین لە ماوەیەکی دیـاریکراودا زەمینەو پێویسـتی‌یەکانی ئـەم کـارە فەراهـەم بکـەین کـەگرنگترین ئـامرازی بوژانـەوەی بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی وپێکـهێنانی حزبـی (کۆمۆنیستە) لەعێراق.

## لە درێژەی قسەو باسەکاندا سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی کوردستان، نۆرەی قسە هاتە سەر هاورێ ئەحمەد معین:

## فاکتەرە سەرەکی‌یەکانی دیاریکردن‌و شکڵدان بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان

**ئەحمەد معین:**

لە ساڵی پارەوە کە کۆنفراسەکەمان بەستووە هەتا ئێستا ئاڵوگۆرێکی ریشەیی‌و نەوعی رووی نەداوە. بەلام ئاڵوگۆر بووە لە جێگـەو شـوێن‌و رادەی نفـوزی ئـەحزابو جەرەیانەکان‌و ئـەوەش نـەك بـە پـەیوەندی راسـتەوخۆ بـە عنصـرو ئـەوزاعی سیاسـی نـاوخۆی کوردسـتانەوەو بـە تایبـەتیش بـە پـەیوەندی بـە مەسـەلەی کـوردەوە ئـاڵوگۆرێك نـەبووە، بـە عەکسـەوە ئەمسـاڵ ئـەوزاعی سیاسـی کوردستان ئەوەندەی‌تر گەرایەوە بۆ ژێر کاریگەری رەوتـە سیاسـی‌یە سەرتاسـەریەکان‌و بـە مانایـەکی تـر ئـەوەندەی‌تر کەوتـەوە ژێر کاریگەری ئەوزاعی سیاسی عێراقەوە. لە یەك ساڵی رابووردوودا بە پەیوەند بە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی‌یەوە لە عێراقدا بـارودۆخی کوردستانیش، وەکو باقی عێراق، کەوتە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەمریکاو پەرەسەندنی دەخاڵـەتی ئـەو لـە چارەنووسـی عـێراقدا بـۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی‌و کۆتایی هێنان بە ئەزمەی حوکم لە عێراقدا. بەو پـێیـە ئێسـتا ئـەتوانین دەسـت بخەینـە سەر چەند فاکتەر کە تەحدیدی وەزعی سیاسی کوردستان ئەکەن‌و ئەو رەوەندانە بژمێرین کە تیایدا دەچنە پێش.یەکەمین مەسەلە بـە رای من لەو نێوەدا ململانێی ئەمریکاو عێراقە.

ئەوە عاملی ئەصڵیە لە دیاری کردنی سیماو تایبەتمەندیو رەوەندەکانو ئاقاری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کوردستان. ئەم عاملە هێشتا هەر وەکو جاران کاریگەری قورسی هەیە لە دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانو سەرجەم بارودۆخی کوردستاندا.

دووەم: پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی مەرکەزیو ئەحزابی قەومی کوردی و ململانێی نێوان ئەو دوو باڵەی بورژوازی عێراق.

سێیەم: دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەو تەماعیانو دەورو نەقشی تورکیا بە تایبەتی لە یەك ساڵی رابووردوودا کە رووی لە زیاد بوون بووە. رێکەوتنی واشنتۆن رەسمیەتیدا بە کۆمەڵێك داخوازی تورکیا لە بواری دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی کوردستانی عێراقو چۆنیەتی رەنگ رشتنی داهاتووەکەی. هەروەها ئێرانیش بە پلەی دووەم چ لە رێگەی ئیسلامیەکانەوەو چ لە رێی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی دەوری خۆی هەبووە.

فاکتەرێکیتر وجودی حەرەکاتی ئیسلامیو هەوڵو ململانێیان بۆ نفوز لە ناوخۆی کوردستان لە بەرانبەر پارتیو یەکێتیدا.

ئەو چوار عاملە هۆی ئەصلی بوون لە دیاریکردنی ئەوزاعی سیاسی کوردستان لە یەك ساڵی رابووردوودا. دیارە سەرجەم ئەوانەش لە چوارچێوەی پەرەگرتنی دەخاڵەتی ئەمریکاو فشارەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراق چۆتە پێشەوە.

بەم پێیە موقەدەراتی خەڵكو کۆمەڵ، هێشتا لەلایەن هێزە بۆرژوازیەکانەوە، لەلایەن رەوتو بەدائلەکانی ئەوانەوە دیاری دەکرێن. ئەوانە چوارچێوەی ژیانی خەڵکیان لە قاڵب داوەو ئاقاری گۆڕانکارییە سیاسیەکانیان دیاریکردووە.

بەو مانایە خەباتی چینایەتیو دەورو نەقشی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، فاکتەرێکی سانەوی بووەو یەکێك بووە لە جەرەیانە لاوازەکانو دەورێکی ئەساسی نەبووە لە تەحدید کردنی سیماو رەوتی سیاسی کوردستان لە یەك ساڵی رابووردوداو کێرڤی رووەوخوار بووەو کۆمۆنیزم بەدەر لە جیاوازی ریزەکانی، بە گشتی دەوری مەحدود بووە، بۆ نموونە لە ناوچەکانی وەکو دهۆكو هەولێر ئەو زوعفە زۆر ئاشکراترو زەق تر بووەو هەڵسوڕانی جەرەیانی کۆمۆنیست لە ناوچەیەکی وەکوو سلێمانی بەرتەسك بووەتەوە. سەرجەم ئەو وەزعیەتە لە بەرژەوەندی کۆنەپەرستیو بۆرژوازیدا بووەو پاشەکشەی گەورە سەپێندراوە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو رادیکاڵدا.بەو پێیە سەرگەردانی سیاسی هەروا درێژەی هەیەو ئایندەو داهاتوو هەروا نادیارە.

## پەیوەندیو جێگاوشوێنی یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکراتی کوردستان

لە پاڵ ئەمانەشدا بن بەستی رێکەوتنی واشنتۆن بووە بە راستییەکی حاشاهەڵنەگر. ئەمرۆ باسی هەڵبژاردنو دابەش کردنی داهاتوئاسایی کردنەوەی وەزعی شارەکانو دامەزراندنەوەی حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی هاوبەش خراونەتە لاوەو گشت ئەوانە جارێکی تر کەوتوونەتەوە ژێر داهاتووی سیاسی عێراق وقۆناغی تازەی دەخالەتی ئەمریکاو صراعی نێوان ئەمریکاو عێراق وئیتر رێکەوتنی واشنتۆن بووە بەبەشێك لەوو ئەبێ چاوەروان بکرێت کە ئەویان بە کوێ ئەگات.

بە پێی ئەو لێکدانەوەیەش ئێستا پەیوەندی نێوان یەکێتی وپارتی هاتۆتە سەر ئەوەی کە نەهێڵن شەڕ بێتەوە نەك ئاشتی دابمەزرێتەوەو پەیوەندی نێوان هەردوولا لەدەوری ئەوە چەقی بەستووە کە چۆن بتوانن لانی کەمی پەیوەندی یەکی نۆرماڵ لە نێوانیاندا بپارێزن وە بە عەمەلی دەستیان لە ئاشتییەکی نزیك شتووە.

یەکێتی نیشتمانی لە ساڵی ڕابردوودا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە عەمەلی دەستبەرداری جێ بەجێ کردنی رێکەوتنی واشنتۆن بێت و تەنها رێگەی بەردەمی کە بۆی مابێتەوە خۆگرێدانەوەیە بە سیاسەتی ئەمریکاو ئەڵقە دواترەکانی ئەو سیاسەتە لە چوارچێوەی هەوڵی ئەمریکا بۆ یەك لاکردنەوەی کێشەی خۆی لە گەڵ رژێمی بەعسدا. ئەوە تەنیا تاکتیكو وەسیلەی دەستی یەکێتییە کە بۆی مابێتەوە لە بەردەم بن بەستی ئەم قۆناغەیدا.بۆ ئەو مەبەستەش ئەم ساڵ یەکێتی دەستی کردە جموجول و ئالو گۆرێك کە تیایدا زیاتر ئامادەیی خۆیی بردۆتە سەر بۆ جێگرتن لەژێر سایەی سیاسەتی تازەی ئەمریکا لە عێراقدا.بەلاَم پارتی ئەو گەرمیەی بەو ئاقارەدا لە خۆی نیشان نەداوە.

بە گشتی لە یەك ساڵی رابردوودا یەکێتی تووشی لاوازیوکەم بوونەوەی نفوزو جێگەو شوێن بۆتەوە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستاندا.بە پێچەوانەوە پارتی جێگەوشوێنی مەحکەم تر کردووە بەتایبەتی گەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە وەرەقەی pkkلە دەستی یەکێتی نەماوە دوای ئەو بن بەستو شکستەی کەتووشی هات،ئەو شکستەی pkk کۆسپو لەمپەرێکی گرنگی لە بەردەم پارتی لابرد چ لە بادینانو سەرووی کوردستان بەگشتیو پارتی لە هەوڵێکی خێرادایە بۆپڕکردنەوەی فەراغی شکستی pkk و

بەو پێیە بەبێ هیچ بەرانبەرێك یەكێك لەو ئامانجومەبەستانەی پارتی كە لە رێكەوتنی واشنتۆن تاقیبی ئەكرد، كەئەویش كەم كردنەوەو كزكردنی دەوری pkk بوو، بە جۆرێكی تر هاتە دی. ئەوەش عاملێكی گرنگ بوو لە پاشەكشەی پارتی لە بەڵێنەكانی بۆ جێ بەجێ كردنی رێكەوتنی واشنتۆن.

هەر بەو ئەندازەیەش كە دەوری یەكێتی لە هاوكێشە ناوخۆیی یەكاندا لاواز بووە، بە هەمان رادەش نائومێدیو پەرشو بڵاوی ئیمكانیەتی تكتلات لە ریزەكانیدا سەری هەڵداوە.هەر ئەمساڵ جلال تاڵەبانی لە ووتارو ختابەكانیدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی مەڵبەندەكانی یەكێتی یەوە زۆر راشكاوانە سەرنجی رائەكێشا بۆمەترسی تكتلوبە تایبەتی تحذیری ئەكرد لە مەترسی درێژە كێشانی ئەو تەكەتولاتە بۆ ناو هێزە چەكدارەكانیان.

بە كورتیەكەی یەكێتیو پارتی لە ئاشتبوونەوەو ئاسایی كردنەوەی پەیوەندی یەكانیان دەستیان شتووەو ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن كە رێگا بگرن لە بن بەستی پەیوەندی یەكانیانو سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە ژێر زەختی ئەمریكادا، ئەوەندەش بگەڕێتەو سەر فەزای گشت كۆمەڵ لە كوردستان ئەو وەزعەی پێشوو بووە بە هۆی جۆرێك لە پاسیفیزمی گشتیو زاڵ بوونی فەزای نائومێدی و مەئیوسی بوون لە حزبایەتیو پەرە سەندنی گیانی بێ ئیرادەیی خەڵك وە بە هێز بوونی گیانی چاوەڕوانیو دیارە كرێكاران لە پێش گشت توێژو چینەكانی خەڵكەوە دەكەونە ژێر كاریگەری ئەو بارودۆخە.

## هێزە ئیسلامیەكان لە كوردستانی عێراق!

لەپاڵ گشت ئەوانەشداو وەكو فاكتەرێكی سەرباری تر دەوری هێزە ئیسلامیەكان بووە كە لە هەوڵێكی بێ وچاندا بوون بۆ پەرەدان بە نفوزیانو بە تایبەتی كەڵك وەرگرتن لە كۆمەڵێك ئیمتیازاتی ماددیو لۆجستیكی وەكو هاوسنووری لەگەڵ ئێران، و بە فرسەت وەرگرتن لە بن بەستی سیاسی سەرجەم كۆمەڵگای كوردستانو فەشەلی رێكەوتنی واشنتۆن. ئەم هێزانە ویستوویانە وەكو خەسڵەتو هەویەتیان سوود لەفەزای نائومێدیو عەجزو دەستەپاچەیی خەڵكو سەرگەردانی سیاسی كۆمەڵگای كوردستان وەرگرن بۆ قایم كردنی جێ پێو بە زۆر سەپاندنی خۆیان بە تایبەتی وەكو هێزی حاكم لەو خەتە حدودیەی شارەزورو هەڵەبجەو تاقی كردنەوەو پرۆڤە كردنی شانسی دەسەڵاتداریتی خۆیان. دیارە زوعفی بەدیلی رادیكالی سۆسیالیستیو لێك ترازانی شیرازەی كۆمەڵ وای لێ كردوون پێویستیان بەوە نەبێ كە پەنا بەرنە بەر هێرشی چەكداری سەراسەری بەڵكو بە سود وەرگرتن لە ئیمتیازاتی ئەمریكاو ئەحزابی قەومی، لەجەرگەی ئەو بارودۆخەی پێشوو،هەوڵیان داوە تەحكیمی جێ وشوێنی خۆیان بكەنو بكەونەوە تەعریف كردنەوەیەكی سەر لە نوێ بۆ خۆیانو خوازیاری مەوقعیەتو ئیمتیازاتی سیاسی زیاتر بن لە كوردستاندا. لەو رووەوە هەم رەسمیەت پێدانیان لە لایەن ئەمریكاوە وەكو (نوێنەری خەڵك) لە كوردستاندا لە چوارچێوەی پلانی (رزگاری عێراق)و هەم یەككگرتنی بزووتنەوەی ئیسلامیو راپەرینی ئیسلامیو پێكهێنانی یەكبوونی ئیسلامی، ئەوەندەی تر ئەو خەتو رێبازەی لای ئەوان بە هێزتر كردووەو ئیئتلافی عەمەلی یەكبوون لەگەڵ یەكگرتووی ئیسلامیدا قورساییو مۆتەكەیانی بەسەر سەری خەڵكەوە دژوارتر كردووە و بۆ یەكێتیش بە تایبەتی زەنگی مەترسی زیاتری لێ داوە. لەو رووەشەوە كە یەكێتی پابەندە بە كۆمەڵێك ئیلتزامات لە بەرامبەر ئێراندا، بۆیە هەوڵی داوە خۆی لە ئیشكالات لەسەر نفوزو دەسەلات لەگەڵ هێزە ئیسلامیەكانی كوردستان لابداتو هەوڵی داوە خۆی بدزێتەوە لە بەرامبەركێ لەگەڵیان تا ئەو جێیەی پێی ئەكرێ، جا ئەم هێزە ئیسلامیانە چی بەسەر خەڵكی كوردستان ئەهێنن، ئەوە مەسەلە نەبووە بۆ یەكێتی. هەروەها یەكێتی ویستویەتی بەو سیاسەتەی رێ بگرێ لەوەی كە پارتی سوود لە وەرەقەی ئیسلامیەكان وەرگرێو لەوێشەوە زیاتر فشار بۆ یەكێتی بهێنێ.

سەرجەم تەفاعولاتی وەزعی سیاسی كوردستان لە بارودخێكدا چۆتە پێش كە بزووتنەوەی كرێكاریو سۆسیالیستی هێشتا وەكو هێزێكی كاریگەر لە هاوكێشە سیاسیەكاندا دەرنەكەوتووەو هێشتا كۆمۆنیزم رەوتێكی كاریگەر نیە لە رووداوەكانو ئاڵوگۆڕەكاندا.

ئەو وەزعیەتەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستیو ئەو بۆشاییە هاوكات بووە لەگەڵ شكڵ گرتنو قوتب بەستنی نەوعێك لە سكولاریزم لەناو فیئاتی ناوەندیومتەوەست و بە تایبەتی لەناو توێژی رۆشنبیرانی كوردستاندا ئەو قوتب بەندیە زیاتر لە بەرانبەر مەترسی رەوتی ئیسلامیدا شكڵی بەخۆی داوەو ریزەكانی لاوانو ژنانیشی تا رادەیەك گرتۆتەوەو بە دەیان شكڵ لە نووسینو گۆڤارو رۆژنامەو جمعیاتی فەنیو ئەدەبیو رۆشنبیری تەعبیری لەخۆی كردوە.

یەکێتییش بە دەوری خۆی هەوڵی داوە ئەوە بقۆزێتەوەو ئیحتوای بکاتو بیکات بە وەسیلەیەکی زەخت چ بۆ توند کردنەوەی پایەکانی خۆیو چ بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر پارتیو بە تایبەتی لە بەرانبەر ئیستحقاقاتی داهاتوو لە حەلەقاتی داهاتووی کێشمەکێشەکانی خۆیدا لەگەڵ ئیسلامیەکان چونکە یەکێتیی باش ئەزانێ ئەو مواجەهەیەی لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بەسەردا ئەسەپێو ئەو رێگەیەی لە پێشە. ئەو فاکتەرە کاریگەرێتی داناوە لەگەڵ جۆری پەیوەندیو سیاسەتی رۆژی یەکێتیی لە بەرانبەر جەرەیانی کۆمۆنیستو چەپدا.

## دوائاڵوگۆڕەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی

ئەوەندی بگەرێتەوە سەر بزووتنەوەی کرێکارانیش ئەوە چ لە شکڵداو چ لە محتەوادا،و هەروەکو هاورێ نزار باسی کرد، دەرکەوتنی مەحدوود بووەو ریزەکانی پەرشو بڵاو بووەو تەنانەت لەچاو ساڵانی (1992– 1993)شدا راکدتر بووە. بۆیە ناڕەزایەتیو جموجوڵی رۆژانەو تەحەروکی سیاسی لە ریزەکانی کرێکاراندا بە عەکسی ئەو ساڵانەی کە باسم کرد، هاتۆتە خوارو کز بۆتەوە. ساڵانی (1992–1993) حەرەکاتێکی نارەزایەتی کرێکاریو جەماوەری بەرینی کوردستانی گرتبۆوەو یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەوزاعی کۆمەڵایەتیو تەنانەت سیاسی ئەوسای کوردستانیش بوو وەکو ناڕەزایەتیە هەمیشەییەکانی مەراکزی کرێکاری نەسیجو دەواجنو ئەلبیسەو چیمەنتۆو کارگە ئەهلیەکانی ئەو ساڵانەی کوردستان.

ئەوە مەدێکی خەباتکارانەی بە هێز بوو کە کاریگەریو قورساییەکەی بە رۆشنی دەبینرا، و تەنانەت لە دڵی ئەودا شەبەکەیەك لە پەیوەندیو رێکخستنو هاتووچۆی لەنێوان رابەرانو هەڵسوراوانی کرێکاریدا بە وجود هێنابوو لە ئاستی سەراسەریدا.

ئەو حەرەکەتە رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتیشی ناچار دەکرد هەڵوێست لەو بارانەوە بگرێو قسەی لەسەر بکاتو دەخاڵەتی تیادا بکاتو بەشێك لە تەبلیغاتەکەی بۆ ئەو تەرخان بکات. بەڵام ئەمرۆ لەگەڵ غیابی بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی کرێکاری بەرەورووین بە مەرجێك لەباری سیاسیەوە خۆش باوەڕی بە جەرەیاناتی ناسیونالیست لەناو ریزی کرێکاراندا کەمتر بۆتەوە و وەزعیەتی گوزەرانی خەڵك، ئەگەر چی بە ئەندازەیەکی کەمیش بێت، باشتر بووە. هۆی ئەوە رۆشنە، جەبهەی کۆمۆنیزم توشی جۆرێك بێ خەتیی بووە، کرێکاران خاوەن رێکخراوی سەراسەریو محەلی خۆیان نین. بەشێکی کۆمۆنیستەکان، بە هۆی دیدگاو سیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە، سەرنجیان دوورکەوتۆتەوە لە کاری راستەوخۆ لەناو چینی کرێکاردا. هەر لە درێژەی ئەو بێ خەتیەو ئەزمەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، لە ناوچەیەکی گرنگی وەکو هەولێر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پاشەکشەی گەورەی کردووە. بە کورتیەکەی ئەوەندەی بگەرێتەوە سەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئاستی گشتیداو بەپەیوەند بەو باڵەیەوە کە حککع نوێنەرایەتیئەکا، رووی لەوەیە سیاسەتێکی (کۆمۆنیستی) دابڕاو لەبزووتنەوەی کرێکاریو فیعلو ئینفعالاتەکانی، بێ دەخاڵەتی لەکۆمەڵگاو بەرانبەرکێ کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو ئامادەکردنی هێزی مادی کۆمەڵایەتی بۆیانو بەگشتی دووری لەکێشمەکێشە چارەنووس سازەکانی زەمانی خۆیو زەروورەتی ئامادەکردنی هێزو بزووتنەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ دەخالەت تیایاندا، ئەکا بەتیۆریو رەسمیەتی پێ ئەدا. ئەوە عاملێکی یارمەتیدەر بووە بۆ فەزای سلبی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سەرپۆشی سیاسیو تەبلیغی بۆ بزووتنەوەی کرێکاریو جەماوەری نەهێشتۆتەوە. لەباردۆخێکی وادا ئیتر دەبێ بەشتێکی چاوەروانکراو کەچارەنووسی کۆمەڵ (بەژیانو چارەنووسی کرێکارانیشەوە) لەچوارچێوەو ململانێو موناقەسەی سیاسی نێوان هێزو حزبە بۆرژوازیەکاندا ببڕێتەوەو بەتایبەتی لەنێوان هەرسێ لایەنی یەکێتیو پارتیو ئیسلامیدا.

ئەوەندەش بگەرێتەوە سەر ئەو باڵەی تری کۆمۆنیزمی مەوجود لەکوردستاندا، واتە جەرەیانی ئێمەو سەرجەم ئەو تەیفەو قوتبە لەهەڵسوراوانی کۆمۆنیستو سوسیالیستو رابەرانی کرێکاریو جەماوەری، ئەوە لەساڵی پارەوە هەندێ ئاڵوگۆری ئومێدبەخش بەسەریدا هاتووەو بەدەرەجاتێك پێشڕەویو گەشەی کردووە. ئێمە دەخالەتێکی باشمان کردووەو توانیمانە هاوفکرییەکی بەرین چ لەناو ریزی رێکخراوداو چ لەناو تەیفێکی بەرینتردا بەوجود بهێنین. رادەی پێشڕەویشمان لەو مەیدانەدا راستەوخۆ بەند بووە بەرادەی دابران لەسوونەتەکانی پێشوو و خۆرزگارکردن لەئەلگوو مەشغەلەو شێوەکارو...تاد،ی سەر بەو سوونەتە. هەر لەو نێوەدا توانیمان فەزای ئەلگۆبەرداریو عەقڵیەتی ئیستنساخی ئێرەو ئەوێو تێگەیشتن لەمارکسیزمو کۆمونیزم لەچوارچێوەیەکی دۆگماتیستو مەکتەبێکی دیارکراودا کەساڵانێکی دوورو درێژ لەسەر بزووتنەوەکەمانو هەڵسوراوانی لەمەیدانی فیکرو پراکتیکدا کاریگەری خۆی

هەبوو، تێك بشكێنین. دیارە هەم ناكامییەكانی ئەو جەرەیانەو هەم دەخالەتی ئێمە لەو نێوەدا دەوری خۆیان بووە لەوەدا. ئێستا دەبینین كەئەو دۆگماتیزمو ئەو ئیستنساخی تاقیكردنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری ئێرانە سەبارەت بە كۆمۆنیزمو هەڵسوڕانی سیاسی، سەبارەت بە رابەریو مەرجەعە فیكریەكان لەناو ئێمەدا جێی داوە بە جۆرێك لە تیٚفكرینو تێڕوانینی سەربەخۆو موبادەرەو گیانی پشت بەخۆ بەستن. پەیڕەوی لەو ئەڵگۆیە بوو بوو بە معیارو پێوانەیەك لەخۆیداو پیٚترازان لیٚی مایەی تۆمەتو دووركەوتنەوە لە ماركسیزمو رادیكالیزم بوو.

ئێمە دەوری جدیمان بوو لە تێكشكاندنی ئەو سوننەتەوئەو فەزا قورسو خنكێنەرەی كە دروستی كردبوو. ئێستا ئەتوانین بڵێین فەزایەكمان بە وجود هێناوە كە هەركەسە راحەتو ئازادانەتر خەللاقیەتی خۆی بخاتە گەڕ لەسەر مەسائلی مولحی ئەمڕۆی بزوتنەوەكەمان بێ ئەوەی ترسی (تكفر)ی هەبێو بێ ئەوەی نیگەران بین لە خەتو دیدگاو سوننەتە پایەدارە كۆمۆنیستی‌یەكان و بگرە بەو ئەندازەی كە ئەو (شۆرش)ە مان كردووە كۆمەڵێك دەستكەوتمان بووەو گەلێك هێزو ئینێرژی حەشاردراویشمان بووژاندۆتەوە.

بەڵام ئەوە نابێ لایەكو دیوێكی تری مەسەلەكەمان لیٚ بشارێتەوە. لەسایەی ئەو بارودۆخەی دەركەوتنی ناكامی ئەو جەرەیانەی پێشوو و چوونە ژێر پرسیاری ئەو تەفسیرە فیرقەیی‌یە لە كۆمۆنیزمو هەڵسووڕانی كۆمۆنیستی‌و شكستی ئیستینتاجاتە سیاسی‌یەكانی بە تایبەتی سەبارەت بە كوردستانیعێراقو شیعارو تاكتیكو جۆری دەخاڵەتی كۆمۆنیستەكان تیایدا، ئێمە هاوزەمان لەگەڵ ئەوە جگە لە چەند هۆی مەوزوعی تر، شایەدی سەرهەڵدانی جۆرێك لە راست ڕەوی بووین لەناو هەندێ لە كۆڕو كۆمەڵی چەپی (كۆمۆنیستی)جاراندا گەرچی مەحدودیش بێت . دەست بەرداربوون لەسیاسەتوشیعاری رادیكاڵی سیاسیو گۆڕینی هەڵوێست بەلای راستدا،و بەربەرەكانیٚی ناسیاسیانەی راسترەوانە لەگەڵ كۆمۆنیزمی كرێكاریداو پەنابردن بۆ كارو سوننەتی مەحفەلیو..... تاد كە یەكێك لە نمونەكانی (رەوتی بەلشەفی) بوو كە ئێستا هەر لە هەمان چوارچێوەدا تەنانەت دەستبەداری ناوەكەشیان بوون.

## ئەرك و ئاسۆی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی

قسەیەك لەوە كرا كە با بچین سۆراغی بزوتنەوەی خۆمان، واتە بزوتنەوەی كرێكاری بكەین. ئەوە میحەوەرێكی راستو دروستە بۆ كۆمۆنیستەكان كە بچن سۆراغی بزووتنەوەی كرێكاری بخۆنو ئەو حەرەكەتە رێك بخەن. لەو نێوەدا ئەبێ جیاوازیەك دابنێین لە نێوان ممكنو مەتلوبدا و توانایی‌یەكانو ئیمكاناتو هێزی خۆمانو نوقتەی قوەتو هێزەكانمان لەبەر چاو وون نەبێ. دیارە جیاوازی هەیە لە نیوان ئەوەی كە باشترین سیاسەت دابڕێژینو یا باشترین جۆری هەڵسوڕانی سیاسی ـ عەمەلی بكەین. باشترین سیاسەت بەرنامەی لانی زۆری كۆمۆنیستی‌یەو دیارە ئەوە، لەو بوارەدا، حالەتی مەتلوبە. بەڵام وەختێ دێینە سەر ئەرزی واقعو دەمانەوێ هەمان بەرنامە بەرینە ناو كۆمەڵگاو بزووتنەوەی كرێكاری‌یەوە تا بیكەین بە بنەما لە پراتیكدا رووبەڕووی وەزعیەتێكی تر دەبینەوە. گەر قسە لەوە نیە كە بەرنامەو سیاسەتو تاكتیكو شیعارەكانمان، پێویستیان بە هێزێكی ماددی هەیە بۆ پیادە كردنیان و ئەوانە بەرنامەی بزوتنەوەو هێزێكی كۆمەڵایەتین كە چینی كرێكارە ئەوە ئەبێ بە تەبیعەت بچین بزانین ئامادەیی ئەو هێزە لە گشت رووێكەوە لە چ ئاستێكدایە، رادەی نفوزی كۆمۆنیزمو ماركسیزم لە كۆمەڵدا چەندە؟ ئەندازەی رێكخراوبوونی كرێكاران چۆنە؟ دەیان سیٚو جیمی تری لەو جۆرە. ئەوانە فاكتەری ماددیو ئەسڵین بۆ دیاری‌كردنی رادەی ئینسجامو ئامادەیی كۆمۆنیزم لەسەر ئەرزی واقع. وەختێ لە كوردستاندا (لە عێراقیشدا هەر وایە) ئەوانە بەو پێوانەو میتۆدە لێك دەدەینەوە دەبینین بە عام وەزعەكە خراپە. جا وەختێ ئەڵێین بچینە سۆراغی بزوتنەوەی كرێكاریو سۆسیالیستیو بڕۆین ئەو زیندوو بكەینەوەو بیبوژێنینەوە ئەو وەزعیەتە فیعلی‌یە لەبەرچاو بگرینو بە چاویلكەی ئایدیۆلۆژیو كتابی تەماشای نەكەین. سەرمەشقو نمونەمان بۆ ئەوە سەروسامان دانە بە بزوتنەوەیەكی سەربەخۆ كە قورسایی خۆی هەبێ لە كۆمەڵو ئاڵوگۆڕو كێشمەكێشە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵ لە كوردستانو عێراقدا. نمونەی شوراكانی ئازاری (1991)مان هێنایەوە كە ئەتوانێ میتۆدی ئێمە روون بكاتەوەو ببێ بە نموونەو سەرمەشق لەو بارەوەو ئەلگویەك بێت بۆ ئەم دەورەیە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی زەمانو ئاڵوگۆڕەكان لەو ساوە تا ئێستا.

ئێمەو كوللی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو كۆمۆنیستیو رادیكاڵ لە عێراقدا، نە ئەتوانین لە ئێستادا فاكتەرێكی گەورە بین لەیەكلا كردنەوەی بارودۆخی سیاسی عێراقو كوردستانو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیو بردنی بە ئاقاری تەحقیقی ستراتیژی

سۆسیالیستی‌داو نه ئه‌شتوانین له شه‌وو ڕۆژێکدا بزوتنه‌وه‌یه‌کی خالیصی سۆسیالیست بهێنینه مه‌یدان. به‌ڕای من پێش ئه‌مه وجودی ده‌رکێکه که ده‌ستمان بگه‌یه‌نێ به ئه‌ڵقه‌ی مه‌رکه‌زی له‌و نێوه‌دا. ئه‌وه‌ش مانا عه‌مه‌لیه‌که‌ی یانی گرتنه‌به‌ری خه‌تی سیاسی ـ تاکتیکی دروست بۆ گه‌یشتن به‌و ئامانجه‌ی که بۆ یه‌ك قۆناغی گرنگ له‌پێش خۆمان دامان ناوه. هه‌ر که ده‌ست ده‌ده‌ینه ئه‌وه‌ش ڕووبه‌ڕووی کۆمه‌ڵێك مه‌سائلی تاکتیکیو عه‌مه‌لی تر ده‌بینه‌وه. مه‌سه‌له‌ی میللیو سته‌می قه‌ومی له کوردستاندا یه‌کێك له‌وانه‌یه. تۆ ناتوانیت له عێراقو کوردستاندا هه‌ڵسوڕانی سیاسی بکه‌یتو شوێن ئامانجێك بکه‌ویت گه‌ر قسه‌و شیعاری ڕۆشنت نه‌بێ له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی، چونکه کرێکاران که هێزی ئه‌سڵیو ئه‌مسه‌رو ئه‌و سه‌ری حه‌ره‌که‌تی ئێمه‌ن که‌وتوونه‌ته ژێر کاریگه‌ری سیاسیو فکریو عه‌مه‌لی زوڵمی قه‌ومیو ته‌فاعولاته‌کانیانه‌وه. ئه‌وان قوربانیانی سته‌می قه‌ومین. ریوایه‌تو ڕێگه‌چاره جۆراوجۆره‌کان له‌سه‌ر قه‌ومیه‌تو مه‌سه‌له‌ی قه‌ومیو مه‌سه‌له‌ی کوردو ریشه‌و هۆکانی، کاریگه‌ری خۆیان داناوه له‌ناو چینی کرێکاری کوردستاندا. له ڕاستیدا له‌م ڕووه‌شه‌وه ریوایه‌تی سۆسیالیستو شیعاری ڕادیکاڵی بزوتنه‌وه‌ی ئێمه زه‌عیف ترین لایه‌نو که‌مترین ده‌وری هه‌یه له‌ناو چینی کرێکاری عێراقو کوردستاندا. دیاره من باش ئه‌زانم که ناوه‌ڕۆکی ئه‌وزاعو ئاڵوگۆره سیاسی‌یه‌کانی ئه‌م ده‌وره‌یه‌ی کوردستان (له شه‌ڕی خه‌لیجه‌وه تا ئێستا) حه‌لقه‌یه‌ك نیه له ته‌فاعوولاتی خۆبه‌خۆو ئۆتۆماتیکیو نۆرماڵی مه‌سه‌له‌ی کوردو هه‌روه‌ك له شوێنی تردا ووتومانه ئه‌مه به‌شێکه له ئاکامه‌کانی ئه‌زمه‌ی سه‌رمایه‌و بۆرژوازی له عێراقداو ئیفرازێکی شه‌ڕی خه‌لیجو ته‌قینه‌وه‌ی گیروگرفته‌کانی نێوان ئه‌مریکاو عێراقو بیانووه‌کانی ئه‌مریکایه. ئه‌وزاعی کوردستان ئاکامو ده‌رهاویشته‌ی ئه‌وه‌یه نه‌ك مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی. به‌ڵام بمانه‌وێو نه‌مانه‌وێ مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی کورد جارێکی تر به په‌یوه‌ند به‌و مه‌سه‌له گشت تره‌وه هاتۆته‌وه ئاراوه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا تێك هه‌ڵکێش بووه‌و ڕێگه‌ی داوه به‌وه‌ی که ئه‌حزابی قه‌ومی کوردی بێنه سه‌ر خه‌تو له چوارچێوه‌ی ئایدیۆلۆژی قه‌ومی خۆیاندا مه‌سه‌له‌ی قه‌ومیو زوڵم له‌سه‌ر خه‌ڵکی کوردستانیان کردووه به په‌یژه‌یه‌ك بۆ وه‌رگرتنی به‌شو ئیمتیازات له هاوکێشه سیاسیه‌کاندا.

به‌و پێیه‌و وه‌ختێ ده‌ڵێین سۆراغی بزووتنه‌وه‌ی تایبه‌تو سه‌ربه‌خۆی خۆمان بخۆین له کوردستاندا ئه‌وه هه‌مان بزووتنه‌وه به جیانی‌یه له‌سه‌رجه‌م ته‌فاعولاتو کێشمه‌کێشه سیاسی‌یه‌کانی ناو کۆمه‌ڵو صراعی نیوان هێزه قه‌ومی‌یه‌کانی کوردستانو حکومه‌تی به‌عسو حه‌ره‌کاتی ئیسلامیو......، که کاریگه‌ری ڕاسته‌خۆ داده‌نێن له‌سه‌ر ئه‌و بزوتنه‌وه‌یه.

هه‌ر به‌و پێیه‌ش سته‌م له‌سه‌ر ژنانو ئاکامه‌کانی کاریگه‌ری به هه‌مان ئه‌ندازه گه‌وره‌یان ده‌بێ له‌سه‌ر چینی کرێکارو بزووتنه‌وه‌که‌ی. بۆ شه‌ڕی ناوخۆیی کاریگه‌ری که‌م بوو؟ ده‌خاله‌تی ئه‌مریکاو خۆشباوه‌ڕیه‌ك که به سیاسه‌ته‌کانی پێکی هێناوه که‌م کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر کرێکاران؟ ڕاستی‌یه‌کی ئه‌وه زوعفێکی گه‌وره‌ی حه‌ره‌که‌تی ئێمه‌یه که کرێکاران به پێی ئه‌و ڕیز به‌ستنه سیاسی‌یه‌ی نیوان ڕیزه‌کانی بۆرژوازی دابه‌ش بوون نه‌ك به پێی گرایشاتی خود به خودی که له حاڵه‌تی کلاسیکو نۆرماڵدا چینی کرێکار به پێی ئه‌و دابه‌ش ده‌بن. کرێکارانی کوردستان له‌مڕۆدا له‌سه‌ر ئه‌ساسی وا به‌سته‌یی به‌سه‌ر پارتیو یه‌کێتی‌ی دابه‌ش بوون. کام ناوه‌ندی کرێکاری ئه‌گریت به‌شێکی زۆر که‌م کرێکاران تیایدا ناسراون به هه‌ڵسوڕاوو خه‌باتکاری ڕادیکاڵو سۆسیالیستو زۆربه‌یان له‌سه‌ر بناغه‌ی وابه‌سته‌یی سیاسیو ڕێکخراوه‌یی به حیزبه بۆرژوازیه‌کانه‌وه ریزیان به‌ستوه.

ئه‌وه فاکته‌رێکه ئه‌بێ له حساباتی سیاسی ئێمه‌دا بایه‌خی جدی بدرێتێ. ئه‌بێ نه‌قدێکی تریش له‌و وه‌زعه بگرینو به‌وپه‌ڕی بلوغی سیاسی‌یه‌وه بچینه پای شه‌ڕ له‌گه‌ڵیدا. دیاره یه‌کێك له لایه‌نه‌کانی ڕه‌خنه له‌و وه‌زعه، جگه له نه‌قدی فیکریو سیاسی له ناسیۆنالیزمی کورد، یا به‌عسوناسیونالیزمی عه‌ره‌ب وه‌کو فاکته‌رو لێپرسراو له زوڵمی قه‌ومی خه‌ڵکی کوردستان(بۆ نمونه)،مه‌تره‌حکردنی ڕێگه‌چاره‌وشیعاری سیاسی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی کورد.

کاتێ ئه‌ڵێین نفوزو پایه‌گای ناسیۆنالیزمو جێ‌پێیان له‌ناو بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری کوردستاندا له‌ق بکه‌ین به‌بێ وجودی شیعارو ڕێگه‌چاره‌ی هه‌ڵقووڵاو له ستراتیژه‌که‌مانه‌وه، سه‌بارت به مه‌سه‌له‌ی کورد، قسه‌که‌مان هه‌ر زهنی ئه‌مینێته‌وه به تایبه‌تیش گه‌ر ئه‌و ڕاستی‌یانه له‌به‌ر چاو نه‌گرین که پێشتر باسم لێکردن که قورسایيو کاریگه‌ریان هه‌یه له‌سه‌ر زه‌ینی کرێکاران.

دیاره مه‌به‌ستم ئه‌وه نی‌یه که زه‌رووره‌تی ئه‌نجامدانی ئه‌و ئه‌رکه، ببێ به فشارێك له‌سه‌ر زهنمانو له‌سه‌ر جموجۆڵو هه‌ڵسوڕانی سیاسیو بچین وه‌کوو حککع بکه‌ین. چونکه من پێم وایه له (2– 3) ساڵی ڕابردوودا شیعاری هێزی یه‌که‌مو خاوه‌نی کۆمه‌ڵو حیزبی خۆشه‌ویستو ئه‌وانه ئیتر به عه‌مه‌لی شکستی خۆیان سه‌لماند. چونکه ئه‌مه‌وێ ئه‌وه بڵێم که ئه‌وانه شیعارێك نه‌بوون له چوارچێوه‌ی ستراتیژی سه‌رتاسه‌ری بزووتنه‌وه‌ی کرێکاریو سۆسیالیست له کوردستاندا.

پێشڕەوی لە بواری هەر شیعارو تـاکتیکێك لەسـەر مەسـەلەیەکی دیـاریکراو، بـۆ نموونـە لەسـەر مەسـەلەی قـەومی، تـابعی پێشـڕەوی گشتیو سەرتاسەری تری حەرەکەی سۆسیالیستی‌یە، گەرچی پێشڕەوی لە یەکەمیشیاندا کاریگـەری لـە سـەر جەبهـەی دووەم هـەبێ. هەر بۆیەش وەختێ لە مەیدانە ئەصڵی‌یەکەدا حەرەکەتێکی پایەدارت نەبێ کە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی ڕۆشنو عەمـەلی بکـاتو وەکـو ئـەصڵی وەزیفـەو ئەرکەکـەت ئیلتـیزامت بـە سـەرو سـامان دانـی ڕاسـتەوخۆ بـە حەرەکـەی سۆسیالیسـتی‌یەوە نـەکرد بـێ، زەحمەتـە پێشڕەوی‌یەك لە مەیدانە تاکتیکی‌یەکاندا، خۆبەخۆ، بکەیت، جا با ڕۆژگاریش کردبێتی بە مەسەلەیەکی بارزو زەق لە کۆمەڵدا.

هەر بۆیە هەڵوێستگیری سیاسی سەبارەت بە مەسائیلی ڕۆژ لە چەشنی شەڕی پارتی‌و یەکێتی‌و کێشمەکێشی نێوان حەرەکـەی قـەومی کوردی‌و هێزە ئیسلامی‌یەکان، هەڵوێست لەسەر کێشەی نێوان ڕژێمی بـەعسو ئـەحزابی کـوردی، گشـتیان لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی سەرتاسەری ئێمەدا ماناو بایەخ پەیدا دەکەن.

بەڵام دیارە حادبوونەوەی هەندێ مەسائیلی لەو جۆرانە، بۆ نموونە هێرشی سبەی ڕۆژی ڕژێم بۆ سەر کوردسـتان، گشـت مەسـەلەکانی وردو درشتی تر دەخاتە ژێر کاریگەری‌و سێبەری خۆیەوەو ناکرێ بڵێی من هیچ کارێکم بەوەوە نی‌یەو هەروا تـەبلیغی سیاسـی نۆرمـالی خۆم دەکەم. ئێمە لە بارودۆخی وادا، ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕی جددی دەبینەوە لـە سـەرجەم هاوکێشـە سیاسـی‌یەکاندا. هـەر بۆیـە دەبـێ فەعالانە هەڵوێست لەسەر ئەو جۆرە مەسەلەو ئاڵوگۆڕانە وەربگرین. هـەر بـۆ نموونـەی ئـەو حاڵەتـەش دەبـێ شـیعاری قەدەغـەکردنی گەڕانەوەی ڕژێم ببێ بە سەر لەوحەی خەباتی یەك دەورەی ئێمە.

بەو پێیە مەحکوم کردنو شەفافیەت دان بـە بزووتنـەوەی سۆسـیالیزمی کرێکـاری لـە مـەیدانی تـاکتیكو شیعاراتەوە، هـەتا مـەیدانی ستراتیژی سیاسی‌و مەسائیلی فکری بزووتنەوەکەمان، یەکێکە لە ئەرکە ئەصلی‌یـەکانمان وەکـو قوتبێکـی فعـالی کۆمۆنیسـت. بایـەخی ئەمە بە تایبەتی بۆ ئێمە زیاتر دەکا چونکـە پێشـتر سـەر بەجـەرەیانێ بووینـە کـە ئـەمڕۆ بنـەما فکری‌و سیاسـی‌و بەرنامەیی‌یـەکانی هەرچی زیاتر لەلای ئێمەو لای بەشێکی گەورەی کرێکارانی کۆمۆنیست چۆتە ژێـر پرسـیارەوەو بـەو پێیـە جـێی چاوپیاخشـاندنەوەی جددی‌یە. هەر بۆیە شەفافیەت دانو داڕشتنی نەخشە لە بواری فەعالیەتی کۆمۆنیستی‌و لە مـەیدانی ڕێکخسـتنی جـەماوەری‌و مـەترەح کردنی سیاسەتێکی ڕۆشـنو لـە بێژنـگ دانـی تاقی‌کردنـەوەی دەورەی پێشـوو هـەر ئێسـتا یـەکێکن لـە ئەرکـە دەسـبەجێ‌کانمانو بـە عەمەلیش مەیدانێکی بارزی دەرکەوتنو فعال بوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری‌یە لە بەرانبەرکێ لەگەڵ کۆنەپەرستی ئیسـلامی‌و بەرنامـە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراقدا.

ڕاستی‌یەکەی مەیدانی خەباتی جەماوەری بۆ کرێکارانی کوردستان بایەخی چەندقاتی خۆی هەیـە. بەتایبـەتی گـەر ئـەوە لـە شکڵێشدا لەبەرچاوبگرین کە کرێکارانی کوردستان زۆربەیان بێکارنو زیاتر لە گەڕەكو شوێنی ژیاندا کۆبوونەتـەوە لـەچاو شـوێنی کـارداو ڕۆژانـە لەو شوێنەی یەکەمدا دەرگیرە.

کێشمەکێشەکانو شوێنو شێوەی دەرگیری‌و نارەزایەتی کرێکارانی کوردستان لە شەرایتی ناسەباتی‌و ئەزمەی ئێسـتاو هەڵپەسـاردراوی کۆمـەڵدا، شـکڵی تـازە دەدەن بـە ئیعتـیرازاتی جـەماوەری کرێکـاری. ئـەوە وەکـو بـارودۆخی نۆرمـال نی‌یـە کـە ناوەندەکـانی کـارو بەرهەمـهێنانو شـوێنە ئیداری‌یـەکان دەبنـە شـوێنی ئـەصڵی کێشمەکێشـی کۆمەڵایـەتی ڕۆژانـە. جـا دەبـێ ئەمـە لـە میکانیزمـەکانو شـێوەکانی ڕێکخسـتنو هیدایـەت کردنـی نارەزایەتی‌یـە کرێکـاری‌و جەماوەری‌یـەکاندا ڕەنـگ بداتـەوە. ئەوانـە مـەیدانێکی فعلیشـن بـۆ خۆجیاکردنەوە لە سوننەتی زهنگەرایی‌و ئەلگۆسازانە لە بواری باسی مەسائیلی ڕێکخراو بوونی جـەماوەری‌و ڕێکخسـتنی شـوێنی کـارو ژیاندا.

دەمەوێ لێرەداو بەم بۆنەیەوە سەرنج بۆ مەسەلەیەکی تریش ڕابکێشم.

با خۆمان بخەینە جێی کرێکارێکی ئاسایی، یا ژنێکی ئەم کۆمەڵە، یا هەر کەسێکی ئاسایی ترو بڕوانینـە هەڵسـوڕانی کۆمۆنیسـتەکان. وەختێ لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانینـە تـەبلیغو تـەرویجو ڕێکخسـتن وەکـو سـێکوچکەی کلاسـیکی کـاری کۆمۆنیسـتی ڕادەی جەزابیـەتی سیاسەتو فەعالیەتو ئەلگۆکانی کۆمۆنیستەکان باشتر دەرك دەکەین. ئێمە لە سەرجەم ئەو مەیدانانەدا لەگەڵ مـیراتێکدا ڕووبـەڕووین کە هەرچی هاتووە خزمەتی کردووە بە دابڕانی کۆمۆنیزم لە چینی کرێکارو لە کۆمەڵو زیاتر خستوویەتی‌یە کـەنارو حاشـیەوە. چونکـە کۆمۆنیستەکان هیچ فەرقیان نەکردووە لەبەینی کاری ئارامو ڕۆتینی سیاسی لەگەڵ کـاری غـەیرە نۆرمـاڵ. جـا گـەر هـێزێکی ئـەوەندە مەترەحی کە قەرارە دنیا لەسەر دەستی تۆ بگۆڕێ، ئەوە باشەو مەسـەلەکە فـەرق دەکـاتو ئـەو کاتـە کـارکردن بـە شـێوەی نۆرمـال

نەوعێکە لە تەشخیصی نادروست. بەڵام گەر شەرایت نۆرماڵەو تۆ لەو جێگەو شوێنەدا نیت ئیتر کاری پڕ سەروسەداو جاڕو جەنجاڵ نانەوەو ئیسارە، نەوعێکە لە ئینتیحاری سیاسیو تاکتیکی هەرزەکارانەو ئەوە ئەوەندە جێگیر بوو لەناو کۆمۆنیستەکاندا کە ئیتر بە مروری زەمەن بووە بە تایبەتمەندییەکی دایمی. لە ریزی کۆمۆنیستەکانی عێراقدا جیا کردنەوەی دەورانە نۆرماڵەکان لەگەڵ دەورانی غەیرە نۆرماڵ (جا شۆڕشگێر بێت یا کۆنەپەرست)و شێوەی کارو میکانیزمی هەڵسووڕان لەهەر دەورانەدا بە نەزەری من هەتا معیارێکە بۆ بلوغی سیاسیو ئایا کۆمۆنیستەکانی عێراق ئەیانەوێ بە فیعلی ئاڵوگۆڕێك لە کۆمەڵدا بەدی بهێنن یان نا.

ئەو پێشەکیەم بۆ ئەوە بوو کە بڵێم ئێمە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا لەو مەوقعیەتەدا نین کە ببین بە هێزێکی بەشدار لە دەسەڵاتی سیاسیدا. نەمودەعی دەسەڵاتین بە فەوری نە هێزی یەکەمین نە خاوەنی کۆمەڵ. ئەوانەی کە چەندین ساڵیش ئەو شیعارەیان بەرز کردۆتەوە، ئەمرۆ دەستیان لێ هەڵگرتووە. ئەبێ ئەو تەجروبەیەو ئەو دەرکەی پشتی تاووتوێ بکرێ.

ئەبی ئێمە لە سوننەتی جاڕو جەنجاڵی بێ ناوەڕۆك دابڕێین. ئەبێ ئەو حاڵەتە ئامادە باشە هەمیشەییەی کە لە هەڵسووڕانی سیاسیدا پەیڕەوی لێ ئەکرێ دوایی پێ بهێنین. مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە ئەڵێ (أسمع جعجعه ولا أرى گحناً) (دەنگی ئاشێك دەبیستمو ئاشێك دیار نیە). ئەو دەرکە بووە بە هۆی کەوتنە حاشیەی زیاتری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵدا. کۆمۆنیستەکان داوەڵ نین کە بۆ ترساندن هەڵکرابن. کرێکارو ئینسانی نۆرماڵ ناتوانێ ئەو شێوەیە لە هەڵسوڕانی سیاسی هەڵبژێرێو یەکسەر ئەڵێ: ئەوە بۆ من دەست نادات، ئەوە بۆ هەڵبژاردەیەك ئینسانی تایبەتو دەستکردو ڕۆبۆت دەست دەدا. یانی ئەبێ هەمیشە پەنجەت لەسەر پەلەپیتکە بێت، هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بیت. گەر کرێکاران هاتونەتە سەر جادەو وەزعیەت رووی لە شۆڕشە یا تەقینەوەیە، یا بۆ نمونە ئەزمەیەکی شۆڕشگێڕانە بەرپا بووە یا هجومێکی دەرەکی هەیە یا تەصادومێکی ئەوەندە گەورە هەیە ئەوە ئیجاب بکات ئەوە شتێکی ترە. ئاکامی ئەو شێوەو سوننەتە لە عەمەل دا یانی بە فیڕۆدانی هێزو سلاك کردنی کۆمۆنیستەکان. ئەوە حاسڵی فعلی ئەو نەهجە بووە لە کارو هەڵسورانی عەمەلی. ئێمە دەبێ رێك عەکسی ئەوە بکەین. گەر شەرایت نۆرماڵە با کاری نۆرماڵو شێنەیی کۆمۆنیستی خۆمان بکەین. گەر یەکێکیش بۆمان ئەسەلمێنێ کە ئەو جۆرە کارە، ئەو جۆرە سوننەتە، ئەو شێوە هەڵسووڕانە دروستەو ئەگینا دوا ئەکەوینو بەیانی شۆڕش بەرپا ئەبێو ئێمە دەستێکمان تیا نابێتو کرێکاران هەر ئێستا شەو دەنێنە سەر رۆژ بۆ دامەزراندنی شووراکانیان و ئێمە لە ماڵەوە پێ لەسەر پێ دانیشتووینو کاری نۆرماڵ ئەکەین، ئەوە مەسەلەیەکی ترە (کە دیارە وا نیە). ئێمەش عەقڵی سەلیمان لەدەست نەداوە تا بزانین بارودۆخی ئەم کۆمەڵگایە وانییە. ئێمە تیا دەژینو تیایدا هەڵدەسوڕێینو رێکخراومان تیادا دروست کردووە. هیچ شتێکی نهێنیو پشت پەردەش بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانە شك پێ نابەین.

لە جیاتی ئەوە با بە شکلێکی تر کارەکانمان بەرینە پێش. چوار ساڵی ترو لە دڵی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو چوار ساڵەی داهاتوودا توانیبێتمان رێکخراوێکی حزبی مەحکەمی بەهێزمان پێك هێنابێ زۆر باشترە لەوەی کە رێکخراوێکی مەحکەمیان پێش چوار ساڵ دا بێتە دەستتو ئێستا لە نەتیجەی کاری پڕ سەروسەدای بێ ناوەڕۆك هیچیت بەسەر هیچەوە نەهێشتبێتو ئەوەشی هەبووە بەو دەردەت بردبێ. با چوار ساڵی تر بە شێوەی ئارامو بێ ئەوەی دنیات بە قسە ورووژاندبێت، چوار دەسکەوتی باشمان خستبێتە سەریەك. ئێمە ئەمەیان دەکەینو دیاریشە لە مەریخ ناژینو رۆژانە لە جەرگەی کۆمەڵدا مەوجودین هەر وەختێ ئاڵوگۆڕەکان بەرەو لایەکدا وەرچەرخا یا پێش بینی ئەوەمان کرد ئەتوانین بڵێین: ئیتر وەختی کاری نۆرماڵو ئارام نەماوەو کاتی هەڵسوڕانە بە شکلی زەربەتی.

دیارە چ لە کاری شەرایەتی نۆرماڵداو چ غەیرە نۆرماڵدا، ئەبێ تێکەڵێك لە شێوەکاری نۆرماڵو غەیرە نۆرماڵ بگرینە بەر.

ئیستنتاجم لەم بەشە ئەوەیە با بێین پەیوەندیەکانمان تۆزێ نۆرماڵ بکەینەوە، باگشت هێزە رێکخراوەییەکانمان نەرژێنینە سەر جادەو مەقەرەکان. لە پشت ئەو جۆرە لە هەڵسووڕاندا جۆرێك خۆشباوەریو خوێندنەوەی نادروستی سیاسی لە بارودۆخی مەوجود خۆی حەشارداوە. کۆنەپەرستی رەوتی زاڵی ناو کۆمەڵە جا گەر ئێستا پەنا بۆ سەرکوتی خوێناویو بێ پەردە نابەن ئەوە دەلیلەکەی لە هەمان بارودۆخی کۆنەپەرستی سیاسیدا خۆی حەشارداوە، نەك ریگری شۆڕشو بزووتنەوەیەکی پانو بەرینو شۆڕشگێرانە کەوا لزوم کات پەنا ببەنە بەر سەرکوتی ڕاستەخۆی. ئەبێ ئەو نەهجە لە تبلیغو تەرویجو رێکخستندا رەنگ بداتەوە.

گەر بگەڕێمەوە بۆ سەر مەسەلەی میللی ئەڵێم ئەبێ ئێمە فۆرمۆلبەندیەکی هاوبەش‌و دیاریکراو هەڵبژێرین وەکوو شیعارمان بۆ حەلی مەسەلەی کورد. ئەڵبەتە پێویست بە ووتن ناکات کە پاڵ پێوەنەرمان بۆ دیاریکردنی سیاسەتێکی فەعال لەم بوارەدا خودی مەسەلەی قەومی نی‌یە، بەڵکو وجودێتی وەکوو کۆسپ لەبەردەم هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی‌و پێشڕەوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دا.

ئەوەندەش بگەڕێتەوە سەر پلاتفۆرمی سەراسەریمان، ئەوا بۆ کوردستانیش ئێمە مەبنای گشت حەرەکەتمان هەمان شیعاری (نان، کار، ئازادی، حکوومەتی شورایی)یە.

## ئاسۆ غریب:

منیش دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەلومەرجی سیاسی عێراق‌و هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەردا نەهاتووەو کما کان بنەڕەتەکانی وەزعی سیاسی‌و هاوکێشە سیاسی‌یەکان وەکو خۆی ماوەتەوە. ئاڵوگۆڕێك کە پێك هاتووە لە ناو رەگەزە پێکهێنەرەکانی وەزعی سیاسی‌دایە لە عێراقدا بە گشتی. هێشتا هەر یاریکەری ئەصلی ئەمریکا– حکومەتی عێراق– ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی‌یە، هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێك لە ناو ئەم هێزانەدا بە نیسبەتی یەکترەوە، هیچ ئاڵوگۆڕێکی لەو هاوکێشەیەدا پێك نەهێناوە.

مەسەلەیەك کە جێگەی مولاحەزە بێت، بە دەرەجاتێك ئێوەش چوونە سەری، جێگەو رێگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کرێکاری‌یە، لە هاوکێشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی عێراقدا، مەرجی پێشکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە شکاندنی تەوقی هاوکێشەی پێشو و جێخستنی هاوکێشەیەکی تازە بوو کە چینی کرێکارو کۆمۆنیزم هێزی ئەصلی بێت تیایدا، بە گشتی کاتێك تەماشای یەك ساڵی رابردوو دەکەیت جێگەو رێگەی هێزە سیاسی‌یەکان بە چوونە سەر یان هاتنە خوار، هەست ئەکەیت ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە، بەڵام مەوقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیزم هێشتا هەر لە جێی خۆیەتی‌و تەنانەت لە چوارچێوەی هاوکێشە کۆنەکەشدا ئاڵوگۆڕێکی وای نەکردووەو هێزێکی کاریگەر نی‌یە لە یەکلاکردنەوەی رەوەندی بەرەو پێش چوونی ئەو هاوکێشە سیاسی‌یەدا، چ لە کوردستان‌و چ لە سەراسەری عێراقدا.

## هەلومەرجی سیاسی کوردستان‌و رێکەوتننامەی واشنتۆن!

لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، ئاڵوگۆڕێك جێگای سەرنج بێت رێکەوتننامەی واشنتۆنە کە یەکێکە لەو گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یانەو لەو رووداوانەی لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا بە وجود هاتووەو بەقەدەر کێشی خۆی لەسەر وەزعی سیاسی کاریگەری داناوە، جا چ ئەوەی رێکەوتنەکە سەربگرێت یان نا. بەڵام جێبەجێ بوونەکەی وەکو رێکەوتنێك لە بەینی دوو هێزی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد لە پەیوەند بە وەزعی سیاسی کوردستانەوە حەتمەن قورسایی‌یەك لەسەر وەزعی سیاسی عێراقیش دادەنێ، هەم لە رێگای پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوەو هەم لە رێگای پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکاوە، ناسیۆنالیزمی کورد یەکێك لە سەرەکی‌ترین رەگەزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی عێراقە، بە یەکگرتن‌و انسجامی قورسایی زیاتر لە جێگەو رێگەی ئۆپۆزسیۆندا پەیدا دەکات‌و سەهمێکی زیاتریشی لە بەرنامەی ئەمریکا پێ دەبرێت بۆ یەکلاکردنەوەی وەزعی سیاسی عێراق، هەتا جێبەجێ نەبوونەکەشی دیسانەوە تقسیم بەندی باڵەکانی ناسیۆنالیزم‌و کێشمەکێش‌و ململانێیان لەسەر کسب کردنی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان (بە نمونە اسلامی‌یەکان) هاوکێشە سیاسیەکان لە کوردستان دەگۆڕێ.

کەواتە لە کوللیەتی خۆیدا ئەم رێکەوتننامەیە وەکو رووداوێك لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، قورسایی‌یەك لەسەر وەزعی سیاسی دادەنێ.

سەبارەت بە وەزعی سیاسی کوردستان بە گشتی من ئەوەی تێبینی بکەم وەك بەشێك لە وەزعی سیاسی گشتی‌تری عێراق، ئەڕواتە پێشەوە، تا ئێستاش ئەمریکاو تەواوی رەوتە سیاسی‌یە بۆرژوازی‌یەکانی عێراق، سیاسەتی ئیدارە کردنی ئەزمەیەك بەڕێوە دەبەن، ئەزمەیەك کە لە عێراق‌و کوردستاندا هەیە، هێشتا سیاسەتی ئەصلی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ئەزمەیە نی‌یە بەڵکو سیاسەتی ئیدارەکردنی ئەم ئەزمەیە برەوی هەیە، بە رەغمی ئەوەی ئەمریکا هەندێ جموجۆڵی کردووە، هەندێ بەرنامەو پرۆژەی سیاسی هێناوەتە ناوەوە، بەڵام ئینسان دەتوانێ بە ئاسانی پەنجە بخاتە سەر ئەو راستی‌یەی کە هێشتا لە کوردستانیش، وەك باقی بەشەکانی تری عێراق، ئیدارەکردنی ئەزمە درێژەی هەیەو ئەو ئەزمەیە کراوەتە پێگەیەك بۆ بەڕێوەبردنی وەزعی سیاسی مەوجود.

## ناسیونالیزمی کوردو مەسەلەی میللی

دیارە مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کورد وەکو هێزێکی سیاسی دەخیلو سەرەکی لە کوردستاندا ئینسان ئەگەر دیقەت بکات لە درێژەی تەمەنی سیاسی خۆیدا هەتا لە مەسەلەی قەومیش جیا بۆتەوە کە بنەڕەتی پێکهاتنیەتی، ئەمڕۆ مەسەلەی قەومی (نەك كێشەی قەومیش) لە کوردستان لەگەڵ ناسیۆنالیزم وەکو دوو حەرەکەتی سیاسی لە باری مەهامو پێویستییەوە لە یەك جیابوونەتەوە، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ناسیۆنالیزمی کورد هیچ ئیدعایەکی نەماوە بۆ کۆتایی هێنان بە مەسەلەی میللیو وە بە هیچ شێوەیەك ناگەڕێتەوە سەر چارەسەرکردنی كێشەی قەومی لە کوردستان، تەنانەت ئەگەر هەر وەکو ئیدعاو چارەسەرێکی بۆرژوازییانەش بێت، ناسیۆنالیزم هەمیشە بەوە ناسراوە کە داوای کیانی قەومی کردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمی کورد ئەمڕۆ بووەتە بەشێك لە سیاسەتی ئیمپریالستیو چوارچێوەیەکی تەشکیلاتیو ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی نەخشەو پلانی ئەمریکا، کە پێویستی بە سەلماندن نییە ئەم نەخشەو پلانەو ئەو سیاسەتی ئیمپریالستییە چەندە بە دژی چارەسەری مەسەلەی میللیو تەنانەت بە دژی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی خۆشییەتی.

سەرباری ئەمانەش بە دەلیلی بوونی کێشەی قەومی لە کوردستان، بە دەلیلی بوونی ترسێك کە هێزە سیاسییە دەخالەتگەرەکان لە وەزعی سیاسی عێراقدا، چ لە وڵاتانی دراوسێوە چ لە وڵاتە ئیمپریالیستەکانو بە تایبەت ئەمریکا، لە کێشەی قەومیداو هەروەها ئەو ئاسەوارانەی کە کێشەی قەومی بە درێژایی تەمەنی خۆی بەجێی هێشتووە، واتە ناسیۆنالیزمی کورد بەم واقعیەتەی خۆشییەوە، کە ئیدعا ئەساسییەکەی خۆی بەجێ هێشتووەو بە عەمەلیو بە رەسمی بووەتە بەشێك لە ئیدعاو جموجوڵی سیاسی ئەمریکاو هێزە ئیمپریالیستەکان، هێشتا چارەنووسەکەی لە ژێر پرسیاردایە، هێشتا شانسێکی زۆری نییە، تەنانەت بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیشی، ئەو دەسکەوتانەی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کێشمەکێشەکانی عێراقو ئاڵوگۆڕەکانی ناویدا بەدەستی هێناوە، هەر وەك چۆن ئەو هەلومەرجە سیاسییە تایبەتەی کوردستان کە بەدوای شەڕی خلیجدا پێك هاتووە مەسەلەی میللی ئەصل نەبووە تیایداو بە تەواوی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئیمپریالستیدا بە وجود هاتووە، هەر ئاوهاش کۆتایی هاتنەکەی پەیوەستە بە سیاسەتی ئیمپریالستییەوە، بە مەرجێك بەم معادەلەیەی ئێستا بڕواتە پێشەوە.

## ناسیونالیزمو رەوتی ئیسلامی!

بە بڕوای من رەوتی ئیسلامی لە کوردستان شانسی زیاتریان هەیە لە ناسیۆنالیزم لە معادلاتی سیاسی ئێستادا چ بە دەلیلی ئەوەی کە حەرەکاتی ئیسلامی لە ئاستی سەراسەری عێراقدا وەك ئەوەی دیاریکراوە 70٪ی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی عێراق پێك دەهێنێو بەم مەعنایەش هێزێکی سەرانسەری ترە، وە چ بە دەلیلی ئەوەی لە ئایندەی یەکلابوونەوەی چارەنووسی عێراقدا لەسەر دەستی ئەمانە کێشەی قەومی زووترو ئاسانتر وون دەبێ، رەنگە ناسیۆنالیزم ئەگەر وەکو وەسیلەیەکیش بێت بۆ جێگیرکردنی مەوقعیەتی خۆی، دیسانەوە مەسەلەی قەومی بکاتەوە بە دەستمایە، لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی عێراقدا، بۆ ئەمریکاش لە کاتی بڕیاردانیدا بۆ کۆتایی هێنان بە ئەزمەی عێراق، ئەو رێگایەی باشترو بێ موشکیلەتر کێشەی قەومی بە کپ کراوەیی لە جێی خۆی دەهێڵێتەوە، دڵخوازترە. ئەمە جگە لەوەی کەلە سیاسەتی گشتی ئەمریکادا لەسەر ئاستی وڵاتە دواکەوتووەکانی جێ تەماحی ئەمریکا خەریکە حەرەکاتی ئیسلامی جێگەو مەوقعیەتی لەبار بۆ حوکمدارێتی وەردەگرن، شخصیات پێدانی بزوتنەوەی ئیسلامیو بە گشتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی لە عێراقدا لە بەرنامەی رزگاری عێراقدا، پێ دەچێت لەو مەبەستەوە بێت، لەو کاتەشەوە رۆشنتر دەبینین حەرەکاتی ئیسلامی گەشەیەکی زیاتریان کردووە و وەك هێزێکی سیاسی زیاتر مەترەح بوون، هەم لەسەر ئاستی عێراقو هەم لەسەر ئاستی کوردستان.

هەڵبەت ئەم یەکبوونەی ئەخیرو ئەو تحالفاتانەی لە بەینی هێزە ئیسلامییەکاندا پێك هاتووەو ئەو پشتیوانییە ماددیو معنوییەی حکومەتە ئیسلامییەکانی دەرەوەی عێراق دەیکەن، هەموو ئەمانە دەوریان بووە لە مەحکەم کردنی پایەی حەرەکاتی ئیسلامیو شانسی زیاتریان پێداوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی لە عێراقو کوردستاندا، کاتێ ئەبینی لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە فەرهەنگی ئیسلامیو سیاسەتی حەرەکاتی ئیسلامی وەکو دەسەڵاتێکی گەورە جێ کەوتووە، هەست ئەکەی کۆمەڵێکی بەرینی خەڵك ئیسلامییە، هەتا

ئەوانەش کە لە باری ڕێکخراوەیی‌یەوە سەر بە ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان نین‌و تەنانەت دژیشیانن، فەرهەنگی ئیسلامی بەسەریاندا زاڵترە لەچاو جاران، ئەوانە هەر کەسیان لە جێگەی خۆی بووە بە مەلایەك، هێزە دەسەڵاتدارەکانیش سەوداو مامەڵە لەگەڵ ئیسلامی‌یەکان دەکەن‌و تەنانەت حزبە بە ناو چەپەکانیش تەشریفاتی ئیسلامی دەکەن، ئەمە بوعدێکی سیاسی زۆر مەترسیداری هەیە بۆ سەر کۆمەڵگا، بە تایبەتی کە ئیسلامی‌یەکان وەك دەورەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی‌یان دەیانەوێ ئەمە جێگیر بکەن، ڕاستی‌یەکەی واقعیەتێکی لەو جۆرە بەوجود هاتووە، هەرچەندە تصویرێك هەیە کە ئیسلامی‌یەکان وەك شتێکی بێ ئەهەمیەت سەیر دەکات، بە بڕوای من ئەمە ئەگەر تاکتیکیش بێت، تاکتیکێکی هەڵەیەو بێ تواناشە لە بەرامبەر هەلومەرجی ئێستادا، ئێمە وەك جەرەیانێکی کۆمۆنیست پێویستە واقعیەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بناسین، بۆ ئەوەی بزانین چۆن سیاسەتیان لە بەرامبەردا دەکەین.

## ئاڵوگۆڕەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراق‌و جێگاوڕێگای کوردستان

مەسەلەی کوردستان‌و چارەنووسی لە پەیوەند بە کوللی عێراقەوە، بە بڕوای من هەم گەڕانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بۆ کوردستان‌و هەم گێڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر سایەی حکومەتی مەرکەزی هەردووکیان دوو دیوی یەك پارەن، بەشێك لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەلومەرجی سیاسی ئەوەیە کە چینی کرێکارو کۆمۆنیزم دروستکەری ئەم هەلومەرجەی ئێستای عێراق‌و کوردستان نین، هەر بۆیە بە پێچەوانەی ئەو ئیدعایانەی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەکرێ، ناشتوانێت بەم وەزعەیەوە دەورێکی جدی لە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی‌دا بگێڕێ، ناتوانێت هێزێك بێت‌و تەنانەت بەشێك بێت لە هێزێك بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی خۆی.

لە حاڵەتێکی لەم بابەتەدا کە چینی کرێکار ئەم ئامادەیی‌یەی نی‌یە، دەسەڵاتی سیاسی هەتا ئەگەر بشگۆڕێت (چ بە پێی بەرنامەی ئەمریکا بێت یان لە چوارچێوەی ئاسۆی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی‌دا)و حکومەتێکی تر بێتە سەر کار، لە چوارچێوەی هەر ئەو کۆنەپەرستی‌یە سیاسی‌یەدا کە باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوەو لە چوارچێوەی هەر ئەو سەرکوت‌و بێ مافی‌یەدا کە بەسەر خەڵکی عێراقەوەیە قابیلی بوونە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەتا ئەگەر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسیش بگۆڕێ بە دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی ئێستای عێراق لە باری واقعی‌یەوە هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بە وجود نایە بە قازانجی چینی کرێکارو سەرجەم خەڵکی عێراق، بۆیە پێویستە شیعاری کۆمۆنیستەکان یان بەمانایەکی دەقیقتر بڵێم ڕێگەچارەی کۆمۆنیستی هەم لە حاڵی حکومەتی ئێستادا هەم لە حاڵی حکومەتی پێکهاتوو لە ئۆپۆزسیۆنی مەوجود، چ ئیسلامی بێت یان ناسیۆنالیستی، واتە لە هەردوو سەردەمەکەدا یەك شیعار بێت بە نیسبەت کوردستانەوە، هەڵبەت ئێمە لایەنگری ئەوەین عێراقێکی موەحەدو یەکپارچە هەبێت‌و مافی هاووڵاتی بوونی یەکسانی تیا بێت، واتە دانیشتوانی عێراق دابەش نەکرێن بۆ دین‌و نەتەوەی جیاوازو ئەصل‌و فرع دروست نەکرێ‌و هەمووان لە هەر دین‌و ڕەگەزو نەتەوەیەك بن خاوەنی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان بن، بەڵام نە حکومەتی بەعس لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا فرسەتی بەمە داوەو نە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە داهاتووشدا بە نیازە حکومەت پێك بێنێ قەناعەتێکی لەم بابەتەی هەیە، هەر بۆیە لانی کەم ئێمە کۆمۆنیستەکان ناتوانین ئومیدێکمان هەبێت بەو ئاڵوگۆڕەی لە پەیوەند بە دەسەڵاتی سیاسی‌یەوە لە نێوان حکومەتی بەعس‌و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی‌دا دەکرێ‌و هەر لە پەیوەند بەمەشەوە ناتوانین ئومێدێکمان هەبێت بەوەی لەو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەدا کێشەی میللی کوردستان بەرەو چارەسەر بڕوات.

هەڵبەت بە بڕوای من کوردستان چەندین ساڵە بە کردەوە جیا بۆتەوە لە عێراق، لە هەموو ڕوویەکەوە جیابۆتەوە، بۆیە قسە لەسەر بەرپاکردنی ریفراندۆمێك نی‌یە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان، بەڵکو قسە لەسەر بەرەسمی ناسینی ئەو جیابوونەوەیەیە، مەسەلەیەك کە زۆر دەور دەبینێ لێرەدا پەرەپێدانی حەرەکەتی دژی ئەمریکایی‌یە لەناو خەڵکی کوردستاندا، بە پێچەوانەی ئەو دەرکەی کە لە ڕێگای چاودێریکردنی (U.N.)ەوە ئەرکی چاودێری چارەسەری کێشەی کوردستان بە ئەمریکا دەسپێرێ، ئەمە دیوی دووەمی سیاسەتی ناسیۆنالیزم‌و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی‌یە، هەموومان دەزانین کە هەلومەرجی کوردستان سیاسەتی ئەمریکا بە وجودی هێناوە، هەمووشمان دەزانین کە (U.N.) وەسیلەیەکە بە دەستی ئەمریکاوە، بەد حاڵی بوون ئەوەیە کە بتەوێ سیاسەتێکی ئەمریکا لە ڕێگای خۆیەوە شکست پێ بێنێ، کەواتە بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کوردستان پەرەپێدانی حەرەکەتی دژی ئەمریکایی مەسەلەیەکی گرنگە، ئەمە بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی سەراسەری هەلومەرجی سیاسی عێراق تاکتیك‌و سیاسەتێکی دروستی ئێمەیە، بە تایبەتیش

له بەرامبەر مەسەلەی میللی کوردستاندا گرنگی‌یەکی زۆر پەیدا دەکات، بەو رادەیەی کە خەڵکی کوردستان تەوەهومی بە ئەمریکا کەم دەبێتەوە، بەو رادەیەی کە خەڵك بەو بڕوایە دەگات کە ئەمریکا نایەوێت دەوری ئیجابی لە دیاریکردنی چارەنوسیدا ببینێ، بەو رادەیە مەسەلەی دەنگدانی خەڵکی کوردستانو پێ داگرتنی لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی بەعس یان هەر دەسەڵاتێکی مەرکەزی لە بابەتی ئەو جێکەوتەتر دەبێ، بۆیە من لە پاڵ ئەو شیعارەی هاوڕێ ئەحمەد باسی کرد ،بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا، ئەو شیعارەش بە پێویست دەزانم کە " خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەك نابێت بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی مەرکەزی" چ بۆ ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس لەڕێگای رێککەوتن یان پەلاماردانەوە، وە چ بۆ ژێر دەسەڵاتی هیچ حکومەتێکی ناسیۆنالیستی یان ئیسلامی کە لە دوای رژێمی بەعس دێت، چونکە لە باری ماهیەتی سیاسی‌یانەوە رژێمی بەعسو ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی هیچ جیاوازی‌یەکیان نی‌یە، ئەوەی ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆن نەرمترو دڵفراوانترو سەغیتر خۆی دەنوێنێ، تەنهاو بە تەنها مەبەستی ئەوەیە خۆی لە شەڕێکی پێش وەخت ببوێرێو تەجروبەی واش لە مێژووی سیاسی عێراقدا زۆرە.

## کۆمۆنیزمو بزووتنەوەی کرێکاری

وەکو پێشتریش بە مەعنایەك وتم لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کۆمۆنیزمو بزوتنەوەی کرێکاری گرفتی هەیە، بەڵام رەنگە یەکێك لە گرفتە سەختەکانی ئەوە بێت کە لە باری رەسمی‌یەوە حککع بە کۆمۆنیزم ناسراوەو کاتێ باسی کۆمۆنیزم دەکرێ سیماو کردەوەی ئەو حزبە دێتە بەرچاو، ئەویش بە سیاسەتەکانی خۆی واقیعیەتێکی دروست کردووە کە کۆمۆنیزم شتێکی سەرنج راکێش نەبێت بۆ خەڵك، رێگایەك نەبێت بۆ نەجات بوون، رێگایەك نەبێت بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەیەك کە بەرۆکی بە خەڵك گرتووە، ئەمە وای کردووە کۆمۆنیزم نەبێتە جێگای ئومێدو سەرنجی بەشێکی بەرین لە خەڵك، لەباری واقعیشەوە ئەو حزبە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە کۆمەڵگاو بە کێشەکانی‌یەوە نی‌یە، ئەوەی کاری لەسەر کردووەو بابەتی کاری بووە تەشکیلاتەکەی خۆیو لە باشترین حاڵەتدا دەرکەوتن لە مەحافلی ئەحزابدا بووە، هەر بۆیە لە شوێنی واقعی خۆی جێگیر بووە، رەنگە لەسەرەتاوە پەردەو رووپۆشێك لەسەر ئەم رووە هەبوو بێت بە هۆی ناجێگیری سیاسی‌یەوە بەڵام نیهایەتەکەی هاتە سەر ئەوەی بە تایبەت لە هەڵوێست لە سەر مەسەلەی میللی وەکو باڵی چەپی ئەحزابی تر بکەوێتە ئامۆژگاری کردن، بۆ ئەوەی رازی‌یان بکات واز لە سیاسەتی راست بهێننو سیاسەتی دروستی ئەم هەڵبژێرن، پێیان بسەلمێنێ کە سیاسەتی تا ئێستایان راست نەبووە، خێری نەداوەتەوەو با بێن سیاسەتی چەپ تاقی کەنەوە، سیمینارەکەی رەحمانی حسێن زادەو رێبوار ئەحمەد لەسەر رێکەوتننامەی واشنتۆنو دوا گۆڕانکاری‌یەکانی وەزعی سیاسی کوردستان ئەوەی بە رۆشنی تێدا دەبینرێ کە دەیەوێ فشار بهێنێ بۆ ئەحزابو جەرەیاناتی بۆرژوازی بۆ ئەوەی رێگە چارەکەی قبوڵ بکەن، هەست دەکەی یەك وەسیلەی بەدەستەوە ماوە ئەویش فشار هێنان بێت بۆ ئەحزاب، بۆ ئەوەی فشارەکەی جێ بکەوێت فشاریش قبوڵ دەکات.

راستی‌یەکەی ئەو حزبە کەمترین ئعتمادی لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری هەیە، هەر بۆیە لە چارەسەرکردنی کێشەی میللی کوردستاندا هیچ دەورێکو هیچ جێگایەك بەم بزووتنەوەیە نادات، وەکو چۆن لە شێوەی دەسەڵاتی سیاسیشدا دەستی لە کرێکار شل کردووەو لە جێگای حکومەتی شورا کرێکاری‌یەکان حکومەتی حزبی پێشنیار دەکات، بەهەمان شێوە چارەسەری کێشەی ریشەداری میللیش بە حزبەکان دەسپێرێو لە ناو مەحافلی ئەحزابدا بۆی دەگەڕێ نەك لە ناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا.

دیارە بە بڕوای من بە هێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی لە کوردستاندا، نەك هەروەك مەسەلەیەکی خەباتی چینایەتی بەڵکو بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلەی میللیش زۆر گرنگەو هەروەها دروست کردنی پەیوەندی هاوخەباتی لە نێوان کرێکارانی کوردستانو باقی کرێکارانی بەشەکانی تری عێراقداو بە هەمان شێوە هاوپشتی کرێکارانی وڵاتانی تر مەرجی گرنگن بۆ ئەوەی کێشەی میللی لە کوردستان بە ئەنجامێکی ئیجابی بگەیەنێتو کۆتایی بە هەلومەرجی سیاسی ئێستاش بهێنێ.

* * *

مەسەلەیەکی تر لە کۆتایی‌دا دەمەوێ باسی بکەم لە رێگای سەرنج دان لەو تەرحەی هاوڕێ ئەحمەدەوە دەمەوێ بچمە ناوی کە پێشنیار دەکا "مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ خەڵکی کوردستان" واتە هەر ئەو شیعارەی کە لینین بەرزی کردەوە، وەکو شیعارێکو

پلاتفۆرمێك کـه جـواب بـه مەسـەلەی میللـی بداتـەوە، بخەینـە روو، هەڵبـەت مـن ئـەوە دەبینـم کـە هیـچ کاممـان بـە پلـەی پێویسـت ئامادەییمان نی‌یە بۆ مناقەشەی ئەو مەسەلەیە، بەڵام من پێم وایە کێشەی میللی لە هەلومـەرجی ئـەمڕۆدا جیاوازی‌یـەکی هەیـە لەگـەڵ سـەردەمی لینینـدا، کاتـێ لینـین ئـەم شـیعارەی بـەرز کردۆتـەوە بـە جێـی خـۆی مەسـەلەیەکی دروسـتو تـاکتیکێکی رەوا بـووە لـە چوارچێوەی کوللی سیاسەتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، بەڵام لە زەمانێکدا کە لینین تیـا ژیـاوە، کۆتـایی هێنـان بـە کێشـە میللی‌یـەکان، کۆتایی هێنان بە ستەمی میللیو تەنانەت دەرکێشانی سەربەخۆیی میللی لە ژێر دەستی ئیمپریـالیزم سـەرباری مـەکانی بوونـی، خـۆی رێگەیەکیش بووە بۆ گەشەی ئابووری سەرمایەداریو زاڵ بوونی بەسەر ئابووری دواکەوتوودا بەو مانایـە هـەم لـەباری ئـابووریو هـەم لەباری کۆمەڵایەتی‌یەوە ئاڵوگۆڕی بە قازانجی سیاسەتی کۆمۆنیستی بە وجود هێناوە، بەڵام لە حاڵـەتی ئێسـتادا هیـچ حاڵـەتێکی لـەو بابەتە مەوجود نی‌یە، دروست کردنی دەوڵەتە قەومی‌یەکان لە چیچانو لە فەلەستینو کوردستانو... هەتا دوایی، هیچ گەشەیەك نە لـە باری ئابووریو نە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە پێك ناهێنێو هیچ تەکامولێکی زیاتر بە چینی کرێکار نابەخشـێ، کەواتـە مەسـەلەی میللـی ئەمڕۆ تەنها وەکو گرفتێکی سیاسی ماوەتەوەو ئێمەش دەبێت لەو چوارچێوەیەدا قسەی لەسەر بکەین.

مەسەلەیەکی تر لە کوردستاندا کە تێکەڵ بە مەسەلەی میللی بووەو لە راستی‌دا کێشەی میللی کراوەتە هۆیـەك بـۆ بـەدی هێنـانی، مەسەلەی سەرگەردانی سیاسی‌یە، هەرچەندە ئەم سەرگەردانی‌یە سیاسی‌یەی کوردستان بە تەواوی وابەستەیە بـە هەلومـەرجی گشـتی عێراقەوەو لەگەڵ کۆتایی هێنانی وەزعی عێراقدا کۆتـایی دێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، تـەرحکردنی رێگایـەکی عەمـەلیو دروسـت بـۆ چارەسەری کێشەی میللی خۆی دەورێکی زۆر جدیشـی دەبێـت لـە کۆتـایی هێنـانو ئـاڵوگۆڕ پـێ کردنـی ئـەو سـەرگەردانی‌یەداو ئێمـە دەبێت وەك مەسەلەیەکی موشەخەص جوابێکی لەو بابەتە بدەینەوە.

*          *          *

<u>**نزار عبدالله:**</u> هاوڕێیان ئەمڕۆ 1999/10/4 کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆن لەو هاوڕێیانەی کە ناوەند هەڵی بژاردبوون، کۆتایی هات.

# ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـ عێراق!

بەرواری 20/11/1999 بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ـ عێراق دووەمین کۆنفرانسی خۆی بەبەشداری 40 کادرو ژمارەیەك میوان لەکادرانو هەڵسووڕاوانو لایەنی کۆمۆنیستی سەرکەووتووانە کۆتایی پێهێنا.

کۆنفرانسی دووەم ئەو دەستووری دانیشتنەی کە ناوەندی بزووتنەوەی بنیات نان بۆ کۆنفرانس پێشنیاری کردبوو پەسەند کرد.بەم جۆرە باسە سەرەکیەکانی کۆنفرانس بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

1ـ هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریو بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی

2ـ دواگۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی سیاسی عێراقوهەڵوێستی ئێمە

کۆنفرانس هەمەلایەنە چووە سەر باسی یەکەمو بەشێوەیەکی قووڵو شمولی میتۆدو لێکدانەوەو بنەما فکریو چینایەتی‌یەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریو ئاڵوگۆڕەکانی دایە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوەو هەڵیسەنگاند.هەروەها پێویستی خۆجیاکردنەوەی بزووتنەوەی بنیات نانی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری روون کردەوەو هەر لە پەیوەند بەمەوە بریاری گۆڕینی ناوی رێکخراوەیی بزووتنەوەکەی پەسەندکرد.هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا چووە سەر بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستیو فەراهەمکردنی هەرچی زیاتری زەمینەکانی پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستو پێویستی خێراکردنەوەی هەنگاوەکان بۆ دامەزراندنی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست لە عیراق.

لەباسی دووەمیشدا کۆنفرانس سەرەکیترینوپایەیی‌ترین ئاڵوگۆڕوگۆڕانکاریەکانی ماوەی نێوان کۆنفرانسی یەکەمو دووەم، واتە لەماوەی نزیك بە یەك ساڵدا، لێکدایەوەو هەڵیسەنگاندو سەرخەتی بەدیلورێگاچارەی کۆمۆنیستی سەبارەت بەو گۆڕانگاریانە خستەروو.

کۆنفرانس لەبرگەیەکی تریدا چەندین بڕیاری سیاسیو رێکخراوەیی پەسەندکردو ژمارەیەك پێشنیارو ڕاسپاردەی بە شوورای گشتی سپارد تاکو تاووتوێی بکاتو هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەڵبگرێ.

دوابڕگەی کۆنفرانس هەڵبژاردن بوو. لەم بڕگەیەدا سەر لەنوێ پێکهاتی رابەرایەتی ئارایش درایەوەو بڕیاردرا شوورای گشتی پێکبهینرێو ببێت بە باڵاترین دەسەڵاتی سیاسیو رێکخراوەیی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـ عێراق،ئەم شوورایە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرا کە لە ئەندامانی خۆی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرێ.کۆنفرانس دوای ئەوەی (11 )هاوڕێی وەکو ئەندامانی شوورای گشتی هەڵبژارد،بەسەرکەووتوویی کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

**دامەزرێ حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست لە عێراق!**

**بژی سۆسیالیزم!**

**شوورای گشتی**

**بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـ عێراق**

1999/11/22

لەبڵاوكراوەكانی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی كرێكارانی كۆمۆنیست – عێراق